# رۆژنامەوان

R MAGAZINE

ژمارە (6) بەهاری 2008- خولی دووەم- گۆڤارێکی رۆژنامەوانی گشتییە

**خاوەنی ئیمتیاز**

رەهبەر سەید برایم

**سەرنووسەر**

نەجات روستی

**بەڕێوەبەری نووسین**

کارزان محەمەد

**بەڕێوەبەری هونەری**

خەندە کەمال

دیزاین: کورد دیزاین

07501544819

چاپ: چاپخانەی بینایی

تیراژ: 1000دانە

شوێن: کوردستان - سلێمانی

پەیوەندیەکان لەرێگای

خاوەنی ئیمتیاز

Rhbar2006@yahoo.com

سەرنووسەر

najatrosty@yahoo.com

07701531121

07301126811

R_rovar@yahoo.com

بەڕێوەبەری نووسین

07701561018

## لەم ژمارەیەدا

راگەیاندنی تایبەتمەند.......... .. ... .. 3

بنەماکانی نووسینی هەواڵلەرۆیتەرز...... .. .... 16

دیمانەی رۆژنامەنووسی لەرۆژنامەو رادیۆ...... ... .... 28

پێکهاتەی ماس میدیا...... ... ...... .. 33

دیدارێکی تایبەتی رۆژنامەوان لەگەڵ پەیامنێری بی بی سی.....38

کورتە مێژوویەکی رادیۆی کرماشان..... 42

یەکەم رۆژنامەی کوردی لەئێران....... 53

کاریگەری سەتەلایت لەسەر پەیوەندیە کۆمەلأیەتیەکان......64

راگەیاندنی بەرەی کوردستانی لەخەباتی شاخ تا شار...... ... 72

ئینتەرنێت وەک سەرچاوەی زانیاری رۆژنامەوانی کوردی..... ... 81

بەدواداچوونی رۆژنامەنووسیی..... 93

ئاژانسی دەنگ وباس وهەواڵی (فرانس پرێس).... 97

**بەسوپاسێکی زۆرەوە ئەم ژمارەیەی (رۆژنامەوان] لەسەر ئەرکی بەڕێز دانا ئەحمەد مەجید پارێزگاری سلێمانی چاپکراوە**

# ئەشکەوتی جاسەنە



رەهبەر سەید برایم

ئەشکەوتی جاسەنە سەر بە گوندی جاسەنەیە لە ناوچەی سوورداش لە شارێی نێوان سلیمانی و دوکان کەوتۆتە باوەش زنجیرە چیای پیرەمەگروون لە نێوان شاخی (گۆمە عاسێ،بزنەرێ شاخی تەبەق ،سیلە) , لەناوشاخ و شیودایە گردەکانی دەورو بەری بانۆ گچکەلێ و تیرەکی کونە رێوی, لە ئەشکەوتی جاسەنەوە رێگا هەیە بۆ گوندەکانی سەر ئەشکەوتەکە وەك( شێخ باغ،سەرمۆردان ،سێکانیان ،تەڕەمار ،...) ، گەروی تەنگەبەری هەیە , ئەشکەوتی جاسەنە (درێژی35مەتر) ، (پانی9مەتر) ، (بەرزی7 مەتر) دەبێت, ئەشکەوتێکی جوان و خوایی و سروشتییە , رێك و پێکە شێوەکەی وەك (هۆل) وایە , ئەشکەوتی جاسەنە بە ئەشکەوتی شێخ مەحمودیش ناو دەبرێت!

پاش ئەوەی ئینگلیز لە رۆژانی 2-3/ مارتی ساڵی 1923 بوردومانی شاری سلێمانی کردو هێزە شۆڕشگێڕەکانی شێخ مەحمود , چاپخانەی سلێمانی لەگەڵ خۆیان دەبەن و روو لە ناوچەی سوورداش دەکەن, چاپخانەکە لە ئەشکەوتی جاسەنە دادەنێن , بارەگالەئەشکەوتی رەوکان لەنێوان گوندی شێخ باغوسێکانیان و جاسەنە و قەمچوغە دادەنێن, رەشماڵێکی شایانە لەبەردەم ئەشکەوتی جاسەنە هەڵدەدەن! لەباروەدۆخی شەڕوهێرش وبۆردوماندا , لە ئەشکەوتی جاسەنە (بانگی حەق) دەردەچوێنن چونکە لە شەڕوبۆردوماندا بووە, لە ژێرناوی رۆژنامەی (بانگی حەق) نوسراوە (ناشکێ بە تۆپ و بۆمبا سەرفرازە بانگی حەق) سیاسی, ئەدەبی, ئیجتماعی, غەزەتەیەکی رەسمییە لە قەرارگاهی عمومی ئۆردوی کوردستان تەبع دەکرێ, غایەوئەمەلی ئیستیحصالی حقوقی کوردانە , رۆژنامەی بانگی حەق نوسینەکانی فەرمان و رێنمایی شەڕە, باش قوماندان و مەلیکی کوردستان شێخ مەحمود بۆ هێزە شۆڕشگێڕەکانی خۆی نوسیوە, ناوەرۆکی (بانگی حەق)پڕلەحەماسەتوئایەتی قورئان، وورەوراگەیاندن و رونکردنەوەی سیاسەتی زاڵمانەی ئینگلیز!، بانگی حەق لە ئەشکەوتی جاسەنە سێ ژمارەی دەرچووە! بانگی حەق دەرچوونی لە ئەشکەوتی جاسەنە بە چاپخانەی خۆیان پێگەو گرنگییەکی تایبەتی هەیە لە کاروانی رۆژنامەنوسی کوردی ئەوە یەکەمین جار بوو لە کوردستاندا جولانەوەیەکی شۆڕشگێڕانە چاپ بباتە شاخ بۆ دەرکردنی رۆژنامە ئەمە پێشکەوتن و گرنگی رۆژنامە دەردەخا لە جوڵانەوەی کوردی!.

هێزەکانی بەریتانیا ( ئینگلیز) بە لەشکرکێشیوبە فڕۆکەوبەپیادە بە دوای هێزەکانی شێخ مەحمودەوە بوون هەمیشە بۆردومانیان دەکردوناچار هێزەکانی شێخ مەحمود لە ژێر گوشاری هێرشی ئاسمانیوزەمینی ئینگلیز، بەرەوناوچەی (پێنجوێن) کشانەوە، ئیدی ئینگلیز ئەشکەوتی جاسەنە، ناوچەکە داگیر دەکەنەوە، دەست دەگرن بەسەر کەلوپەلەکانی لەشکری شێخدا، ئیترپاش ئەو ڕوداوە بە داخەوە هاوپەیمانوهاوکارە کانی شێخ, شێخیان بەجێهێشت و وازیان لە شێخ مەحمود هێنا لەوانە ( شێخ قادری حەفید برای

# ئەشکەوتی جاسەنە



شێخ، مستەفاپاشایامولکی, توفیق وەهبی, سالح زەکی ساحێبقڕان, ئەحمەدحەمدی ساحێبقڕان... .

(مێجەرئەدمۆنس)لەسلیمانی ئەحمەدبەگی تۆفیق بەگی بەسەرپەرشتیاری هەموو دائیرەکانی حکومەت داناوشێخ قادری برای شێخ مەحمودبەلێپرسراوی ئاسایشی گشتیومستەفاپاشای یامولکی دەستیکردوە بەدەرچواندنی بانگی کوردستان!.

چاپخانەوژمارەکانی (بانگیحەق) دەکەوێتە دەست مێجەرئەدمۆنس، دەیگەڕێننەوە شاری سلیمانی, ژمارەکانی بانگی حەق لەلای خۆی گلدەداتەوە! ئەشکەوتی جاسەنە یەکەم پێگەو بنکەی رۆژنامەنوسی جولانەوەی شۆڕشگێڕانی کوردە, بانگی حەق بەیەکەم رۆژنامەی شاخ دەژمێردرێت. شێخ مەحمود بەهۆی کوێخا سەعیدی جاسەنەوە هاتۆتە ئەشکەوتی جاسەنە , بەهۆی خزمایەتیوناسیاوەتیودۆستدارانی ناوچەکەو شێخەکانی سەرگەڵووهاتۆتە ئەوێ, شێخ مەحمودی نەمر لە 8ی مارتی ساڵی 1923 هاتۆتەئەشکەوتی جاسەنەودەوروبەری ،لەگەڵ کوێخا سەعید حەمە ئەمینی پیرۆت واتە کوێخا سەعیدی جاسەنە پەیوەندی گیانیان هەبووە, لەو ماوانەی کە شێخ مەحمود نەمر لەوێ بووە سەردانی کوێخا سەعیدی کردووە, کوێخا سەعید سەگێکی دڕو بچکۆلەی هەبووە, شێخیش سەگێکی گەورەو زەبەلاح,بۆ خۆشی شەڕە سەگ دەکەن , سەرەنجام سەگی شێخ دەدۆڕێت, پاسەوانەکانی شێخ دەیانەوێ سەگەکەی کوێخا سەعید بکوژن, شێخ مەحمود ناهێڵێت و بە ئاسایی وەریدەگرێت, زەمان دێت ودەڕوا, شێخ لە (داریکەلی) دەگیرسێتەوە, کوێخا سەعیدی جاسەنە بە بارە(ترێ)وە دەچێتە سەردانی لە داریکەلی, پاسەوانەکانی شێخ رێگای نادەن و هەرچەندە خۆی دەناسێنێ دوایی کوێخا سەعیدی جاسەنە دەیەوێ بگەڕێتەوە, شێخ دەبینێ زەلامێك دەڕواتەوە, دەپرسێت ئەمە کێ بێ, ئەوانیش دەڵێن کوێخا سەعیدی جاسەنە بوو بارە(ترێ)یەکی بەدیاری بۆ هێنابووی, شێخ بەدەرپێی ئاودامانوفەقیانەوە رادەکا،دەیگێڕێتەوەودڵی دەداتەوە, دوای نانخواردنوپشوو شێخ دەپرسێت کوێخا سەگەکەت ماوە؟ کوێخا سەعیدیش دەڵێ: بەڵێ قوربان شێخ دەفەرموێ بەخوای سەگی چاك بوو, کوێخا سەعید نانی تۆ بە سەگ دەکەوێت! بەڵام نانی من بەپاسەوانەکان دەکەوێت!، دەست دەکەن بە پێکەنین.

کوێخا سەعیدی جاسەنە بارەك چەڵتووك لە شێخ بە دیاری وەردەگرێت! ، بە دڵخۆشی دەگەڕێتەوە، کوێخا سەعیدی جاسەنە کوڕەکەی لە شەڕی سووورداش برینندار دەبێت, کوڕەکەی ناوی حەمە خورشید بوو, شێخ مەحمود زۆر رێزی کوێخا سەعیدی جاسەنەی گرتووە! کە هاتوونەتە ئەشکەوتی جاسەنە دیلیان پێبووە, کوێخا تکای کردووە ئازادی کردون لە کاتێکدا زۆر تەکلیفیان لێکردووە، بەندەکانی ئازاد نەکردووە، بەڵام شێخ هاتۆتە ناوچەکە، پێشوازییەکی گەرمیان لێکردووە, خەڵکی ناوچەکە لە پێشوازی گەرم دابوین و تەنووریان داناوە بۆ نان کردن و بژێوی ژیانی پێشمەرگەکان, ئینگلیز بوردومانی جاسەنەی کردووە, ئاسەواری ناپاڵمەکان ماون! ئێستاش ئەشکەوتی جاسەنە وەك خۆی ماوەتەوە.

# راگەیاندنی تایبەتمەند

بەشی دووەم



کاروان عەلی

## ئامرازەکانی رۆژنامەگەریی جەماوەریی تایبەتمەند

ئامرازەکانی راگەیاندنی جەماوەری کە لەڕێگەیەوە بەرهەمی رۆژنامەوانو پەیامنێرو ئامادەکاری پەیامەکانو هەروەها هەواڵو دوا پێشهاتەکانی سەر گۆڕەپانی جیهان لەسەرجەم بوارەکانی سیاسی، ئابووری، زانست، فەرهەنگو فیکرو ..هتد دەگەیەنرێتە وەرگر، یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی کاری میدیا بە گشتی. لە جیهانی ئەمڕۆدا بە هۆی ئەو پێشکەوتنە مەزنانەی کە لە سەدەی رابردوو بە تایبەتیش لە دوا بیست ساڵی سەدەی رابردوو لە تەکنەلۆژیای بواری راگەیاندندا هاتەدی، ئامرازەکانی راگەیاندنیش فراوانترو کاریگەرتر بوونو شێوە تەقلیدییەکەی جارانی تێپەڕاند ئەگەرچی لەهەندێ رووەوە دەستبەرداریشیان نەبوو. گرنگترین ئەو ئامرازانەی ئەمڕۆ لە راگەیاندنی جەماوەریی بە تایبەتمەندو گشتیش پشتی پێ دەبەسترێ دابەش بووە بەسەر چەند جۆرێکدا: "بیستراو، بینراو، نووسراو، ئەلیکترۆنی(ئینتەرنێت)". ئەوانیش بریتین لە[1]:

1–تەلەفزیۆن: گرنگترین ئامرازی راگەیاندنو کاریگەرترینیانە چونکە ئەم ئامرازە بۆ موخاتەبەکردنی جەماوەر پشت بە وێنەو قسەو جولە دەبەستێتو هەروەها لەڕێگەی سەتەلایتەوە دەگاتە هەموو کەسێك لە دوورترین شوێنی جیهانو بەپێی جیاوازی کۆمەڵگەو شوێنەکان، هیچ ئەستەمو کۆسپێکی لەبەردەمدا نییە کە لەبەردەم ئامرازەکانی دیکەی راگەیاندندا هەیە وەك رۆژنامە کە هەمیشە کێشەی دابەشکردنی هەیە، خەرجیی تاڕادەیەك کەمی تێدەچێت بۆ وەرگر، هەواڵو رووداوەکان راستەوخۆ لە گۆڕەپان رووداوەکانەوە بەشێوەیەکی زیندوو دەگوازێتەوە.

بەهۆی تەلەفزیۆنەوە وای لێهاتووە مرۆڤی ئەمڕۆ پێویستی بەوە نەبێت بچێتە دەرەوە بۆ بینینی فیلم یا شانۆگەرییەك یا بۆ زانینی هەواڵێکی نوێ، بەڵکو لەڕێگەی تەلەفزیۆنەوە دەتوانێ لە ژووری نوستنەکەی خۆی ئەم شتەی بۆ بێتەدی.

سەبارەت بە کاریگەریی تەلەفزیۆن دەگوترێت کە کاریگەریی تەلەفزیۆن سێ بەقەد کاریگەریی رادیۆیە[2] چونکە بەرنامەکانی تەلەفزیۆن هەستێك دەدا بە وەرگر کە بەرنامەکانی رادیۆ ئەو توانایەی نییە لە وەسفکردنو وێناکردنی شتەکانو ئەمەی بۆ بەدیی نایەت.

ئامرازی تەلەفزیۆن کە لە هەندێ حاڵەتدا وەك یەکێك لەئەرکەکانی خۆی ڕۆڵی مامۆستا دەبینێت لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، بۆتە هۆی پێشکەوتنو گەشەسەندنی پەروەردەو ڕۆشنبیری کردنی خەڵکو هوشیارکردنەوەیان لەڕێگەی ئەو بەرنامەو ئاگاداریيانەی تەلەفزیۆن بڵاوی دەکاتەوە لە هەموو بوارەکانی سیاسی، تەندروستی، ئابووری، فەرهەنگیو پەروەردەییو هتد [3].

پێشکەوتنی تەلەفزیۆن لەڕووی تەکنەلۆژیاو هەرزانیی نرخ بۆ وەرگران و تێچوویو هەروەها کاریگەریی لەسەر خەڵکو تەرخانکردنی کاتێکی زۆر لەلایەن جەماوەرەوە بۆ بینینی تەلەفزیۆنو لە هەمان کاتیشدا پێشکەوتنو ئاڵۆزبوونی ژیانی سەردەمو دابەشبوونی ژیانی مرۆڤ بەسەر چەندین بواردا، وایکردووە تەلەفزیۆنی تایبەتمەندیش بێتە ئاراو لە چەندین بواردا خۆی ببینێتەوە وەك: تەلەفزیۆنی وەرزشی، پەروەردەیی، هونەری، تەندروستی، ژینگە، ئاژەڵ، سروشت و کشتوکاڵ، سێکس و کۆمەڵایەتیو چەندینی تر.

2- ڕادیۆ: ئامێری ڕادیۆ بە خاڵی وەرچەرخان دادەنرێت لە مێژووی میدیای جەماوەرییو دەتوانین سەرهەڵدانو بڵاوبوونەوەی ڕادیۆو وێستگەکانی ڕادیۆ بەسەرەتای میدیای جەماوەریی نوێ دابنێین چونکە لەخاسییەتەکانی ڕادیۆ ئەوەیە خێراترینو ئاسانترین ئامرازە بۆ گواستنەوەی دوایین هەواڵو ڕووداو بۆ مرۆڤ لە دوورترین شوێنی جیهان بێ هیچ کۆسپو تەگەرەیەکی ئەوتۆ (هەندێ جار بەمەبەست تەگەرە لەبەردەم پەخشی ڕادیۆ دروست دەکرێت)، وەرگر دەتوانێ لە ماڵەوە، لەناو ئۆتومبێلەکەی، لەسەر کارەکەیو لە هەموو شوێنێك گوێ لە ڕادیۆ بگرێت [4].

هاوشێوەی تەلەفزیۆن، بەهۆی پێشکەوتنو ئاڵۆزبوونی ژیانی سەردەمو دابەشبوونی ژیانی مرۆڤ، ڕادیۆش تایبەتمەندیی بەخۆیەوە بینیوە، لە پاڵ ڕادیۆی گشتی، ڕادیۆی تایبەتمەندیش بە بوارێکی دیاریکراو هاتۆتەئارا، وەك




ڕادیۆی بازرگانی "ڕیکلام"، پەروەردەیی، کۆمەڵایەتی، هونەر "گۆرانیو مۆسیقا"، هەواڵی و سیاسیو ..هتد.

3- ڕۆژنامە: ڕۆژنامە بەر لە هەموو ئامرازە نوێیەکانی ڕاگەیاندن سەری هەڵدا، بیروبۆچوونەکان سەبارەت بە پەیدابوونی یەکەم ڕۆژنامە جیاوازە، هەندێك پێیان وایە ڕۆژنامەی "کین بان"ی چینی کە لە ساڵی 911ی پێش زایین دەرچووە، کۆنترین ڕۆژنامەیە، هیتر پێی وایە کە ڕۆژنامەی "Acta Doria"ی ڕۆمانی کە لە ساڵی 58ی پێش زایین دەرچووە، کۆنترینە. هەر کامێکیان لەوی تریان کۆنتر بێت، گرنگ ئەوەیە کە ڕۆژنامە لە بنەڕەتدا بۆ گواستنەوەی هەواڵەکانو ئاڵوگۆڕکردنی بیروبۆچوونەکان و دەستکەوتی ئابووری هاتۆتەئارا، هەروەك لەلایەك بیروبۆچوونی دەسەڵاتی گەیاندۆتە خەڵكو لەلایەکیش هی خەڵکی بە دەسەڵات گەیاندووە [5].

لە سەدەی سیانزەدا بڵاوکراوەی تایبەت بە هەواڵ لە ئینگلتەراو دواتریش لە ئەڵمانیاو ئیتاڵیا سەری هەڵدا کە

بەدەست نووسرابوون، بەڵام دوای داهێنانەکەی زانای ئەڵمانی "گۆتەنبێرگ" لە سەدەی پازدەدا بە دروستکردنی ئامێری چاپ، وەرچەرخانێکی گەورە لە جیهانی چاپەمەنی هاتەئارا بە جۆرێك کە ڕێگەی خۆشکرد بۆ چاپکردنی زۆرترین ژمارەی بڵاوکراوەو چاپەمەنییەکان، ئەمەش وایکرد ڕۆژنامە لە بڵاوکراوەیەکی سنووردارو نرخ گران، ببێتە بڵاوکراوەیەکی بەربڵاوو هەرزانتر. ئامێری چاپ بووە هۆی پێشکەوتنی چاپەمەنی، لە سەدەکانی شازدەو حەڤدەدا ڕۆژنامەکان زۆرو هەمەجۆر بوون تا وای لێهات لە کۆتایی سەدەی حەڤدەدا ژمارەیان گەیشتە 140 ڕۆژنامە.

هەر لەسەرەتاوە، بە تایبەتی دوای ئەوەی لە ساڵی 1837 پۆل جیراودان ڕۆژنامەنووسی فەڕەنسی ریکلامی بازرگانیی لە ڕۆژنامەدا بڵاوکردەوە، ڕۆژنامە بەرەو تایبەتمەندبوون چوو، پێشکەوتنی شارستانیو ڕۆژنامەگەریی وایکرد خێرا ڕۆژنامەی تایبەتمەند پەیدا بێتو لەسەرجەم بوارەکاندا خۆی ببێنێتەوە بە تایبەتی لە بواری بازرگانی، فەرهەنگیو کەلتوری، وەرزشی، تەندروستیو فیکریو ..هتد.

سەرهەڵدانی ئامێری چاپ تەنها پێشکەوتنی ڕۆژنامەی لێنەکەوتەوە، بەڵکو بەهەمان شێوەی ڕۆژنامە، بووە مایەی پێشکەوتنی بەرفراوانی گۆڤار، بڵاوکراوە وەرزیو دەورییەکانو کتێب، ئەگەرچی کتێب هەر لە بنەڕەتدا سروشتی تایبەتمەندێتی وەرگرتووەولەسەر بواری جیاجیای ژیان نووسراوە، بەڵام گۆڤار بە هۆی پێشکەوتنی شارستانیەتی مرۆڤ وەك ڕۆژنامە بەرەو تایبەتمەندبوون چوو.

4- ئینتەرنێت: یەکێکە لەو ئامرازە گرنگانەی کە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا هێنایە ئارا، بەو تۆڕە پێناسە دەکرێت کە لە هەناویدا ملیۆنان سیستمی کۆمپیوتەرو تۆڕەکانیان لە وڵاتانی دنیادا پێکەوە دەبەستێتو بۆ پێکەوە بەستنی سەرجەم ئامێرەکانی کۆمپیوتەرو تۆڕەکانیان لەگەڵ یەکتردا، بە یارمەتیی هێڵە تەلەفۆنە ئاساییەکان یا بە شێوازی بێتەل، بە شێوەیەکی بەردەوام لە کاردایە بۆ دەستەبەرکردنی پەیوەندییەکان لەنێوان سەرجەم لایەنەکانی تۆڕەکەدا[6]، ئینتەرنێت ئەگەرچی لە ساڵانی حەفتاکانو پێشتر لە ئەمریکا سەری هەڵداو بۆ هەندێ ئامانجی تایبەت بەکاردەهێنرا، بەڵام لە ناوەڕاستی ساڵانی هەشتاکان لە ئەوروپادا پەیدا بوو کە ئەو دەمە تەنها بۆ مەبەستی زانستی لە سنوری زانکۆدا بوو، بەڵام پێشکەوتنی خێراو مەزنی ئەم بوارەو هەروەها بواری تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەر، وایکرد لە ساڵی 1989دا تۆڕەکە فراوانتر بێتو بەکارهێنەرانیشی زیاتر بێتو ببێتە ئامرازێك بۆ میدیای گشتیو تایبەتمەندیی جەماوەریی[7].

لەسەروبەندی ساڵی 2000 ئینتەرنێت لە کوردستانیش بەشێوەی بەرچاو سەری هەڵداو وردە وردە تەشەنەی سەند تا ئێستا وای لێهاتووە بەشێکی زۆر لەهاووڵاتیان لەماڵەکانی خۆیان بەکاری دەهێنن. گرنگیەکەی ئینتەرنێت لەوەدایە کە جگەلەوەی ئامرازێکی گواستنەوەشە، لە هەمان کاتدا ئامێرێکی دوو لایەنەیەو هەروەها دەتوانێ ڕۆڵی تەلەفزیۆن، رادیۆ، ڕۆژنامەش بگێڕێ، دەتوانێ لە ئینتەرنێتەوە، گوێ لە زۆر رادیۆ بگریت، هەروەك دەتوانێ سەیری زۆر کەناڵی تەلەفزیۆنی بکەیتو ڕۆژنامەش بخوێنیتەوە، ئەمە جگەلەوەی کە دەتوانێ ڕۆژنامە ئەلیکترۆنیەکانیش "سایتەکان" بخوێنیتەوە کە ئێستا بە شێوەیەکی بەربڵاو تەشەنەی سەندووە. هەروەها هۆکارێکی گرنگی پەیوەندییەو نرخی کرێی هەرزانەو بەکارهێنانیشی ئاسانو خێرایە، ئینتەرنێت بە جۆرێك گەشەی کردووە کە تایبەتمەندێتیی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا وەرگرتووە هەر لە سێکس بگرە تا دەگاتە ریکلامی بازرگانیو بۆ بچووکترین شت.

جگە لەو ئامرازانە، دەتوانرێت سینەماو شانۆش وەك ئامرازێکی راگەیاندن لەقەڵەم بدەین، بەڵام لەسەردەمی

ئەمڕۆدا بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا لەو ئامرازانەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا، شانۆ بە تایبەتیو سینەماش تا رادەیەك، رۆڵیان کەمتر بووەو ئەو ئەرکەی کە لەسەدەی رابردوو و ناوەڕاستو پێشتر بەدییان دەهێنا، ئێستا نەیانماوەو ئەرکێکی ئەوتۆ جگە لە کات بەسەربردنو خۆشباریی و هەندێ ئەرك و ئامانجی دیکەی سنووردار نەبێت، هیچی تری ئەوتۆ بەدیی ناهێنن.

## بوارەکانی کاری رۆژنامەگەریی تایبەتمەن

لە کاتێکدا کە ژیانی مرۆڤ بە هۆی پێشکەوتنو فراوانبوونو ئالۆزبوونی سەرجەم لایەنەکانی کۆمەڵایەتیو زانستو تەکنەلۆژیا لە هەموو بوارێکدا، دابەش بووە بەسەر چەندین بواری جیاواز، ئەوا رۆژنامەگەرییش بە گشتی بۆ کۆنترۆڵکردنو گونجانو بەدیهێنانی ئەرکەکەی بە باشترین شێوەو لە هەمان کاتیشدا بۆ پاراستنی جەماوەرەکەیو فراوانکردنی، خەسڵەتی تایبەتمەندێتی وەرگرتووە. ئەگەرچی وەك لە بەشەکانی پێشەوە ئاماژەی پێدرا، رۆژنامەگەریی لەگەڵ سەرەتای دەرکەوتنی، لە هەندێك بواردا تایبەتمەندیی بەخۆوە بینیوە، بە تایبەتی لە بوارەکانی هەواڵ یا بازرگانی، بەڵام تا هاتنەئارای پێشکەوتنەکان لە بواری تەکنەلۆژیای میدیاو بوارەکانی ترو هەروەها ئالۆزبوونی ژیانی مرۆڤایەتی، بایەخو پێویستیی تایبەتمەندبوونی رۆژنامەگەریی هاوچەرخ بۆ هاوتەریب بوون لەگەڵ ئەو پێشکەوتنە گەورانەی لە ژیاندا هاتوتەئارا، دەرنەکەوت.

بوارەکان بەپێی گرنگیانو رۆڵو بایەخیان لە ژیاندا کە لە زۆریو فراوانیی جەماوەری کەناڵەکە دەردەکەوێت، لەلایەن میدیا بە گشتی بایەخی پێدەدرێو کاتو رووپەڕی زیاتری بۆ تەرخان کراوە. بوارێك لەگەڵ بوارێك گرنگیو بایەخییەکەی لە روانگەی جەماوەرەوە جیاوازە، کەناڵەکانیش لەسەر بنەمای ئاراستەو بیروبۆچوونی جەماوەر بەرنامەو کارەکانیان رێکدەخەنو گرنگیی بە بوارەکانی ژیان دەدەن. بۆ نموونە بوارێکی گرنگی وەك وەرزش لەلایەن کەناڵەکانی میدیاوە گرنگیی زیاتری پێدەدرێ وەك لە بوارێکی وەك فەلسەفە یا کۆمەڵناسی، بە هەمان شێوە بواری تەندروستیو پەروەردەیی گرنگییەکەی لە بوارێکی وەك ژینگە بەلای جەماوەرەوە گرنگترە، یان بواری منداڵان یا ژنان یا پەروەردەیی لە بوارێکی وەك پیرو پەککەوتەکان بەلای جەماوەرو میدیاوە تارادەیەك گرنگترە.

میدیا بە گشتی، زۆر تایبەتمەند بووەو تەنانەت لە بوارەکانیشدا، لقو پۆپی لێ بۆتەوەو کەناڵی تایبەتمەند لە بواری هەر لقێکی بوارە سەرەکییەکەش تەرخان کراوە، تەنانەت هەندێ لەو لقانەش لقی تریان لێ بۆتەوەو ئیتر بەمجۆرە، بۆ نموونە بوارێکی وەك زانست دابەش بووە بەسەر چەندین لقدا، زۆر لەو لقانە خۆیشیان لقی تریان لێ بۆتەوەو کەناڵی میدیای تایبەتیان بۆ تەرخانکراوە، بە هەمان شێوە بواری وەرزش دابەش بووە بەسەر چەندین لقی وەك تۆپی پێ، باسکە، مەلە، تێنسو ..هتد. بوارەکان زۆربەیان بە هۆی فراوانبوونیانو ئالۆزبوونی ژیانیش، لقی تریان لێ بۆتەوە، لە بوارێکی گرنگی وەك ژنانیشدا، دەتوانرێت لە چەندین رووەوە باس لەو بوارە بکرێت، بە تایبەتی لە کۆمەڵگەیەکی وەك کۆمەڵگەکەی ئێمە کە هێشتا مافو ئەرکەکانی ئافرەت لە ئاستی پێویستدا نییە، بۆ نموونە دەتوانرێت لەرووی خوێندەواری، نەخۆشیو رێنمایی تەندروستی، مافەکانو چەوساوەیی، جوانکاریو پەروەردەو هوشیارکردنەوەو چەندین لایەنی تر باس لە بواری ژنان بکرێت.

ئەو بوارانەی کە بە زۆریی بەلای خەڵكو لە ژیانی هاوچەرخدا گرنگەو بە هەمان شێوە کەرەستەیەکی میدیایی باشە بۆ کەناڵەکانی میدیای جەماوەری، زۆرن، لە جیهانی ئەمڕۆدا بەشێوەیەکی زۆرو بەرچاو کەناڵی تایبەت چ نووسراو یان تەلەفزیۆن یا ئینتەرنێتی بۆ ئەم بوارانە

تـەرخان كـراون: " وەرزش، هـەواڵ و سیاسـەت، ئـەدەب و هونـەر، ئـافرەت، منـداڵ، لاوان، فیـكرو فەلسـەفە، زانسـت و تەكنـەلۆژیا، تەندروسـتی و دەرمانسـازی، سـەربازی، كشتوكاڵ، تاوانكاری، یاساو ئـابووری، سـێكس، راگەیانـدن، ژینگە، سروشت، گەشـەپێدان، زمانـەكان، پـەروەردەو هـی تریش".

## سەرچاوەكانی زانیاری لە رۆژنامەگەریی تایبە تمەند

رۆژنامەگەریی تایبەتمەند دەتوانێ پشـت بـە زۆر سەرچـاوە ببەستێت بۆ بەدەستهێنانی زانیاریو هـەواڵو بابـەتی نـوێو گـرنگ لـە بـوارە جۆراوجۆرەكانـدا، هـەر كـەناڵێكی میـدیا بەرێـژەی جیـاواز پـەنا دەباتـە بـەر سەرچـاوەكان بـۆ دەستكەوتنی بابەتو هەواڵ، بۆ نموونە هەندێ كـەناڵ زیـاتر پشـت بـە پـەیامنێرە نـاوخۆییو دەرەكییـەكانی خـۆی دەبەسـتێت، كـەناڵی تـر هـەن زیـاتر پشـت بـە هـەواڵی ئاژانسـەكانی هـەواڵ دەبەسـتێت. بەشـێوەیەكی گشـتی دەتوانین چەند سەرچاوەیەك دەستنیشان بكەین كە دەبنـە سەرچاوە بۆ میدیای تایبەتمەند[8] :

1 – پەیامنێر: توانای زۆربەی كەناڵەكانی میـدیا لـە جـۆرو ژمارەی پەیامنێرەكانیدا دەردەكەوێت، لە رۆژگـاری ئـەمڕۆدا زۆربـەی كەناڵـە جەماوەرییـەكان بـە تایبـەتی كەناڵـە تایبەتمەنـدەكان، پشـت بـەو هـەواڵو وێنـەو دیـدارو بابەتـە رۆژنامەوانییانە دەبەستن كە لەلایەن پـەیامنێرانی خۆیانـەوە بۆیـان دەنێـردرێن، پـەیامنێروەك چـۆن كۆڵەكەیـەكی سەرەكیی میـدیای گشـتییە، بەشێوەیەكی زیـاتر كۆڵەكـەی سەرەكیی میدیای تایبەتمەندە، دەبـێ پەیامنێرەكـە ئامادە بكرێت بۆ ئەو بوارەی كە كاری تێدا دەكاو رووماڵی دەكـاتو هـەروەها شـارەزای نـەریتو كـەلتورو مێـژووی خـەڵكی ئـەو شوێنە بێت كە مەیدانی كارەكەیەتی.

پەیامنێریش لەرووی شـێوەی كاركردنیانـەوە دوو جـۆرن، جێگیرو گەڕۆك، ئەوانەی كە جێگیرن لە شـارێك، شـوێنەكانی خۆیان جێ نـاهێڵنو هـەرلـەو شـارەدا هـەر شـتێك رووبـدات رووماڵی دەكـات، پـەیامنێر كاتێـك جـێگیر دەبێـت كـە شـوێنەكەی زۆر گـرنگ بێـتو ناوەنـدێكی گرنگـی هـەواڵو پێشـهاتەكان بێـت وەك پـەیامنێری تایبـەت بـە پەرلـەمان، ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتی دەرەوە یان هەر نێوەندێكی دیكـەی گرنگـی لۆكـاڵیو نێودەوڵـەتیی وەك نەتەوەیەكگرتووەكان و هـی تـریش، بـەڵام بـە پێچـەوانەوە پـەیامنێری گـەڕۆك بـەپێی پێویسـت لـە شـوێنێكەوە بـۆ شـوێنێكی تـر دەجولێ[9]، ئـەو شوێنانەی كە پـەیامنێرێكی گـەڕۆكی بـۆ دادەنرێـت، رەنگـە زۆر گـرنگ نـەبێت لـەرووی زۆریو چڕیی پێشهاتو هەواڵەكان یا رەنگە گرفتـی ئـارامی و ئـەمنی هـەبێت كـە ئەمـەش دەبێتـە مایـەی مەترسـیی دروسـتكردن لەسـەر سـەلامەتی پـەیامنێر، بۆیـە تـەنها پەیامنێرێك بۆ ئەو شوێنە تـەرخان دەكرێت، بـۆ نموونـە لـە رەوشی ناوچـە نـا ئارامـەكانی عـیراق، كـەناڵو ئاژانسـەكانی میـدیا وەك كەناڵە نێودەوڵەتییـەكانی (CNN، BBC)و ئاژانسەكانی رۆیتەرو ئەسۆشیێتید پرێس و فرانس پـرێس و چەندینی تریش بەوەندە ئیكتیفایان كردووە كە پـەیامنێرێك یا دووان رەوانەی ئەو ناوچانە بكـەن یـا لەناوچـەیەكی شـاری بەغدا بمێننەوەو ئەوێ بكەنە بنكەی وەرگرتنو پەیـداكردنی هەواڵو بابەتە رۆژنامەوانییەكانیان و تەنها لـەكاتی پێویسـتدا بچـنە شـوێنەكانی تـرو دوای تـەواوبوونی كارەكـانیش بگەڕێنەوە.

بەشـێوەیەكی گشـتی، زۆربـەی رۆژنامـە دەوڵەمەنـدو بـەرفراوانو گرنگـەكانی جیهـان، لـە هـەواڵو بابەتەكانیانـدا پشت بەو شتانە دەبەستن كە پـەیامنێری خۆیـان دەینێـرن، بـۆ نموونـە رۆژنامەیـەكی وەك نیویـۆرك تـایمز یـا واشـنتۆن پۆسـت ی ئـەمریكایی، زۆرتـرین ژمـارەی پـەیامنێریان لـە جیهانـدا هەیـە، پـەیامنێرەكانیان لـە زۆربـەی شـوێنە گرنگەكانی جیهاندا بڵاوبوونەتەوە.

2–ئاژانسەكانی هەواڵ: ئاژانسەكانی هەواڵ بۆ كەناڵەكانی میدیای جیهانی تازە پێگەیشتوو سەرچاوەی یەكەمی هەواڵن چونكە ئەو كەناڵانە توانای داراییان كەمترەو وەرگرتنی هەواڵیش لەم ئاژانسانە پارەی زۆر كەمتری تێدەچێت بە بەراوردكردنی لەگەڵ خەرجییەكانی پەیامنێرێك لە دەرەوەی وڵات، ئاژانسەكان سەرچاوەیەكی گرنگن بۆ هەواڵو بابەتو وێنەو جۆرەكانی دیكەی كاری رۆژنامەگەریی، كەناڵە تایبەتمەندەكانی میدیای جەماوەری سوودێكی زۆرلە ئاژانسەكانی هەواڵ دەبینن، بابەتو هەواڵەكانیان لێوەردەگرنو بەشێوەیەكی گونجاو كە ئەو كەناڵانە خۆیان بە باشی دەزانن، دایدەڕێژنو هەندێجار هەموو زانیارییەكان وەك خۆیو هەندێجاریش زانیارییەكان پوخت دەكەنەوە یا تەنانەت گەلێجار ئامادەكاری پەیامەكە كە دەبێ كەسێكی شارەزا بێت لەو بوارەی كە پەیامەكەی تێدا ئامادە دەكات، بەهۆی ئەو باكگراوندە زانیارییەی كە خۆی وەك كەسێكی پسپۆر هەیەتی، بابەتەكە دەوڵەمەندتر دەكاتو فراوانتری دەكات لە بابەتە بنەڕەتییەكە كە لە ئاژانسەكە وەرگیراوە.

دابەشبوونی پەیامنێرانی ئەو ئاژانسانەی هەواڵیش بەپێی ناوەندی بڕیاردانی نێودەوڵەتیو گۆڕەپانەكانو گەرموگوڕیی بازاڕی سیاسەتو ئابووریو بوارە گرنگەكانی ژیان، جیاوازیی هەیە، لە وڵاتێكی وەك ئەمریكا زۆرترین رێژەی پەیامنێران هەیە، چونكە ئەم وڵاتە تاكە جەمسەری جیهانەو كۆنترۆڵ و كاریگەریی هەیە لەسەر زۆرینەی وڵاتانی جیهان، ئەو بڕیارانەی لە كۆشكی سپییەوە دەردەچن، هەر بە تەنها تایبەت نین بە كاروباری ناوخۆی ئەو وڵاتە، بەڵكو بەشێكی زۆری تایبەتە بە شوێنە جیاوازەكانی جیهان، دەستی سیاسەتی ئەمریكا لە زۆربەی شوێنەكانی دنیادا هەیەو رۆڵ و كاریگەری لە هەموو ناوچەیەكدا هەیە، بۆیە زۆر لەو بڕیارانەی كە لە پایتەختی ئەو وڵاتەوە دەردەچێت، پەیوەندیی بە زۆر ناوچەی جیهانەوە هەیە، كە ئەمەش بەلای كەناڵەكانی میدیاوە زۆر گرنگەو وەرگریش بەدوایدا دەگەڕێت. جگەلەوە لە ئەمریكادا بارەگای زۆربەی رێكخراوو دامەزراوە سیاسیو ئابوورییە نێودەوڵەتییەكان هەن بە تایبەتی بارەگای رێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكان.

دوای ئەمریكا، ئەوروپا شوێنێكی گرنگە بۆ كاری رۆژنامەگەریی، بۆیە رێژەیەكی زۆری پەیامنێری ئاژانسەكان لەو كیشوەرەشدا هەن. ئینجا لە دوای ئەوانە ئاسیاو ئەفریقیاو ئەمریكای باشوورو ئوستراليا دێن.

3–خزمەتگوزاریی میدیایی تایبەت: ئەم خزمەتگوزارییە بە زۆری لە شوێنو دامەزراوە تایبەتمەندەكاندا دابین دەكرێت، وەك دامەزراوەیەكی زانستی، ئابووری، سیاسی، فەرهەنگی یا یاساییو كۆمەڵایەتیو هەر بوارێكی دیكە.

ئەو شوێنانە سەرچاوەی یەكەمی هەواڵو زانیارییەكانن بۆ كەناڵە میدیاییە تایبەتمەندە جەماوەرییەكان. شێوەی وەرگرتنی زانیاریو بابەت لەو شوێنانە لەلایەن نوێنەری كەناڵەكانی راگەیاندن گەلێجار لەسەر ئاستی شەخسیی دەبێت، واتا بە هۆی پەیوەندیی تایبەتەوە، هەندێ جاریش بەپێی رێككەوتنێك دەبێت لەنێوان دامەزراوە تایبەتمەندەكەو كەناڵەكەو زۆرجاریش دامەزراوە تایبەتمەندەكە خۆی لە بەیاننامە یا كۆنگرەیەكی رۆژنامەگەریی یا بە شێوازی تر هەواڵەكان بڵاودەكاتەوە.

4–كەناڵو رۆژنامەو بڵاوكراوەكانی تر: زۆرجار ئەو بابەتانەی لە رۆژنامەو كەناڵەكانی میدیای تر بڵاودەكرێنەوە، دەبنە سەرچاوەیەكی گرنگ بۆ رۆژنامە یا هەر كەناڵێكی تر. بە تایبەتی رۆژنامەو كەناڵە بیانییو نێودەوڵەتییەكان سەرچاوەیەكی گرنگی هەواڵو بابەتن بۆ زۆربەی هەرە زۆری رۆژنامەو كەناڵە تایبەتمەندەكان بە تایبەتی لەسەر ئاستی لۆكاڵدا.

سوود وەرگرتنیش لەو كەناڵە بیانییانە پێویستی بە وەرگێڕان هەیە، چونكە زۆربەی كات زمانی ئەو كەناڵە بیانییانە جیایە لە زمانی ئەو كەناڵە تایبەتمەندەی دەیەوێ



سوودی لێ وەربگرێت، مەرجیش نییە ئەو بابەتانەی کە وەردەگیرێن دەقاو دەق وەربگیردرێن، بەڵکو باشترە پوختەیەکی لێ ئامادە بکرێت کە گرنگترین زانیارییەکان لەخۆ بگرێت.

5-نێردەکانی راگەیاندن(میدیایی): لەگەڵ پێشهاتێکی گرنگدا یا لەگەڵ پێشبینی کردنی رووداوێک، زۆربەی کەناڵەکانی میدیا رۆژنامەوانێك یان چەند رۆژنامەوانێك وەك تیمێك رەوانەی شوێنی رووداوو پێشهاتەکە دەکات بۆ رووماڵکردنی. ئەو نێردەیە تا کارەکانی تەواو دەکات کە لەگەڵ تەواوبوونی پێشهاتو گەرموگوڕیی رووداوەکەدایە، لەو شوێنەدا دەمێنێتەوەو کەناڵەکەی لە هەموو وردەکارییەکانی پێشهاتەکە ئاگادار دەکاتەوە.

6-هاوکاریی شارەزایان: زۆرجار هەندێ لە شارەزایانی بوارێکی دیاریکراو، لە بوارەکەیاندا هەنگاوێکی گرنگ دەنێن کە مایەی گرنگیو بایەخەو بەلای جەماوەری وەرگریشەوە گرنگە، هەروەك راوبۆچوونیشان لەسەر مەسەلەیەك گرنگیی خۆی هەیە. بڵاوکردنەوەی ئەو راوبۆچوونانەو هەواڵو زانیاریی لەبارەی ئەو هەنگاوانەی ئەوان، دەبێتە داهاتێکی دیکەی بابەتو هەواڵو زانیاریی بۆ کەناڵەکانی میدیای تایبەتمەند.

## مەرجەکانی ئامادەکردنی بابەتی رۆژنامەوانیی تایبەتمەند

ئامادەکردنی ناوەرۆکی پەیامە تایبەتمەندەکان لە هەر بوارێکدا، جیاوازی زۆری هەیە لەگەڵ ئامادەکردنی پەیام لە میدیای گشتیو بۆ وەرگری گشتی، بە هەمان شێوە ئەو کەسەی پەیامێك لە بوارێکی تایبەتمەنددا ئامادە دەکات دەبێ شارەزاییەکی باشی لەو بوارەدا هەبێتو لە هەموو روویەکی زانیاریی، زمانەوانیو پەنابردنە بەر بەکارهێنانی زاراوەکانی ئەو بوارە، توانای هەبێت.

بەشێوەیەکی گشتی لەکاتی ئامادەکردنو نووسینی بابەتێکی تایبەتمەند لەهەر بوارێکدا وا باشە رەچاوی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە بکرێت[10]:

1-پەنابردنە بەر بەکارهێنانی زۆرترین زاراوەی تایبەت بەو بوارەی کە بابەتەکەی لێ ئامادە دەکرێت، هەروەها

هەوڵدان بۆ دانانی زاراوەو وشەی گونجاو بۆ ئەو زاراوەو وشە بێگانانەی کە لەسەرجەم بوارە زانستی، سیاسی، فیکری، ئابووری و فەرهەنگی و کەلتورییەکاندا هەن بە جۆرێك کە بگونجێن لەگەڵ زمان و فەرهەنگی زمانی لۆکاڵیی کەناڵەکە.

2–سادەو ساکاری و ئاسانیی لە پێشکەشکردن و خستنەڕووی هەموو ئەو شتانەی کە لە بوارە جیاوازەکاندا دەنووسرێن و ئامادە دەکرێن، پێویستە سادەیی و ساکاریی لە پێشکەشکردنی بابەتەکان و هەروەها ئاسانکردنی بابەتەکە ببێتە ڕێبازێکی هەمیشەیی بۆ میدیای تایبەتمەند هەرچەندە ئەم مەسەلەیە ئەرکێکی ئەوەندە ئاسان نییەو پێویستی بە کاری جددی هەیە. ئەم ئەرکە لە جیهانی تازە پێگەیشتوودا قورسترو فراوانترە بە تایبەتی چونکە ئاستی زانستی و رۆشنبیریی نزمترە وەك لە جیهانی خۆرئاوای پێشکەوتوودا، توانای وەرگرتن و هەرسکردنی بابەتی قورس بە گشتی و تایبەتمەند بە تایبەتی لای وەرگر لە جیهانی سێ کەمترە.

3–خۆبەدوورگرتن لە بەکارهێنانی زاراوەو زمانی زانستیانەی وشك و قورس بە مەبەستی نیشاندانی توانا و شارەزایی و لێهاتوویی کەناڵە تایبەتمەندەکەو ئامادەکارانی پەیامە تایبەتمەندەکان، لەبری ئەوە پێویستە پەنا ببرێتە بەر دەستەواژەی ساناو ئاسان کە مانای ئەو زاراوە زانستیانەی هەر بوارێك دەدەن، بە تایبەتیش چونکە زاراوەی تەواو زانستیی لە کەناڵی میدیایی جەماوەریی تایبەتمەندا جێگەی نابێتەوە، بەڵکو لە بڵاوکراوە دەورییە زانستییەکاندا کە قووڵتر رۆدەچنە نێو بوارەکە بەکاردەهێنرێت.

4–تێگەیشتنی ناوەرۆك و مەبەستی ئەو بابەتە بنەڕەتییانەی کە رۆژنامەوان یا ئامادەکار، پەیامەکانی لێ وەردەگرێت و دەیەوێ پەیامەکەی لێ ئامادە بکات و هەروەها تێگەیشتنی تەواو لە دەستەواژەو زاراوە زانستییەکان تا بتوانێ لە کاتی پێویست تەنها بیرۆکەی سەرەکیی نێو ئەو بابەتانە بۆ جەماوەر ئامادە بکات بەمەبەستی کورتکردنەوەی بابەتەکە چونکە تێنەگەیشتن لە ئاراستەو ناوەرۆکی بابەتەکان رەنگە ببێتە مایەی شێواندنی ئەو پەیامەی بۆ جەماوەر ئامادە دەکرێ و گەلێجاریش بەرهەمهێنانی پەیامێکی ناڕاست و دروست و پێچەوانەی ناوەرۆکی سەرچاوەی بنەڕەتی.

5–دەبێ بزانرێت لە چ کاتێکدا پێویست دەکات بابەتەکە کورت بکرێتەوە بە تایبەتی ئەگەر بابەتێکی زانستی بێت تا پوختەکەی وەك پەیامێك پێشکەشی وەرگر بکرێت، بۆ ئەوەش دەبێ گرنگی و بایەخی بابەتەکە و جۆری بابەتە بنەڕەتییەکە(ئەسڵییەکە) بزانرێت کە ئایا وەرگێڕدراوە یا وەرگیراوە لە بڵاوکراوەیەکی دەوری یا لە کتێبێکی زانستیی تایبەتمەند یا لە لایەن دامەزراوەیەکی تایبەتمەندەوە ئامادەکراوە.

6–خستنەڕووی زۆرترین بەڵگەو ئامار بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتەکە یا پاڵپشتیی کردنی ئەو بیروبۆچوونانەی کە خراونەتەڕوو، هەروەها پێشکەشکردنی نموونەی زیندووی نزیك لە ژیانی مرۆڤ.

7–هەوڵدان بۆ سەرنج راکێشانی وەرگر لەکاتی پێویست ئەوەش لەڕێگەی بەکارهێنانی شێوازی سەیرو سەمەرەیی و رەگەزەکانی دیکەی سەرنج راکێشان دێتەدی کە دەبێتە مایەی پەسەندکردنی بابەتە تایبەتمەندەکە لەلای جەماوەری وەرگر.

## جۆری هونەرەکانی رۆژنامەوانیی لە میدیای تایبەتمەندا

کەناڵەکانی میدیای تایبەتمەند وەك هەر کەناڵێکی دیکەی میدیای گشتی پشت بەسەرجەم هونەرەکانی رۆژنامەگەریی دەبەستێت بۆ بەدیهێنانی ئەرك و ئامانجەکانی.

بەكارهێنانی هەریەك لەو جۆرانەی هونەری رۆژنامەگەریی هۆكارو كاریگەریی خۆی هەیە كە تا رادەیەك لەوی تر جیاوازە، بۆ نموونە ئەوەی كە وێنەی كاریكاتێری دەكاتە كەرەستەی رۆژنامە یا گۆڤارەكەی، ئەوا دەیەوێ بەو دیمەنە كاریكاتێریانە زۆرترین تەعبیری ئاشكراو شاراوە بداتە وەرگر، وەرگریش بەپێی جیاوازی تەمەن و ئاستی رۆشنبیرییان تێی دەگەن و پەیامەكە هەرس دەكەن، ئەم جۆرە بڵاوكراوانە زیاتر دیمەنە كاریكاتێرەكانیان بۆ كێشەو بابەتە كۆمەڵایەتییەكان تەرخان دەكەن و هەندێ جاریش دەچنە نێو لایەنە سیاسییەكەش[11]، دەتوانین بڵێین لە رۆژگاری ئەمڕۆدا كاریكاتێر مەودایەكی دیكەی وەرگرتووەو پەیامێكی سیاسیی و كۆمەڵایەتی پێیەو بە تەنها ئەوە نییە هەر هێڵكارییەكی شێوێنراو بێ وەك هەندێ دەستیان داوەتێ و وای تێدەگەن[12].

ئەو كەناڵانە میدیاییانەی كە وێنەی راستەقینە دەكەنە كەرەستەی خاوی خۆیان، ئەوانیش لە هەندێ رووەوە لە ئامانج و فاكتەرو مەبەستەكانیان لەوانە نزیكن كە وێنەی كاریكاتێری دەكەنە كەرەستەی خاو.

بەكارهێنانی هەواڵ و راپۆرتیش وەك كۆڵەكەیەكی سەرەكیی كەناڵەكانی راگەیاندن، بۆ ئەوەیە لە زووترین كاتدا زۆرترین رێژەی زانیاریی هەواڵ بۆ وەرگر بنێردرێت، ئەو كەناڵانەی كە هەواڵ و راپۆرت دەكەنە كەرەستەی سەرەكیی خۆیان، زیاتر كەناڵی بینراوو بیستراون نەك نووسراو، چونكە لە تەلەفزیۆن و رادیۆ راستەوخۆ دیمەن و كەشو بارودۆخی ناو رووداوەكان دەگوازرێنەوە، لە كاتێكدا لە كەناڵی نووسراودا وەك رۆژنامە یا گۆڤار، چەندین سەعات دواتر یا شەوێك یا شەوو رۆژێك دواترو هەندێ جار زیاتریش، هەواڵەكە دەگەیەنێ، لەبەرئەوە جەماوەر بە زۆری بۆ بەدواداچوونی هەواڵی تازەو نوێی گشتی سەیری تەلەفزیۆن دەكاو گوێ لە رادیۆ دەگرێ، پشت بە رۆژنامە نابەستێت بۆ هەواڵی گشتی[13].

بەهەمان شێوە كەناڵی تایبەت هی نووسراوو بینراویش هەن كە بە شێوەیەكی سەرەكیی پشت بە گفتوگۆی رۆژنامەگەریی دەبەستن. ئەم هونەرەی رۆژنامەگەریی وەكو هەواڵی دیكە كە ئاژانسەكانی دەنگوباس بڵاوی دەكەنەوە، موڵكی گشتی نییەو هەموو كەناڵێك ناتوانێ هەمان گفتوگۆی رۆژنامەگەریی بڵاوبكاتەوە، چونكە هەر رۆژنامەوانێك كە گفتوگۆیەكی رۆژنامەوانی لەگەڵ كەسایەتیەكی دیاریكراوی گرنگ لەسەر بابەتێكی پڕ بایەخ ئەنجام دەدات، ئەوا بۆ كەناڵێكی دیاریكراوی دەكات، بۆیە دەبێتە موڵكی ئەو كەناڵە، هەر لەسەر ئەو بنەمایەشە هەندێ كەناڵی نووسراوو هەندێكی بینراویش كەرەستەی سەرەكیی خۆیان دەكەنە گفتوگۆی رۆژنامەوانی.



باشترین جۆری كەناڵی راگەیاندن بۆ وتار، جا لە هەر بوارێكدا بێت، كەناڵی نووسراوە[14]، یەكێك لەو هۆكارانەی كە لەسەردەمی تەكنەلۆژیای ئەمڕۆدا وایكردووە میدیای نووسرلو لە بایەخی خۆی نەكەوێ، بوونی وتارە، وەرگر بۆ زانینی بیروڕای روونا كبیرو نووسەران و خەڵكانی دیكەی ناو كۆمەڵگەكەی و هی دەرەوەش و هەروەها بۆ زانینی پێشهات و رووداوە شاراوەكان و مەغزاكانیان، هەوڵ دەدات رۆژنامە بخوێنێتەوە، خوێندنەوەكەش بە ئارەزووی خۆی و



بەپێی بوارو حەزی وەرگر دەبێت نەك وەك تەلەفزیۆنو رادیۆ كە وەرگر ناچار دەبێت لەكاتێكی دیاریكراودا گوێ بگرێتو ببینێت. كەنالی نووسراو بە تایبەتی گۆڤاری مانگانەو وەرزی هەن تەنها پشت بە وتار دەبەستن لەبواری جیاجیادا، بۆ ئەوەش هەوڵدەدەن وتاری كەسانی دیارو بەتوانا بڵاو بكەنەوە بە جۆرێك كە سەرنجی وەرگر رابكێشێو كاریگەریی لەسەر خەڵك دروست بكات.

كەنالی دیكەش وەك هەندێ كەنالی تەلەفزیۆنی ئەورووپایی و خۆرئاوایی بەگشتی هەن تەنها پشت بە ریپۆرتاژ دەبەستن، ئەمجۆرەیان لە كەنالی بینراوو نووسراویشدا هەیە، كەناڵەكە سروشتێكی ریپۆرتاژ لەخۆدەگرێتو گەلێجار لە بوارێكی تایبەتدا خۆی دەبینێتەوەو هەندێ جاریش لە زۆربەی بوارەكاندا، ریپۆرتاژ وەك هەواڵ نییە بەو رادەیە پەیوەست بێت بە كاتەوە، مەرجیش نییە بیرۆكەكانی ریپۆرتاژ لەسەر هەواڵ بن، بەڵكو رەنگە كێشەیەك یا دیاردەیەكی كۆمەڵایەتی بەردەوامو درێژخایەن سەرچاوەی بیرۆكەی ریپۆرتاژ بن.

نەك هەر ئەمجۆرە كەنالانە، بەڵكو زۆر جۆری تر رەنگە لە یەك بواردا خۆیان ببیننەوە، جا فیكری، ئابووری، ژینگە، سیاسی، وەرزشی یا پەروەردەو هەر بوارێكی دیكە بن.

## نووسەرو ئامادەكاری بابەتە تایبەتمەندەكان

ئامادەكاری بابەتو پەیامەكان لە میدیای تایبەتمەندا، جیاوازی زۆرە لەگەڵ نووسینو ئامادەكردنی بابەتێك لە میدیای گشتیدا لەرووی زمانو شێوازی دارشتنو ئەو زاراوەو دەستەواژانەی تێیدا بەكاردەهێنرێنو هەروەها لەرووی توانای ئامادەكاری پەیامەكەش، ئەو كەسەی بابەتێك لە بوارێكی تایبەتمەند بۆ رۆژنامە یا هەر كەناڵێك ئامادە دەكات، پێویستە تەواو شارەزایی لەو بوارەدا هەبێتو لە هەموو روویەكەوە توانای بەسەردا بشكێت، ئەگەرنا بابەتەكە كرچو كاڵیو نە شارەزایی كەناڵەكە لەو بوارەدا دەردەخات. ئەوەندەی تواناو شارەزایی ئامادەكارو رۆژنامەوانی بوارێكی تایبەتمەند لەمیدیای تایبەتمەندا رەنگدانەوەی لەسەر كرچو كاڵیی پەیامەكە دەبێت، ئەوەندە لە میدیای گشتی دەرناكەوێت، چونكە میدیای تایبەتمەند جەماوەرو خوێنەری تایبەتی هەیەو ئەوانیش بەلانی كەم برێك زانیاریو باكگراوندێكیان هەیە لەسەر ئەو بوارەو زۆرجار بە چاوی رەخنەو هەڵسەنگاندن دەروانن بابەتەكان، بۆیە بە ئاسانی دەتوانن هەڵەو كەموكورتیو خاڵە لاوازەكانی بابەتەكە دیاریی بكەن هەروەك چۆن دەتوانن خاڵە بەهێزەكانیشی دەستنیشان بكەن، بەلام لە میدیای گشتیدا، پەیامەكان بۆ جەماوەرێكی گشتییە، ئاستی خوێندەواریو رۆشنبیریی خوێنەرەكان جیاوازن، هەموو خوێنەرێك وەكو یەك هەست بە خاڵێكی لاواز یا هەڵەیەك یا كەموكورتییەك ناكات.

رۆژنامەوان یان ئامادەكاری پەیامو بابەتەكان لە میدیای تایبەتمەندد، وەك هەر رۆژنامەوانێكی تر پێویستە باكگراوندێكی زانیاریی دەوڵەمەندی هەبێت. بە گشتیش پێویستە رۆژنامەوانی تایبەتمەند پابەندی ئەم خاڵانە بێت:

1–دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زانستیو ئاگاداربوون لە چالاکییە زانستییەکانو ئەو بوارەی ئەو خۆی تێدا دەبینێتەوە.

2–بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کەسانی پسپۆرو شارەزا لە دامەزراوو شوێنە زانستیە رەسمیو نارەسمییەکانو سوود وەرگرتن لە رێنوێنیو ئامۆژگارییو زانیارییەکانیان لە هەڵسەنگاندنی بابەتەکان.

3–بەدواداچوونو خوێندنەوەی رۆژنامەو بڵاوکراوە زانستیە لۆکاڵیو نێودەوڵەتییەکان بەشێوەیەکی رێکوپێكو پشت بەستن بە کتێبو سەرچاوە زانستیەکانو سوود وەرگرتن لێیان بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زانیارییەکانی.

4–بەشداریی کردن لە کۆنگرەو سیمنیارو گفتوگۆو کۆڕە زانستیەکانو ئاگاداربوون لە چالاکییەکانی ناوەندەکانی توێژینەوەو زانستی لە زانکۆو پەیمانگاکانو ناوەندە زانستیەکان.

5–گفتوگۆکردن لەسەر ئەو بیرۆکەو بابەتە زانستیانەی خراونەتەڕوو لەگەڵ هاوپیشەکانو گوێگرتن لە راوبۆچوونە جیاوازەکان چونکە ئەوە یارمەتیدەرە بۆ گەڵاڵەبوونی بیرۆکەو بابەتی نوێ.

6– پەیداکردنی زانیاریی زانستیی بنەڕەتی چونکە ئەوە پایەی رۆشنبیریو مەعریفەو بایەخو ژیریو هەروەها توانای لە بەکارهێنانی زانیارییە نوێو کۆنەکانو بەستنەوەیان بەیەکتری دەردەخات[15].

## شێوازی گەیاندنی بابەتو کەرەستە رۆژنامەوانییە تایبەتمەندەکان

سەردەمانێك بەر لە گەشەسەندنی تەکنەلۆژیای راگەیاندنو پەیوەندیکردن بەم رادەیەی ئێستا، یەکێك لە گرفتە هەرە گەورەکانی بەردەم کاری رۆژنامەگەری، گەیاندنی بابەتو کەرەستە رۆژنامەوانییەکانی وەك هەواڵو رپیۆرتاژو وتارو وێنەو هەر بابەتێکی دیکەی رۆژنامەوانی بوو. هەر رۆژنامەیەك کە دەرچوویێت، لەسەرەتاوە خەمی ئەوەی بۆ خوراوە چۆن بابەتەکان بە ئاسانترین شێوە بگەیەنرێنە بارەگای رۆژنامە یا هەر کەناڵێکی دیکەی راگەیاندن، تا پێش جەنگی دووەمی جیهانی، پەیامنێرو هاوکارانی کەناڵەکانی میدیا لە شوێنی دوورەوە هەوڵیانداوە لەرێگەی تەلەگراف، نامەو پۆست، تەلەفۆنو هەروەها سەردانی خۆیان بۆ بارەگای کەناڵەکانو هەندێ شێوازی دیکەی تەقلیدی، بابەتو کەرەستە رۆژنامەوانییەکان بگەیەننە کەناڵەکان. ئەو کاتە درەنگیی گەیشتن یا نەگەیشتنی بابەتو کەرەستە رۆژنامەوانییەکان بۆ کەناڵەکانی میدیا گەورەترین گرفتی بەردەم کاری میدیا بوون، زەحمەتیو نارەحەتیی پیشەکەی چەند هێند کردبوو، لە راستیدا ئەمەش وایکرد زۆر رۆژنامەو تەنانەت زۆر دامەزراوەی هەواڵگرییش بیر لە شێوازو داهێنانی گونجاو بکەنەوە بۆ ئەوەی بەسەر ئەو گرفتەدا زاڵ بن، ئەوەبوو توانرا لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە چەندین داهێنان لە بواری پەیوەندیدا بێتە کایەوەو ئەوانەی کە پێشتریش هەبوون پەرەیان پێبدرێت.

بەشێوەیەکی گشتی لە کوردستانو سەرجەم جیهاندا لە بواری میدیادا ئێستا ئەم شێوازانەی لای خوارەوە هەن بۆ گەیاندنو ناردنی بابەتو کەرەستە رۆژنامەوانییە گشتی و تایبەتمەندەکانیش جا چ لەلایەن پەیامنێر یان نووسەرو دامەزراوەیەکی دیاریکراوو هەر هاوکارێکی دیکەی کەناڵەکەی راگەیاندن بێت:

1–ئینتەرنێت"نامەی ئەلیکترۆنی": باشترینو خێراترین ئامرازی گەیاندنە، چەند چرکەیەك دوای ناردنی بۆ ناونیشانێکی ئینتەرنێتیی دیاریکراو، دەگاتە شوێنی مەبەست، گرنگیو باشییەکانی ئەمجۆرە ئامرازەی پەیوەندیی کە لە هەمان کاتیشدا کەناڵێکی میدیای جەماوەریشە، لەو چەند خاڵەدا خۆی دەبینێتەوە:



– بە بەخێراترین ماوە بابەتەکان دەنێردرێت
–دەتوانرێت جگە لە دەقی نووسراو، بەڵگەنامەو وێنەو فایلی دەنگیی و وێنەو دیمەنی ڤیدیۆییشی پێ بنێردرێت.
– تێچووی ناردنەکەی زۆر کەمترە لە شێوازەکانی تر.
– بەکارهێنانی ئاسانە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئینتەرنێت چەند لایەنێکی سلبیشی هەیە کە بەشێوەیەکی سەرەکی خۆی لەم چەند خاڵەدا دەبینێتەوە:

– تێچووی راکێشانی هیڵێکی ئینتەرنێت یا دامەزراندنی دەزگایەکی ئینتەرنێت لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوودا، زۆرە.
– ئەو ئامراز زانستە کە تا رادەیەك تازەیە، هێشتا لە زۆر وڵات و شوێنی جیهاندا شتێکی نامۆو کەم بڵاوە، شارەزاو پسپۆریی لەم بوارە تازەدا تا رادەیەك کەمە.
– بەکارهێنانی ئینتەرنێت، پێویستیی بە شارەزایی لە بەکارهێنانی کۆمپیوتەریشدا هەیە.
– بە هەمان شێوە دابینکردنی ئامێری کۆمپیوتەر بۆ بەستنەوە بە هیڵێکی ئینتەرنێت، هێشتا تێچوویەکی زۆری دەوێ.
– پێویستە ئەوەی ئینتەرنێت بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی سوودمەند بێت لەئینتەرنێت بەلانی کەم شارەزایی باشی لە زمانێکی زیندووی جیهانیدا هەبێت.

2– پۆست "نامە": کۆنترین شێوازی پەیوەندییە لە بواری رۆژنامەوانیدا، ئێستا بە هۆی بوونی ئینتەرنێت و مۆبایل، ئەوەندە پشت بەم شێوازەی پەیوەندیی نابەسترێت بە تایبەتیش چونکە گەیشتن و وەڵامدانەوەی کاتێکی یەکجار زۆری دەوێ.

3– فاکس: ئامرازێکی تا رادەیەك پێشکەوتووە، لە ماوەیەکی زۆر کەمدا کە چەند دەقیقەیەك زیاتر ناخەینێت بابەتەکە دەگەیەنێت، بەڵام عەیبی ئەو ئامرازە ئەوەیە کە گرانبەهایەو هەروەها تەنها دەقی نووسراوی پێ دەنیردرێت و وێنەو بەڵگەو دۆکیومێنت بە باشی ناگەیەنێت.

4– شێوەی تەقلیدی: مەبەست لە شێوەی تەقلیدی گەیاندنی دەستنووسی بابەت و وێنەو هەر کەرەستەیەکی دیکەی رۆژنامەوانییە بۆ بارەگای کەناڵەکە کە لەلایەن خودی نووسەرو خاوەنی بابەتەکە یا کەرەستە رۆژنامەوانییەکە دەگەیەنرێت و بۆ ئەوەش پشت بە شەمەندەفەر، تاکسی، پاس یا هەر شێوازێکی گواستنەوەی تەقلیدی دەبەستێت.

5–تەلەفۆن: یەكێكە لە ئامرازە كۆنەكانی پەیوەندیو پێشكەوتنی زۆری بەسەردا هاتووە، تەكنەلۆژیای تەلەفۆن ئەمڕۆ یەكێكە لە زانستە پێشكەوتووەكانو ڕۆژ بەڕۆژ گۆڕانكاریو پێشكەوتنی نوێی بەسەردا دێت، تەلەفۆن ئێستا نزیكترین هاوڕێو هاودەمی مرۆڤە، لە گیرفانو لەناو ئوتومبێلو لە ماڵو شوێنی كارو هەموو شوێنێكدا هەیە، ڕاستەوخۆ دوو كەسو زیاتریش بە دەنگ بەیەكەوە دەبەستێتەوە، باشییەكانی ئەم ئامرازەی پەیوەندیی ئەوەیە كە بەكارهێنانی ئاسانە، نرخو تێچووی پەیداكردنی ئاسانە، بچوكەو شوێن ناگرێتو هەروەها دەتوانرێت دەقی كورتی نووسراویشی پێ بنێردرێت، بەڵام عەیبەكەی ئەوەیە تا ئێستا ناتوانرێت وەك ئینتەرنێت بەشێوەیەكی بەربڵاو وێنەی ڕۆژنامەوانی یا بەڵگەو دۆكیومێنتو دەقی نووسراوی درێژو هەروەها دیمەنی ڤیدیۆیی درێژی پێ بنێردرێتو كرێی بەكارهێنانیشی تا ڕادەیەك گرانترە لە ئینتەرنێت.

6–گواستنەوەی ڕاستەوخۆ: ئەم شێوازە بەكاردەهێنرێت بۆ گواستنەوەی ڕاستەوخۆی ڕووداوو پێشهاتو جۆرەكانی تری كاری میدیایی، دەقی ڤیدیۆییو وێنەو دەقی نووسراوو هەموو جۆرێك دەگوازێتەوە، لەڕووی كاتو جۆرەوە ئامرازێكی زۆر باشە، بەڵام نرخو تێچووی ئامێرەكانو كرێی بەكارهێنانیشی زۆر گرانە. كەناڵەكانی تەلەفزیۆن پشت بەم شێوازە دەبەستنو تا ڕادەیەكیش ڕۆژنامەو گۆڤارەكانیش پشتی پێ دەبەستن

## پەراوێزی بەشی دووەم:

–نزار جرجیس علی، حرب الكلمه، اربیل، 1998، وزاره الپقافه لاقلیم كردستان العراق، لاپەڕە 22

2–شاكر ابراهیم، الاعلام و وسائله و دوره فی التنمیه الاجتماعیه والاقتصادیه، مؤسسه ئدم للنشر والتوزیع، القاهره، لاپەڕە 104

3–بیرۆكەی تەلەفزیۆن لە كۆتاییەكانی سەدەی نۆزدەوە گەشەی سەندو پاشان لەسەرەتای سەدەی بیستو بە تایبەتیش لە ساڵی1930–ەوە تاقیكردنەوەكان لە بواری تەلەفزیۆن بەشێوەیەكی بەرفراوان لە وڵاتانی وەك فەڕەنساو سۆڤیەتو ئەمریكاو ئەڵمانیاو ئینگلتەرا دەستی پێكرد، بەڵام بەهۆی هەڵگیرسانی جەنگی جیهانیی دووەم تاقیكردنەوەكان وەستانو دوای وەستانی جەنگ دەستیان پێكردەوەو وردە وردە تەلەفزیۆن لە جیهاندا لە وڵاتانی خۆرئاوای پێشكەوتوو بڵاوبووەوە تا كاتێكی درەنگ لە نیوەی دووەمو دوا چارەگی كۆتایی سەدەی رابردوو گەیشتە ناوچەكانی دیكەی جیهان... بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە 105

4– سەرەتای سەرهەڵدانی بیرۆكەی ڕادیۆ دەگەڕێتەوە بۆ تاقیكردنەوەو توێژینەوەكانی ماركۆنی كە بوونە بەردی بناغەی دروستبوونی ڕادیۆ، دواتر زانا "فۆست" هەڵسا بە دامەرزاندنی وێستگەی پەخشی ڕادیۆیی لە هەریەك لە ئەمریكاو فەڕەنسا بەڵام بەهۆی هەڵگیرسانی جەنگی یەكەمی جیهانی توێژینەوەو تاقیكرنەوەكان لەم بوارەدا وەستان، بەڵام دوای جەنگ تاقیكردنەوەو هەوڵەكان دەستیان پێكردەوەو پێشكەوتنێكی گەورەو خێرا لەم بوارەدا هاتە ئارا، تا وای لێهات لە ساڵانی كۆتایی بیستەكان سەدان وێستگەی ڕادیۆیی لە وڵاتانی خۆرئاوا دامەرزا، لەو كاتەوە ڕاگەیاندن پێی نایە قۆناغێكی نوێوەو ڕادیۆ لە پاڵ ڕۆژنامەدا بووە كۆڵەكەی سەرەكیی میدیای جەماوەری.... بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە 96

5–تێگەیشتنی ڕاستی.. شوێنی لە ڕۆژنامەگەریی كوردیدا، د. كەمال مەزهەر، بەغداد، 1978، لە چاپكراوەكانی كۆڕی زانیاری كورد، لاپەڕە 20

6–سامان فەوزی، میدیای ئینتەرنێتیو گرفتە یاسلییەكانی، وەرگێڕانی هونەر ڕەسول، لە چاپكراوەكانی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2004، چاپی یەكەم، لاپەڕە 16

7–هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە 22

8–الصحافه المتخصصه فی العالم واهمیتها، عونی عبدالفتاح عزام، دراسه، شبكه الاستراتیجیه، لاپەڕە 4

9–هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە 5

10–د.مؤید الخفاف، الاعلام المتخصص، بغداد، لاپەڕە 19

11–سەردەم، هونەری كاریكاتێری كوردی، ڕۆژنامەڤانی(گۆڤار)، ژمارە پێنج، لاپەڕە 180

12–ئەژاد عەزیز سورمێ، ڕۆژنامەگەریی كوردی–چەند سەرەقەڵەمێك لەبارەی تەكنینكو هونەرەكانی، چاپی یەكەم، هەولێر، كتێبی برایەتی، لاپەڕە 51

13–كاروان عەلی، هونەری ڕۆژنامەنووسی(هەواڵ، ڕیپۆرتاژ، گفتوگۆ، وتار)، سلێمانی، 2004، چاپی یەكەم، لاپەڕە 112

14–هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە 113

# بنەماکانی نووسینی هەواڵ لەرۆیتەرز

REUTERS

و. لە فارسییەوە: مەجید ساڵح

## هەموو شتێك روونبكەرەوە

ئەوە بزانە هەواڵنووسین تەنها گەیاندنی زانیاریی نییە. هەندێکجار دڵنیا نیت لە راستیی هەواڵەکە، ئەو کاتەی لە هەواڵەکەتدا ئەوە رووندەکەیتەوە کە هێشتا گومانت لە راستیی هەواڵەکەت هەیە، واتە تۆ کارەکەت بە شێوەیەکی راستو دروست ئەنجامداوە.

تا پێتدەکرێت ئەوە بۆ خوێنەران شیبکەرەوە زانیارییەکانت لە کوێ هێناوەو چۆن دەستت کەوتوون: ئایا هەواڵەکەیان بە خۆت داوە، لە بەیاننامەیەکدا دەستت کەوتووە یان لە کۆنفرانسێکی گشتییدا بۆ رۆژنامەنووسەکان خوێنراوەتەوە. تا پێتدەکرێت درێژدادڕیی مەکە. تاکو لە دەستنیشانکردنی سەرچاوەکەی هەواڵەکەتدا دیقەت بکەیت، زیاتر متمانە بە هەواڵەکەتو ئەو زانیارییانەی خستەڕوو، دەکرێت.

نهێنیی کارەکە لەوەدایە هەموو شتێك روونبکەیتەوە. گەر زانیارەکانت دیقەتی کەم تێدایە، روونیبکەرەوە ئەو زانیاریانە ورد نین. کاتێك دوو ئامارت سەبارەت بە بوومەلەرزەیەك لەبەردەستدایە، یەکێکی هی حکومەتو ئەوی دیکە هی خاچی سوور، تۆ هەردوو ئامارەکە بخەرە روو، ئەوەش روونبکەرەوە کە ئامارەکان جیاوازن، خاچی سوور وا دەڵێتو حکومەتیش وای راگەیاندووە. لەمبارەیەوە خۆت هیچ حوکم مەدەو مەڵێ کام ئاماریان راستە.

## پەیوەندیی باش

پەیامنێری باش، واتە پەیوەندیی باش. مایك پیکاك پەیامنێری پێشکەوتووی رۆیتەرزە لە پەرلەمانی بریتانیا. مایك هەشت ساڵ لە پەرلەماندا کاریکردووە. ئەو پەیامنێری سیاسیی رۆیتەرزە لە پەرلەمانو حکومەت. ئەو یەکێکە لەو 150 پەیامنێرەی ناو پەرلەمان کە پێیاندەوترێت "Lobby Journalist". ئەم پەیامنێرانە دەتوانن سەردانی هەموو کونجو کەلەبەرێك بکەنو لە رێگەی پرسیارەکانیانەوە پەرلەمانتارو نوێنەرانی حکومەت تووشی قەیران و لێپرسینەوە بکەن.

## دەستڕاگەیشتن بە زانیارییەکان

مایك دەڵێت: لە پەرلەماندا مرۆڤ زانیاریی دونیای بەسەردا دەبارێت. بەڵام لە سەری دەڕوات، "هەموو ئەو زانیارییانە




هەواڵ نین، دەبێت مەلەبکەیت و هەواڵەکەت راوبکەیت".
مانگانە وەزیرێك ئامادەی دانیشتنەکانی پەرلەمان دەبێت و لە جیاتی پەیامنێران، پەرلەمانتارەکان وەزیرەکە دەدەنە بەر رێژنەی پرسیار.

مایك دەڵێت: هەندێك رۆژ دووهەزار پرسیار دەکرێت، هەندێك رۆژ ئەو پرسیارانە دەکرێن و پەرلەمانتارەکان وەڵامیان ناوێت هێندەی ئەوەی پیشانیبدەن کە ئەوان زیرەك و هۆشیارن و وەزیرەکەیان خستووەتە ژێر چاودێرییەوە.

ئەو دەڵێت: لەو هەموو بابەتانەی کە دەخرێنە روو، دەبێت باشەکەیان هەڵبژێریت. رۆژانە بابەت سەبارەت بە پەروەردە و تەندروستی، بارودۆخی ناوخۆیی بریتانیا.. باسدەکرێت. رۆیتەرز زیاتر بە دوای ئەو هەواڵانەدا دەگەرێت کە بۆ جیهان گرنگن. ماوەیەك ئەفغانستان گرنگ بوو، ماوەیەکیش کۆسۆڤۆ، ئێستاش خۆرهەڵاتی ناوەراست، عێراق و ئێران مایەی گرنگیپێدانن.

دەبێت دڵنیابیت بەدوای چیدا دەگەرێیت. هەندێکجار هەواڵێکت پێدەگات و دەبێت رووماڵیبکەیت. بەڵام هەندێکجار ئەو هەواڵە رەهەندی تر وەردەگرێت. بۆ نموونە“ لەپێشدا بابەتەکە سەبارەت بە لیستێکە، بەڵام دواتر دەردەکەوێت لەوانەیە سەرۆك وەزیرانیش تێوە گلابێت“ بۆیە دەبینیت هەواڵەکە لەسەر بابەتێکی دیکە دەگیرسێتەوە، لەبەرئەوە دەبێت ئاگادار بیت و هەواڵەکان بدۆزیتەوە.

مایك دەڵێت: من و هاوکارەکانم خۆمان چەسپاندووە بە ژمارەیەك لە سیاسەتمەدارانەوە و یەکێك لەوانە“ تۆنی بلێر-ە.

هەندێکجار مایك لەگەڵ بلێردا لەناو فرۆکە تایبەتییەکەیدایە و دەڵێت: ئەوە باشترین شوێنە بۆ ئەوەی گوێ لە بلێر بگریت.

هەندێکجار لەوانەیە تەنیا off the record قسەبکەن. بەڵام سەری گلۆلەی قسەکانت دەستدەکەوێت. بۆ نموونە“ گەر ماوەیەك لەگەڵ بلێردا بیت، بۆت دەردەکەوێت واز لە ئێران ناهێنێت.

## پاراستنی پەیوەندیی لەگەڵ سەرچاوەکانی زانیارییدا

بەشێکی کارەکان بریتییە لە وەرگرتنی هەواڵ و زانیاریی لەو سەرچاوانەی کە مەرجی ئەوەیان هەیە ناویان نەهێنرێت (Off_the_record). لەم حاڵەتەدا مایك هیچ رێگەیەکی تری لە بەردەمدا نییە جگە لەوەی سەرچاوەی تر بدۆزێتەوە و زانیارییەکان لە زاری دوو سەرچاوەوە (Check_Double) بڵاوبکاتەوە، بۆیە مایك پرسیارێکی زۆر دەکات تاکو سەرچاوەیەکی باوەرپێکراو دەدۆزێتەوە بۆ ئەوەی هەواڵەکەی بڵاوبکاتەوە.

مایك پێیوایە ساڵێك دەخایەنێت تا بتوانیت پەیوەندیی لەگەڵ پەرلەمانتارێك ببەستیت و تەلەفۆنەکەی وەربگریت و ساڵێکیشت پێویستە تا لێت دڵنیابێت و هەواڵی پلەیەکت پێبدات. بەڵام پەرلەمانتارەکان بەبەردەوامیی دەگۆردرێن. گەر تۆ ماوەیەکی زۆر ئەو کارە بکەیت، کەسە تازەکان خۆیان پەیوەندییت پێوەدەکەن.

هێشتنەوەی پەیوەندیی، تا رادەیەکی زۆر بەندە بە بوونی ئەزموونەوە. مایك لەبارەی ئەزموونی هەشت ساڵەی خۆی لە پەرلەمان دەڵێت: "ناچار نیین هەموو ئەو شتانەی دەیلێین،

بینووسینەوە، هەندێکجار ئێمە پشتی ئەوان دەخورێنین و هەندێکجار ئەوان هی ئێمە..". ئەو دووبارەیدەکاتەوەو دەڵێت: "بڕیار نییە پەرلەمانتارەکان هەرچی بڵێن، ئێمە بینووسینەوە... هەندێکجار پەرلەمانتارێك قسەیەك لە دەمی دەردەچێت و پاشان دەڵێت: ببورە ئەو قسانەم بڵاومەکەرەوە. ئەگەر هەواڵەکە زۆر گرنگ بێت و بڵێت ببورە، هەواڵەکە بڵاودەبێتەوە. بەڵام گەر هەواڵەکە زۆر گەورە نەبوو، دەتوانیت دەستبەرداری بیت و لە سەرچاوەیەکی دیکەوە زانیاریی پەیدابکەیت، یان پاش چەند ڕۆژێکی دیکە کە بۆنی دەردەکەوێت، بڵاویبکەیتەوە".

یاسای سەرەکیی یارییەکە ئەوەیە گرێ مەدە بە پەیوەندییەکانت. بەڵام گەر هەواڵەکە زۆر گرنگ بوو بیر لەوە نەکەیتەوە. مایك دەڵێت: ئەگەر ڕەفتارت لەگەڵ سەرچاوەی هەواڵەکەتدا باش نەبوو، ئەو سەرچاوەیە ناوت لای سەرچاوەکانی دیکە دەزڕێنێت، پێیاندەڵێت: "لەگەڵ فلانە کەسدا قسەمەکەن، دەتفەوتێنێت". لە قسەکانی مایك سێ خاڵت دەستدەکەوێت:

1 - دەبێت هۆشیار بیت و لەژێر خەرمانی زانیارییەکاندا، هەواڵی خۆت بدۆزیتەوە.

2 -هەوڵبدە پەیوەندییت لەگەڵ سەرچاوەکانی هەواڵدا تێکنەدەیت، تەنیا لە کاتێکدا نەبێت هەواڵەکە لە ڕاستیدا زۆر گەورە بێت.

3 -ئەگەر کەسێك لەگەڵتدا وەك ( off the record) قسەیکرد، کێشە نییە دەتوانیت لە ڕێگەی سەرچاوەی دیکەوە بەدوای زانیارییدا بگەڕێیت، زۆرجار سەردەکەویت و زانیارییت دەستدەکەوێت.

### وتەوەرگرتنی زێڕین:

مامۆستایەکی ڕۆیتەرز دەڵێت: دەبێت دەنگی مرۆڤێك لە هەواڵەکەدا هەبێت، چونکە هەواڵەکان باس لە مرۆڤ دەکەن، پەیامنێرەکان بە پەرۆشەوە بەدوای وەرگرتنی وتەی زێڕیندا دەگەڕێن. بەڵام ئەو وتانە دەبێت کورت و کاریگەر بن. دەبێت ئاگادار بیت و ئەو ڕستانە ڕاوبکەیت کە بتوانیت لە کاتی خۆیدا لە هەواڵەکەتدا بەکاریانبهێنیت. پێویستە ئەو وتانە:

1. کورت و کاریگەر بن، چونکە ئەگەر درێژ بن خوێندنەوەیان سەخت و کاریگەرییان کەمدەبێت.
2. دەبێت بەهای هەواڵەکە زیاتربکات.
3. دەبێت لایەنە هەستیارەکانی هەواڵەکە دەربخات.

### وتەوەرگرتنێکی بەناوبانگ

کاتێك (جۆن ئێف کەنەدی) سەرۆك کۆماری ئەمریکا کوژرا، ژاکلینی هاوسەری ئەم ڕستەیەی وت: "خودایە، ئەوان جۆن-یان کوشت". ڕۆژنامەنووسێك گوێی لێبوو و بەکاریهێنا.

ئەم ڕستەیە یەکسەر دوابەدوای لیدەکە نووسرایەوەو زۆربەی ڕۆژنامەکانی دونیا سوودیان لێوەرگرت. دەکرێت وتەیەکی سادەی وەك ئەوە سەرەوە ببێتە مایەی ڕاچەنینی خوێنەران. وتەی زێڕین دەتوانێت پەیاموەرگر ببات بۆ شوێنی ڕووداوەکەو پێیبڵێت لەوێ چی ڕوویداوە.

### چۆن وتە وەرگێڕاوەکان بنووسینەوە؟

لە هەر هەواڵێکدا تەنیا نووسینەوەی یەك یان دوو وتە بەسە. ئەگەر وتەیەکی پلەیەکت دەستکەوت، لە سەرووی هەواڵەکەدا بەکاریبهێنە. (بەڵام لە لیدەکەدا بەکاریمەهێنە).

### لە لیددا وتەکان بەکارمەهێنە

لە پەرەگرافی دووەمدا وتەکان بەکاربهێنە، ئەوە پێیدەوترێت (paragraph supporting). لە ڕاستیدا باشتروایە پاش خستنەڕووی هەندێك پێشەکی، واتە" لە پەرەگرافی سێیەمدا وتەکان بنووسرێن. لەپێشدا جەوەکە بخولقێنە، بۆ نموونە" گرێیەك دروستبکە: "خۆپێشاندەران دەڵێن لێیان دراوە، بەڵام پۆلیس ئەوە ڕەتدەکاتەوە". دوای ئەوە وتەیەك بێنەوە: "بە کوتەك لێیانداین". جۆن وازین بەدەم پاککردنەوەی شانەکانیەوە وایدەوت و بە شەلەشەل بەڕێوە

دەڕۆیشت.

وتە وەرگیراوەکان پێگەی هەواڵەکەت بەهێز دەکەن. لە ڕێگەی وتەیەکی باشەوە دەکرێت هەواڵەکە گیانی تێبکەوێت.

لە پەرەگرافی کۆتاییشدا دەتوانیت وتەیەك بەکاربهێنیت. بۆ نموونە" وتەی کەسێکی سەرەکیی هەواڵەکە، کاریگەریی هەواڵەکەت زیاتردەکات و زیاتر زانیارییەکانت ڕووندەکاتەوە، ئەرکی تۆ ئەوەیە زانیارییەکان لە سەرچاوەکانەوە وەربگریت و بە سادەیی و شەفافی بیخەیتە بەر دەست پەیاموەرگرەکانتەوە. کاتێك زانایەك باس لە داهێنانەکەی خۆیت بە زمانی پسپۆڕیی بۆ دەگێڕێتەوە، دەبێت تۆ ڕستەکانی ئەو سادە بکەیتەوە و بە زمانێك بیگێڕیتەوە کە پەیاموەرگری سادە لێی تێبگات.

پێویست ناکات هەموو وتەکانی زاناکە لە دوو کەوانەدا بنووسیتەوە و هەموو هەواڵەکەت بریتی بێت لە قسەکانی ئەو.

ڕوونکردنەوە درێژەکانی کورتکەرەوە و لە چەند ڕستەیەکی کورت و شەفاف و لە زمانی خۆتەوە بیانگێڕەوە. کاتێك پێویستی کرد ڕوونکردنەوەو پێشینەکان باسبکە، بۆ ئەوەی بابەتەکە بەلای خوێنەرەوە ئاڵۆز نەبێت. دوو یان سێ وتەی زیاتری زاناکە بەکارمەهێنە و لە ناوەڕۆکی دەقەکەدا بیگونجێنە.

هەڵبژاردنی وتەکان دەتوانێت بمانگەیەنێتە ئەو مەبەستانەی کە دەمانەوێت. دڵنیایی پەیدابکە لەوەی ئەو وتانەی دەینووسیتەوە، هی هەمان سەرچاوەیە و هەوڵی ئەوەش بدە جووڵەو پێکەنین دەستراوەشاندنەکانی بخەیتە ڕوو. کاتێك وتەیەکی دەنووسیتەوە، هەوڵبدە ئەو دۆخە بەرجەستەبکەیت کە ئەو قسانەی تێداکراوە. ئەرکی ئێمە ئەوە نییە قسە ناشیرینەکانی خەڵك لە وتەکانیاندا لابدەین، هەروەها کاری ئێمەش نییە ئەوان تووشی گاڵتەجاڕیی بکەین. ئەگەر ناتوانیت بە شێوەیەکی باش کەڵك لە وتەکان وەربگریت، باشتروایە داوای یارمەتیی لە کەسێکی شارەزاتر بکەیت.

وتەکان پیرۆزن، نابێت بە هیچ شێوەیەك بیانگۆڕیت، تەنیا لە کاتێکدا نەبێت ڕستەیەك یان وشەیەکی دووبارە بسڕیتەوە، ئەوەش بەو مەرجەی کە ئەو وشە لادراوە، مانای وتەکە نەگۆڕێت. ئەگەر بە هۆی زمانەوانییەوە وتەیەك دەستکاریی دەکەیت، دەبێت ئاگات لەوە بێت مانا و ناوەڕۆکەکەی تێکنەچێت.

## دیقەت

ڕۆیتەرز دیقەتکردنی پێباشترە لە پەلەکردن. پێیوایە ئەو ئیعتیبارەی کە 150 ساڵە هەیەتی لەبەر ئەوەیە. هەندێك تەکنیك هەیە ڕەچاوکردنیان دەبێتە هۆی ئەوەی لەو هەواڵەی دەینووسیت، دیقەتکردنی زیاتری تێدا بێت.

## دانان بە هەڵەکاندا

سەبارەت بەو هەڵانەی دەیکەیت، بە شەفافیی هەڵسوکەوت بکە. ڕۆیتەرز بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو هەڵانەی کە لە هەواڵێکتدا ڕوودەدات، هەواڵەکە لەسەر خەت دەهێڵێتەوە و هەواڵێکی دیکە بە ناوی (Correction)ەوە بڵاودەکاتەوە هەڵەکانی هەواڵەکەی پێشوو دەخاتە ڕوو. بەجۆرە ئەوانەی چاودێریی هەواڵەکان دەکەن، بۆیان دەردەکەوێت لە هەواڵەکانی پێشوودا، چی هەڵەیەك ڕوویداوە. بۆ پاراستنی وردبینیی، پێویستت بە شەفافیەت و ڕاستگۆیی سەرچاوەکانی هەواڵە. لە نامیلکە ڕێنماییەکانی ڕۆژنامەوانیی ڕۆیتەرزدا هاتووە "ئێمە ناوبانگی خۆمانمان لە پەیڕەوکردنی وردبینیی و دوورکەوتنەوە لە غەرەزشەخسیی و ناوهێنانی وردی سەرچاوەکانمان، بەدەستهێناوە".

## هەمیشە پەیامنێر باوەڕپێکراوترین سەرچاوەیە

ئەو سەرچاوانەی ناویان دێت پەسەندترن لەو سەرچاوانەی ناویان ئاشکراناکرێت، کاتێك ناوی سەرچاوەکەت ئاشکرادەکەیت، ئیعتیباری هەواڵەکەت زیاتر دەبێت. جگە لەوەش خوێنەر دەتوانێت بە سەرنجدانە ئەو سەرچاوەی کە تۆ هەواڵەکەت لێوەرگرتووە، حوکم بدات لەسەر ڕاستیی ئەو

زانیاریەی پێتداوە: "شۆفێرێکی تاکسی وتی، وتەبێژی حکومەت رایگەیاند، ...".

کاتێك سەرچاوەکە قسەکانی پێچەوانەی یەکترن، نابێت وتەکانی بکەیتە دوو بەشەوە و بەشێکی بە ناوی خۆی و ئەو بەشەکەی دیکە بدەیتە پاڵ یەکێکی نەناسراو.

نابێت ئەو کاتەی یەك سەرچاوەت هەیە، بنووسیت "سەرچاوە جیاجیاکان دەڵێن". کاتێك سەرچاوە جیاجیاکان قسەیەك دەکەن، دەکرێت ئەو قسەیە بە راست بزانرێت، بەڵام ئەگەر یەك کەس ئەو قسەیە بکات، دەبێت بزانین خەڵکی دیکە چی دەڵێن.

## سەرچاوە نەناسراوەکان لاوازترین سەرچاوەن

هەموو رۆژنامەنووسەکان دەبێت لەگەڵ بنەماکانی مامەڵەکردن لەگەڵ سەرچاوەکانی هەواڵدا، ئاشنایەتییان هەبێت. هەندێك لەو بنەمایانە دەخەینە روو:

* رۆیتەرز تەنیا لەو کاتەدا سوود لە سەرچاوە نەناسراوەکان وەردەگرێت کە زانیارییەکانی ئەو سەرچاوانە لەپێناوی پاراستنی بەرژەوەندیی گشتییدا بن و ئەو زانیاریانەش لە شێوەی (On the Record) لەبەردەستدا بن. لەو حاڵەتەدا ئێمە بەرپرسین لە وردیی و راستیی زانیارییەکان.

* پێش قسەکردن لەگەڵ سەرچاوەکاندا، لەسەر ئەم خاڵانە لەگەڵیدا رێکبکەوە:

1 - رێگەدان بە بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان لەگەڵ هێنانی ناوی سەرچاوە (On the record).

2 -رێگەدان بە بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان بەبێ ناوهێنانی سەرچاوە (Off the record).

3 -زانیاریی بۆ بڵاونەکردنەوە یان باکگراوند (Background).

* کە زانیارییەکانت بەدەستهێنا، لەگەڵ چەند سەرچاوەیەکی



دیکەدا بەراوردیان بکە. (Cross-checking) بوونی دوو یان سێ سەرچاوە لە یەك سەرچاوە گرنگترە. راستیی و دروستیی زانیارییەکان و رابردووی سەرچاوەکەو بیروبۆچوون و ئاراستەی فکریی سەرچاوەکە، هەڵبسەنگێنە. سوود لە ئەزموونی رابردووی خۆت وەربگرەو بزانە هەستی خۆت سەبارەت بە مەسەلەکە چییە، گەر پێتوایە هەڵەیەك هەیە، دیسانەوە بەراورد و چێکێکی دیکەی بکەرەوە.

*لە مامەڵەو جیاوازیی و وتووێژو رووبەڕووبوونەوەو قەیرانەکاندا لەگەڵ هەموو لایەنەکانی کێشەکەدا قسەبکە.

*لە وەرگرتنی زانیارییەکان و هێنانی ناوی سەرچاوەکاندا، راست و دروست بە. سەبارەت بە سەرچاوەکان، چی ئەوانەی ناویان دێت یان ئەوانەی ناویان نایەت، تا پێتدەکرێت زانیارییان لەسەر بخەڕوو بۆ ئەوەی ئیعتیباری سەرچاوەکانت زیاتر بن. هەر شتێك نازانیت بە شەفافیی بینووسە.

* بە کەڵکوەرگرتن لە ستایلی (-of-Hierarchy Sources) بێ ئەوەی ناوی سەرچاوەکەت ئاشکرابکەیت، دەتوانیت ئەو پانتاییەی کە سەرچاوەکەی تێدایە،

ئاشكرابكەیت، بەوشێوەیە دەتوانیت ئەو تێبینییە لای خوێنەر دروستبكەیت كە سەرچاوەكەت تا چ رادەیەك باوەڕپێكراوە. بۆ نموونە" لە جیاتی ئەوەی بنووسیت "حەسەن حسێن مامۆستای زانكۆی سلێمانی وتی". دەتوانیت بنووسیت "مامۆستایەكی كۆلیژی زانست لە زانكۆی سلێمانی وتی".

* رۆیتەرز تەنیا لەو كاتەدا هەواڵێكی یەك سەرچاوەی بلاودەكاتەوە كە وا ئەو هەواڵە بەتەواوەتیی راست بێت و سەرچاوەكەش سەرچاوەیەكی باوەڕپێكراو بێت، سەرچاوەیەك كە راستەوخۆ لە ناو رووداوەكەدا بێت. ئەو هەواڵانەی یەك سەرچاوەیان هەیە، دەبێت بە چەند فلتەرێكی تایبەتدا تێپەڕین. بەڵام كاتێك لە سەر پێكدادانێك دەنووسیت، پێویستە چەند سەرچاوەیەكت هەبێت.

* پاراستنی ناسنامەی سەرچاوەكە لە ئەستۆی رۆیتەرزدایە، نەك پەیامنێر. دەبێت ناوی سەرچاوەكە بخەیتە بەردەست بەڕێوەبەرەكەت. هەم پەیامنێر و هەمیش بەڕێوەبەر دەبێت ناوی سەرچاوەكە بۆ دەزگاكانی دەرەوەی رۆیتەرز ئاشكرانەكەن.

*ئەو كاتەی زانیارییە سەرەتاییەكان كۆدەكەیتەوە، هەم بەدوای سەلماندن و هەمیش بەدوای وەڵامدانەوەدا بگەڕێ.

* وردبینیی هەمیشە لەپێشەوەیە، دواكەوتن باشترە لەوەی هەڵەبكەیت. پێش ئەوەی دوا وشە بنووسیت، ئەم پرسیارە لە خۆت بكە: ئەگەر كەسێك ویستی رەدت بداتەوە، وەڵامی تۆ چی دەبێت؟.

* رۆیتەرز پشتگیریی لەو كەسانە دەكات كە پەیڕەوی لە بنەماكانی نووسینی سەرچاوە دەكەن.

## وتەوەرگرتن و دیقەتكردن

وتە وەرگیراوەكان پیرۆزن، نابێت بە هیچ شێوەیەك بیانگۆڕیت، تەنیا لەو كاتەدا نەبێت وشە یان دەستەواژەیەكی دووبارە لادەدەیت و ئەوەش بەو مەرجەی ئەو لادانە نەبێتە هۆی تێكدانی مانای وتە وەرگیراوەكە. ئەگەر لە رووی رێزمانەوە دەستكاریی وتەیەكی وەرگیراو دەكەیت، دەبێت ئاگاتان لەوە بێت ناوەڕۆك ماناكەی گۆڕانی بەسەردا نەیەت.

گوڵبژێری وتە وەرگیراوەكان لەوانەیە مەبەستی لەپشتەوە بێت. دڵنیابە لەوەی ئەو وتە وەرگیراوانەی كە سوودیان لێدەبینیت، رەنگدانەوەی وتەكانی سەرچاوەكەیە. ئەو جوولانەی كە لە رووخسار و هەڵسوكەوتی سەرچاوەكە (وەك پێكەنین و دەستجوولاندن) دەردەكەون، گەر كاریگەریی هەیە بۆ سەر وتەكانی، با لە نووسینی هەواڵەكەدا رەنگبدەنەوە. ئەو كاتەی وتەی یەكێك وەردەگریت، هەوڵبدە ئەو شێوازەی كە قسەكانی پێدەردەبڕێت، شیبیكەیتەوە. كاری ئێمە ئەوە نییە قسە ناشیرینەكانی كەسێك لە وتەكانیدا لابەرین. لە هەمانكاتدا كاری ئێمە ئەوەش نییە ئەوان ببنە مایەی گاڵتەپێكردنی كەسانی دیكە. ئەگەر پێتناكرێت بەباشیی سوود لە وتە وەرگیراوەكانی سەرچاوەیەك ببینیت، باشتروایە داوای یارمەتیی لە كەسێكی بەئەزموونتر بكەیت.

## كاركردن لە شوێنە مەترسیدارەكاندا

ئەم بەشە تایبەتە بەو ئەزموونەی كە هەزاران پەیامنێری رۆیتەرز لە سەرتاپای جیهاندا لە ماوەی 150 ساڵی رابردوودا لە شوێنە مەترسیدارەكانی بەدەستیانهێناوە. ئەوەی لێرەدا دەخرێتەڕوو، زیاتر پێشنیازە تاكو یاسا و رێسای كاركردن. ئەو پێشنیازانەی لێرەدا دەخرێنەڕوو، زیاتر بۆ ئەوەیە بتوانیت لە كاتی روودانی هەر كێشەیەكدا لە شوێنی كاركردنەكەت، چۆن هەڵسوكەوت بكەیت. مامۆستایانی رۆیتەرز پێیانوایە نابێت خۆت بدەیتە دەست قەزاوقەدەرەوە، پێویستە پێشتر خۆت ئامادەكردبێت و بۆ دووركەوتنەوە لە مەترسیی، بەرنامەت هەبێت.

چەند خاڵێك:

1. پەیامنێریی كارێكی مەترسیدارە

ئەو دەمەی لە شوێنێكی مەترسیداردا كاردەكەیت، بۆ نموونە" كاتێك هەواڵ لەسەر خۆپیشاندانێكی پڕ لە توندوتیژیی



ئامادەدەکەیت، چاوەڕێی ئەوە مەکە هەڵسوکەوتیان لەگەڵتدا باشبێت. ئەوە بزانە بۆ چاوپێکەوتنی دۆستێك نچوویت. بەرپرسانی حکومەت لە زۆربەی وڵاتاندا پێیانوایە ترساندنی ڕۆژنامەنووسان کارێکی باشە، چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی کەمتر لە کاروباری ئەوانەی دەسەڵاتیان لەدەستدایە، خۆیان هەڵقورتێنن. لە زۆربەی وڵاتاندا کامێراو ریکۆردەری ڕۆژنامەنووسان دەستیان بەسەردا دەگیرێت. دادوەرەکان بڕیار دەردەکەن تاوەکو ڕۆژنامەنووسەکان سەرچاوەکانیان ئاشکرابکەن. لە ئەمریکا گەر سەرچاوەکەت ئاشکرانەکرد، لەوانەیە زیندانیی بکرێیت. تەنانەت لە وڵاتە دیموکراتەکانیشدا هەڕەشە لە ڕۆژنامەنووسان دەکرێت.

2. ڕۆژنامەنووسانیش مافی ژیانیان هەیە.

هەرچەندە کاری ڕۆژنامەنووس ئەوەیە هەواڵ ئامادەبکات، بەڵام مافی ئەوەشیان هەیە خۆیان لە مەترسیی دوربخەنەوەو بیر لە سەلامەتیی خۆیان بکەنەوە. مامۆستایەکی ڕۆیتەرز دەڵێت: "هیچ هەواڵێك ئەوە ناهێنێت خۆتی بۆ بەکوشت بدەیت". هەروها دەڵێت: "**هەمیشە سبەینێش هەواڵی باش دەستدەکەوێت**". ڕێگەمەدەن بۆ گرتنی وێنەیەکی جوان یان هەواڵێکی تازە، گیانتان بکەوێتە مەترسییەوە. ئەو کاتەی هەستدەکەیت مەترسییەکان زۆرن، هەوڵبدە بەسەر دڵەڕاوکێی خۆتدا زاڵبیت.

3. ڕووداوەکە بگێڕەرەوەو مەبڕە بەشێك لێی.

هەواڵێك یان وێنەیەك ئەو کاتە نرخی هەیە کە بتوانرێت بڵاوبکرێتەوە، ڕۆژنامەنووسی مردوو ناتوانێت هەواڵ بنێرێت.

4. فێری ئەو ڕێوشوێنانە بە کە دەبنە هۆی پاراستنی گیانت.

وەك چۆن فێری بنەماکانی نووسینی هەواڵ بوویت، بەدوای ئەو بنەمایانەشدا بگەڕێ کە دەبنە هۆی ئەوەی نەکەویتە مەترسییەوە.

### چەند پێشنیازێك:

پێشتر خۆت ئامادەبکە: بۆ نموونە" کاتێك دەزانیت وابڕیارە سبەی ڕێپێوانێك بکرێت و ئەگەری ئەوەش هەیە بەرەو توندوتیژیی رابکێشرێت، سەرێك بدە لە شوێنی بەڕێوەچوونی ڕێپێوانەکە. زانیاریی لە سەر ئەو شوێنە کۆبکەرەوە. شوێنی شتەکان دیاریبکە. شەقامەکان ئەملاو ئەولای کەوتوونەتە کوێوە. نەخشەیەکی باش ئامادەبکە. دڵنیابە لەوەی ئەو شوێنەی پێیدا دەڕۆیت، هاتوچۆکردنی تێدا قەدەغە نەکراوە. ئەگەر بۆ چوونە ئەو شوێنە پێویستت بە مۆڵەت هەیە، پێشتر خۆتی بۆ ئامادەبکە. بیر لەو مەترسییانە بکەرەوە لەوانەیە بێنە ڕێگەتو خۆتی بۆ ئامادەبکە. مەزەندەی رادەی مەترسییەکان بکە، بۆ دیاریکردنی رادەی مەترسییەکانیش، دەبێت لەپێشدا بزانیت ئەو مەترسییانە چین لە بۆسەدان بۆت. ئەو کاتەی بزانیت، مەترسییەکانی پێشت چییە، باشتر دەتوانیت خۆت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەو هەڵهاتن ئامادەبکەیت.

**پاش هەڵسەنگاندنی سەرەتایی ڕێوشوێنەکانی، بەرگیریی بگرەبەر:** بۆ نموونە" گەر بە ئۆتۆمبیلەکەی خۆت دەچیت بۆ ئەو شوێنە، ئۆتۆمبیلەکەت بە جۆرێك رابگرە ناچار نەبیت بسوڕێیتەوە تاکو بەئاسانیی لە شوێنی ڕووداوەکە دووربکەویتەوە. پێشتر هێڵی پەیوەندیی خۆت لەگەڵ ژووری هەواڵدا ڕێکبخە. دەبێت یەکێك هەبێت بزانێت تۆ لە کوێیتو کەی دەگەڕێیتەوە.

ژمارە تەلەفۆنی ئەو کەسانە لەگەڵ خۆتدا هەڵبگرە کە پێویستن. دەتوانیت لە جیاتی ناوی ڕاستەقینەی کەسەکان، ناوی تر بنووسیت بۆ ئەوەی نەناسرێنەوە. کەرەستەی فریاکەوتنی خێرا لەگەڵ خۆتدا هەڵگرە، بەوانە هەم یارمەتیی خۆت دەدەیتو هەمیش گیانی کەسانی دیکە رزگاردەکەیت.

**پێشنیازی ڕۆیتەرز:** گەر شارەزاییت لە فریاکەوتنی سەرەتاییدا هەیە، یارمەتیی ئەوانە بدە کە برینداردەبن. کامێراکەت دابنێو یارمەتیی بریندارەکان بدەو هیچ دڕێغیی مەکە لەو کارە. تا پێتدەکرێت لەسەر شوێنەکە زانیاریی بدە بە کەسانی دیکە. با ژمارە تەلەفۆنی پەیامنێرەکانی دیکە پێبێتو لەسەر مەترسییەکان قسەیان لەگەڵدا بکە. بەو کەسانەی کە چاوەڕێی گەڕانەوەی تۆن، بڵێ ئەگەر دیار نەبوون، چی بکەن. پێش هەر کەسێك بیر لە رزگارکردنی خۆت بکەرەوە.

پێشتر بڕیار لەسەر جلوبەرگو ناسنامەو جانتای پارەکەت بدە. باشتروایە ناسنامەی رۆژنامەنووسییەکەت لە گیرفاندا بێت، نەك کرابێت بە کراسەکەتەوە. ئەزموونەکان ئەوەیان دەرخستووە کاتێك پرسیارت لێدەکەن، لێرە چی دەکەیت، باشتروایە بڵێیت رۆژنامەنووسیتو ناسنامەکەتیان پێ پیشانبدە، لە حاڵەتێکی وادا باشترواییە بەرامبەرەکەت ئارامبکەیتەوە. بەنەرمیی قسەی لەگەڵدا بکەیتو دواتر ناسنامەکەتی پیشانبدەیت. هەندێکجار ناسنامەکە دۆخەکە خراپتردەکات، ئەویش پەیوەندیی بە ئەزموونی خۆتو ئەو شوێنەوە هەیە کە تێیدایت.

خۆئامادەکرن، پەیوەندیی بە وەرزشەوە هەیە، ئەوەی تەندروستیی باشە، باشترو خێراتر دەتوانێت لە شوێنە مەترسیدارەکاندا خۆی دووربخاتەوە. ئایا توانای ئەوەت هەیە هەموو شەوەکە بە پێ ڕێبکەیت. ئایا دەتوانیت رابکەیت. ئەگەر پێیەکانت دێن، باشتر وایە لەو ئوتێلەی کە تێیدایت یان لە ژوری هەواڵەوە بەدوای زانیارییەکاندا بگەڕێیت. لەم حاڵەتەدا گەر بەرنامەیەکی باشت دانابوو، لەوانەیە ئەو هەواڵەی کە دەینووسیت، باشتربێت.

**هیچ شتێك مەدەرە دەست قەزاوقەدەرەوەو پشت بە شانس مەبەستە:** بیر لەوە نەکەیتەوە تەنیا هاوکارەکەت بریندار دەبێت یان دەکوژرێتو تۆ هیچت بەسەر نایەت. هەرگیز نەڵێیت هیچ روونادات. کەسانێك هەن گەر پێش پێکدادانێك، نەختێك بیریان بکردبایەتەوە، ئێستا لەگەڵماندا دەبوون. ئەگەر دەرك بە مەترسییەکان نەکەیتو مەزەندەیان نەکەیت، دڵنیابە لەوەی قاچ لەسەر لوغم دادەنێیت. ئەو کاتەی مەیدانی لوغمەکان دەناسیتەوە، دواتریش دەتوانیت بەناویدا تێپەڕ بیت.

**سەرەڕۆ مەبە:** ئەگەر سەرەڕۆ بیت، گیانی خەڵکانی دیکەش دەخەیتە مەترسییەوە، مەرج نییە هەموو جارێك لە ناو قووڵایی ڕووداوەکەدا بیت. وەك چۆن مەرجیش نییە گەر لە ناو ڕووداوەکەدا بیت، هەواڵەکەت باش دەبێت.. دوو فیلمی دۆکیۆمێنتاریی ئەوە دەردەخەن چۆن ئەو پەیامنێرەی کە لە خۆپیشاندانێکی توندوتیژدایە ناو خەڵکەکەدا بووە لە کاتی بلاوەپێکردنی خەڵکەکە لەلایەن پۆلیسەوە بریندار‌دەبێت، کەچی ئەو پەیامنێرەی لە سەربانی بینایەکەوە بە سەلامەتیی دەتوانێت وێنەی جوانو پڕماناو کاریگەری خۆپیشاندانەکە بگرێتو گیانی خۆشی نەخاتە مەترسییەوە.

**ئاگاداری دەوروبەری خۆت بە:** کاتێک هەواڵی خۆپیشاندانێك ئامادە دەکەیت، دەبێت ئاگاداری بینینەکانت بیت و هەوڵبدەیت زانیاریی لەسەر ئەو رووداوانەی ئەگەری روودانیان هەیە کۆبکەیتەوە. ئەگەر هەستت کرد توندوتیژییەکان زیاتردەبن (بۆ نموونە" گازی فرمێسکرێژ بەکاردەهێنرێت و مۆلۆتۆف بەدەستەکان دێنە مەیدانەوە) دەبێت پێشتر خۆت ئامادەبکەیت. بۆ نموونە" مەسافەیەك لە مەیدانی رووداوەکە دووربکەوە بۆ ئەوەی گەر پۆلیس دەستیکرد بە گرتنی خۆپیشاندەران تۆش تێکەڵیان نەبیت.

### به شێوەی گروپ کاربکە:

خاڵێکی گرنگ کە وایکردووە سەربازەکان گیانی خۆیان زیاتر لە پەیامنێران بپارێزن، ئەوەیە کە ئەوان بە شێوەی گروپ کاردەکەن، لە کاتێکدا پەیامنێران بە شێوەی تاك کاردەکەن. کاتێك هەست بە مەترسیی دەکەیت، بە شێوەی گروپ کاربکە، تەنانەت ئەگەر ناچار بیت لەگەڵ پەیامنێرێکی نەیاری خۆتدا کاربکەیت. هانی پەیامنێرەکانی دیکە بدە بۆ ئەوەی پەیوەندیی بە ئێوەوە بکەن. هەوڵبدە بە چاوێکی پۆزەتیڤەوە تەماشای کاری گروپیی بکەیت.

لەبیرت نەچێت کاتێك دۆخەکە مەترسیدارە، کۆنترۆڵت لەدەستنەچێت. بۆ نموونە" هەوڵمەدە بەرامبەرەکەت توڕەبکەیت، هەمیشە لەپێشدا بیربکەرەوە.

### پاریزانه سەرەکییەکان بدۆزەرەوە:

لە خۆپیشاندان و شەڕەکاندا پاریزانە سەرەکییەکان بدۆزەرەوە و بیانخەرە ژێر چاودێرییەوە. ئاگاداری ئەو ئاماژانە بە کە دەیدەن بە کەسەکانی دەوروبەریان.

### سوود لە هەموو هەستەکانت وەربگرە

بینین، بیستن، بۆنکردن... بۆن بکە. ئەگەر لە دەوروبەرتدا بۆنی بەنزین دێت، واتە" ئەگەری کەوتنەوەی ئاگر لەئارادایە. ئەگەر بینیت لەو دەوروبەرە کەسێك بە رافیعە خەریکی بارکردنی




بەردە یان لە ئەملاو ئەولادا کەڵەکەبەردو خشت هەیەو لەوە دەچێت بەردو خشتەکان بەرببنەوە و بکێشن بەسەری ئەم و ئەودا.

لەوانەیە چەند لاپەڕەی رۆژنامەیەك کە لەژێر جلەکانتەوەیە، لە کاتی هێرشی پۆلیسەکاندا ببێتە هۆی رزگاربوونت.

### بزانه خەریکی چییت

رێگە مەدە کەسی دیکە لە جیاتی تۆ بڕیاربدات و رەوانەی ناو جەرگی مەترسییەکانت بکات. لەوانەیە سەرنووسەر داوا لە بەرپرسی بەشی نووسین بکات و بیەوێت تۆ کارێك ئەنجامبدەیت. تۆ خۆت لە شوێنەکەیت و مەترسییەکان لەبەرچاوبگرەو بڕیار بدە.

هەمیشە ئاگات لەوە بێت و بزانە زانیاریی چییت پێیە. لەوانەیە شتێکت پێبێت ببێتە هۆی ئەوەی وەك ئاژاوەچییەك تەماشات بکەن. بۆ نموونە" وێنەی وتارخوێندنەوەی سەرۆکی ئاژاوەچییەکان. یان وێنەیەکی خۆت لەگەڵ رابەرێکی ئاژاوەچییدا.

### چەند رێنماییەك بۆ ئەو رۆژنامەنووسانەی دەنێردرێن بۆ ئەنجامدانی کارێك:

*ئەگەر لە شوێنێکی نوێدا کاردەکەیت، بەدڵنیاییەوە دەبێت لێکۆڵینەوە لەسەر دابونەریت و کولتووری ئەو شوێنە بکەیت. تەنانەت لە زێدی خۆتیشدا دەبێت وابکەیت.

* ئەگەر لە شوێنێکدا کاردەکەیت کە لەوانەیە بە هۆی رەنگی



ئاژانسی رۆیتەرز

پێستت یان نەتەوەکەت یاخود زمانەکەتەوە، گیانت بکەوێتە مەترسییەوە، مەچۆ بۆ ئەو شوێنە.

* ئەگەر بڕیار وابوو بۆ ماوەیەکی درێژ لە وڵاتێکی دیکەدا بمێنیتەوە، هەوڵبدە سەرەتاکانی زمانی ئەو وڵاتە فێربیت. هەندێکجار لەوانەیە چەند رستەیەك لە مردن رزگارت بکات. بە لانیکەمەوە فێری ئەوە بیت بە زمانی ئەو وڵاتە بڵێیت: من رۆژنامەنووسم.

* کاتێك لە شوێنێکی نوێ کاردەکەیت، پەیوەندیی لەگەڵ رۆژنامەنووسانی ئەو شوێنەدا دروستبکە. ئەوان رێگەچارەو هێڵە سوورەکانت پیشاندەدەن. بەو شێوەیە دەتوانیت کۆنترۆڵی دۆخەکە بکەیت.

* ئەگەر لە شوێنی مەترسیداری وەك ناوچە جەنگاوییەکاندا کاردەکەیت، باشترایە تەماشایەکی رێککەوتنامە جیهانییەکانی وەك رێکەوتنامەی ژنێف بکەیت. ئەوە بەو مانایە نییە کاتێك باس لە مافەکانی خۆت دەکەیت، کەواتە رزگارت بووە. جاری وا هەیە خستەڕووی ئەو مافانە وا لە بەرامبەرەکەت دەکات، هەرچی بیەوێت پێتبکات و پێشتدەکات. هەرچەندە لەوانەیە دواتر قورس بەسەریدا بشکێتەوە.

* خۆت تەئمین بکە، هەم لە کاتی نەخۆشیدا بۆتان بەسوودەو هەم لە کاتی کوژرانیشتدا بۆ خزمەکانت لە رووی داراییەوە سوودی دەبێت. ئەگەر لە شوێنێکی نوێدا کاردەکەیت، ئاگات لەو نەخۆشییانە بێت کە لەوێدا هەن.

* ئەگەر دەچیتە شوێنێکی مەترسیدارەوە، هەوڵبدە چاکەتێکی گوللەنەبڕ بۆ خۆت پەیدابکەیت.

* با لە سەفەردا پێڵاوەکەت نوێ بن و پێت نەگرێت و سووك و سادەو دژ بە ئاو بێت.

*لە جیاتی ئەوەی جلەکانت قورس و ئەستوور بن، با ناسك و تەنك بن.

*کڵاوێکی باشت پێویستە.

* ئەگەر دەچیتە شوێنێك کە شەڕی تێدایە، ئاگاداربە قەمسەڵەکەت لە یونیفۆرمی لایەنێکی شەڕەکە نەچێت.

* -با جلەکانت زەق نەبن، بۆ نموونە" ئەگەر رەنگی جلەکانت نارنجییە، لەوانەیە قەرەوڵی یەکێك لە لایەنەکانی شەڕەکە لە سەر تۆ زومبکرێت.

*لە حاڵەتی شەڕدا باشترایە پارچە یان دەستەسڕێکی سپیت پێبێت. ئەو پارچە سپییە مانای تەسلیمبوونەو دەتوانێت گیانی تۆ لە مردن رزگاربکات.

* پارەکەت لە چەند شوێنێکی جیاجیا هەڵگرە. هەندێکجار لەوانەیە بیانەوێت بەزۆر پارەکەت لێبستێنن، با یەك دوو گیرفانت بەتاڵ بێت، لەوانەیە وازت لێبهێنن. خراپ نییە دوو جانتای پارەت پێبێت. لە یەکێکیاندا بڕێك پارەی کەم و ناسنامەیەکی کۆنی خۆت دابنێ.

* لە هەندێك شوێن ئاوی پاکت دەستناکەوێت. دەتوانیت

لەگەڵ خۆتدا ئاوی پاك یان حەبی ئاوپاکەرەوە هەڵبگریت.

*زانیارییە پزیشکییەکانی خۆتت پێبێت، باشترە. وەك" جۆری خوێن، دیابیتت هەیە یان نا، یان لە بەرامبەر هەندێك شتدا حەساسییەتت هەیە. هەموو ئەوانە بەکەڵکتان دێت.*

پاکوخاوێنی خۆت رابگرە، با سابوونت پێبێت.

*با هەندێك چکلێتت پێبێت. هەندێکجار چکلێتی باش دەتوانێت حاڵتان باشتربکات.

وەك قاڵێچییەك تانوپۆی هەواڵەکان پێکەوە گرێبدە:

گوێنەدان بە پێشینەو رووداوە پەیوەندیدارەکان بە هەواڵەکانەوە، دەبێتە هۆی ئەوەی هەواڵەکان بە شێوەیەکی شێواو رەنگبدەنەوە. زۆرجار لە جیاتی ئەوەی هەواڵەکان بە شێوەیەکی شەفاف و مانادار بگەنە لای خوێنەران، پچڕپچڕ و بێمانا دەگەن. پێشینە هاوکاریی پەیامورگر دەکات تاکو بەدوای ماجرای رووداوەکەدا بچێت. پێشینەکان بەسەر هەواڵەکەدا دابەشبکە، هەندێکی لێرەو هەندێکی دیکەی لەوێ. دەکرێت لە لیدەکەشدا پێشینەکە باسبکرێت. چوار پێنج وشە بۆ وەڵامی "بۆ" و "چی"ی هەواڵەکە.

ئەگەر شەش رستە پێشینەت هەیە، باشتروایە لە شەش شوێنی جیاوازدا دایانبنێیت. شوێنی باش بۆ پێشینە پێش و پاشی وتە وەرگیراوەکانە.

هاوسەنگیی و خۆدوورخستنەوە لە رق و کینە

هاوسەنگیی، یەکێکە لەو بنەمایانەی کە ئاژانسەکانی هەواڵ لە پاش "وردبینیی" گرنگیی پێدەدەن و دەبێت رەچاوبکرێت. سەبارەت بەو هەواڵانەی کە کێشەو گۆبەندیان لەدوایە، یان زانیاریی نوێ و گرنگیان تێدایە، دەبێت بەلای کەمەوە دوو سەرچاوەت هەبێت. چونکە نەپاراستنی هاوسەنگیی دەبێتە هۆی ئەوەی گومانی ئەوەمان بکەوێتە سەر بە رقەوە هەواڵەکەمان بلاوکردووەتەوە یان لایەنگری لە لایەنێکی ماجراکە دەکەین.

ئەگەر لە هەواڵێکدا کەسێك یان دەزگایەك تاوانبار دەکەیت، دەبێت بۆچوونەکانی ئەو کەسەش بهێنیت تەنانەت لە لیدەکەشدا.

ئەگەر لە خۆپیشاندانێکدا خۆپیشاندەران پۆلیسیان تاوانبارکرد کە لێیانداون، دەبێت لەگەڵ پۆلیسیشدا قسەبکرێت: "خۆپیشاندەران دەڵێن لێیانداوە، بەڵام پۆلیس قسەکانیان رەتدەکاتەوە".

## رێنمایەکی گرنگ:

بۆ پاراستنی هاوسەنگیی، پێویست ناکات هەردوو لایەنەکە بە یەك ئەندازە سەیربکەیت. هاوسەنگیی واتە بۆچوونی هەردوو لایەنەکە لە هەواڵەکەدا بخرێتەڕوو. بەڵام گەر یەکێکیان بەپێی رای تۆ نالۆژیکییانە قسەیکرد، ئاماژەیەکی بچووك بە قسەکانی بەسە.

## دوو خاڵی دیکە:

-1 ئەگەر لەو سەرچاوانەی کە ویستوویانە ناویان ئاشکرانەبێت و سەر بە لایەنێکی کێشەکەن، وتەیەك وەربگریت سەبارەت بەوەی لەو لایەنەکەی دیکە چی باسە، دەبێت ئەو وتانە "زانیاریی" بخەنەڕوو نەك "بیرورا". هۆی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی "ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت قسەو جوێن بە کەسێك یان دەزگایەك یان وڵاتێك بدەن، پێویستە بە شێوەی تۆمارکراو بن". ئەوانەی خاوەنی قسەی خۆیان نین، وتەکانیان مەهێنەوە.

-2تا ئەو شوێنەی کە پەیوەستە بە راگرتنی هاوسەنگییەوە، هاوسەنگیی رەش و سپی نییە. لەو هەواڵانەی کە سەبارەت بە شەڕو ململانێی دوولایەنەیە، زۆرجار لایەنی سێیەمیش هەیە. ئەوەتان لەبیرنەچێت جگە لە رەش و سپی، خۆڵەمێشییش هەیە.

## رەنگ (color)

رەنگ، ئەو هەستە لای خوێنەر دروستدەکات کە لە شوێنی رووداوەکەدایە. بەدوای ئەو وردەکارییانەدا بگەڕێ کە بە خوێنەر دەڵێت ئەوێ چۆن بوو. ئەو وردەکارییانەی وا لە خوێنەر دەکات

بچەسپێت بە هەواڵەکەتەوەو دەستبەرداری نەبێت. ئەگەر فڕۆکەیەك کەوتووەتە خوارەوە، باس لەو شتانە بکە کە لە ئەملاو ئەولادا بلاوەیانکردووە، دەبێت بەوردیی باسبکرێن، کورسییەکی نیوەسووتاو، چەمەدانی شکاو، بوکەشووشە... باسکردنی بوکەشووشە نیشانەی ئەوەیە لە فڕۆکەکەدا منداڵیش هەبووەو کارەساتەکە کارساتێکی مرۆیییە.

دیڤید فینکل لە ڕۆژنامەی (واشنتۆن پۆست) دەڵێت: "لە جیاتی ئەوەی بنووسیت ئەوەی نەخۆشی شیزۆفرینلی هەبوو گوێی لە دەنگی سەیروسەمەرە دەبوو، باسی ئەو دەنگەی بۆ بکە، بۆ نموونە "بنوسە ئەو گوێی لەوە بوو: بڕۆ هاوسەرەکەت بکوژە".

وەك مێروولە چۆن دەنکەگەنم کۆدەکاتەوە، تۆش زانیارییەکان کۆبکەرەوە. زۆرجار ئەگەر هەمان سات تێبینییەکانت نەنووسیتەوە، لەبیرتدەچێت. لەگەڵ هەر کەسێکدا قسەدەکەیت، تەماشای لەشولار و جلوبەرگەکەی بکەو لای خۆتەوە یاداشتی بکە. ئەگەر لە ئۆفیسەکەیدا چاوپێکەوتنی لەگەڵدا دەکەیت، باسێکی ئۆفیسەکەش لە هەواڵەکەدا بکە. بۆ نموونە" دو پەیکەری ئەفریقایی و هەموو بڕوانامەکانی بە دیوارەکەدا هەڵواسیوە.

دەبێت ئەو وردەکارییانەی لە هەواڵەکەدا باسیان لێوەدەکەیت، لەگەڵ ناوەڕۆکی بابەتەکەدا بگونجێن، ئەگەر بنووسیت "شایەتحاڵێك کە پاڵتۆیەکی سەوزی لەبەردا بوو، وتی: سێ تەرمی لە فڕۆکەکە هێناوەتە دەرەوە". باسکردنی ڕەنگی پاڵتۆکە یارمەتی باشتر وەسفکردنی ماجەراکە نادات، بەڵام گەر بنوسیت "شایەتحاڵێك کە چەند پەڵەخوێنێك بە دەستییەوە بوو، ڕومەتیشی تۆزاویی بوو، وتی: سێ تەرمی لە فڕۆکەکە هێناوەتە دەرەوە". یارمەتیی خستنەڕووی دراماتیکییانەی ڕووداوەکە دەدات.

ڕەنگ (color)، دەبێتە هۆی ئەوەی هەواڵەکەتان گرنگییەکەی زیاتر بێت. خوێنەر تێدەگات تۆ لە پشتی مێزەکتەوە هەواڵەکەت نەنووسیوەو خۆت لە شوێنەکە بوویت. ڕەنگ دەبێتە هۆی ئەوەی خوێنەران تا چەندین ساڵی دیکە ڕاپۆرتەکەی تۆیان لەیادنەچێت، بەڵام ئاگاداربە ڕەنگی زۆر هەواڵەکە دەخنکێنێت.

**وێنەیانە بیربکەنەوە:**

ئەو پەیامنێرانەی ڕاپۆرتەکانیان لە شوێنی ڕووداوەکەوە دەنووسن، دەبێت وێنەیانە بیربکەنەوەو هەواڵێك بنووسنەوە ئەوە دەربخات ئەوان لە شوێنی ڕووداوەکەدا بوون.

ڕۆیتەرز دەڵێت: ئەگەر لە ژووری هەواڵدا دانیشتوویتو هەواڵ ئامادەدەکەیت، خراپ نییە سوود لە هەندێك وەسفی هەواڵی تەلەفزیۆنی وەربگریت، بەو مەرجەی ئەو قسانەی لە تەلەفزیۆنەکەوە دەیبیستیت تێکەڵ بە بینینەکانت نەکەیت.

وتە وەرگیراوە زیندوو و ڕەنگدارەکانو ئەو پێشینەیەی کە گیان دەکەن بە بەر هەواڵێکی وشكو مردوودا، دەبێت لە ئەملاو ئەولای هەواڵەکەدا بکەنە بەرچاو، نابێت پەرتەوازە بکرێن. لە کوێ پێویستی کرد، هەندێك پێشینەی هەواڵەکە بنووسەوە. دواتر هەندێك زانیاریی، دواتریش ڕەنگو پاشان هەندێکی پێشینەی دیکەو پاشانیش هەندێك وتەی وەرگیراو ...هتد.

هەواڵی ڕەنگدار پێویستی بەوە نییە سیفەتی سەیروسەمەرەی بدرێتە پاڵ. زیاتر پێویستی بە وێنەی نوێو زیندوو هەیە.

- لە جیاتی ئەوەی بنووسیت ماڵێکی زەبەلاح، بنووسە ماڵێك کە 15 ژووری تێدایە.
- لە جیاتی ئەوەی بنووسیت کلیکسیۆنی پەپوولەی سەرسوڕهێنەر، بنووسە کلیکسۆنێك کە زیاتر لە 300 جۆر پەپوولەی ئەفریقایی نایابی تێدایە.

سەرچاوە:

2006 JadidNews.com

# دیمانەی ڕۆژنامەنووسی لەڕۆژنامەو ڕادیۆ



نەجات ڕوستی

کریستین گیلگار)ی پەیامنێری ڕۆژنامەنووس دەڵێت کارامەیی لە ئەنجامدانی دیمانەی ڕۆژنامەیی وئیزگەکاندا بنچینەی هەموو ڕاپۆرت وبابەتە ڕۆژنامەوانییە باشەکانە ودیمانەی ڕۆژنامەیی بەوە پێناسە دەکات کەبریتی یە لە زانیاریەك و ڕاوبۆچونێك یان پسپۆڕییەك کەلەسەرچاوەیەکەوە کورت دەکرێتەوە لەکاتی گفتوگۆ لەگەڵ پەیامنێری ڕۆژنامەنووسدا ، دیمانەی ڕۆژنامەیی یان ڕادیۆیی جیادەکاتەوەو وا دەکات هەندێك لە ئاخاوتنی ئاسیی جیاوازتر بێت ئەوەیە پەیامنێری ڕۆژنامەنووس خۆی ڕوکاری پرسیار وئەگەرەکان دیاری دەکات کە لەکاتی گفتوگۆکەدا دەوروژێنرێن.

دیمانەی ڕۆژنامەیی هەموو کاتێك ئاسان نابێت ، پێدەچێت خەڵك سوور بێت لەسەر گفتوگۆکردن لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان بەتایبەت گەرهاتوو بابەتەکە شایەنی باسکردن بێت ، لەکاتی مامەڵەکردنیشدا لەگەڵ لێپرسراوان دەبێت ڕۆژنامەنووس بەئەگەرێك دەست پێبکات کە جەماوەر مافی خۆیەتی ئەوە بزانێت کەلێپرسراوان دەیکەن ، ئەو پەیامنێرە ڕۆژنامەنووسانەی شارەزاییان هەیە بۆیان دەرکەوتووە دەتوانن زۆربەی ئەو لێپرسراوانەی نەیانویستووە دیمانەی ڕۆژنامەیی ئەنجام بدەن ڕازی بکەن دیمانەیان لەگەڵ ئەنجام بدرێت کاتێك ڕۆژنامەنووسان بۆچونێکی وایان لادروست بوبێت کە ئەو لێپرسراوانە بیانو دەهێننەوە یان ڕێگر دەبن لەوەی دیداری ڕۆژنامەنووسیان لەگەڵ بکرێ ، بە بیانوی :

- **کاتیان نییە:** پەیامنێری ڕۆژنامەنووس دەتوانێت پێشنیازی گونجاوترین کات وباشترین شوێن بۆ ئەو کەسە بکات کە دەیەوێت دیمانە و قسەی لەگەڵدا بکات ، هەروەها باشتر وایە کاتێکی زۆر کەم پێشنیاز بکات.

- **لەوە دەترسن کە لەوانەیە بابەتەکە وایان لێبکات بەشێوەیەکی ناخۆشەویستانە دەربکەون:** لەبەر ئەوە دەبێت پەیامنێر ڕێز بۆ خەڵك دابنێت و بەوردی پێیان بڵێت لەسەرچاوەکە یان ئەو کەسەی دیمانەی لەگەڵدا دەکات.

- **نازانن چی بڵێن:** دەبێت پەیامنێر ڕون و ڕاشکاوانە بێت دەربارەی ئەو هۆکارانەی پاڵی پێوەناوە بۆ دەستکەوتنی ڕاوبۆچوونی کەسێکی دیاریکراو.

- **بەیەکگەیشتنیان ئەرکێکی گرانە:** پەیامنێران زۆرجار پێویستە لەسەریان لەڕێگەی سکرتێر یان فەرمانبەری پەیوەندییەکانەوە پەیوەندی بەو کەسەوە بکەن کەدەیانەوێت دیمانەی لەگەڵدا بکەن ، ئەگەر پەیامنێران گومانیان لادروست بوو کەداواکەیان بەکەسی مەبەست نەگەیشتووە ئەوا هەندێکیان نامەی ڕاستەوخۆی بۆ دەنێرن، وەیان لەکاتی نانخواردنی نیوەڕۆدا یان لەسەعاتەکانی دوای کاری فەرمی تەلەفۆنی بۆ دەکەن بەو مەبەستەی پێی بگەن.

پاش ئەوەی ڕیککەوتن لەسەر دیمانەکە ، توێژینەوە لەسەر کەسێتی کەسەکە وئەو بابەتەی دەبێتە تەوەری باسەکان زامن بوو ، دەبێت پەیامنێرەکە زیاتر خۆئامادەکاری بکات ، زۆرێك

لـه ڕۆژنامەنووسـان لیسـتێك لـەو پرسـیارانەی کەدەیانـەوێت ئاراسـتەی بکـەن یـان چـەند سـەرەقەڵەمێك لەسـەر تـەوەرەکان ئامـادە دەکـەن ولەگـەڵ خۆیانـدا دەیبـەن، بـەڵام لـەکاتی چـاوپێکەوتندا نایخوێننـەوە بـەڵکو لـەکاتی نزیـك بوونـەوەی کۆتایی دیمانە کە سەیرێکی دەکەن بـۆ ئـەوەی دڵنیـابن کـەهیچ بابـەتێك یـان خاڵێکیـان لـەبیر نەچووە باسـی لێـوە نـەکرابێت، وەهـەروەها دەبێـت لیسـتەکە ئـەوزانیاری یـان بەڵگەنامـە یـان وێنانـەی تێـدا بێـت کەدەیانـەوێت لەسەرچـاوەکە دەسـتیان بکەوێت.

پرسیار بڕبڕەی پشتی هەموو دیمانەیەکە وئەو سوکانەشە کـە پاپۆڕەکە بەئاراستە ڕاستەکەدا دەبات، پرسـیاری بـاش پاداشـتی پەیامنێر بەچەند وەڵامێکـی چـاوەڕوانەکراو وزانیـاریی بـەنرخ و شـتی کتـوپڕ دەداتـەوە،بـەڵام پرسـیاری لاواز وا لەپـەیامنێر دەکات ڕوبەڕوی پرسیار بێتەوە کە ئایا پەیامنێرەکە بانگێشتی چیدەکات لەو قسانەیدا لەگەڵ ئەو کەسە؟

بەڵام پرسیاری دیـاریکراو بەڕادەیـەکی زۆر پـەیامنێر بـەلای ڕویـەکی سـەخت وبـەردەڵان وهەڵـەدا ڕادەکێشـێت. هـەروەها پرسیاری یەکەم لەهەر دیمانەیەێکدا گرنگە لەبەر ئـەوەی شـێواز وسروشتی ئەو پرسیارانەی تر دیاری دەکات کە بەدوایدا دێـن، زۆرێك لە ڕۆژنامەنوسان حەزدەکەن بەپرسـیارێك دەسـتپێبکەن بۆ لابردن ونەهێشتنی سـاردی وبەسـتەڵەکیی نێـوان خـۆی وئـەو کەسەی دیمانەیکەی لەگەڵدا ساز دەکات بۆئـەوەی زیـاتر دڵنیـا وهێور بێـت، بەشـێوەیەکی بـاویش ئـەو پرسـیارە لەسـەر شـتێك دەبێـت خۆشـحاڵبن بەوەڵامدانـەوەی، پێدەچێـت ئـەو شـتەش لەراستیدا هیچ پەیوەندیەکی بەهۆکاری دیمانەکـەوە نـەبێت بـەڵام زۆرکات هاوکارێـك دەبێت لەهەستپێکردنی کەسـێتیەکە یـان سەرچاوەکە بەڕاسـتگۆیی ڕۆژنامەنووسـەکە، هـەروەك دەکرێـت ببێتـە هـۆی دەسـتپێکی هەسـت بـەباوەڕپێکردن وکراوەیـی لەنێوان هەردوولادا.

لەزۆربـەی کاتیشـدا باشـترین پرسـیار ئـەو پرسـیارانەن



کەکۆتاییەکانیان کراوەن وناتوانرێت تەنها بەبەڵێ یـان بەنـەخێر وەڵام بدرێنەوە،هەروەها ئەو پرسیارانە نابێت پەندوحیکمـەتێکی دیـاریکراو لـەخۆبگرێت و دەبێـت وابەسـتە نـەبێت بـە بنچـینەی ڕاوبۆچـونی ڕۆژنامەنووسـەکە، ئـەوە ئـەو جیاوازییەیـە لـە نێـوان ئـەم دوو پرسـیارەدا (ڕاتـان چییە لەمـەدا.....؟) و(پێشـبینیی چیت دەکرد...؟).

ئەگەر گرنگ بوو ڕۆژنامەنووسـەکە پرسـیاری بـاش بکـات ئەوا گرنگیش دەبێت کـە هـێمن بێت وبـواری قسـەکردن بـدات بـەو کەسـەی دیمانەکـەی لەگەڵـدا دەکـات، باشـترین ئەوانـەی دیمانەی ڕۆژنامەییەکان ساز دەکەن ئەوانەن توانای گوێگرتنیـان هەیـەوزۆر کـاتیش لـە یێدەنگیانـدا گـرنگترین زانیارییـان دەسـتدەکەوێت وئـەوەی گـوێی بـۆ دەگـرن پێدەچێت هەنـدێك پرسـیاری دیکـەیان لابوروژێنێـت کەپێشـتر بەخەیاڵیانـدا نەهاتووە.

(ڕۆبێرت سیگاڵ) لە دەستەی ڕادیۆ گشتییەکان لـە واشـنتن کار دەکات سەرگوزشـتەی دیمانەیـەکی دەگێڕێتـەوە کـە لەگـەڵ دیبلۆماتێکی تورکی سـازی دابـوو دوای ئـەوەی هاوولاتییـەکی تورکی تەقە لە پاپا یوحەنای بولسی دووەم دەکـات لـە ڕۆمـا، پرسیاری یەکەم دەڵێـت(هـیچ زانیارییـەکت لەسـەر ئـەو پیـاوە( محەمەد عەلی ئەغشـا) هەیـە..؟ لـەئیتاڵیا لـەکوێ دائەنیشـیت؟



چیی دەکرت لەوێ؟ جۆری فیزەکەی چییە کەلە ئیتالیا پێی دراوە؟ وەلاّمی لەسەر هەموو ئەو پرسیارانە بەیەك ووشە بوو ئەویش (نەخێر)بوو ، پاش چەند هەولێك سیگال بێدەنگ بوو خەریك بوو بێ ئومێد بێت ئەگەر دیبلۆماتە تورکییەکە ئەو بێدەنگییەی نەپچڕاندایە بەوەی کە وتی ( ....بێجگە لەوەی بەناوبانگترین پیاو کوژە کەلە تورکیا ئیدانەی کراوە ، هەروەها پاش تیرۆرکردنی سەرنووسەری یەکێك لەرۆژنامە گەورەکانمان لە زیندان هەلّهاتووە ) ، سیگال دەلّێت خەریك بوو بابەتێکی گرنگم لە کیس بچێت بەهۆی ئاراستەکردنی پرسیاری زۆر ورد ودەقیقەوە ، ئنجا بۆی دەرکەوت باشتر وابوو دیمانە بەپرسیارێك دەستپێبکردایە کە بلّێت (باسی ئەو پیاوەم بۆ بکە) .

ڕۆژنامەنووسان دەتوانن دیمانەکانیان بەشێوەیەکی ڕوبەڕو یان لەڕێگەی تەلەفۆنەوە یان لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە بە ئیمێلّ یان بەنامەی دەنگیی دەستبجێ(خێرا )وە ئەنجام بدەن ، هەریەك لەو شێوازانەش تایبەتمەندێتی وکەموکوڕیی خۆی هەیە ، ئەو چاوپێکەوتنانەی ڕوبەڕو ئەنجام دەدرێن تیایدا پەیامنێر هەستێکی تەواو بەو کەسە دەدات کە دیمانەی لەگەلّدا ساز دەکات ئەویش لە ڕێگەی ئەو وێنە وتابلۆیانەی بەدیوارەکاندا هەلّواسراون یان ڕێکوپێکیی نوسینگەکەی یان بەپێچەوانەوە پشتگوێخستنی نوسینگەی ، یان جۆری ئەو کتێبانەی لە نوسینگەکەیدا هەن ، هەروەها دیمانەی ڕوبەڕو توانای کۆنترۆل کردن بە پەیامنێر دەبەخشێ لەسەر ڕاستگۆیی کەسەکە بەپێی هەلّسوکەوتەکانی کە ئایا تورەیە یان هێمنە؟ یان ئایا ئەو ئامادەیە ڕاستەخۆ سەیری چاوەکانی پەیامنێر بکات؟

(کریستۆڤەرشیب سکانلان) کە بەڕێوەبەری وەرشەی کارە لە (خوێندنەوەی ڕۆژنامەیی) لە پەیمانگای(بۆینتار) کە یەکێکە لە پەیمانگاکانی خوێندنی ڕۆژنامەنووسی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ، سەرگوزشتەی دیمانەیەك

دەگێڕێتەوە کەلەگەڵ ژنێکدا سازیدابوو مێردەکەی بەهۆی نەخۆشیی شێرپەنجەوە مردبوو، ژنەکە گەشتێك بە پەیامنێرەکە بەماڵەکەیدا دەکات وکە سەیری ژووری نوستنەکایان دەکەن ژنەکە دەڵێت(من هەموو شەوێك تۆزێك بۆن(عەتر) بەسەر ئەو پێخەفەدا دەکەم کە مێردەکەم بەکاری دەهێنا، بۆ ئەوەی واهەست بکەم کە هێشتا زیندووە)، ئەمە وا لەخوێنەر دەکات کە هەست بەبۆن وبەرامی ئەو عەترە بکات بگرە لەوانەیە هەڵیشی مژێت، ئەمەش ئەوەیە کە سکانلان پێی نەدەزانی گەر بهاتایەو دیمانەکەی لەڕێگەی تەلەفۆن یان ئینتەرنێتەوە بوایە.

سەبارەت بەو چاوپێکەوتنانەی لەڕێگەی تەلەفۆنەوە ئەنجام دەدرێن کاتێکی کەم دەخایێنن، هەندێك لە پەیامنێران پێیان وایە ئەم ڕێگەیە ئاسانترە بۆ دەستکەوتنی هەندێك خاڵی دیاریکراو کاتێك بەلایانەوە گرنگ نابێت روبەڕو چاویان بەو کەسایەتیانە بکەوێت کە دیمانەی لەگەڵدا ساز دەکەن، هەروەك دەتوانن تێبینییەکانیان لەکاتی دیمانەی تەلەفۆنییەکەدا لەسەر کۆمپیوتەر تۆمار بکەن، دیمانەکان لە ڕێگەی ئیمێڵەوە بەسوودە لە بەیەکگەیشتن بەوکەسانەی لە شوێنی دووردان، بەڵام پەیامنێرەکە ناتوانێت لە ساتی ڕوداوەکەدا ئەوە وەربگرێت کە دەوترێ وبەدواداچوونی بۆ دەکات.

دیمانەکانی لە ڕێگەی نامەی ئەلکترۆنیی دەستبەجێ واتە (نامەی دەنگی خێرا) لە دیمانەی تەلەفۆنی دەچێت, بەڵام هەردوو شێوازەکە کە لەڕێگەی ئینتەرنێتەوەیە ئەگەری ئەوە دروست دەکەن کەئایا ئەو کەسەی دیمانەکەی لەگەڵدا ساز دەکرێت(واتە ئەو کەسەی لەسەر ئینتەرنێت لەگەڵتدایە) بەدروستی کەسی داواکراوە یان نا..؟

لەبەر ئەو پشێوی و بێ دڵنیاییە ڕۆژنامەی(فێرجینیان بایلۆت) کە لەشاری(نۆرفۆك)ی ویلایەتی فێرجینیا دەردەچێت، یاساو بنەمایەکی داناوە بۆ ئەو ژور(بەش)ە هەواڵییانەی خۆی کە پەیوەندییان بە دیمانەی ئینتەرنێتییەوە هەیە، ئەم بنەمایەش بەم جۆرەیە(لە حاڵەتی گواستنەوەی لێدوانەکان لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە دەبێت دلنیا بکرێت کە پەیوەندیەکە ڕاستە، چونکە دەتوانرێت بە ئاسانی ناونیشانی ئەلکترۆنی یان ئەنجامدانی پەیوەندیەکە تەزویر بکرێت ئەویش بەوەی کەسێك خۆی لەبەرگی کەسێکی تردا بنوێنێت یان بابڵێین(کەسێك دەوری کەسێکی تر دەبینێت)، ناتوانرێت ئینتەرنێت کۆنترۆڵ بکرێت وەك ئەوەی لە ئاژانسەکانی هەواڵی وەك (ڕۆیتەرزو ئەسیۆشێیتدپرێس)دا هەیە ودەکرێ فێڵ لەهەر جێگایەکەوە بێ بێت.

ئەو پەیامنێرانەی ئیمێڵ یان هەر شێوازێکی تری پەیوەندیی ئەلکترۆنی بەکاردەهێنن لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت، دەبێت پەیڕەوی چۆنێتی پێوەرەکان بکەن لە پیشەکەیاندا هەروەك ئەوەی کە دەیکەن لە کاتی بەکارهێنانی هەر شێوازێکی تری پەیوەندیدا، پێویستە لەسەریان خۆیان وەك ڕۆژنامەنووس بناسێنن وئەو زانیارییانە بڵاوبکەنەوە کە دەیانەوێت دەستیان بکەوێت وهۆکارەکەش لەوەدا، هەروەها پێویستە لەسەریان ئەو شێوازەی گەڕان بەدوای ڕاستییەکان و بەکارهێنانی کارامەیی بیرکردنەوەیەش جێبەجێبکەن کەبەسەر هەر سەرچاوەیەکی تر لە سەرچاوەکانی زانیاریدا جێبەجێی دەکەن.

وێڕای لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕێگەیەی دیمانەی کانی پێ ئەنجام دەدەن، پەیامنێران بە شێوەیەکی باو هەندێك پرسیاریان هەیە دەیهێڵنەوە تا کۆتایی دیمانەکە، پەیامنێران یەکەم جار: گفتوگۆکان بۆ میوانەکە کورت دەکەنەوە بۆ تەئکید بوون لەوەی ئەوان بەوردی لەوە تێگەیشتوون کە پێیان وتراوە، دواتر دەپرسن کە ئایا میوانەکە حەز دەکات هیچ ڕونکردنەوەی زیاتر بدات ئەگەر هەیبێت؟ بەتایبەت پاش دەوامی ڕەسمی سوپاسی کەسەکە دەکەن کە ماوەی پێداون بۆ چاوپێکەوتن، زۆربەی پەیامنێران دوا پرسیاریان هەیە و لە کۆتایی هەموو دیمانەیکاندا دەیکەن ئەویش ئەوەیە (پێویستە لەگەڵ کێی تریش قسە بکەم لەسەر ئەم بابەتە....؟

# پێکهاتەی ماس میدیا

کارزان محەمەد

بەرفرەبوونی زانستی پەیوەندییەکان‌و پێداویستی مرۆڤ بۆ بەدەستهێنانی هەواڵەکان‌و ئاگادارییە رۆژانەییەکانی جیهان لەکەمترین کاتداو نرخاندنی هەواڵ لە گوزەری چرکەکاندا بۆتەمایەی ئەوەی تا لەگەڵ گەشەی پێکهاتەی ماس کۆمیونیکەیشندا [1]، تایبەتمەندێتی جۆراوجۆریش بەلەبەرچاوگرتنی ئەم پێداویستیانە بێتەئارا [1].

پێکهاتەو رێکخراوی ماس میدیا لە هەر ولاتێکدا بەلەبەرچاوگرتنی پێداویستییە کلتوری‌و کۆمەلایەتییەکانی هاتۆتەئاراو هەرچەندە جیاوازیگەلێك لە ستراکتوری رێکخراوی هەواڵی ئەمریکا، ئەوروپا، ئاسیاو ئەفریقادا هەیە، لەگەڵ ئەمەشدا لێکچوونەکانیشیان کەم نین. سروشتییە رێکخراوی هەواڵی هەرچەندە بەرفراوانترو شکۆمەندتر بن بێگومان پێویستی بە ژمارەیەکی زیاتری هەواڵنێران‌و رۆژنامەنوسانەو لەبەرئەم هۆیە سود لە بەش یاخود خزمەتگوزاریی پتر وەردەگرێت.

لەم باسەدا، نمونەی رێکخراوێکی نوسینی دامەزراوەیەکی هەواڵی دەخرێتەبەر ناساندن‌و باس‌وخواسەوە، سروشتیە کە جیاوازییەکی کەم لەنێوان دەستەی نوسینی رێکخراوێکی هەواڵی نوسراودا بە رۆژنامەکان‌و گۆڤارەکانەوە لەگەڵ رێکخراوی هەواڵی بیستراو یا وتراودا هەبێت، بۆ نمونە خزمەتگوزاریی هونەری لە چاپەمەنیدا ئەرکێك‌و لە رادیۆ یا تەلەفزیۆندا ئەرکێکیتری هەیە.

*پێکهاتەی ستافی نوسین

هەر ستافی نوسینێك [1] لە رۆژنامەکان، گۆڤارەکان، ئاژانسەکانی هەواڵ [1] و رادیۆو تەلەفزیۆنەکان لەم رەگەزانەی خوارەوە پێکهاتوون کە بەلەبەرچاوگرتنی جۆری میدیای هەواڵ‌و هەروەها وەرگرەکانی دەتوانرێ گۆڕانی بەسەردا بێت.

1 -سەرنوسەر:

ئەرکی سەرنوسەر [1] کە لە لوتکەی رێکخراوی هەواڵ یا نوسیندایە، هەماهەنگکردنی فاکتەرەکانی جێبەجێکردن‌و چالاکییەکانیان لەگەڵ ستراتیژی میدیا، دروستکردنی پەیوەندی‌و هەماهەنگی نێوان گروپەکان، لقەکان یا خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەکان‌و پیادەکردنی بەرێوەبردن لە گشت بەشەکانی هەواڵ، چاودێریی بەسەر کاروباری هەواڵ‌و دەستنیشانکردنی بەرنامە کورتمەوداو درێژمەوداکان بۆ باش جێبەجێکردنی کارە. لەبەرئەم هۆیە، سەرنوسەر رۆژنامەوانێکی بەئاگاو بە ئەزموونە کە ئاگادارو دەرهێنەری تەواوی کاروبارە رۆژنامەوانییەکانەو بە بەسودوەرگرتن لە زانستی بەرێوەبردن لە ماس میدیادا، باشترین‌و زۆرترین سود لە فاکتەرەکانی هەوالّی خۆی وەردەگرێت.

2 -جێگری سەرنوسەر:

جێگری سەرنوسەر [1] لەپلەی جێنشین‌و جێگرەوەی سەرنوسەردا

هەڵدەسوڕێت و لە ڕاستیدا بە هاوڕێو هاوهەنگاوی سەرنوسەر، چاودێریی بەسەر باشی پراکتیزەکردنی کاردا دەکات. لەمانایەکیتر ئەرکی جێگری سەرنوسەر بە ئامادەگی یاخود تەنانەت بە نائامادەگی سەرنوسەر، جێبەجێکردنی کاروباری نوسینو چاودێریی‌و بەڕێوەبردنە بەسەر قۆناغە هونەرییەکاندا.

3-بەرپرسی بەشەکان:

ڕێکخراوە هەواڵییەکان لە بەشە جۆراوجۆرەکان پێکهاتوون کە بەلەبەرچاوگرتنی پێداویستییە هەواڵییەکانی وەرگرەکان فۆرمەڵە دەبێت. هەر بەشێکی هەواڵ پێکهاتووە لە هەواڵنێران، ڕیپۆرتەران، هەڤپەیڤوان، نوسەران (ستوننوسەکان) کە لە لوتکەی ئەواندا بەرپرسی بەشە[1] کە لە بازنەیەکی بچوکتردا ئەرکەکانی سەرنوسەر لە بازنەی بەشەکەی خۆیدا لەئەستۆیدایەو بەڕێوەبردن پیادە دەکات.

*بەشە جۆراوجۆرەکان

-بەشی سیاسی.

-بەشی ئابوری.

-بەشی دەرەکی.

-بەشی کۆمەڵایەتی و ڕووداوەکان.

-بەشی شارۆچکەکان.

-بەشی ڕاپۆرتو ڕاپرسی.

-بەشی وتارەکانو نامەهاتووەکان.

ژمارەی بەشەکان وابەستە بە بەرفراوانی ڕێکخراوی هەواڵ لەلایەکەوەو بەپێی هەستکردن بە پێداویستی دێتەئارا. لەبەرئەمە زۆربەی هەمان ئەو بەشانە کە ناویان هێنرا، دەتوانرێ بۆ چەند بەشێکیتر دابەش بکرێت بۆ نمونە لەبارەی بەشی دەرەکی، بەشە جۆراوجۆرەکانی لـێ دروست دەکرێت وەك بەشی ئاسیا، بەشی ئەمریکا، بەشی ئەوروپاو تەنانەت وردەکاریتر وەك بەشی ئەفغانستانو...هتد

4-بەرپرسی تەکنیکی:

بەرپرسی تەکنیکی[1] بەرپرسیارێتی بەشی لاپەڕەبەندی[1]، ماکێتبەندی[1] و بەشێوەیەکی گشتی کاروباری تەکنیکی لە ساتی پیتچنینەوە[1] تا قۆناغی چاپ[1] و چاودێریی بەسەر چاپی لەئەستۆدایە کە لە لوتکەی بەشە جیاوازەکان لەژێرناوی بەشی تەکنیکیدایە. لەم بەشەدا لاپەڕەبەند، گرافیست[1]، دیزاینەر[1]، خۆشنوس[1]، وێنەکێش[1] و کاریکاتێریست[1] هەریەك بەپێی هونەرەکەی خۆی تیایدا ئەندامە. بەرپرسی بەشی تەکنیکی دەکرێ کەسێك وەك چاودێری چاپ تا کۆتایی قۆناغی چاپ دەستنیشان بکات و بەرپرسیارێتی بداتێ.

5-ئامادەکاریی یا لیژنەی ئامادەکاران:

ئامادەکاران[1] پێگەیەکی دیاریکراویان لە ستافی نوسیندا هەیە، ئەوانن کە ئەرکی بەراوردکردنی چالاکی هەواڵنێران و ڕۆژنامەنوسان لەگەڵ میتۆدی ڕۆژنامەکەدا هەڵدەسەنگێننو وەك کەناڵی پالاوتنی هەواڵەکان کار دەکەن. ژمارەی ئامادەکارانیش وابەستەییەکی تەواوەتی لەگەڵ قەوارەی کاری هەواڵو بەرفراوانی ستافی نوسیندا هەیە. هەندێکجار لە ستافێکی نوسینی گچکەدا کەسێکی ئامادەکار بەسەو تەنانەت زۆربەی کات خودی سەرنوسەر یاخود نوسەری خزمەتگوزاریی ئەرکی ئامادەکار ئەنجام دەدەنو لە ستافەکانی نوسەراندا سود لە چەند ئامادەکارێك لە چوارچێوەی لیژنەیەکداو یاخود لەژێرناوی خزمەتگوزاری پێداچوونەوە یا خزمەتگوزاریی ئامادەکاران وەردەگیردرێت. کاتێك کە سەرنوسەر یاخود جێگری سەرنوسەرو نوسەری خزمەتگوزاری ئەرکەکانی ئامادەکار دەکەن، لە پاری حەوتەمدا بە تێروتەسەلی دەخرێتەبەرباس.

6-خزمەتگوزاری وێنە:

لە هەندێ لە ڕێکخراوە هەواڵییەکاندا کە هەواڵنێران ئاشناییان لەگەڵ فۆتۆجۆرنالیزمدا[1] نییە، خزمەتگوزارییەکی جیاواز بەناوی خزمەتگوزاریی وێنە،

دابینکردنی بەشەکانی وێنەگرتن لەئەستۆ دەگرن. ئەم خزمەتگوزارییە لەو وێنەگرانە پێکدەهێنرێت کە ئاشنای کاروباری هەواڵن لە بوارە جۆراوجۆرەکانی سیاسی، ئابوری، هونەری، وەرزشی و...

7-ئەرشیفی وێنە و هەواڵ:

ئەنبارو گەنجینەی زانیاریی و تەواوکەرەکانی هەواڵەکان و بەیادهێنەرەوەی ئاگادارییەکان و رووداوەکانی رابردوو لە هەر رێکخراوێکی هەواڵدا ئەرشیفە[1]. رێکخراوە سەرکەوتووەکانی هەواڵ بەرلەهەر هەنگاونانێك، هەوڵ بۆ دروستکردن، بەرفراوانکردن و کاملکردنی ئەرشیفی خۆیان دەکەن و بەباشی ئاگاداری گرنگییەکەین. بانکی زانیاری[1] یاخود ئەرشیف بۆ دەوڵەمەندکردنی بابەتە ئامادەکراوەکان، لابردنی زۆرینەی ئاڵۆزییەکان و کاملکردنی بابەتەکانی هەواڵ یارمەتییەکی شایستەی ئەندامانی ستافی نوسین دەدات. هەنوکە بە سودوەرگرتن لە کۆمپیوتەر و پۆلێنبەندی[1] ئاسانی زانیارییەکان لە ئەرشیفی ناوبراودا، ستافی نوسین بە ئاسانی توانای سودوەرگرتنی خێرایان لە سەرچاوە زانیارییەکان هەیە.


8-ژووری هەواڵ:

زاراوەیەکە کە بەناوەندی وەرگرتن و ناردنی هەواڵەکان لەلایەن ئامرازەکانی تیلێکس[1] و فاکس[1] دەوترێت. هەر هۆڵێکی هەواڵ، بەرپرسی هەواڵی و تەکنیکی هەیە کە بەرپرسانی هەواڵ ئەرکیان پەخشکردنی هەواڵە وەرگیراوەکانە لە تیلێکس و فاکسەوە بۆ خزمەتگوزارییەکان و بەرپرسانی تەکنیکی چاککردنەوەو چاودێریی ئامرازەکان دەکەن.


9-کتێبخانە:

لەتەك ستافی نوسەراندا، وەك ناوەندێکی لێکۆڵینەوەی ئازادیو تایبەتمەند بوونی کتێبخانەکان نەك تەنها پێویستە بەڵکو ژیاریانەیە. ئەندامانی ناوەندێکی کلتوریی وەك رێکخراوەکانی هەواڵ پتر لەهەر ناوەندێك پێویستیان بە خوێندنەوەی رۆژانە و پەرتوك خوێندنەوە هەیە بۆ گەشەدان بە زانست و بەرزکردنەوەی گۆشەنیگای خۆیان. لەبەرئەم هۆیە، بنیاتنەرانی رێکخراوەکانی هەواڵ، لە قۆناغی یەکەمی دامەزراندنی رێکخراوەکەدا، شوێنێکی گونجاو بۆ دامەزراندنی کتێبخانە هەڵدەبژێرن.

فۆرمی دووەم: نمونەی رێکخراوێکی هەواڵ (ستافی نوسەران)




فۆرمی یەکەم: نمونەی خزمەتگوزارییەك لە ستافی نوسیندا




*هەواڵنێر کێیە ؟

بەرلەوەی کەسێك پیشەی رۆژنامەوانی هەڵبژێرێت، پێویستە خەسڵەتەکانی پیشەی هەواڵنێری‌و رۆژنامەوانی بناسێت تا لەرووی هۆشیارییەوە رووی تێبکات. لە ساڵی (1978) لەلایەن رێکخراوی یونسکۆ[1] جاڕنامەیەکی سەبارەت بە رۆڵی ماس میدیاکان لە بەهێزکردنی ئاشتی جیهانی‌و لێکگەیشتنی نێودەوڵەتیدا دانا. لەم جاڕنامەیەدا، پێداویستی پەروەردەکردنی ئاکاری‌و کۆمەڵایەتی رۆژنامەنوسان جەختی لەسەرکرایەوەو کۆمەڵێك پرەنسیپی ئیتیکی[1] بۆ رۆژنامەنوسان خرایەروو. لەم کۆمەڵەیەدا، ئازادی ئاڵوگۆڕی هەواڵ‌و زانیارییەکان[1] بە مافێکی بنچینەیی ناوزەد کراو دەستوری کاری ئاکاریی بۆ گەشت ئەو کەسانەی کە لە کۆکردنەوەو بەدەستهێنان‌و بڵاوکردنەوەو لێکدانەوەی هەواڵەکان‌و زانیارییەکاندا بەشدارن، داندراوە.[1]

لەم جاڕنامەیەدا، وێڕای جەختکردنەوە لەسەر جاڕنامەی جیهانی (1948)ی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، راگەیەندرا کە بەپێی ئەم یاسایانە، هەواڵنێرانی چاپەمەنی دەبێ تا دوائاست، هەوڵ بدەن تا ئەو هەواڵ‌و زانیاریانەی کە دەیخەنە بەردەم رایگشتییەوە، راستو وردو متمانەپێکراو بێت. هەواڵنێران‌و سەرنوسەرەکان دەبێ بەدواداچوون‌و قوڵبوونەوە بۆ دروستی ئەو هەواڵانە بکەن کە دەستەبەری دەکەن. هەواڵنێران نابێ بەئانقەست راستییەك لەرێ لابدەن یاخود زیانبار بکەن‌و هەروەها نابێ هیچ جۆرە بابەتێك لەدیدی خەڵك بشارنەوە.

پرەنسیپی ئیتیکی پیشەی رۆژنامەوانی جەخت دەکاتەوە کە رۆژنامەنوسان لە هەر قۆناغ‌و پلەیەکدا بن دەبێ بڕوایەکی تەواوەتیان بە خێرو بەرژەوەندی کۆمەڵگا هەبێت. هەوڵدان لەپێناو دابینکردنی بەرژەوەندییە خودییەکان‌و هەوڵ بۆ بەرەوپێشبردنی مەبەستە تایبەتییەکان کە لەگەڵ بەرژەوەندی کۆمەڵگادا تەبا نەبێت، بەپێچەوانەی پرەنسیپ‌و نەریتی ئیتیکی رۆژنامەوانییە. بەهەڵە دابردنی خەڵك‌و تۆمەت‌و بوختان بە خەڵك لەریزی تاوانە گەورەکانی پیشەی رۆژنامەوانییە.

بەپێی بڕیارنامەی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، دزینی




ئەدەبیی و بەموڵکایەتیکردنی هەواڵو بیروباوەڕو نوسینی کەسانیتریش بە تاوانی چاپەمەنی هەژمار دەکرێت. مەبەستی باش بەرامبەر بە کۆمەڵگا بنەماو پایەی ڕۆژنامەوانییەکی داخوازکراوە.

هەر بابەتێکی پێچەوانەی واقیعو زیانێك کە هەر ڕۆژنامەیەك بڵاوی بکاتەوە، دەبێ ئەو ڕۆژنامەیە لە یەکەمین چانسدا هەڵەکەی خۆی چاك بکاتەوە، واتەوات و هەواڵە پشتڕاست نەکراوەکان لەڕیزی بابەتە زیانبارەکاندایە. ڕۆژنامەنوسان دەبێ متمانەپێکراو، کاردروستو خاوەن کەسایەتی بن.

کۆمەڵە بڕیارەکەی یونسکۆو ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان جەخت دەکەنەوە کە دەبێ ڕێز لە ناوبانگی، پلەوپایەی کەسەکان بگیردرێتو خۆیان بپوێرن لەو بابەتانەی کە سەبارەت بە ژیانی تایبەتی کەسەکانەو بڵاوبوونەوەیان لەوانەیە زیانێکیان بۆ دروست بکات. هەروەها ئەم بڕیارانە، جەخت دەکاتەوە کە سەبارەت بە ژێدەری هەواڵو پاراستنی نهێنییەکان، خۆپارێزیو چاودێرییەکی پێویست بەکاربهێنرێت.

لەگەڵ ئەم چەشنە تێڕوانینەدایە کە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنوسان فۆرمەڵە دەبێت، لەهەمانکاتدا کە ئەگەر ناوی سروشتو توانستی خودیی ببردرێت، ئەوا چێژو ئینتیمای خودی سەبارەت بەم پیشەیەو فێربوونی پرۆفیشناڵیانە بۆ شکۆفەکردنی داهێنانەکان لە پێداویستییەکانی ڕووکردنە پیشەی هەواڵنێری و ڕۆژنامەوانییە.

بەمشێوەیە دەتوانرێ پێناسێك بۆ هەواڵنێر بەدەستبهێنرێت تا ئەوانەی ڕوویان کردۆتە جەرگەی هەواڵنێران، خۆیان لەگەڵ ئەو مۆدیلە لەبەرچاوگراوەدا بگونجێنن کە زەمینەی سەرەکی سەرکەوتنە لەم بوارەدا: هەواڵنێر کەسێکە کە بەپشتبەستن بە چێژو توانستی خودی، دوای تێپەڕاندنی خولی فێرکاری پرۆفیشناڵیو هەروەها بەلەبەرچاوگرتنی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی کە ئەم پیشەیە دەیخاتە ئەستۆی ڕۆژنامەنوسان، ئەرکی بەدەستهێنانی هەواڵ، ئامادەکردن، کۆکردنەوەو ڕێکخستنی (هەواڵەکان)و گواستنەوەیان لەڕێگەی ماس میدیاوە (چاپەمەنی، ڕادیۆ، تەلەفزیۆنو ئاژانسەکان) بۆ وەرگرەکان لەئەستۆدایە. خۆگونجان لەگەڵ ئەم چەشنە هەلومەرجە دا، فێربوونی پرۆفیشناڵیو ئاگاداربون لە چەمکە زانستییەکان دەکاتە زەروورەتێکی بنچینەیی.

**سەرچاوە:**

دکتر نعیم بدیعی، حسین قندی: روزنامەنگاری مدرن، چاپ پنجم 1383.

## John Throne پەیامنێری BBC:

# لەکۆڕەوە ملیۆنیەکەی گەلی کورد ڕاستەوخۆ هەواڵەکانم دەگواستەوە

دیداری: سامان جەلال –لەندەن
وەرگێڕانی لەئینگلیزیەوە: خەندە کەمال



کوردەکانی کوردستانی باشوور ساڵی 1991 کۆڕەوێکی بە کۆمەڵیان بەرەو سنورەکان کرد لە ماڵ وجێگەی خۆیان لە ترسی ڕژێمی (سەدام حسین) ی خوێن ڕێژ وە بە جێهێشت هەرچەندە ڕووداوەکە زۆر خەمناك بوو بەڵام بە داخەوە هیچ

کام لە میدیاکان گرنگیەکی ئەو تۆیان پێ نەیا کە بیکەین بە بابەت و باسی هەواڵەکانیان و کە بیر و بۆچونی جیهان بگۆرێت و سەرنجیان بۆ ڕووداوەکان ڕاکێشێت ،میدیای بریتانیا بە تایبەتی BBC کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو لەسەربە جیهان کردنی ڕووداووەکان.

لە و کاتەوە John Throne وەك پەیامنێرێکی BBC لە کوردستان کاری کرد وە "ئەمانەویت راو بۆ چوونە تایبەتیەکانی بزانین بەو ڕووداوە.

بەرێزجۆن من سوپاس گوزار دەبم ئەگەر بەرێزت بتوانێت بەشێك لە کاتەکەتم بۆ تەرخان بکەیت کە چەند پرسیارێکت ئاراستە بکەم بۆ یەکێك لە گۆڤارەکانی تایبەت بەکاری میدیا بەناوی (ڕۆژنامەوان) , کە ئەمانەویت لە زمانی تۆوە گوێبیستی ڕووداوەکان بین.

پرسیارەکان:-

1-بەرێز:جۆن وەك تۆ ئەزانیت کە کورد لە سالی 1991 توشی چەندین چەرمە سەری و نەهامەتی بووە بەرێزت وەك پەیامنێرێکی BBC کە الە ڕووداوەکەدا بوویت بۆچونی تایبەتیت چی یە سەبارەت بەو ڕووداوە؟

2-لە ماوەی کارکردنت لە ناوڕووداوەکەدا چ دیاردەیەکی ناسروشتی سەرنجی ڕاکێشاویت؟

3-کوردە کۆچکردووەکان چەند پرسیارێکیان لەلای UN و توێژەروە کانی مافی مرۆڤ دروست کرد لەو ڕووداوە سامناك و دلتەزێنەدا تۆ ئەتوانیت وەکو پەیامنێرێکی BBC و ڕۆژنامەنووسێك پێمان بلێیت ئەو پرسیارانە چ لێکدانەوەیەکی هەیە لە مێشك و بۆ چونی تۆدا؟

4-چ ئاستەنگێك هاتۆتە ڕێت لەو کاتەی بە دوادا چوونت هەبووە لە ڕووداوەکەدا ،وە چۆن بە دوادا چونەکانت دەستی پێکردووە وە چۆن پێشکەشت کردن؟

5-تۆ ڕابردوویەکی باشت هەیە لە بواری ڕۆژنامەگەری دا ئەتوانیت ڕۆشنائی بخەیتە سەر ئەوی کە میدیای بریتانی وەك سیستەمێکی ڕێکخراوی ئازادی ڕا دەر بڕ بێت؟

6-ئەتوانی یەکێك لە ئەزموونە سەرکەوتووەکانی ژیانی ڕۆژنامەنووسیتمان بۆ باس بکەیت؟

7-کاتێك لە کوردستان بوویت ڕۆلی چی بووە.؟ سەرنەکەوتن لە کاری ڕۆژنامەگەریت لە ئێستاو ڕابردوودا چی بووە.؟

## وەلامەکان:-

لەو کاتەی لەو بوارەی لەگەل BBC کارم کردووە ماوەیەکی نەشیاو بوو لە مێژووی خەلکی کوردستان ،ماوەی سێ هەفتە لەو ناوچەیەدا مامەوە کە ئەمەش ماوەیەکی کورت و ناکامل بوو بۆ کارەکەم ،لە دوای ئەوە بۆ بلاوکردنەوەی ڕاپۆرتەکانم دەستم کرد بە ناردنیان بۆ ئەو پەیامنێرە سەرەکیانەی کە لە ڕووداوەکاندا بوون و ڕیپۆرتیان لەسەر تەنگ و چەلمەو ئەو دەردەسەریانەی کە توشی کوردەکان هاتوون لە کاتی داگیر کردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە ئەیانووسی ،لە دوای نووسینی چیرۆکەکانم بەشی یەکەمی لاپەڕەی ڕۆژنامەو میدیاکانی جیهانی داگیر کردبوو ،ئاژانسە فریاگوزاریەکان لە شاخەکان و ناوچە دژەفڕینەکان بە ڕادەیەکی زۆر هەبوون لەگەل گروپەبێگانەکان دا بۆ فریاکەوتنە کتوپڕکان بەتەواوەتی لە خەیالمایە کە ئەو کاتە کاتێکی موقت بوو لە کاتێکدا دلنیا بووم لە گەڕانەوەی ڕژێمی صدام بۆ ناوچەکە و داگیرکردنی ،خەلکە دل پڕ لە ڕق و کینەکە لێهاتوانە دلنیا بوون لەوەی کە جارێکی تر ئەو دام و دەزگایە ڕۆلی خۆیان نابینێتەوە لەوناوچەیە.

لە کاتێکدا بەرەو دیاربەکر ڕۆیشتم لە دیار بەکرەوە بەرە و زاخۆ هەروەها لە زاخۆوە بەرەو چەند شوێنێك کە دەکەوتە باکووری دهۆك شەوێك لە ڕێگەدا مامەوەلە قەراخ جادەکە لای هێزێکی تایبەتی کوماندۆ و هێزی ئاسمان بەریتانیا کە لەکارگەیەکی دروستکردنی قوتودا بوون کە ئامێرەکان کۆکرابوونەوەو ئامادە کرابوون بۆ دزین لە لایەن هێزەکانی

سەدام حسێنەوە دوای ئەوەی کوەیتی داگیر کرد ،کارگەکە نزیك بوو لە بەشی سەرەوە دوو کۆشکی صدام کە یەکێکیان لە باشوور ڕووی لە کێوێك بوو ئەوی تریان ئەوی تریان لە بەشی باکوور ڕووی لە بەرانبەری دەشتەکە بوو ئەو دوو کۆشکە تێکەڵاو بووبوون بەهۆی ڕێگەیەکەوە کە بۆ سەیارەی تایبەتی کرابوو بە مەبەستی پارێزگاری و تایبەت مەندی هاتووچۆ نێوان دامەزراوەکان.

کاتێك کە من لەوێ بووم کۆشکەکان بەتاڵ بوون بەڵام دەپارێزران لە لایەن حەرەسە چەکدارەکانەوە ،لە چەند کاتێکدا زیاتر بەرەو ڕۆژهەڵات سەفەرم کرد و پێویست بوو بە سەر چەند پردێکی لابەلادا بپەڕمەوە چونکە پردە سەرەکیەکان بە بۆمباران ڕووخابوون و پاشان توانیمان سەرۆکە کوردەکان ببینین هەر چەندە کە ئێستا بیرم نی یە ئایا پارتی دیموکرات بوو یان یەکێتی نیشتمانی.

چیرۆکەکە بریتی بوو لە ئەگەری بەدەست هێنانی ئۆتۆنۆمی سەرباری ئەوەی کە ئەمریکی یەکان هێشتا هێرشیان نەکردبووە سەر بغداد ،یاخود ،یاخود ئەگەری دەنگۆی بەدەست هێنانەوەی دەسەڵاتی سەدام و هێرش کردنە سەر باکووری عێراق.

خەڵکەکە کراوە بوون لەگەڵماندا چونکە بریتانی بووین و لەکەناڵی BBC بووین بەڵام لە هەمان کاتدا بوو کە کۆمەڵێك کارمەندی بریتانی فلیمێکی بەڵگەنامەی لە شاخەکانی ئێران دیار نەمابوون و دەنگۆی دۆزینەوەی لاشەی هەندێکیان لە ئارادا بوو.

من پەیامنێری ڕادیۆی BBC بووم نەك تەلەفزیۆن کە ئەمەش وای کردبوو زیاتر لە جوڵەدا بم و ڕاپۆرتەکانم لە ڕێگای سەتەلایتێکی بچووکەوە دەنارد بیرمە کە پێویست بوو 26 دەرزی زێڕین بچەقێنم بۆ ئەوەی بتوانم کە لە ئاسماندا بگەڕێم بۆ سەتەلایتێکی زەویایی هندی،یان سەنتەرێکی زەمینی لە ئوسترالیا یان نەرویج کە ئەمەش هەرزانترین ڕێگە بوو ،تەقەی شەڕی دەرەوەی دهۆك بەو شێوەیە بە ناوازە دەردەکەوت لە کاتێکدا دەنگی مەینەتی کۆمەڵانی خەڵك لەسەرمادا لە شاخەکان دەهات.

کوردستان بریتی بوو لە ئەرکێکی سێ هەفتەی لە ماوەی 35 ساڵی کارکردنم لە BBC پێشتر پەیامنێر بووم لە کۆماری ئیرلەندا ،ئوستralیا وباشووری ئەفریقا هەستام بە کیومانکردنی کێشەکانی ئیرلەندا لە سەرەتای 1969 هەتا بەدەست هاتنی ئەو ئاشتی یەی ئێستا هەیە لە ئوستralیا (کە نازانم بۆچی) نێرام بۆ تەهران پاش ڕووخانی شار و هاتنە سەرحوکمی خومەینی یەك هەفتەم پێ چوو تا گەیشتم لە ڕێگای ئسینا و بیروت و عەممان لە ڕێگای سێ گەشتی ئاسمان کە لەلایەن فڕۆکەی جەنگی ئێرانی یەوە دەور درا بوو وە یەکەم فڕۆکەی تایبەتی بووین کە لە تەهران نیشتینەوە لە کاتێکدا کە زووربەی وڵاتانی ڕۆژئاوا کەسایەتی دیپلۆماتی یەکانیان لە ئێران دەکێشایەوە بۆ ماوەی دوو مانگ لە نێوان دوو ئیدارەدا هاتوو چۆم دەکرد (ئیدارەی مەلاکان و ئیدارەی موجاهیدەکان) وسەفەرم کرد بۆ قوم ،شیرازو بەندەر عباس و بە هیچ شێوەیەك نەم درکاند کە بەئاشکرا کە من بۆ BBC کارم دەکرد.

باشترین چیرۆك کە ئامادەم کردبوو بریتی بوو لە هەڵبژاردنەکانی زیمبابۆ کە بووە هۆی سەربەخۆی ،لەم کارەشدا بۆ ڕدیۆ کارم دەکرد لە هەراری لە کاتێکدا شەڕی ناوخۆ بەرەو کۆتای دەچوو و لەکاتی گواستنەوەی دەسەڵات و چەك داماڵینی زانووبف و زاپوو ڕێکخرا بوو روبەرت موگابی بوو بە پێشەوای تازە لە هەلێکی ناوازەدا بۆ دروست کردنی ئیدارەی خۆش گوزەران وفرە ڕەگەز و فرە خێڵ ئێستا دەزانین کە لەسەر حسابی زۆرینەی هاوڵاتیان بوو بە دیکتاتۆرێکی ترسناك من حەز ناکەم کە ئامۆژگاری مێدیای کوردی بکەم لە ئێستادا لە بریتانیا چاودێری یەکی بەردەوام هەیە بۆ بەدەست هێنانی پەیڕەوی یاسایی وهەڵسوکەوتی یاسایی



**ئەم وێنەیە لە 17 ساڵ بەر لە ئێستا لە سەربازگەیەکی گەورەی کۆماندۆ لە سنووری تورکیا, کە پەناهەندە کوردەکانی لێبوون گیراوە.**

پێشکەوتوو کە هەموو بوارەکانی ژیانی گشتی دەگرێتەوە ،بەڵام سەربەستی یەکی دڵخش کەرهەیە لە بیرو ڕادا کە کەم کەس هەیە دەستی بەسەردا بگرن و کپی بکەنەوە ،سەربەستی یەکە بۆ بڕیاردان کەچی تازەیەو بیر و رای کێ گرنگە نەك لەلایەن سیاسەتمەدار وگروپە دەسەڵاتدارەکانەوە کە ئەمەش ڕۆڵی ڕاستەقینەی هەر مێدیایەك دیاری دەکات.

من ئێستا وەك پەیامنێرێکی ئازاد لە ناو بریتانیا ڕیپۆرتەکانم ئەیەم بە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی BBC وئنتر نیت

،لەگەڵ ئەوەش دا پەخش کەری وانە بەرهەم هێنراوەکانم و کاردەکەم بۆ زانکۆ و مێدیا فێرکەرەکان و ڕێکخرا و دامەزراوەکان ،لە هەمان کات دا کادەکەم لە بەشێك لە هەموو چیرۆکەکاندا ،من شانازی بەم کارانەمەوە ئەکەم وە هەروەها سەرسام دەبم بەو ڕاستیانەی ڕوو بەڕووم دەبێنەوە لەکاتێکدا وەکو شتێکی جیهانی بابەتەکانم بناسرێت ،لەگەڵ ئەوەشدا لەو ئاستەدا نەبێت کە خوێندکاران سودی لێببینن.

# کورتە مێژوویەکی رادیۆی کرماشان و رادیۆی کوردی



وەرگێڕان وداڕشتنەوەی: مەلا بەهادین

## سەرەتا

لەبەر ئەوەی مەیدانی لێکۆلینەوەی کوردی لە شیکردنەوە و بۆ چوونی سیاسی هاوچەرخ تێدەپەرێ ، سەرنجێکی گەورە تر دراوەتە سەر مێژووی کولتووریی کورد و جەختی لەسەر کراوەتەوە و ئەو توێژینەوانە هەندێکیان زانستیانە و هەندێکیشیان کەمتر جێباوەڕن ، ئەم وتارە باسی لایەنێکی ئەو مێژووە دەکات ، ئەویش ڕەچەڵەکی چاپەمەنی وەرزی کوردییە ، ئەم ووتارە ئاکامی لیکۆڵینەوەیەکی چەندین ساڵە سەبارەت بە ڕۆژنامە ئاسۆرییەکان بە ئامانجی دۆزینەوە و پاراستنی چوار ڕۆژنامە بە زمانی ئاسۆری کە لە ورمێ (ڕەزازییە) لە ئێران بڵاوبوونەتەوە .

ئەو چاپەمەنیە وەرزیانە بە زمانی ئارامی – نوێی ئاسۆری دەردەکەوتن کە ئەو زەمانە تا ڕادەیەکی زۆر لە سۆنگەی پشتیوانی میسیۆنی ئەمریکای ستاندارد کرا بوو ئەو ڕۆژنامانە لە ساڵی 1918 کاتێك ئاسۆرییەکان و ئەرمەنییەکان (دەستەیەکی بچووکی عیسایی کە لە ڕۆژئاوای ئازەربایجانی ئێستا دەژیان) ناچار کران هەرێمەکە بەجێبهێڵن ، یان بمرن ، کۆتاییان پێهات تەنانەت ئەو چاپخانەیەی هەشبوو تیا چوو ، بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامە بە زمانی ئاسۆری تا ساڵانی1950کانی کێشا تا دیسان لە تاران دەست پێبکاتەوە ، بەڵام لە ورمێ قەت نا ، تا ئەو سەروبەندە زۆربەی دێ یە ئاسۆرییەکان چۆڵ کرابوون و زۆربەی بە پیت و پێزی کشتوکاڵی لە لایەن کوردەکان یان تورکەکانەوە داگیر کرا بوون .

هەبوونی چاپەمەنیەکی وەرزی ئاسۆری بە ڕێژە بە ناوەڕۆك لە ورمێ بووە هۆی ئەوەی بیر لە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە بەو زمانانەی دیکەی لەوێ قسەیان پێدەکرا بکرێتەوە : تورکی ، ئەرمەنی ،فارسی و بۆ من جێی سەر سورمانە بە –کوردیش ، بۆیە دەستم کرد بە گەڕان بە کاتالۆگەکانی نێو ئینتەر نێت دا و هەروەها سەرچاوەی دەستی و دوای گەڕان لە چوار کتێبخانەی لێکۆڵینەوەی ئەمریکا بۆ دۆزینەوەی زانیاری سەبارەت بە چاپەمەنی کوردی لە ئێران ، لە سایەی پەیوەندی لەگەڵ لوقمان .ئای .محۆ ، من ئەو سەرچاوانەم دۆزیەوە کە لە ئەمەریکا لەبە دەست بیر و ڕای گشتیدان ، ئەو لێکۆڵینەوەیە بڕیار نادا لەسەر ڕەچەڵەکی چاپەمەنی کوردی لە ئێران ، ئەرکی دۆزینەوەی گشت ئەو سێ

ڕۆژنامەیە کە لە سەرچاوەی چاپکراو هێمایان پێدەکرێت و دەکرێ جێی باوەڕ بن، بۆ دابێ دەمێنێتەوە ، لەم وتارەی ئێستادا من زانیاری دەدەم سەبارەت بەوەی کە وەکو یەکەمین چاپەمەنی کوردی لە ئێران دادەنرێ و ئەو تەمە دەرەوێنمەوە سەبارەت بە گۆڤارێك كە لە ساڵی 1910 تا ساڵی 1928 زاینی بڵاو بووەوە.

بەر لە هەموو شت بە کورتی باسی هەڵکەوتی کولتووری ئەو سەرو بەندەی دەکەم کە لە ورمێ و سابلاخ (ناوێکی تورکی یە ، بەمانای " کانی ئاوی سارد" و ئێستا پێی دەوترێت مهاباد) بە سەرنجدانێکی تایبەتی بۆ سەر هاتنە گۆڕی خوێندەواری و چاپەمەنی ، زەمینەی سیاسی بارودۆخی کولتووری دەبێ بهێنرێتە نێو ئەم دیمەنەوە ، ئەگەر چی جەختی سەرەکی من ئەوە نی یە پەیوەندی نێوان کوردەکان – ئێرانیەکان شیبکەمەوە ، لەکاتێکدا ئەو بابەتە سیاسیە گرگرتووانە بەلاوە دەنێم ، هیوادارم بتوانم تیشك بخەمە سەر زانیاری بەکەلك بۆ ئەوەی ڕێگە بکاتەوە بۆ دۆزینەوەی ئاگاداری سەبارەت بەو دووبابەتە سیاسیەی بە بەربڵاوی قسەیان لێوە دەکرێ . ورمێ لە سەرەتای سەدەی بیستەم دا بوو بە مەکۆی پێشەوە چوونێك کە ڕۆژئاوا ڕێکیخستبوو بە پێی بڕیارێکی 75 ساڵ پێشتر لە بۆستۆن ماساچووسێت درابوو ، دوای ئەوەی لە ساڵی 1829 نوێنەرانی دەستەی ئەمریکای میسیۆنێرەکان بۆ میسیۆنی بێگانە (ئەی بی سی ئێم ئێف) سەفەرێکیان کرد بۆ باکووری ڕۆژئاوای ئێران ، ساڵێك دوای دامرکانەوەی شەڕەکانی ڕووسیە- ئێران لە سەر ئەوپەڕی قەوقاز ،ئەی بی سی ئێم ئێف بڕیارێکی چارەنووس سازی دا بۆ دامەزراندنی میسیۆنێك لە نێو عیسایەکان خۆجێی کە لەناوە و دەوروبەری ورمێ دەژیان ، ئەودەمە سەڵماس،کە لەنێوەندێکی دیکەی شار بوو وە عیسایەکانی لێ نیشتەجێ بوون ، میسیۆنێکی پتەوی ڕۆمەن کاتۆلیکی لێ دامەزرا بوو ،وەکو هەبوونی کاتۆلیکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە لایەن بەرژەوەندیەکانی دیپلۆماتێکی فرانسەوە پشتیوانی لێدەکرا میسیۆنەکانی پرۆتێستانتی لە ئێران .

بڕیاری ئەی بی سی ئێم ئێف بۆ خزمەتکردنی بە عیسایەکانی خۆجێی دوو بڕیاری گرنگی بە دوا هات : جەخت کردنەوە لە سەر ئاسۆرییەکان – کە سەر بە کلیسای ئاپۆستۆلی پیرۆز و کلیسای کاتۆلیکی ڕۆژهەڵات (نەستووریەکان) – بوون هەروەها کردنی زمانی نوێ – ئارامی ئاسۆری بە زمانی پەیوەندی لەگەڵ عیسایەکانی خۆجێیی دا بە ئاوڕدانەوەی سەر ڕابردوو ،دواتر ئەوانەی لە ئێران دینی خۆیان گۆڕی بوو و ببونە عیسایی ڕەخنەیان لە ئەی بی سی ئێم ئێف گرتبوو بۆچی جەختی کردووە لەسەر ئەو زمانە کەمایەتیەن لە ڕاستیدا لە ساڵی 1915 ،کە پرێسبیتێرییەکانی لە ساڵی 1871دا جێی ئەی بی سی ئێم ئێف یان گرتبووەوە بڕیاریان دا کار و باری مێسێۆن بە زمانی فارسی ڕاپەڕێنن بە تایبەتی لەبەر ڕووناکای ئەو ڕاستیە دا کە کار و چالاکییەکانیان گەیشتبووە شوێنی ئەوتۆی دانیشتوانیان فارس زمان بوون وەکو ڕەشت ،تاران و مەشەد و هەروەها نێو دەستەیەکی بچووك بەڵام لە زێدەی خەڵکی ئەوتۆی کە لە باری ئێتنیکیەوە تێکەڵاو بوون و ئاسۆری نە بوون هاتبوونە سەر باوەڕی عیسایی لەگەڵ ئەوەشدا یەکەم کاری میسیۆنێری ئەمریکاییەکان نەك هەر لە نێو کەمایەتی هەرە ڕاونراو لە وڵاتدا دەستی پێکرد بەڵکو بە زمانێکیش کە گەیشتبووە ئاستی هەرە دامرکاوی مێژووی خۆی واتە ئارامی کۆترین زمان کە بەبەردەوامی قسەی پێکرا بوو وە پێی نوسرا بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ،لەژێر گوشاری بەردەوامی سیاسی دا هەڵپرۆکابوو وە بەکارهێنەرانی دەرپەڕێندرابوون بۆ چیای دوورە دەست و پلەیان دابەزێندرابوو بۆ ڕەعیەتی مل کەچی عەشیرەتە موسوڵمانەکان خاوەن موڵکەکان و کاربەدەستانی حکومەت .

بڕیاری ئەی بی سی ئێم ئێف هەلومەرجێکی ڕەخساند بۆ

بووژاندنەوە و زیندوبوونەوەی ئارامی هەر نەبێ بۆ ماوەی سەدەیەکی تر .

تا ساڵی 1835 باوکی ڕوحانی جاستین پێرکینز (1865-1805) خوێندنگەیەکی بۆ کوران دامەزراند بوو ماوەیەك دوای ئەوە دەزگای چاپەمەنی (1840) فێرگەیەکی کچانە (1843) و ڕۆژنامەیەك (1849) تیشکی ڕووناکی (زاهریراد — باهرا) یەکەم ڕۆژنامە بوو لە ئێران کە بە هەر زمانێك دەرچووبێ .(1) ئەوە مانگانە دەردەکەوت و زۆر زووتریش ،تا ساڵی 1918 کاتێك عیسایيەکان یان مرد بوون یان توانیبوویان خۆیان دەربازکەن و لە ناوچەکە هەڵبێن ،مرخ و مەیلی پێرکینز لە ئێران هەر لەمەڕ ئاسۆرییەکان (یان نەستووریەکان نەبوو ،ئەوجۆرە کە ئەو نێوزەندی دەکردن) بەوجۆرەی کە ئەو دوازدە تابلۆیانەی کێشاونی بە جوانی دەریدەخەن، بەڵکوو ئەو بە هەمان مەیل و علاقەوە لە کوردەکان ،تورکەکان ،فارسەکان و ئەوانیدیکەشی دەڕوانی کە پێکهاتەی دەستە ئێتنیکیەکانی ورمێ و هەرێمی ئێستای ئازەربایجانی ڕۆژئاوایان پێك دەهێنا (2) .

لە تێوەسووران بەرەو سەدەی بیستەم دا هەبوونی ئەمریکاييەکان لە ورمێ بەرچاو بووە و بە باشی خۆیان دامەزراندبوو لە زیاتر لە 150 دێ خوێندنگە دامەزرا بوون کە زۆر بە باشی خۆیان هەڵدەسووران لە ژێر چاودێری ئەو پیاو و ژنانە دا کە لە خوێندنگەکانی شەو و ڕۆژی ورمێ دا خوێندبوویان ،وە ڕێژەی خوێندەواری لە نێوان پیاوان و ژنانی ئاسۆری گەیشتبووە ئاستی بەرزی 40٪ .پێویستە بهێندرێتەوە، لەو سەروبەندەدا ،لە هەموو ئێران ڕێژەی خوێندەواری لە نێوان پیاوان 20٪ و لە نێوان ژنان دا بە نزیکەی 7٪ تەخمین دەکرا، لە ناوچە خێڵەکیەکانی دەوروبەردا ،ڕێژەی خوێندەواری لە نێو ئاسۆرییەکان و کوردەکان دا لەوانەیە لە 5٪ تێنەپەڕاندبێت، تەنانەت لە نێو پیاوانیش دا و دیارە ئەو ڕێژەیە لە نێو ژنان دا ئەوەندە کەم بووە هەر لە حساب نایە . ڕەنگە سەرکەوتنی میسیۆنی پرێسبیتێرییەکان لەگەڵ هەبوونی لە زێدەی موهاجیرانی کۆمەڵگەکانی لووتێری دامەزراو لە دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کانادا بووبێ کە بووبێتە هەوێنی بیری دامەزراندنی میسێۆنی لۆتێری ڕۆژهەلات لە باکووری ئێران ،ئەوانەی وا بە پێشوازی مەترسیەوە چوون بە دەرەجەی یەکەم خەڵکی ئەڵمان ،سوێد و نەرویج بوون ،کەسانی سەر بەو نەتەوایەتیانە نەك هەر ڕێزەکانی کلیسای لوتێریان لە ئەمریکای باکووری هەڵمساند ،تەنانەت ئامادەییان نیشان دا بۆ ئەوەی خۆیان بەختی کوردەکان بکەن (3) .

دنەی خزمەتی ڕاستەوڕاست بە کوردەکان لە ئێران بڕیارێکی کۆنفراسی جیهانی لوتێری رەخساندی کە ساڵی 1910 لە ئیدینبۆرگ (سکۆتلەندا) بەسترا لەو کۆبوونەوە بە دەستەڵاتە دا کە ژمارەیەکی زۆر تێیدا ئامادە بوون دەرگەی هەرێمی کوردی بەرەو لوتێرییەکان کرایەوە و میسیۆنێرە ئەمریکاييەکان لە خۆیان نووسان بۆ دامەزراندنی میسیۆنەکەیان .

میسیۆنی لوتێری ،ڕۆژهەلات و کوردەکان بە ئیلهام وەرگرتن لە شەپۆلی چالاکی میسیۆنێری کەهەم ئەوروپا و هەم ولاتانی ئینگلیسی زمانی وەبەر خۆی دابوو،میسیۆنێرەکانی لوتیری ئاڵمانی لە ساڵی 1895 میسیۆنێکیان دامەزراندبوو بە مەبەستی پێوەچاران بە کوردەکان و لەبەر ئەو کوشت و بڕەی عیسایيەکان کە لە ناوچەکانی عوسمانی لە ژێر ڕێبەری سوڵتان عەبدولحەمید دا دەکران ،ئاراستەی خۆیان گۆڕی و هێز و گوڕی خۆیان بەخت کرد بۆ چالاکی فریاکەوتن و بەدەنگەوە هاتنی ئەرمەنیەکان و ئاسۆرییەکان،ئەوان کە لە ساڵی 1875 وە دەستیان بە چالاکییەکانیان کردبوو،لە میسیۆنە بچووکەکەیان لە ئێران دا کەشیشیان پێگەیاند بوو ،گشتیان لە نێو ئاسۆریەکاندا و دوو کلیسایان تا بەراییەکانی سەدەی بیستەم لە ناوچەکەدا

دامەزراند ،میسیۆنێرەکەیان لە ورمێ دوکتور ئێل .ئۆ .فۆسوم (1879- 1920) بوو نەرویجیەکی ئەمریکای کە لەلای کوردەکان و مێژوو نووسانی ڕۆژئاواییەوە بە نووسەرێکی سەرەکی لێکۆڵینەوەی کوردی دادەندرێ (4) فۆسوم کە لە ساڵی 1904 وە تا ساڵی 1909 لە ورمێ دەژیا ،لەوێ فێری سوریانی و تورکی بوو بەڵام پاشان دوای گوێزرایەوە بۆ سابڵاغ (مهابادی دابێ) لەوێ فێری کوردی بوو ، ئاڵمانیەکان لە پێش ئەوەدا هاتبوون لە ساڵی 1905 ،ماوەیەك دوای هاتنی بۆ سابڵاغ لوتێری دیکەش لەگەڵی کەوتن یان بە دوای ئەودا هاتنە ئەوێ کە ئەمریکای ، سویدی ،فەرەنسی و ئەوروپای دیکەیان لە نێودا بوو ، ئەو کۆمەڵەیە ڕێکخستنی سەرەکی لە دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو کە پشتیوانی لە چالاکیەکانی میسیۆنەرەکان دەکرد و کارەکانی هەڵدســـــــــــــــــــوڕاند .

میسیۆنی لوتێری ڕۆژهەڵات بوو مەکۆی میدوێست (ناوەڕاستی -ڕۆژئاوا) بوو .

ئەو میسیۆنە پرنسیپی هەڵسوران و چالاکیەکانی خۆی زۆر بە ئاشکرای دیاری کرد بوو بەڵام دوو توخم گرنگن لە قەوارەی ئەو یەکەم میسیۆنە لە نێو کوردەکاندا .

1. میسیۆنێرەکانی ئەو میسیۆنە فرە نەتەوەی بوون بە پێچەوانەی میسیۆنی پرێسبیتێریەکانی ئەمریکای کە تەنێ کەسی ئەو تۆی تێدا بوو کە هاولاتیتی ئەمریکایان هەبوو .

2. میسیۆنی لوتێری ڕۆژهەڵات چالاکی یەکانی خۆی لەسەر کوردەکان جەخت کردبووەوە ئەگەر چی هەندێك لە ئاسۆریەکانیش کێشرانە نێو کارەکانی ئەو میسیۆنەوە .

بەر لە ماڵئاوای لە ئەمریکا جەنابی فۆسوم سەری لە زۆر کلیسایان دا بۆ کۆکردنەوەی باربوو لە ساڵی 1911 هاتە سابلاغ تەنیا ناوێك کە لە لایەن میسیۆنێرەکانەوە دەهاتە گۆرێ ، ناوی شارۆچکەی سابڵاغ بوو کە لە خوارووی ورمێ هەڵکەوتووە ،ورمێ لە تەنیشت دەریاچەیەکەوە یە کە نزیکەی 300 کیلۆمەتر لە خوارووی تەورێزە ، لە سەروبەندی ناخۆشی و گێرە و کێشەدا وەکو ساڵی 1916 و دیسان لە ساڵی 1921 نزیکی لە تەورێز هێمنیەك بوو بۆ ئەو شتانەی بۆیان دەنێردرا ،ئەوان بە تەورێزدا تێپەرین بەڵام بۆ پێداویستی دیکە وەکو چاپ یان نەخۆشی زۆر سەخت ئەوان دەرەتانەکانی پرێسبیتێریەکانیان لە ورمێ بەکاردەهێنا بە تایبەتی نەخۆشخانەی وێستمینستر کە یەکەم بوو لە ئێران دا .

لە سەرەتاوە یەك لەو پرێنسیپانەی بۆ ڕێکخستنی چالاکیەکانی میسیۆنی لوتێری ڕۆژهەڵات داندرابوو پێداگرتن بوو لەسەر فێربوونی زمان لەوەش زیاتر ئامۆژگاری میسیۆنێرەکان کرا بوو یەکەم ساڵی بوونی خۆیان لەوێ تەرخان بکەن بۆ فێربوونی زمانی کوردی بە ڕێگەی خوێندن لە لای ئاخێوەرێکی خۆجێی نەك لای ئاسۆریەك (کە ئەمریکایە پرێسبیتێریەکان و لوتێرەکان هەمیشە بە سیریەن نێوزەدیان دەکردن) یان ئەرمەنیەك .

پێشخانی نەتەوەی هەموو چەشنەی میسیۆنێرەکان هەر کە بارودۆخی نادیاری شەڕی یەکەم جیهانی نزیك دەبووەوە زۆر جار دەبووە هۆی ئەوەی نەدەکرا هیمنی و ئاسایشی ژیانیان دەستە بەر بکرێ ،دکتور ئیدمان یەکەم کەس کە زانستی پزیشکی هەبوو و سەر بە میسیۆنەکە بوو و سویدی بوو بە ڕاگەیاندنی شەڕ لە ساڵی 1914 ناوچەکەی بەجێهێشت ، بۆ هاولاتیانی ئەمریکا بوونی کونسوڵی ڕووسیە سابلاغ ،کۆلۆنیل ئالیکساندەر ئیاس (1869-1914) کە لوتێرێکی فەنلاندی بوو جۆرێك هێمنی و ئاسایش بوو تاکو ئەوەی لە نەبەردی میاندواو دا کوژرا ماوەیەکی کورت دوای ڕاگەیاندنی شەڕی یەکەمی جیهانی(6) .

میسیۆنی کاتۆلیك جەخت لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکا بەکەلکە ئاماژەی پێبکرێت گشت میسیۆنەکان لە ماوەی ساڵاندا جۆرێك مرخ و مەیلیان سەبارەت بە کوردەکان نیشان

داوە هەر لە ساڵی 1787 ڤاتیکان بڵاوکراوەیەکی بڵاو کردەوە کە دەکرێ بە یەکەم لێکۆڵینەوەی ڕۆژئاوای لە مەڕ زمانی کوردی دابنرێ . (7) نوسەرەکان میسیۆنێك بوو کە بۆ ماوەی بیست ساڵ لە ئامێدی لە باکوری موسڵ دەژیا.(8) لە سەدەی دواتر دا جەنابی سامویل ئەی .رییا ،ئەندامێکی ئەمریکای ئەی بی سی ئێم ئێف لە ورمێ دووەم لێکۆڵینەوەی لەسەر زمانی کوردی لە ساڵی 1856 بڵاو کردەوە ،(9) لە کاتێکدا پیتر لرخ (1857-1858) لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر زمانی کوردی کرد بە کۆکردنەوەی ووشە و ئاستە کردنی چەند چیرۆك وەکو نموونە ،ئەوانەش لەو یەخسیرانەی شەڕ وەرگرتبوو .(10) ئێل .ئۆ .فۆسۆم ،یەکەم بانگەشەدەری ئینجیل کە نوێنەرایەتی میسیۆنی لوتێری ڕۆژهەلاتی دەکرد لە سابلاغ ، زۆر شتی وەرگێرا یە سەر زمانی کوردی ، هەوەها ڕێزمانێکی کوردیشی ئامادە کرد و بڵاوی کردەوە .

تا ساڵانی 1920 کان ،مەیل و مرخ لە ئاست کوردان هەر لە زیاد بووندا بوو ، بە تایبەتی لە عێراق و تەنانەت سەرۆکێکی ئاسۆریش ئاغا پیترۆس ئێلییا کارێکی لەسەر زمانی کوردی بڵاوکردەوە.(11) میسیۆنە کاتۆلیکەکان لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست سەرەڕای پەیوەندی پێشووتریان لەگەڵ کوردەکان کە دەگەڕانەوە بەرایەکانی سەدەی هەژدەهەم ،وا پێدەچێت ئیتر هیچ مەیلێکیان بەرەو ئەوان نیشان نەدابێت چ لە بواری خوێندەوار کردن و چ لە بواری دەرمانکردن و بە رواڵەت لە بواری بانگەشەی ئاینیش دا ،چ لەورمێ یان سەلماس ئەوان ڕووی چالاکیەکانیان لەو عیساییە ڕۆژهەلاتیانە بوو وا لە هەرێمەکەدا دەژیان ،کە زۆربەیان ئارامی زمان بوون و تاڕادەیەکیش ئەرمەنی .

سازکرانی کلیسای کاتۆلیکی کلدانی لە سەدەی شازدەهەمدا ،ئاینزایەکی ڕۆژهەلاتی بەڵام سەر بە کلیسای سوریانی — ڕۆم ،نیشانەی گەیشتنی کلیسای کاتۆلیك بەوپەری ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستە .

کەیسی کۆنگرەگەیشنالیستەکانیش هەروا بوو پرێسبیتێریەکان و مێتۆدیستەکان کە بە دوای کاتۆلیکەکاندا هاتن ،ترسی قانوونی لەدین وەرگەڕان لە ئیسلامدا ، ڕێگەی لێدەگرتن ڕاستەوخۆ خزمەت بە دەستە یان تاکە موسوڵمانەکان بکەن .(12) لە نامەو پەیوەندیەکانی میسیۆنێری دا ،ترسی قانوونی لە دین وەرگەڕان بە دوو ڕێگە دا خۆ دەنوێنێت :

1 -ترس لەسزای مەرگ کە بەسەر کەسێکدا دەدرێت کە لە دینی ئیسلام وەرگەڕابێت .

2 -سزادان بەپێی قانوونی کفر کردن لە ئیسلامدا ، بۆ هەر کەسێك شان بداتە بەر لە دین وەرگەڕانی موسوڵمانان و هێنانیان بۆ نێو دینێکی دیکە .

ئەوە بەشێکە لە هۆی ئەوەی میسیۆنەکان جەختیان کردۆتەوە لەسەر عیسایە خۆجێیەکان وەکو ئاسۆریەکان یان ئەرمەنیەکان و جولەکەکان ،میسۆنێرە پرۆتێستانتەکان بەلانی کەمەوە هیوایان بەوە بوو ئەو خولکە خۆجێیانە دەبنە هۆکاری دین گۆرینی موسوڵمانەکانی دەوروبەری خۆیان و لەوانەیە دەرەتانی سزادانی هەر میسیۆنێرێکی بێگانە بە ئاشکرا لەبەر پێشێلکردنی قانوونی شەریعەت زۆر دوورە دەست بووبێ بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی قانوونە خۆجێیەکان تا تێوسووران بەرەو سەدەی بیستەم لەسەر ڕۆژئاوایەکان بڕیان نەدەکردو کەس بۆی نەبوو توخنی بێگانان بکەوێت .(13) ئەو میسیۆنێرانەی لە لایەن کوردەکانەوە کوژران بە ڕێگەی کوشتنی ناقانوونیەوە مردن چ لەئێران یان دواتر لە مێزۆپۆتامیا .(14) ئەوە هەر هەمان شێوەیە کە لە کۆماری ئیسلامی ئێرانیش دا لە ساڵی 1979 وە دەبیندرێ لە لایەکی دیکەوە بۆ کەسێك لە ئیسلام وەرگەڕابێت و چوبێتە سەر دینێکی دیکە ، زۆرجار سزای قانوونی بەڕێوە دەچوو ، یەکەم کوردی لەورمێ لەسێدارە درا لەبەر تاوانکاری لە دین وەرگەڕان ،لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا ئەو سزایەی بە

نسیب بوو ، یەکەم کوردێکی کە لەدینی ئیسلامی وەرگەڕانی ئاستە کرابێ و بووبێ بە عیسایی بە گشتی وا دادەنرێ لە ساڵی 1894 لە سنە لەسەر دەستی ئاسۆریەك کرابێ بە عیسلی (15) چ بووە هۆی ئەوەی ئەوروپایەکان یان ئەمریکایەکان جەخت لەسەر کوردان بکەن ؟ چەندین هۆکاری کە بە ڕوونی لە دنەی زانیاری دڵپاکانە بەڵام بەرتەنگ دەکەوتنەوە لە کۆڕێدا بوون کە دوانیان دەکرێ زەق بکرێنەوە یەکەم ،ئەو باوەڕەی کە کوردەکان بە شێوەی سەرەکی موسوڵمانی سونیە و کەمتر گوێیان بە شاپەو گاپەی مەلا شیعەکان دەبزوێ کە بۆ خۆیان هێزێك بوون لە ورمێ ،تەورێز و نێوەندەکانی دیکە دا بە پشتیوانی ئەو دنە و ئەنگیزەیە لۆتێرەکان لە ماوەی ساڵانی 1920 هەوڵیان دا بۆ هێنانە سەر دینی عیسای عەلی ئەڵاهیە کورد زمانەکان لە دەورو بەری کرماشان ،دووەم بە ئاگاداربوون لە ڕاوەدوونانی عیسایە خۆجێیەکان لە لایەن موسوڵمانە کوردەکانەوە بۆ ماوەی نزیك بە سەدەیەك بە تایبەتی لە دوای ئەوەی لە ساڵانی 1896-1895 یەکەکانی کوردی سوارەی حەمیدیە بەکارهێندران بۆ کوشتار و تێکدانی بەشە ڕۆژهەڵاتیەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ،هیوا ئەوە بوو بە خزمەتکردنی ڕاستەوڕاست بە کوردەکان ئەوان بۆ چوونی خۆیان لە ئاست عیسایەکان باشتربکەن و بەو شێوەیە پێش بە تالان و کوشتاری کە ناوە ناوە دەقەوما بگیرێ .

هیچ کام لەو ئامانجە لەسەر بنەمای ڕاستی هەڵنەنرابوون لە نموونەیەکدا کاتێك وێدەچوو میسیۆنێرەکان بە کۆمەڵ خەڵکیان لە دین وەرگەڕاندبێ و کردبیانە عیسای (لە نێو یەزیدیەکانی ناوچەی مووسڵ لە ساڵی 1888 ) لەشکری هاوبەشی تورك/کورد گەیشتنەجێ و ئەو کەسانەی کە دینی خۆیان گۆڕی بوو نەك هەر ئەوەی داوایان لێکرا لە عیسایەتی پاشگەزببنەوە ،بەڵکو باوەش لە ئیسلام وەرێنن و ببنە موسوڵمان (16) میسیۆنی لوتێری لە سابلاغ سەرەڕای بەردەوامی خۆشبینی لە ماوەیەکی کورت لە دامەزراندنی خۆی لە وێندەرێ دوو لە سەرۆکەکانی کە پیاو بوون بوونە قوربانی ڕەشە کوژی ،یەکێکیان لە ساڵی 1907 ،ئەوی دیکەیان لە ساڵی 1921 دا ئەوان قەت بە زەینیشیان دا ڕانەدەبرد و باوەڕیان نەدەکرد کوردەکانی خۆجێی کاری ئەوتۆ بکەن چونکە نەیاندەتوانی باوەڕ بکەن چاکەیان بۆ کۆمەڵگەی ناوچەی پێی نەزاندرێ لە هیچ کوێ بەرچاو ناکەوێ پێیان وابووبێ ئەو کوشتنانە لەبەر هۆی دینی بووبێ ، ئەگەر چی بە ڕێژە لوتێرەکان لە چاو پرێسبیتێرەکان ئەندامێکی زیاتریان بوونە قوربانی ڕەشە کوژی ،پرێسبیتێرەکان دوو کەسیان لەدەست دا (لەساڵی 1905 و 1911 ) ئەگەر چی ژمارەی ئەندامانیان لە ورمێ لە نێو تورکەکان و ئاسۆریەکاندا زۆر لە لۆتیریەکان زیاتر بوو ئەوە دژوار نی یە ئەو قوربانیەی لۆتێرکان دایان ڕاستەوڕاست ببەسترێتەوە بە ئامانجی ئەوان بۆ بە مەسیحی کردنی کوردە موسوڵمانەکان (تێبینی وەرگێر :ئەو ئیدیعایەی نووسەر چ پاساوی بۆ نی یە چونکە یای ئاگوستا گودهارت یەك لە ئەندامانی میسیۆنی لوتێری دەڵێ کە هاوکارە فەرەنسیەکەیان لە سابلاغ لە کاتی هاتنی هێزی سمکۆ بۆ ئەوەی لە ساڵی 1921 بە هەڵە کوژراوە و ئەوە بە پێچەوانەوە قسەی نووسەرە ) .

ئەو بێز و قێزە گشتیە لە ئاست عیسایەکان بە گشتی و لە ئاست میسیۆنێرەکان بە تایبەتی ،کە دەکرێ شوێن بکا لەسەر تێگەیشتنی سەروبەندێکی گرنگ کە تەقریبەن نزیکەی سێ ساڵان فێرگە میسیۆنێریەکان لە سابلاغ گیرایان بۆ بەرەو پێشبردنی کولتوری کوردی (لەوانە چاپەمەنی وەرزی) ،پەروەردە و سەرەتای کەش وهەوایەك کە پشتیوانی کرد لەسەر هەڵهێنانی یەکەم ناسیۆنالیزمی خوێندەوار و ڕووناکبیری کورد لە شکڵی کۆماری مهاباد دا (1946- 1945) ئامانجەکانی میسیۆنێری و چاپی ڕۆژنامە .

یەکانگیری لەگەڵ ئامانجی بڵاوکردنەوەی مەسیحیەت ،میسیۆنێرەکان بڵاوکردنەوەی خوێندەواریان بە پێویست دەزانی — تەنێ هەر بە قسەو لە عیبادەت و پاڕانەوە دانا بەڵکو بە ووشەی نووسراویش بۆ ئەوەی لەلایەن ئەوانەی هاتوونەتە سەر دینی مەسیح بخوێنرێتەوە بۆیە چ لە نێو ئاسۆریەکان یان لە نێو کوردەکان دا بۆیان گرنگ بوو شان بدەنە بەر ئەوەی زمانە خۆجیەکان بهێندرێنە سەر کاغەز و بنوسرێن ،ئەنستیتوو یان خوێندنگە دابمەزرێندرێن ،چاپخانە و ئەگەریش هەڵسووڕێ ڕۆژنامەیەك دەرکەوێ نەك تەنێ هەر لە ئێران یان ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەڵکو بۆ هەر جێیەکی ئەمریکایەکان دەچوون ،بە تایبەتی پرۆتێستانتەکان و میسیۆنێرەکان ،خەڵکیان فێری خوێندەواری دەکرد زۆر جاری وا هەبوو بۆ یەکەم جار سیستمی ڕێنووسیان بۆ زمانێکی خۆجێی بەکار دەهێنا ،زۆر جار بۆ زمان و زاراوەی ئەوتۆ کە لە باری جوگرافیایەوە دوورە دەست بوون وەکو کرمانجی ،یان تەنانەت سۆرانیش ،یەکەم کاری کە بە سۆرانی چاپ کرا هەر چوار بەشەکانی ئینجیل بوو کە تیایاندا هەر کام لە چوار شاگردەکانی مەسیح باسی ژیانامە و کارەکانی دەکەن .

کۆمەڵەی ئەمریکای ئینجیل ڕاستیدا بە تایبەتی پرۆفیسۆرێکی ئاسۆری زانکۆی کۆلۆمبیا ،ئابراهەم یوهاننانی(1853-1925) ڕاسپاردوو یارمەتی بکا بە ئامادەکردنی یەکەم ئینجیل بە زمانی سوریانی لە ساڵی 1893 هەندێك لە کەرستە عیساییە کوردیەکانی هەرە بەرای لە پای بوونی لوتێریەکان لە سایلاغ پەیدا بوون باوکی ڕۆحانی دێتویگ فان ئۆرێتزن وەرگێرەکەی خۆی لە کتێبی دووهەمی وەکو مارکۆس ئێڤانگێلیۆم بە کوردی موکریانی لە ساڵی 1909 دا چاپ کرد (17) و دکتۆر فۆسوم هەر چوار ئینجیلەکانی لە ساڵی 1919 بە ناوی ئینجیلی موقەدەس چاپ کرد ،ئەویش هەر بە دیالێکتی موکریانی سابلاغ بوو .

ئەندامانی میسیۆنی لوتێری ،سەرەڕای ئەو چەت و تەنگەبەریانەی دەهاتە سەریان لەبەر بارودۆخی نائارامی ،لەسەر هەوڵ تێکۆشانی خۆیان بەردەوام بوون بۆ وەدیهێنانی ئامانجیان بۆ دابین کردنی دەرەتانی پەروەردەو بارهێنان ،ئەوان فێرگەیان دامەزراند ،هەتیوخانەیەکیان ساز کرد ،هەروەها خزمەتی دەرمانیشیان پێشکەش دەکرد و لەو بارەیەوە ئەمریکایەکان بۆ ورمێ و هەموو ئێران زۆر پێویست بوون و جێیان پڕ نەدەکراوە (18) لوتیریەکان پلانی خزمەتی دەرمانی و پزیشکیان بۆ کوردەکان و دەستە بچوکەکانی دیکەی ئێتنیکی لە سابلاغ و دەوروبەری داڕشت و تا چەند ساڵ بە سەرکەوتوویەوە درێژەیان پێدا .

میسیۆنی لوتێری لە سابلاغ لەسەر و بەندی جۆر بە جۆردا ،لە پزیشك هەر نەبێ نەخۆشەوانێکی ژن و هەمیشە پێرسونێلی دینی پێك هاتبوو لە ناو ئەو کەشیشانەدا کە بۆ ماوەی هەرە درێژ لە سابلاغ خزمەتی کرد لودڤیگ ئۆلسەن فۆسوم بوو ، کە لەگەڵ ژنەکەی و کچە بچکۆلەکەی هاتنە ئەوێ ،دواتر بنەماڵەی فۆسوم گەڕانەوە بۆ دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ،بەڵام خوشکەکەی کە نەخۆشەوان بوو لەگەڵ میسیۆنەکە کەوت ،هەموو میسیۆنێرەکان بە شێوەیەك لە شێوەکان تووشی "تا" دەهاتن ،زۆرتر مالاریاکە تا ساڵانی 1950کانیش لە هەرێمەکەدا بڵاو بوو (19) .

فۆسوم بێجگە لە سوریانی بەو جۆرەی لە بەڵگەی نووسراو دا ئارامی نوێی ئاسۆری نێوزەد دەکرێ ،ئەوەندەش فێری کوردی خۆجێی بوو کە تا ساڵی 1912 دوعا و پارانەوەکانی ڕەبانی وەکو یەکەم کاری خۆی وەرگێری وەرگێرانی سروودی نەبەردی ڕیفۆرماسیۆن بە کوردی لەلایەن فۆسومەوە ،(سێ بەند) ،یەکەم (ڕەنگە تاقە وەرگێڕان) وەرگێرانی کوردی قەڵای مەزن خودای بانی سەری ئێمەیە (ئی مارتین لوتێر) بە بۆنەی چوار سەدەمین ساڵی ڕیفۆرماسیۆنی پرۆتێستانتەوە بڵاو بووەوە (20) باوکی ڕۆحانی فۆسوم لە کاتێکدا وەك کۆئۆردیناتۆری

یارمەتی پێگەیاندنی ڕۆژهەڵاتی نزیك لە ئیرەوان ،ئەرمەنستان خزمەتی دەكرد لە ساڵی 1920 لەوێ نەخۆش كەوت و سەری نایەوە ئەو لەدوای ئەوەی لە فێورییەی 1916 سابلاغی بەجێ هێشتبوو هەمیشە هەولی دەدا بگەرێتەوە ئەوێ .

لە ماوەی ساڵانی شەڕدا ،فۆسوم زۆری هەڵدا بۆ كۆكردنەوەی یارمەتی بۆ كوردەكان وبەوە زۆر زویر بوو بانگەوازەكانی گوێی نەدەدرایە و چاپەمەنیەكانی عیسای ئەمریكای تەنێ بانگەشەیان دەكرد بۆ یارمەتی كۆكردنەوە بۆ ئەرمەنیەكان و ئاسۆریەكان ،فۆسوم بۆ كۆمەڵەی لوتێری لە دەوڵەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكای نووسی "ئەو هەموو كوشت و كوشتارەی لە ئەرمەنیەكان كراوە و ئەو هەموو بەڵایەی شەڕ بەسەری هێناون ،هەر ئاواشی بەسەر كوردەكان هێناوە ،تەنێ كەمێك دواتر" فۆسوم بۆ پتەوكردنی بانگەوازەكانی خۆی بۆ بەفریا كەوتنی كوردان ،باسی نامەیەكی كرد كە لەلایەن دكتور ئالەن ڕا بە دەستی گەیشتبوو ،دكتور ئالەن میسیۆنێرێكی پرێسبیێریەن بوو لە ورمێ لە لایەن ڕووسەكانەوە كە دەسەڵاتی عەسكەری بوون لە و ناوچەیەدا (لە ساڵی 1911تا1917) ،مۆڵەتی درابوویە سەری سابلاغ بدا ،دكتۆر ئالەن لە نامەیەكدا نووسیبووی "من لە سابلاغ بووم بە چاوی خۆم چارە ڕەشی و داماوی كوردەكانم بینی ..... بە هەزاران ڕەش و ڕوت لەسەر جادەكان خەریكی سواڵن هەموو جۆرە نەخۆشیەك ئەوێی داگیر كردبوو " قات و قری هەندێك شوێنی داگرتووە لەبەر شەڕی نێوان هێزی ڕووسان و عوسمانی و كوردەكان بە شێوەیەكی سەرەكی لەگەڵ عوسمانیەكان كەوتوون

ووشكە ساڵی بەرهەمی گەنمی خەسار كردووە ،مادەی خۆراكی دیكەش ،ئەگەر چی بەش دەكات ،بەڵام لەبەر تێكچونی ژیانی لادێ و ئەمین نەبوونی ڕێگەوبان نەگەیشتووەتە جێ ،دكتۆر ئالەن لە نامەیەكدا پشتڕاستی دەكاتەوە لەو 40000 كوردەی لەناو شارۆچكەكەدان 75٪ ژنی پیر ،بێوەژنی گەنج و هەتیوون وە 25٪كەی تریش پیاوی پیر و پەككەوتوون (21) ژمارەی دانیشتوانی شارۆچكەكە لە ساڵی 1910 بە 10000 تا 15000 كەس دادەندرا بەڵام لەبەر تێوەهاتنی پەنابەران لە دەرەوەی شاریەوە هەڵمسابوو لەوانە لە گوندە ئەرمەنیەكانیشەوە .

بەفریا كەوتنی ڕۆژهەڵاتی نزیك ،كە لە بناوانە بە ئامانجی یارمەتی ڕاستەوڕاست بە ئەرمەنیەكان و "سوریانیەكان" دامەزرا بوو دواتر دەستی كرد بە یارمەتی ناوچەی ،واتە لە یۆنان توركیا ،سوریا ،مێزۆپۆتامیا و ئێران(22) .

بڵاوكراوە بەرایە كوردیەكان لە ئێران بڵاوكردنەوە بە هەر زمانێك پێویستی بە دوو هۆكار هەیە ،جەماوەرێك كە بیخوێنەوە و ئامرازی ئەوە بە تایبەتی لەسەر وەرزنامە و ڕۆژنامان زۆر ڕاسترە ،چونكە زیاتر لە كتێب مەبەستیان بڵاوكردنەوەی دەنگوباس بوو لە بەراییەكانی سەدەی بیستەمدا ،چ وەرزنامە بێ یان كتێب ،خوێندەوار بە دەنگی بڵند ئەوان بۆ نەخوێندەوار یان نیوە خوێندەواران دەخوێنێتەوە ، هەروەها بۆ ئەو كەسانەی كە بۆ خۆیان خاوەن كتێب نەبوون یان ڕۆژنامەیان ئابوونە نەكردبوو (23) ،چاپەمەنی ئاسۆری ئەو سەروبەندی دەنگوباسی لە گۆشەوكەناری ئێرانەوە باس دەكرد بە تایبەتی لە تەورێز و تاران و بەشە جیاوازەكانی جیهانەوە و دەنگوباسی ناوچەی سەبارەت بە كۆمەڵگەكە خۆی سەبارەت بە ڕۆژنامەی كوردی ،گرنگە هەڵكەوتنی مێژوویمان لەبەر چاو بێت بۆ ئەوەی دیمەنێكی ڕوونمان بێتە بەرچاو كە چۆن سێ بڵاوكراوە بە زمانی كوردی ئاستە كراون كە دەركەوتوون بەڵام تا ئێستا تەنیا یەكێكیان دۆزراوەتەوە .

بەر لە هەموو شت ، پێویستە ئەو تەم و ئاڵۆزیە بڕەوێنینەوە كە سەبارەت بە بڵاوكراوەیەكی مێسیۆنی لوتێری ڕۆژهەڵات هەیە بە ناوی كوردستان میشینێری ،ئەو بڵاو كراوەیە نابێ

لەگەڵ ئەو بڵاوکراوانەی وا بەزمانی کوردی لە باکووری ڕۆژئاوای ئێران دەرچوون تێکەڵ بکرێ ،کوردستان میشینێری گۆڤارێك بوو لە دەوڵەتە یەکگرتووەکان پەیتا پەیتا بڵاو دەبووەوە لە شیکاگۆ دەستیپێکرد دوای لە دیترۆیت ،مانسفیلد (ئۆهایۆ) ،میناپۆلیس و کۆلۆمبووس(ئۆهایۆ) بەردەوام بوو ئەو گۆڤارە مانگانە بوو و لەساڵی 1910 تا ساڵی 1928 بە زمانی ئینگلیسی دەردەکەوت ئەوە یەکەم بڵاوکراوەیە بە زمانێکی نا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ووشەی (کوردستان) ی لە ناوەکەی بەکار کردبێت ،هەر لەبەر ئەو ووشەیەش بێ ئەو گۆڤارە دەبێ سەرنجی بدرێتە سەری ،کوردستان میشینێری وەکو سەفەرنامەی میسیۆنێری ،یارمەتی کرد بە ئاگادارکردنی ئەوروپاییەکان و ئەمریکاییەکان کە کوردەکان کێن (24) ئەوە لە درێژخایەندا لەوانەیە یاریدەیەکی سەرەکی بووبێ بۆ ووروژانی سەمپاتی و ئاگاداری سەبارەت بە کورد لە ئەوروپا و دەوڵەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دا .

لە ساڵی 1917 وە سەرنووسەری گۆڤارەکە مۆنس ئۆلسۆن وی (1871-1942) بوو ،وی پرۆفیسۆرێکی نورویێژی بوو لە یەکێك لە کۆلیجەکانی سەنت پاولی لوتێری دا ئەو لایەنگرێکی بە گوری هاوگێنیسم بوو ،جولانەوەیەکی ژیانەوەی کۆمەڵایەتی - سیاسی کە ڕیشەی دەگەڕایەوە بۆ سەدەی نۆزدەیەمی نۆروێژ.

مۆنس و ئێن .ئێچ .لۆر ،سەرۆکی میسیۆنی لوتێری ڕۆژهەڵات ،لایەنگری گەرم و گوڕیان کرد بۆ بەفریا کەوتن و یارمەتی دان بەکوردان لەبەر خەمساردی بەردەوامی ئەمریکا بۆ دان پێدانان و ناسینی کاری بەفریا کەوتن بۆ دابین کردنی پێداویستیەکانی موسوڵمانان ،بەتایبەتی کە نیوەی کوردانیش هاتنە گۆڕی لەمەڕ ئەوەی بەشداریەکی بەرچاویان هەبوو لە هێرش بۆ سەر عیسایە خۆجێیەکان دا (25) گۆڤاری کوردستان میشنێری یارمەتی دا بە بانگەشە کردن بۆ میسیۆنی کوردان و ڕاکێشانی پشتیوانی بۆ کارەکانی ، زیاتر بە ڕێگای پێداگرتن لەسەر پشتگرتن و یارمەتی دانی میسیۆنێرەکان بە تایبەتی و لە کۆبوونەوەی عیبادەت و پارانەوە دا هەوڵی دەدا باربوویان بۆ کۆ بکرێتەوە و خەرجی سەفەریان دابین بکرێ بۆ نموونە یای ئاگووستا گودهارت کە نەخۆشەوانێکی پرۆفێسۆناڵ و بە ڕەچەڵەك ئەڵمانیەکی پۆلەندی بوو {تێبینی وەرگێر :نووسەر هەڵەی کردووە ئاگووستا گودهارت بە ڕەچەڵەك خەڵکی یەکێك لە وولاتانی بالتیك بووە ،لەوێوە چووە بۆ ئەمریکا و لە ئەمریکاوە هاتووە بۆ سابلاغ .بەڕێز دکتور ئەمیری حەسەنپوور لە 12ی ژووەنی 1977 لە فیلادێلفیا دیداری لە یاگوستا گودهارت کردووە کە ئەوکاتە لە نێوان 90-100تەمەنی بووە ،ئەو چاوپێکەوتنە لەسەر کاسێتی دەنگ ئاستە کراوە .

میس گودهارت ،لە نێو کۆنە سابلاغیان دا بە میس کوتات خانم مشهوورە} ، لە کلیسای فیلادێلفیا ئیجازەی وەرگرتبوو ئەو کلیسایە خەرجی سەفەر و بەڕێوە چوونی وە ئەستۆی خۆی گرت ، لەهەمان کاتدا کۆمەڵی عیبادەتکاران لەو کلیسایە ئامادەی خۆیان نیشان دا بۆ یارمەتی بە کوردەکان لە سابلاغ (26) هەروەها میسیۆنی لوتێری ڕۆژهەڵات موافەقەتی کرد قەرزێك بدا بەوانەی خەرجی هەڵسورانی کاروباری کلیسایان بە ئەستۆوە گرتبوو بۆ پشتگرتنی باوکی روحانی جۆرج باچیمۆن و هاوسەرەکەی (خەڵکی ئالزاس بوو) ئەو دەمە لە هێرمانسبورگ لە ئەڵمانیا دەژیان ،ئەو کۆمەڵگە لوتێریە چالاکە پشتیوانی دەکرد هەم میسیۆنەکانی نێو کوردەکان و هەم نێو ئاسۆریەکانیش بەڵام لە ساڵی 1920 دا نەیتوانی ئەو خەرجانە دابین بکا " لەبەر ئەوەی شەڕ بەسەر زەوی هێنابوو" میسیۆنێریەکان بە ڕێگەی ئەو گۆڤارە دا .

کە تەرخان کرابوو بۆ کوردەکان لە مەیدانی چالاکیەکانیانەوە دەیانتوانی زانیاری خۆیان بڵاو بکەنەوە لەمەڕ پێشکەوتنی هەوڵەکانی خۆیان بۆ بانگەشەی ئامۆژگاریەکانی عیسای

مەسیح لە نێو کوردەکان دا ،هەر بە شێوەی میسیۆنێرەکانی ئەو سەردەمە لە هەموو بەشەکانی جیهان دا ، میسیۆنێرەکانی ئەو سەوبەندی وەکو تێکەڵاوێك لە رێکخراوە ناحکومیەکان و رۆژنامەنووسانی هەنووکە دەجوولانەوە زۆر جار ئەوان تەنیا چاو گوێ بوون لە بەشە دوورە دەستەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست چین ،هیندووستان و ئەفریقا دا و زانیاریان دەدا بە چین و توێژی مامناوەندی و سەرەوەی ئەمریکا سەبارەت بەو ،رووداوانەی لە شوێن و جێگەی دوور دەقەومان لەبەر ئەوەی بلاوکراوە و رۆژنامە عیسائییە گشتیەکان بۆ نموونە وەکو کریستیان هێراڵد ،لە ماوەی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا بە هەراوی لە ناو ئەمریکادا بلاو دەبوونەوە ،بەرکەبەری لەگەڵ بلاوکراوەی نامەزهەبی ،سەرنجدانە سەر کوردەکان لەم بەشەی چاپەمەنی دا یارمەتی کردە باس و خواسی لەمەڕ کوردان باش بلاوبێتەوە لەوەش دەرچێ ،رێبەرانی نەتەوەیی وەکو جان رالیگ موت (1955-1865) بەرەوی خەڵاتی ئاشتی نۆبیل (1946) دەوریکی سەرەکیان گێڕا لە پەیوەندی نێوان حکومەتەکانی رۆژئاوای و هەوڵەکانی میسیۆنێرەکان ،لەوانە ئەوانەش وا لە رۆژهەڵاتی نزیك کاریان دەکرد بۆیە لە کوردستان میشنێری دا زۆر بە چاکە باسی ئەوە دەکرا لە ڕاستیدا جان رالیگ موت ڕەنگە ئەو کەسە بووبێ کە ئەوەدەمە هەژماری تەخمینی کوردەکانی لەسەرتاسەری جیهاندا بە 3.500.000 دا نابێ .

کوردستان میشنێری لە نێو کولیجەکان ،کلێساکان تاك و تەرا بلاو دەبووەوە بۆ هەڵسوڕانی کاروبار و خەرجی و تێچووی خۆی پشتی بە یارمەتی ئەوانە دەبەست ئلبوونەی بوون ژمارە مانگانەکانی لە کاتی خۆیدا دەردەچوون ، ئەگەر هاتبا دەنگوباسی کوردستان لە تەنگەی دابا ،ئیدیتۆری گۆڤارەکە ئەو کەمایەسییەی بە ووتاری لەمەڕ ئیسلام ،قورئان و هەندێك لایەنی ژیانی موسوڵمانان تێهەڵدەهێناوە ،هەروەها بە چاپکردنەوەی ووتاری کە لەبلاوکراوەی دیکەی عیسای (پرۆتێستانت) دا بلاو ببوونەوە ،نەك لە ئێران یان رۆژهەڵاتی نزیك ،بەڵکو لە ئەفریقا ،هیندووستان یان چین .

سەرنجدانی تایبەتی و سەرەکی لە رۆژهەڵاتی نزیك دا بۆ سەر هەرچیەکی کە کوردی با زۆر چاوڕاکێشە ،تەنانەت دوای ساڵی 1916 ش ،کە ئەندامانی مێسیۆنی لوتێری کوردی نەیانتوانی بگەڕێنەوە سابلاغ ئەوان کە رێگەیان لێگیرابوو ناچار بوون کار بکەن بۆ بەفریاکەوتنی رۆژهەڵاتی نزیك لە هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا لە نێو ئەرمەنیەکان لە ئێرەوان ،ئاسۆریەکان لە تەوریز یان هەمەدان و تەنانەت لە بەغدا .

کوردستانی میشنێری سەرچاوەیەکی یەکجار بە کەڵکی زانیاریە سەبارەت بە رووداوەکان لە سابلاغ و شارۆچکەکانی دەوروبەری ،لە ماوەی شەڕی جیهانی یەکەمدا ،دەست ڕاگەیشتنی ئەوان بە مەکۆی سەرەکیان و گشت ئەو شوێنەی کە ئێستا بووە بە ئازەربایجانی رۆژئاوا ،پێشی پێگیرا لەبەر شەڕی نێوان قازاخان و ژەندرمەری دوا بە دوای شۆڕشی مەشرووتییەتی (دەستووری) ئێران و هەڵوەشانی نەزم و هێمنی ،ئەو وێنانەی بەر لە شەڕی جیهانی یەکەم لە کوردستان میشنێری دا چاپ بوون ،هەر کاتێك فۆسوم پێیکرابا سەری تەوریز بدا بۆ بەدەست خستنی زینکی زیاتری فۆتۆگرافی ، ڕەنگە لە باشترین و کۆنترین وێنەکانی سابلاغ بن ،ئەو نەخشانەش کە فۆسوم هەوڵی دەدا لە هەرێمە کوردیەکانی بکێشێتەوە بە کەڵکن ،ئەو گۆڤارە ئەمریکاییە بەردەوام بوو لەسەر بلاوکردنەوەی هەر زانیاریەکی کە توانیان پەیدایبکا پێیداگرت "کلیسای لوتێری ئەمریکا بە گشتی خەون و ئاواتمان وەدی دەهێنێ :کوردستان بۆ عیسای مەسیح."(27) .

کوردستان میشنێری ئەگەرچی هەتا بلێی سەرچاوەیەکی بە کەڵکە بە تایبەتی لەبەر ئەوەی کە زۆربەی ژمارەکانی لەبەر دەست دان ،بەلام نموونەی نووسینی بە زمانی کوردی زۆر زۆر


کەم تێدایە دەستاوێژ و کەمی ناوی کوردی تێیدا زۆر چاوڕاکێشە ،فۆسوم کامێرایەکی بە دەستەوە دەگرت و زۆری وێنەی منداڵانی کورد و دەستەی پیاوانی کوردی دەکێشا ،کە زۆربەی ئەوانە لە لاپەڕەکانی کوردستان میشینێری دا دەرکەوتوون ،پێدەچێت پەیوەندی لەگەڵ تاک و تەرای کورد جار و بار بوویێت ،کەسێکی سەرەکی کە زۆر جار و بە بەردەوامی ئاماژەی پێکراوە سمایلاغای سمکۆیە (لە ساڵی 1929دا کووژرا) {تێبینی وەرگێڕ: نووسەر هەڵەی کردووە سمکۆ لە 21ی ژووەنی 1930 دا کووژراوە} کە نزیکەی بیست ساڵ بە میلیشیای عەشیرەتی ڕۆژئاوای ئازەربایجانی کردبووە گۆڕەپانی لێدە و بڕۆی خۆی ،هێرشی دەکردە سەر کوردە هاوکوفەکانی ، تورکەکان بە تایبەتی دییە ئاسۆریەکان و تالانی دەکردن {تێبینی وەرگێڕ: لێرەدا نووسەر بە پێی سۆزی ئیتنیکی داوەری کردووە وهیچ خۆی لە هۆی پێکهەڵپڕژێنەکانی سمکۆ و لایەنەکانی دیکە نادا} کوردی جۆر بە جۆری دیکەی وا لە کوردستان میشنێری دا باسیان لێوە کراوە ،پیاو ماقووڵانی ناوچە و ژنەکانیانن ،هەروەها مستەفا قازی کە خوێندەوارێکی بەشی پزیشکی بووە لە زانکۆی نەخۆشخانەی حەیدەر پاشای ئەستەمبوڵ و کوڕی پیاوماقووڵێکی ناوچەکە بووە {تێبینی وەرگێر : مستەفای شەوقی قازیزادە (دکتور مستەفای قازی دواتر) کوڕی قازی لەتیف و ئامۆزای باوکی قازی محمد بووە ،لە تورکیا خوێندنی پزیشکی تەواو کردووە بە پێی نووسراوەکانی کوردستان میشنێری پەیوەندیەکی نزیکی لەگەڵ میسیۆنێرەکان هەبووە ، دوای تەوا کردنی خوێندن چەند جارێك هاتۆتەوە سابلاغ بەلام دوای چۆتەوە بۆ تورکیا .

لە ساڵانی دوایی ژیانی تا ئێستا ئاگادارییەکی سەرەکی ئەوتۆ بە دەستەوە نییە } .

گشت کەسانی دیکەی خۆجێی کە ئاماژەیان پێکراوە بریتین لە جوولەکەکان ،ئەرمەنیەکان و پێرسۆنێلی دیپلۆماتێك بە شێوەیەکی سەرەکی ڕووسەکان دەستەیەك کە لە کوردستان میسێنێری لە سابلاغ باسیان کراوە وباش نەناسێندراون "مووسڵی" یەکانن کە پێدەچێت تاجر بووبن ،ڕەنگە کلدانی کاتۆلیك بووبن و بۆیە بەشێك نەبووبن لە دەستەی پرۆتێستانت لە کاتی پاڕانەوە دا .

بە تایبەتی بنەماڵەی میرزا شەمۆییل یارمەتیدەری لوتێرەکان بوون ،جوولەکەی عیسایی ! (ئارامی زمان) کە لەگەڵ میسیۆنێرەکان کەوتن کاتێك ئەوان لە سابلاغ ڕایان کرد پێکێشیان دەکرد هۆی سەرەکی چوونیان ئەوەیە لە برسان نەمرن ،نەك لە ترسی هێرش بۆ سەر کرانیان ،کاتێك میرزا شەموییل مامۆستای زمانی کوردی باوکی ڕوحانی فان ئورتزێن و وەرگێڕی فۆسوم ،تەقەی لێکرا و کوژرا (1915) میسیۆن بەڵێنی دا ئاگاداری لە ژنەکەی ،جەواهیر و 4 منداڵەکانی بکا (28) ڕێی تێدەچێ میرزا شەمۆییل مامۆستای کوردی فۆسوم بووبێ ،هەر وەك زانای ئاسۆری میرزا مارفی خان کەرەم (1862-1943) کە لە تەورێز مامۆستای زمانی کوردی ئەو لوتێریانە بوو لەوێ دەگیرسانەوە و لەوێوە بەرەو سابلاغ دەچوون (29) ناو هێنان و ئاماژەی بەرتەنگ بە تاك و تەرای کورد لە کوردستان میشینێری دا بە مانای هەبوونی پێشداوەری و دەمارگرژی نی یە .

ئەنانەت دوای کووژرانی باوکی ڕوحانی ئیمانوێلدامان (1907) (30) کە کوردستانێکی بە ناوبانگ بوو باوکی ڕوحانی جۆرج باچیمۆن (1921) ئیدیتۆرانی کوردستان میشنێری ،دەستیان دەگێڕایەوە لەوەی کوردەکان تاوانبار بکەن لە جیاتیان دیان پرسی "گەلۆ دەکرێ ئێمە سێ میلیۆن و نیو کورد تاوانبار بکەین بەو کوشتنە ؟"(31) ئەرگەچی ئەوان دەنووسن کە کوشتنی دووەم بۆیە قەوماوە کە ئەو قوربانی یە فرانسیە"زۆر وە ئەرمەنیەك چووە" ئەوان تەنانەت خەتای ئەو تاوانە کە بەهۆی دینی کرا دەخەنە سەر



# یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لەئێران

دوکتور عەدەن نەبی
لە ئینگلیزیەوە: حەسەنی قازی

سەرەتا

لەبەر ئەوەی مەیدانی لێکۆلینەوەی کوردی لە شیکردنەوە و بۆ چوونی سیاسی هاوچەرخ تێدەپەرێ ، سەرنجێکی گەورە تر دراوەتە سەر مێژووی کولتووریی کورد و جەختی لەسەر کراوەتەوە و ئەو توێژینەوانە هەندێکیان زانستیانە و هەندێکیشیان کەمتر جێباوەڕن ، ئەم وتارە باسی لایەنێکی ئەو مێژووە دەکات ، ئەویش ڕەچەڵەکی چاپەمەنی وەرزی کوردییە ، ئەم ووتارە ئاکامی لیکۆڵینەوەیەکی چەندین ساڵە سەبارەت بە ڕۆژنامە ئاسۆرییەکان بە ئامانجی دۆزینەوە و پاراستنی 4 ڕۆژنامە بە زمانی ئاسۆری کە لە ورمێ (ڕەزاییە) لە ئێران بڵاوبوونەتەوە .

ئەو چاپەمەنیە وەرزیانە بە زمانی ئارامی — نوێی ئاسۆری دەردەکەوتن کە ئەو زەمانە تا ڕادەیەکی زۆر لە سۆنگەی پشتیوانی میسیۆنی ئەمریکای ستاندارد کرا بوو ئەو ڕۆژنامانە لە ساڵی 1918 کاتێك ئاسۆرییەکان و ئەرمەنییەکان (دەستەیەکی بچووکی عیسایی کە لە ڕۆژئاوای ئازەربایجانی ئێستا دەژیان) ناچار کران هەرێمەکە بەجێبهێڵن ، یان بمرن ، کۆتاییان پێهات تەنانەت ئەو چاپخانەیەی هەشبوو تیا چوو ، بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامە بە زمانی ئاسۆری تا ساڵانی1950کانی کێشا تا دیسان لە تاران دەست پێبکاتەوە ، بەڵام لە ورمێ قەت نا ، تا ئەو سەرو بەندە زۆربەی دێ یە ئاسۆرییەکان چۆڵ کرابوون و زۆربەی بە پیت و پێزی کشتوکاڵی لەلایەن کوردەکان یان تورکەکانەوە داگیر کرا بوون .

هەبوونی چاپەمەنیەکی وەرزی ئاسۆری بە ڕێژە بە ناوەڕۆك لە ورمێ بووە هۆی ئەوەی بیر لە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە بەو زمانانەی دیکەی لەوێ قسەیان پێدەکرا بکرێتەوە : تورکی ، ئەرمەنی ،فارسی و بۆ من جێی سەر سورمانە بە —کوردیش ، بۆیە دەستم کرد بە گەڕان بە کاتالۆگەکانی نێو ئینتەر نێت دا ، و هەروەها سەرچاوەی دەستی و دوای گەڕان لە چوار کتێبخانەی لێکۆڵینەوەی ئەمریکا بۆ دۆزینەوەی زانیاری سەبارەت بە چاپەمەنی کوردی لە ئێران ، لە سایەی پەیوەندی لەگەڵ لوقمان . ئای . محۆ ، من ئەو سەرچاوانەم دۆزیەوە کە لە ئەمەریکا لەبە دەست بیر و ڕای گشتیدان ، ئەو لێکۆڵینەوەیە بڕیار نادا لەسەر ڕەچەڵەکی چاپەمەنی کوردی لە ئێران ، ئەرکی دۆزینەوەی گشت ئەو سێ ڕۆژنامەیە کە لە سەرچاوەی چاپکراو هێمایان پێدەکرێت و دەکرێ جێی باوەڕ بن، بۆ دابێ دەمێنێتەوە ، لەم وتارەی ئێستادا من زانیاری دەدەم سەبارەت بەوەی کە وەکو یەکەمین چاپەمەنی کوردی لە ئێران دادەنرێ و ئەو تەمە دەرەوێنمەوە سەبارەت بە گۆڤارێك کە لە ساڵی

1910 تا سالّی 1928 زایینی بلاو بووەوە.

بەر لە هەموو شت بە کورتی باسی هەڵکەوتی کولتووری ئەو سەرو بەندەی دەکەم کە لە ورمیێ و سابلاّخ (ناوێکی تورکی یە ، بەمانای " کانی ئاوی سارد" و ئێستا پێی دەوترێت مهاباد ) بە سەرنجدانێکی تایبەتی بۆ سەر هاتنە گۆڕی خوێندەواری و چاپەمەنی ، زەمینەی سیاسی بارودۆخی کولتووری دەبێ بهێنرێتە نێو ئەم دیمەنەوە ، ئەگەر چی جەختی سەرەکی من ئەوە نی یە پەیوەندی نێوان کوردەکان – ئێرانیەکان شیبکەمەوە ، لە کاتێکدا ئەو بابەتە سیاسیە گرگرتووانە بەلاوە دەنێم ،هیوادارم بتوانم تیشك بخەمە سەر زانیاری بەکەلك بۆ ئەوەی ڕێگە بکاتەوە بۆ دۆزینەوەی ئاگاداری سەبارەت بەو دووبابەتە سیاسیەی بە بەربلاّوی قسەیان لێوە دەکرێ . ورمی لە سەرەتای سەدەی بیستەم دا بوو بە مەکۆی پێشەوە چوونێك کە ڕۆژئاوا ڕێکیخستبوو بە پێی بڕیارێکی 75 سالّ پێشتر لە بۆستۆن ماساچووسێت درابوو ، دوای ئەوەی لە سالّی 1829 نوێنەرانی دەستەی ئەمریکای میسیۆنێرەکان بۆ میسیۆنی بێگانە(ئەی بی سی ئێم ئێف) سەفەرێکیان کرد بۆ باکووری ڕۆژئاوای ئێران ، سالّێك دوای دامرکانەوەی شەڕەکانی ڕووسیە- ئێران لە سەر ئەوپەڕی قەوقاز ،ئەی بی سی ئێم ئێف بڕیارێکی چارەنووس سازی دا بۆ دامەزراندنی میسیۆنێك لە نێو عیسایيەکان خۆجێی کە لەنێو و لە دەوروبەری ورمێ دەژیان ، ئەودەمە سەلّماس،کە لەنێوەندێکی دیکەی شار بوو وە عیسایيەکانی لێ نیشتەجێ بوون ، میسیۆنێکی پتەوی ڕۆمەن کاتۆلیکی لێ دامەزرا بوو وەکو هەبوونی کاتۆلیکان لە ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست و لە لایەن بەرژەوەندیەکانی دیپلۆماتێکی فرانسەوە پشتیوانی لێدەکرا میسیۆنەکانی پرۆتێستانتی لە ئێران .

بڕیاری ئەی بی سی ئێم ئێف بۆ خزمەتکردنی بە عیسایيەکانی خۆجێی دوو بڕیاری گرنگی بە دوا هات : جەخت کردنەوە لە سەر ئاسۆرییەکان – کە سەر بە کلیسای ئاپۆستۆلی پیرۆز و کلیسای کاتۆلیکی ڕۆژهەلاّت (نەستووریەکان) –بوون هەروەها کردنی زمانی نوێ – ئارامی ئاسۆری بە زمانی پەیوەندی لەگەڵ عیسایيەکانی خۆجێیی دا بە ئاوڕدانەوە سەر ڕابردوو ،دواتر ئەوانەی لە ئێران دینی خۆیان گۆڕی بوو و ببونە عیسایی رەخنەیان لە ئەی بی سی ئێم ئێف گرتبوو بۆچی جەختی کردووە لەسەر ئەو زمانە کەمایەتیەن لە ڕاستیدا لە سالّی 1915 ،کە پرێسبیتێرییەکانی لە سالّی 1871دا جێی ئەی بی سی ئێم ئێف یان گرتبووەوە بڕیاریان دا کار و باری مێسیۆن بە زمانی فارسی ڕاپەڕێنن بە تایبەتی لەبەر ڕووناکای ئەو ڕاستیە دا کە کار و چالاکییەکانیان گەیشتبووە شوێنی ئەوتۆی دانیشتوانیان فارس زمان بوون وەکو ڕەشت ،تاران و مەشەد و هەروەها نێو دەستەیەکی بچووك بەلاّم لە زێدەی خەڵکی ئەوتۆی کە لە باری ئێتنیکیەوە تێکەلاّو بوون و ئاسۆری نە بوون هاتبوونە سەر باوەڕی عیسایی لەگەڵ ئەوەشدا یەکەم کاری میسیۆنێری ئەمریکاییەکان نەك هەر لە نێو کەمایەتی هەرە ڕاونراو لە ولاّتدا دەستی پێکرد بەلّکو بە زمانێکیش کە گەیشتبووە ئاستی هەرە دامرکاوی مێژووی خۆی ،واتە ئارامی کۆنترین زمان کە بەبەردەوامی قسەی پێکرا بوو وە پێی نوسرا بوو لە ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاستدا ،لەژێر گوشاری بەردەوامی سیاسی دا هەلّپروکابوو وەبەکارهێنەرانی دەرپەڕێندرابوون بۆ چیای دوورە دەست و پلەیان دابەزێندرابوو بۆ رەعیەتی ملکەچی عەشیرەتە موسولّمانەکان خاوەن موڵکەکان و کاربەدستانی حکومەت .

بڕیاری ئەی بی سی ئێم ئێف هەلومەرجێکی ڕەخساند بۆ بووژاندنەوە و زیندوبوونەوەی ئارامی هەر نەبێ بۆ ماوەی سەدەیەکی تر .

تا سالّی 1835 باوکی ڕوحانی جاستین پێرکینز (1865- 1805) خوێندنگەیەکی بۆ کوران دامەزراند بوو ماوەیەك

دوای ئەوە دەزگای چاپەمەنی (1840) فێرگەیەکی کچانە (1843) و ڕۆژنامەیەك (1849) تیشکی ڕووناکی (زاهریراد —باهرا) یەکەم ڕۆژنامەبوو لە ئێران کە بە هەر زمانێك دەرچووبێ .(1) ئەوە مانگانە دەردەکەوت و زۆر زووتریش ،تا ساڵی 1918 کاتێك عیساییەکان یان مرد بوون یان توانیبوویان خۆیان دەربازکەن و لە ناوچەکە هەڵبێن ،مرخ و مەیلی پێرکینز لە ئێران هەر لەمەڕ ئاسۆرییەکان (یان نەستووریەکان نەبوو ،ئەو جۆرە کە ئەو نیۆزەندی دەکردن) بەوجۆرەی کە ئەو دوازدە تابلۆیانەی کێشاونی بە جوانی دەریدەخەن، بەڵکوو ئەو بە هەمان مەیل و علاقەوە لە کوردەکان ،تورکەکان ،فارسەکان و ئەوانیدیکەشی دەڕوانی کە پێکهاتەی دەستە ئێتنیکیەکانی ورمێ و هەرێمی ئێستای ئازەربایجانی ڕۆژئاوایان پێك دەهێنا (2) .

لە تێوەسووران بەرەو سەدەی بیستەم دا هەبوونی ئەمریکاییەکان لە ورمێ بەرچاو بووە و بە باشی خۆیان دامەزراندبوو لە زیاتر لە 150 دێ خوێندنگە دامەزرا بوون کە زۆر بە باشی خۆیان هەڵدەسووران لە ژێر چاودێری ئەو پیاو و ژنانە دا کە لە خوێندنگەکانی شەو و ڕۆژی ورمێ دا خوێندبوویان ،وە ڕێژەی خوێندەواری لە نێوان پیاوان و ژنانی ئاسۆری گەیشتبووە ئاستی بەرزی 40٪ .پێویستە بهێندرێتەوە، لەو سەروبەندەدا ،لە هەموو ئێران ڕێژەی خوێندەواری لە نێوان پیاوان 20٪ و لە نێوان ژنان دا بە نزیکەی 7٪ تەخمین دەکرا، لە ناوچە خێڵەکیەکانی دەوروبەردا ،ڕێژەی خوێندەواری لە نێو ئاسۆرییەکان و کوردەکان دا لەوانەیە لە 5٪ تێنەپەڕاندبێت ،تەنانەت لە نێو پیاوانیش دا و دیارە ئەو ڕێژەیە لە نێو ژنان دا ئەوەندە کەم بووە هەر لە حساب نایە . ڕەنگە سەرکەوتنی میسیۆنی پرێسبیتێرییەکان لەگەڵ هەبوونی لە زێدەی موهاجیرانی کۆمەڵگەکانی لووتێری دامەزراو لە دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کانادا بووبێ کە بووبێتە هەوێنی بیری دامەزراندنی میسیێۆنی لۆتێری ڕۆژهەلات لە باکووری ئێران ،ئەوانەی وا بە پێشوازی مەترسیەوە چوون بە دەرەجەی یەکەم خەڵکی ئەڵمان ،سوێد و نەرویج بوون ،کەسانی سەر بەو نەتەوایەتیانە نەك هەر ڕێزەکانی کلیسای لوتێریان لە ئەمریکای باکووری هەڵمساند ،تەنانەت ئامادەییان نیشان دا بۆ ئەوەی خۆیان بەختی کوردەکان بکەن (3) .

دنەی خزمەتی ڕاستەوڕاست بە کوردەکان لە ئێران بڕیارێکی کۆنفراسی جیهانی لوتێری رەخساندی کە ساڵی 1910 لە ئێدینبۆرگ (سکۆتلەندا) بەسترا لەو کۆبوونەوە بە دەستەڵاتە دا کە ژمارەیەکی زۆر تێیدا ئامادە بوون دەرگەی هەرێمی کوردی بەرەو لوتێرییەکان کرایەوە و میسیۆنێرە ئەمریکاییەکان لە خۆیان نووسان بۆ دامەزراندنی میسیۆنەکەیان .

میسیۆنی لوتێری ،ڕۆژهەلات و کوردەکان بە ئیلهام وەرگرتن لە شەپۆلی چالاکی میسیۆنێری کەهەم ئەوروپا و هەم وڵاتانی ئینگلیسی زمانی وەبەر خۆی دابوو ،میسیۆنێرەکانی لوتیری ئاڵمانی لە ساڵی 1895 میسیۆنێکیان دامەزراندبوو بە مەبەستی پێوەچاران بە کوردەکان و لەبەر ئەو کوشت و بڕەی عیساییەکان کە لە ناوچەکانی عوسمانی لە ژێر ڕێبەری سوڵتان عەبدولحەمید دا دەکران ئاراستەی خۆیان گۆڕی و هێز و گوڕی خۆیان بەخت کرد بۆ چالاکی فریاکەوتن و بەدەنگەوە هاتنی ئەرمەنیەکان و ئاسۆرییەکان ،ئەوان کە لە ساڵی 1875 وە دەستیان بە چالاکییەکانیان کردبوو ،لە میسیۆنە بچووکەکەیان لە ئێران دە کەشیشیان پێگەیاند بوو ،گشتیان لە نێو ئاسۆریەکاندا و دوو کلیسایان تا بەراییەکانی سەدەی بیستەم لە ناوچەکەدا دامەزراند ،میسیۆنێرەکەیان لە ورمێ دوکتور ئێل .ئۆ .فۆسوم (1879-1920) بوو نەرویجیەکی ئەمریکای کە لەلای کوردەکان و مێژوو نووسانی ڕۆژئاواییەوە بە نووسەرێکی سەرەکی لێکۆڵینەوەی کوردی دادەندرێ (4) فۆسوم کە لە ساڵی 1904 وە تا ساڵی

1909 له ورمێ دەژیا ،لەوێ فێری سوریانی و تورکی بوو بەڵام پاشان دوای گوێزرایەوە بۆ سابلاغ (مهابادی دابێ) لەوێ فێری کوردی بوو، ئاڵمانیەکان لە پێش ئەوەدا هاتبوون لە ساڵی 1905 ،ماوەیەك دوای هاتنی بۆ سابلاغ لوتێری دیکەش لەگەڵی کەوتن یان بە دوای ئەودا هاتنە ئەوێ کە ئەمریکای ، سویدی ،فەرەنسی و ئەوروپای دیکەیان لە نێودا بوو ،ئەو کۆمەڵەیە ڕێکخستنی سەرەکی لە دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو کە پشتیوانی لە چالاکیەکانی میسیۆنەرەکان دەکرد و کارەکانی هەڵدەسوڕاند . میسیۆنی لوتێری ڕۆژهەڵات بوو مەکۆی میدوێست (ناوەڕاستی-ڕۆژئاوا) بوو .

ئەو میسێونە پرنسیپی هەڵسوران و چالاکیەکانی خۆی زۆر بە ئاشکرای دیاری کرد بوو بەڵام دوو توخم گرنگن لە قەوارەی ئەو یەکەم میسیۆنە لە نێو کوردەکاندا .

1. میسیۆنێرەکانی ئەو میسیۆنە فرە نەتەوەی بوون بە پێچەوانەی میسیۆنی پرێسبیتێریەکانی ئەمریکای کە تەنێ کەسی ئەو تۆی تێدا بوو کە هاوڵاتێتی ئەمریکایان هەبوو .

2. میسیۆنی لوتێری ڕۆژهەڵات چالاکی یەکانی خۆی لەسەر کوردەکان جەخت کردبووەوە ئەگەر چی هەندێك لە ئاسۆریەکانیش کێشرانە نێو کارەکانی ئەو میسیۆنەوە .

بەر لە ماڵئاوای لە ئەمریکا جەنابی فۆسوم سەری لە زۆر کلیسایان دا بۆ کۆکردنەوەی باربوو لە ساڵی 1911 هاتە سابلاغ تەنیا ناوێك کە لە لایەن میسیۆنێرەکانەوە دەهاتە گۆرێ ، ناوی شارۆچکەی سابلاغ بوو کە لە خوارووی ورمێ هەڵکەوتووە ، ورمێ لە تەنیشت دەریاچەیەکەوە یە کە نزیکەی 300 کیلۆمەتر لە خوارووی تەورێزە ، لە سەروبەندی ناخۆشی و گێرە و کێشەدا وەکو ساڵی 1916 و دیسان لە ساڵی 1921 نزیکی لە تەورێز هێمنیەك بوو بۆ ئەو شتانەی بۆیان دەنێردرا ،ئەوان بە تەورێزدا تێپەرین بەڵام بۆ پێداویستی دیکە وەکو چاپ یان نەخۆشی زۆر سەخت ئەوان دەرەتانەکانی پرێسبیتێریەکانیان لە ورمێ بەکاردەهێنا بە تایبەتی نەخۆشخانەی وێستمینستر کە یەکەم بوو لە ئێران دا .

لە سەرەتاوە یەك لەو پرێنسیپانەی بۆ ڕێکخستنی چالاکیەکانی میسیۆنی لوتێری ڕۆژهەڵات داندرابوو پێداگرتن بوو لەسەر فێربوونی زمان لەوەش زیاتر ئامۆژگاری میسیۆنێرەکان کرا بوو یەکەم ساڵی بوونی خۆیان لەوێ تەرخان بکەن بۆ فێربوونی زمانی کوردی بە ڕێگەی خوێندن لە لای ئاخێوەرێکی خۆجێی نەك لای ئاسۆریەك (کە ئەمریکایە پرێسبیتێریەکان و لوتێرەکان هەمیشە بە سیریەن نێوزەدیان دەکردن) یان ئەرمەنیەك .

پێشخانی نەتەوەی هەموو چەشنەی میسیۆنێرەکان هەر کە بارودۆخی نادیاری شەڕی یەکەم جیهانی نزیك دەبووەوە زۆر جار دەبووە هۆی ئەوەی نەدەکرا هیمنی و ئاسایشی ژیانیان دەستەبەر بکرێ ،دکتور ئیدمان یەکەم کەس کە زانستی پزیشکی هەبوو و سەر بە میسیۆنەکە بوو و سویدی بوو بە ڕاگەیاندنی شەڕ لە ساڵی 1914 ناوچەکەی بەجێهێشت ، بۆ هاوڵاتیانی ئەمریکا ،بوونی کونسوڵی ڕووسیە سابلاغ ،کۆلۆنیل ئالیکساندەر ئیاس (1869-1914) کە لوتێرێکی فەنلاندی بوو جۆرێك هێمنی و ئاسایش بوو تاکو ئەوەی لە نەبەردی میاندواو دا کوژرا ماوەیەکی کورت دوای ڕاگەیاندنی شەڕی یەکەمی جیهانی(6) .

میسیۆنی کاتۆلیك جەخت لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکا بەکەلکە ئاماژەی پێبکرێت گشت میسیۆنەکان لە ماوەی ساڵاندا جۆرێك مرخ و مەیلیان سەبارەت بە کوردەکان نیشان داوە ،هەر لە ساڵی 1787 ڤاتیکان بڵاوکراوەیەکی بڵاو کردەوە کە دەکرێ بە یەکەم لێکۆڵینەوەی ڕۆژئاوای لە مەڕ زمانی کوردی دابنرێ . (7) نوسەرەکان میسیۆنێك بوو کە بۆ ماوەی بیست ساڵ لە ئامێدی لە باکوری موسڵ دەژیا.(8) لە سەدەی دواتر دا جەنابی ساموێل ئەی .ریبیا ،ئەندامێکی ئەمریکای ئەی بی سی ئێم ئێف لە ورمێ دووەم لێکۆڵینەوەی

لەسەر زمانی کوردی لە ساڵی 1856 بڵاو کردەوە ،(9) لە کاتێکدا پیتر لرخ (1857-1858) لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر زمانی کوردی کرد بە کۆکردنەوەی ووشە و ئاستە کردنی چەند چیرۆك وەکو نموونە ،ئەوانەش لەو یەخسیرانەی شەڕ وەرگرتبوو .(10) ئێل .ئۆ .فۆسۆم ،یەکەم بانگەشەدەری ئینجیل کە نوێنەرایەتی میسیۆنی لوتێری ڕۆژهەڵاتی دەکرد لە سابڵاغ ، زۆر شتی وەرگێرا یە سەر زمانی کوردی ، هەوەها ڕێزمانێکی کوردیشی ئامادە کرد و بڵاوی کردەوە .

تا ساڵانی 1920 کان مەیل و مرخ لە ئاست کوردان هەر لە زیاد بووندا بوو ، بە تایبەتی لە عێراق و تەنانەت سەرۆکێکی ئاسۆریش ئاغا پێترۆس ئێلییا کارێکی لەسەر زمانی کوردی بڵاوکردەوە.(11) میسیۆنە کاتۆلیکەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرەڕای پەیوەندی پێشووتریان لەگەڵ کوردەکان کە دەگەڕانەوە بەرایەکانی سەدەی هەژدەهەم وا پێدەچێت ئیتر هیچ مەیلێکیان بەرەو ئەوان نیشان نەدابێت چ لە بواری خوێندەوار کردن و چ لە بواری دەرمانکردن و بە رواڵەت لە بواری بانگەشەی ئاینیش دا ،چ لەورمێ یان سەڵماس ئەوان ڕووی چالاکیەکانیان لەو عیسایە ڕۆژهەڵاتیانە بوو وا لە هەرێمەکەدا دەژیان ،کە زۆربەیان ئارامی زمان بوون و تارادەیەکیش ئەرمەنی .

سازکرانی کلیسای کاتۆلیکی کلدانی لە سەدەی شازدەهەمدا ،ئاینزایەکی ڕۆژهەڵاتی بەڵام سەر بە کلیسای سوریانی – ڕۆم ،نیشانەی گەیشتنی کلیسای کاتۆلیك بەوپەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە .

کەیسی کۆنگرەگەیشنالیستەکانیش هەروا بوو پرێسبیتێریەکان و مێتۆدیستەکان کە بە دوای کاتۆلیکەکاندا هاتن ،ترسی قانوونی لەدین وەرگەڕان لە ئیسلامدا ، ڕێگەی لێدەگرتن ڕاستەوخۆ خزمەت بە دەستە یان تاکە موسوڵمانەکان بکەن .(12) لە نامەو پەیوەندیەکانی میسیۆنێری دا ،ترسی قانوونی لە دین وەرگەڕان بە دوو ڕێگە دا خۆ دەنوێنێت :

1 -ترس لەسزای مەرگ کە بەسەر کەسێکدا دەدرێت کە لە دینی ئیسلام وەرگەڕابێت .

2 -سزادان بەپێی قانوونی کفر کردن لە ئیسلامدا ، بۆ هەر کەسێك شان بداتە بەر لە دین وەرگەڕانی موسوڵمانان و هێنانیان بۆ نێو دینێکی دیکە .

ئەوە بەشێکە لە هۆی ئەوەی میسیۆنەکان جەختیان کردۆتەوە لەسەر عیسایە خۆجێیەکان وەکو ئاسۆریەکان یان ئەرمەنیەکان و جولەکەکان میسۆنێرە پرۆتێستانتەکان بەلانی کەمەوە هیوایان بەوە بوو ئەو خولکە خۆجێیانە دەبنە هۆکاری دین گۆرینی موسوڵمانەکانی دەوروبەری خۆیان و لەوانەیە دەرەتانی سزادانی هەر میسیۆنێرێکی بێگانە بە ئاشکرا لەبەر پێشێلکردنی قانوونی شەریعەت زۆر دوورە دەست بووبێ بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی قانوونە خۆجێیەکان تا تێوسووران بەرەو سەدەی بیستەم لەسەر ڕۆژئاوایەکان بڕیان نەدەکردو کەس بۆی نەبوو توخنی بێگانان بکەوێت .(13) ئەو میسیۆنێرانەی لە لایەن کوردەکانەوە کوژران بە ڕێگەی کوشتنی ناقانوونیەوە مردن چ لەئێران یان دواتر لە مێزۆپۆتامیا .(14) ئەوە هەر هەمان شێوەیە کە لە کۆماری ئیسلامی ئێرانیش دا لە ساڵی 1979 وە دەبیندرێ لە لایەکی دیکەوە بۆ کەسێك لە ئیسلام وەرگەڕابێت و چوبێتە سەر دینێکی دیکە ، زۆر جار سزای قانوونی بەڕێوە دەچوو ، یەکەم کوردی لەورمێ لەسێدارە درا لەبەر تاوانکاری لە دین وەرگەڕان ،لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا ئەو سزایەی بە نسیب بوو ، یەکەم کوردێکی کە لەدینی ئیسلامی وەرگەڕانی ئاستە کرابێ و بووبێ بە عیسایی بە گشتی وا دادەنرێ لە ساڵی 1894 لە سنە لەسەر دەستی ئاسۆریەك کرابێ بە عیسای (15) چ بووە هۆی ئەوەی ئەوروپایەکان یان ئەمریکایەکان جەخت لەسەر کوردان بکەن ؟
چەندین هۆکاری کە بە ڕوونی لە دنەی زانیاری دڵپاکانە بەڵام بەرتەنگ دەکەوتنەوە لە کۆڕێدا بوون کە دوانیان دەکرێ زەق

بکرێنەوە یەکەم ،ئەو باوەڕەی کە کوردەکان بە شێوەی سەرەکی موسوڵمانی سونیە و کەمتر گوێیان بە شاپەو گاپەی مەلا شیعەکان دەبزوێ کە بۆ خۆیان هێزێك بوون لە ورمێ ،تەورێز و نێوەندەکانی دیکە دا بە پشتیوانی ئەو دنە و ئەنگیزەیە لۆتێرەکان لە ماوەی سالانی 1920 هەولیان دا بۆ هێنانە سەر دینی عیسای عەلی ئەلاهیە کورد زمانەکان لە دەورو بەری کرماشان ،دووەم بە ئاگاداربوون لە ڕاوەدوونانی عیسایە خۆجێیەکان لە لایەن موسوڵمانە کوردەکانەوە بۆ ماوەی نزیك بە سەدەیەك بە تایبەتی لە دوای ئەوەی لە سلانی 1896 - 1895 یەکەکانی کوردی سوارەی حەمیدیە بەکارهێندران بۆ کوشتار و تێکدانی بەشە ڕۆژهەلاتیەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ،هیوا ئەوە بوو بە خزمەتکردنی ڕاستەوڕاست بە کوردەکان ئەوان بۆ چوونی خۆیان لە ئاست عیسایەکان باشتربکەن و بەو شێوەیە پێش بە تالان و کوشتاری کە ناوە ناوە دەقەوما بگیرێ .

هیچ کام لەو ئامانجە لەسەر بنەمای ڕاستی هەلنەنرابوون لە نموونەیەکدا کاتێك وێدەچوو میسیۆنێرەکان بە کۆمەڵ خەڵکیان لە دین وەرگەڕاندبێ و کردبیانە عیسای (لە نێو یەزیدیەکانی ناوچەی مووسڵ لە سالی 1888 ) لەشکری هاوبەشی تورك/کورد گەیشتنەجێ و ئەو کسانەی کە دینی خۆیان گۆڕی بوو نەك هەر ئەوەی داوایان لێکرا لە عیسایەتی پاشگەزببنەوە ،بەڵکو باوەش لە ئیسلام وەرێنن و ببنە موسوڵمان (16 ) میسیۆنی لوتێری لە سابلاغ سەرەڕای بەردەوامی خۆشبینی لە ماوەیەکی کورت لە دامەزراندنی خۆی لە وێندەرێ دوو لە سەرۆکەکانی کە پیاو بوون بوونە قوربانی ڕەشە کوژی ،یەکێکیان لە سالی 1907 ،ئەوی دیکەیان لە سالی 1921 دا ئەوان قەت بە زەینیشیان دا ڕانەدەبرد و باوەڕیان نەدەکرد کوردەکانی خۆجێی کاری ئەوتۆ بکەن چونکە نەیاندەتوانی باوەڕ بکەن چاکەیان بۆ کۆمەڵگەی ناوچەی پێی نەزاندرێ لە هیچ کوێ بەرچاو ناکەوێ پێیان وابووبێ ئەو کوشتنانە لەبەر هۆی دینی بووبێ ، ئەگەر چی بە ڕێژە لوتێرەکان لە چاو پرێسبیتێرەکان ئەندامێکی زیاتریان بوونە قوربانی ڕەشە کوژی ،پرێسبیتێرەکان دوو کەسیان لەدەست دا (لەسالی 1905 و 1911 ) ئەگەر چی ژمارەی ئەندامانیان لە ورمێ لە نێو تورکەکان و ئاسۆریەکاندا زۆر لە لۆتیریەکان زیاتر بوو ئەوە دژوار نی یە ئەو قوربانیەی لۆتێرکان دایان ڕاستەوڕاست ببەسترێتەوە بە ئامانجی ئەوان بۆ بە مەسیحی کردنی کوردە موسوڵمانەکان (تێبینی وەرگێر :ئەو ئیدیعایەی نووسەر چ پاساوی بۆ نی یە چونکە یای ئاگوستا گودهارت یەك لە ئەندامانی میسیۆنی لوتێری دەڵێ کە هاوکارە فەرەنسیەکەیان لە سابلاغ لە کاتی هاتنی هێزی سمکۆ بۆ ئەوەی لە سالی 1921 بە هەڵە کوژراوە و ئەوە بە پێچەوانەوە قسەی نووسەرە ) .

ئەو بێز و قێزە گشتیە لە ئاست عیسایەکان بە گشتی و لە ئاست میسیۆنێرەکان بە تایبەتی ،کە دەکرێ شوێن بکا لەسەر تێگەیشتنی سەروبەندێکی گرنگ کە تەقریبەن نزیکەی سێ سالان فێرگە میسیۆنێریەکان لە سابلاغ گیرایان بۆ بەرەو پێشبردنی کولتوری کوردی (لەوانە چاپەمەنی وەرزی) ،پەروەردە و سەرەتای کەش وهەوایەك کە پشتیوانی کرد لەسەر هەڵهێنانی یەکەم ناسیۆنالیزمی خوێندەوار و ڕووناکبیری کورد لە شکلی کۆماری مهاباد دا (1946-1945) ئامانجەکانی میسیۆنێری و چاپی ڕۆژنامە .

یەکانگیری لەگەڵ ئامانجی بلاوکردنەوەی مەسیحیەت ،میسیۆنێرەکان بلاوکردنەوەی خوێندەواریان بە پێویست دەزانی – تەنێ هەر بە قسەو لە عیبادەت و پاڕانەوە دانا بەڵکو بە ووشەی نووسراویش بۆ ئەوەی لەلایەن ئەوانەی هاتوونەتە سەر دینی مەسیح بخوێنرێتەوە بۆیە چ لە نێو ئاسۆریەکان یان لە نێو کوردەکان دا بۆیان گرنگ بوو شان بدەنە بەر ئەوەی زمانە خۆجیەکان بهێندرێنە سەر کاغەز و بنوسرێن ،ئەنستیتوو یان خوێندنگە دابمەزرێندرێن ،چاپخانە و

ئەگەریش هەڵسووڕێ ڕۆژنامەیەك دەركەوێ نەك تەنێ هەر لە ئێران یان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڵكو بۆ هەر جێیەكی ئەمریكایەكان دەچوون بە تایبەتی پرۆتێستانتەكان و میسیۆنێرەكان ،خەڵكیان فێری خوێندەواری دەكرد زۆر جاری وا هەبوو بۆ یەكەم جار سیستمی ڕێنووسیان بۆ زمانێكی خۆجێی بەكار دەهێنا ،زۆر جار بۆ زمان و زاراوەی ئەو تۆ كە لە باری جوگرافیایەوە دووره دەست بوون وەكو كرمانجی ،یان تەنانەت سۆرانیش ،یەكەم كاری كەبە سۆرانی چاپ كرا هەر چوار بەشەكانی ئینجیل بوو كە تیایاندا هەر كام لە چوار شاگردەكانی مسیح باسی ژیانامە و كارەكانی دەكەن .

كۆمەڵەی ئەمریكای ئینجیل لە ڕاستیدا بە تایبەتی پرۆفیسۆرێكی ئاسۆری زانكۆی كۆلۆمبیا ،ئابراهام یوهاننانی(1925-1853) ڕاسپاردوو یارمەتی بكا بە ئامادەكردنی یەكەم ئینجیل بە زمانی سوریانی لە ساڵی 1893 هەندێك لە كەرەستە عیساییە كوردیەكانی هەرە بەرای لە پای بوونی لوتێریەكان لە سابلاغ پەیدا بوون باوكی ڕۆحانی دێتویگ فان ئۆرێتزن وەرگێرەكەی خۆی لە كتێبی دووهەمی وەكو ماركۆس ئێڤانگێلیۆم بە كوردی موكریانی لە ساڵی 1909 دا چاپ كرد (17) و دكتۆر فۆسوم هەر چوار ئینجیلەكانی لە ساڵی 1919 بە ناوی ئینجیلی موقەدەس چاپ كرد ،ئەویش هەر بە دیالێكتی موكریانی سابلاغ بوو .

ئەندامانی میسیۆنی لوتێری ،سەرەڕای ئەو چەت و تەنگەبەریانەی دەهاتە سەریان لەبەر باروودۆخی نائارامی ،لەسەر هەوڵ تێكۆشانی خۆیان بەردەوام بوون بۆ وەدیهێنانی ئامانجیان بۆ دابین كردنی دەرەتانی پەروەردەو بارهێنان ،ئەوان فێرگەیان دامەزراند ،هەتیوخانەیەكیان ساز كرد هەروەها خزمەتی دەرمانیشیان پێشكەش دەكرد و لەو بارەیەوە ئەمریكایەكان بۆ ورمێ و هەموو ئێران زۆر پێویست بوون و جێیان پڕ نەدەكراوە (18) لوتێریەكان پلانی خزمەتی دەرمانی و پزیشكیان بۆ كوردەكان و دەستە بچوكەكانی دیكەی ئێتنیكی لە سابلاغ و دەوروبەری داڕشت و تا چەند ساڵ بە سەركەوتوویەوە درێژەیان پێدا .

میسیۆنی لوتێری لە سابلاغ لەسەر و بەندی جۆر بە جۆردا ،لە پزیشك ،هەر نەبێ نەخۆشەوانێكی ژن و هەمیشە پێرسۆنێلی دینی پێك هاتبوو لە ناو ئەو كەشیشانەدا كەبۆ ماوەی هەرە درێژ لە سابلاغ خزمەتی كرد لودڤیگ ئولسەن فۆسوم بوو ، كە لەگەڵ ژنەكەی و كچە بچكۆلەكەی هاتنە ئەوێ ،دواتر بنەماڵەی فۆسوم گەڕانەوە بۆ دەوڵەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا بەڵام خوشكەكەی كە نەخۆشەوان بوو لەگەڵ میسیۆنەكە كەوت ،هەموو میسیۆنێرەكان بە شێوەیەك لە شێوەكان تووشی "تا" دەهاتن ،زۆرتر مالاریاكە تا ساڵانی 1950كانیش لە هەرێمەكەدا بلاو بوو (19) . فۆسوم بێجگە لە سوریانی بەو جۆرەی لە بەڵگەی نووسراو دا ئارامی نوێی ئاسۆری نێوزەد دەكرێ ،ئەوەندەش فێری كوردی خۆجێی بوو كە تا ساڵی 1912 دوعا و پارانەوەكانی ڕەبانی وەكو یەكەم كاری خۆی وەرگێری وەرگێرانی سروودی نەبەردی ڕیفۆرماسیۆن بە كوردی لەلایەن فۆسومەوە ،(سێ بەند) ،یەكەم (ڕەنگە تاقە وەرگێڕان) وەرگێرانی كوردی قەڵای مەزن خودای بانی سەری ئێمەیە (ئی مارتین لوتێر) بە بۆنەی چوار سەدەمین ساڵی ڕیفۆرماسیۆنی پرۆتێستانتەوە بڵاو بووەوە (20) باوكی ڕۆحانی فۆسوم لە كاتێكدا وەك كۆئۆردیناتۆری یارمەتی پێگەیاندنی ڕۆژهەڵاتی نزیك لە ئیروان ،ئەرمەنستان خزمەتی دەكرد لە ساڵی 1920 لەوێ نەخۆش كەوت و سەری نایەوە ئەو لەدوای ئەوەی لە فێوریەی 1916 سابلاغی بەجێ هێشتبوو هەمیشە هەوڵی دەدا بگەڕێتەوە ئەوێ .

لە ماوەی ساڵانی شەڕدا ،فۆسوم زۆری هەڵدا بۆ كۆكردنەوەی یارمەتی بۆ كوردەكان و بەوە زۆر زویر بوو بانگەوازەكانی گوێی نەدەدرایە و چاپەمەنیەكانی عیسای ئەمریكای تەنێ بانگەشەیان دەكرد بۆ یارمەتی كۆكردنەوە بۆ ئەرمەنیەكان و ئاسۆریەكان ،فۆسوم بۆ كۆمەڵەی لوتێری لە دەوڵەتە



یەکگرتووەکانی ئەمریکای نووسی "ئەو هەموو کوشت و کوشتارەی لە ئەرمەنیەکان کراوە و ئەو هەموو بەڵایەی شەڕ بەسەری هێناون ،هەر ئاواشی بەسەر کوردەکان هێناوە ،تەنێ کەمێك دواتر" فۆسوم بۆ پتەوکردنی بانگەوازەکانی خۆی بۆ بەفریا کەوتنی کوردان ،باسی نامەیەکی کرد کە لەلایەن دکتور ئالەن ڕا بە دەستی گەیشتبوو ،دکتور ئالەن میسیۆنێرێکی پرێسبیێریەن بوو لە ورمێ لە لایەن ڕووسەکانەوە کە دەسەڵاتی عەسکەری بوون لەو ناوچەیەدا (لە ساڵی 1911تا1917) ،مۆڵەتی درابوویە سەری سابڵاغ بدا ،دکتۆر ئالەن لە نامەیەکدا نووسیبووی "من لە سابڵاغ بووم بە چاوی خۆم چارە ڕەشی و داماوی کوردەکانم بینی ..... بە هەزاران ڕەش و ڕوت لەسەر جادەکان خەریکی سواڵن هەموو جۆرە نەخۆشیەك ئەوێی داگیر کردبوو " قات و قری هەندێك شوێنی داگرتووە لەبەر شەڕی نێوان هێزی ڕووسان و عوسمانی و کوردەکان بە شێوەیەکی سەرەکی لەگەڵ عوسمانیەکان کەوتوون

ووشکە ساڵی بەرهەمی گەنمی خەسار کردووە ،مادەی خۆراکی دیکەش ،ئەگەرچی بەش دەکات ،بەڵام لەبەر تێکچونی ژیانی لادێ و ئەمین نەبوونی ڕێگەوبان نەگەیشتووەتە جێ ،دکتۆر ئالەن لە نامەیەکدا پشتڕاستی دەکاتەوە لەو 40000 کوردەی لەناو شارۆچکەکەدان 75% ژنی پیر ،بێوەژنی گەنج و هەتیوون وە 25%کەی تریش پیاوی پیر و پەککەوتوون (21) ژمارەی دانیشتوانی شارۆچکەکە لە ساڵی 1910 بە 10000 تا 15000 کەس دادەندرا بەڵام لەبەر تێوەهاتنی پەنابەران لە دەرەوەی شاریەوە هەڵمسابوو لەوانە لە گوندە ئەرمەنیەکانیشەوە .

بەفریا کەوتنی ڕۆژهەڵاتی نزیك ،کە لە بناوانە بە ئامانجی یارمەتی ڕاستەو ڕاست بە ئەرمەنیەکان و "سوریانیەکان" دامەزرا بوو دواتر دەستی کرد بە یارمەتی ناوچەی ،واتە لە یۆنان تورکیا ،سوریا ،مێزۆپۆتامیا و ئێران(22) .

بڵاوکراوە بەرایە کوردیەکان لە ئێران بڵاوکردنەوە بە هەر زمانێك پێویستی بە دوو هۆکار هەیە ،جەماوەرێك کە بیخوێنەوە و ئامرازی ئەوە بە تایبەتی لەسەر وەرزنامە و ڕۆژنامان زۆر ڕاسترە ،چونکە زیاتر لە کتێب مەبەستیان بڵاوکردنەوەی دەنگوباس بوو لە بەراییەکانی سەدەی بیستەمدا ،چ وەرزنامە بێ یان کتێب ،خوێندەوار بە دەنگی بڵند ئەوان بۆ نەخوێندەوار یان نیوە خوێندەواران دەخوێنێتەوە ، هەروەها بۆ ئەو کەسانەی کە بۆ خۆیان خاوەن کتێب نەبوون یان ڕۆژنامەیان ئابوونە نەکردبوو (23) ،چاپەمەنی ئاسۆری ئەو سەروبەندی دەنگوباسی لە گۆشەوکەناری ئێرانەوە باس دەکرد بە تایبەتی لە تەورێز و تاران و بەشە جیاوازەکانی جیهانەوە و دەنگوباسی ناوچەی سەبارەت بە کۆمەڵگەکە خۆی سەبارەت بە ڕۆژنامەی کوردی ،گرنگە هەڵکەوتنی مێژوویمان لەبەر چاو بێت بۆ ئەوەی دیمەنێکی ڕوونمان بێتە بەرچاو کە چۆن سێ بڵاوکراوە بە زمانی کوردی ئاستە کراون کە دەرکەوتوون بەڵام تا ئێستا تەنیا یەکێکیان دۆزراوەتەوە .

بەر لە هەموو شت ، پێویستە ئەو تەم و ئاڵۆزیە بڕەوێنینەوە کە سەبارەت بە بڵاوکراوەیەکی مێسیۆنی لوتێری ڕۆژهەڵات هەیە بە ناوی کوردستان میشینێری ،ئەو بڵاو کراوەیە نابێ لەگەڵ ئەو بڵاوکراوانەی وا بەزمانی کوردی لە باکووری ڕۆژئاوای ئێران دەرچوون تێکەڵ بکرێ ،کوردستان میشینێری

گۆڤارێك بوو لە دەوڵەتە یەكگرتووەكان پەیتا پەیتا بڵاو دەبووەوە لە شیكاگۆ دەستیپێكرد دوای لە دیترۆیت ،مانسفیلد (ئۆهایۆ) ،میناپۆلیس و كۆلۆمبووس(ئۆهایۆ) بەردەوام بوو ئەو گۆڤارە مانگانە بوو و لەساڵی 1910 تا ساڵی 1928 بە زمانی ئینگلیسی دەردەكەوت ئەوە یەكەم بڵاوكراوەیە بە زمانێكی نا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ووشەی (كوردستان) ی لە ناوەكەی بەكار كردبێت ، هەر لەبەر ئەو ووشەیەش بێ ئەو گۆڤارە دەبێ سەرنجی بدرێتە سەری ،كوردستان میشینێری وەكو سەفەرنامەی میسیۆنێری ،یارمەتی كرد بە ئاگاداركردنی ئەوروپاییەكان و ئەمریكاییەكان كە كوردەكان كێن (24) ئەوە لە درێژخایەندا لەوانەیە یاریدەیەكی سەرەكی بووبێ بۆ ووروژانی سەمپاتی و ئاگاداری سەبارەت بە كورد لە ئەوروپا و دەوڵەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا دا .

لە ساڵی 1917 وە سەرنووسەری گۆڤارەكە مۆنس ئۆلسۆن وی (1871-1942) بوو ،وی پرۆفیسۆرێكی نورویژی بوو لە یەكێك لە كۆلیجەكانی سەنت پاولی لوتێری دا ئەو لایەنگرێكی بە گوری هاوگێنیسم بوو ،جولا نوەیەكی ژیانەوەی كۆمەلایەتی-سیاسی كە ڕیشەی دەگەڕایەوە بۆ سەدەی نۆزدەیەمی نۆروێژ.

مۆنس و ئێن .ئێچ .لۆر ،سەرۆكی میسیۆنی لوتێری ڕۆژهەلات ،لایەنگری گەرم و گوڕیان كرد بۆ بەفریا كەوتن و یارمەتی دان بەكوردان لەبەر خەمساردی بەردەوامی ئەمریكا بۆ دان پێدانان و ناسینی كاری بەفریا كەوتن بۆ دابین كردنی پێداویستیەكانی موسوڵمانان ،بەتایبەتی كە نیوەی كوردانیش هاتنە گۆڕی لەمەڕ ئەوەی بەشداریەكی بەرچاویان هەبوو لە هێرش بۆ سەر عیسایە خۆجێیەكان دا (25) گۆڤاری كوردستان میشنێری یارمەتی دا بە بانگەشە كردن بۆ میسیۆنی كوردان و ڕاكێشانی پشتیوانی بۆ كارەكانی ، زیاتر بە ڕێگای پێداگرتن لەسەر پشتگرتن و یارمەتی دانی میسیۆنێرەكان بە تایبەتی و لە كۆبوونەوەی عیبادەت و پارانەوە دا هەوڵی دەدا باربوویان بۆ كۆ بكرێتەوە و خەرجی سەفەریان دابین بكرێ بۆ نموونە یای ئاگووستا گودهارت كە نەخۆشەوانێكی پرۆفێسۆناڵ و بە ڕەچەڵەك ئەڵمانیەكی پۆلەندی بوو {تێبینی وەرگێر :نووسەر هەڵەی كردووە ئاگووستا گودهارت بە ڕەچەڵەك خەڵكی یەكێك لە وولاتانی بالتیك بووە ،لەوێوە چووە بۆ ئەمریكا و لە ئەمریكاوە هاتووە بۆ سابلاغ ،بەڕێز دكتور ئەمیری حسەنپوور لە 12ی ژووەنی 1977 لە فیلادێلفیا دیداری لە یاگوستا گودهارت كردووە كە ئەوكاتە لە نێوان 90-100تەمەنی بووە ،ئەو چاوپێكەوتنە لەسەر كاسێتی دەنگ ئاستە كراوە .

میس گودهارت ،لە نێو كۆنە سابلاغیان دا بە میس كوتات خانم مشهوورە} ، لە كلیسای فیلادێلفیا ئیجازەی وەرگرتبوو ئەو كلیسایە خەرجی سەفەر و بەڕێوە چوونی وە ئەستۆی خۆی گرت ، لەهەمان كاتدا كۆمەڵی عیبادەتكاران لەو كلیسایە ئامادەی خۆیان نیشان دا بۆ یارمەتی بە كوردەكان لە سابلاغ (26) هەروەها میسیۆنی لوتێری ڕۆژهەلات موافەقەتی كرد قەرزێك بدا بەوانەی خەرجی هەڵسورانی كاروباری كلیسایان بە ئەستۆوە گرتبوو بۆ پشتگرتنی باوكی روحانی جۆرج باچیمۆن و هاوسەرەكەی (خەڵكی ئالزاس بوو) ئەو دەمە لە هێرمانسبورگ لە ئەلمانیا دەژیان ،ئەو كۆمەڵگە لوتێریە چالاكە پشتیوانی دەكرد هەم میسیۆنەكانی نێو كوردەكان و هەم نێو ئاسۆریەكانیش بەلام لە ساڵی 1920 دا نەیتوانی ئەو خەرجانەدابین بكا " لەبەر ئەوەی شەڕ بەسەر زەوی هێنابوو" میسیۆنێریەكان بە ڕێگەی ئەو گۆڤارە دا .

كە تەرخان كرابوو بۆ كوردەكان لە مەیدانی چالاكیەكانیانەوە دەیانتوانی زانیاری خۆیان بلاو بكەنەوە لەمەڕ پێشكەوتنی هەوڵەكانی خۆیان بۆ بانگەشەی ئامۆژگاریەكانی عیسای مەسیح لە نێو كوردەكان دا ،هەر بە شێوەی میسیۆنێرەكانی ئەو سەردەمە لە هەموو بەشەكانی جیهان دا ، میسیۆنێرەكانی

ئەو سەوبەندی وەکو تێکڵاوێك لە ڕێکخراوە ناحکومیەکان و ڕۆژنامەنووسانی هەنووکە دەجوولانەوە زۆر جار ئەوان تەنیا چاو گوێ بوون لە بەشە دووره دەستەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ،چین ،هیندووستان و ئەفریقا دا و زانیارییان دەدا بە چین و تویژی مامناوەندی و سەرەوەی ئەمریکا سەبارەت بەو ، ڕووداوانەی لە شوێن و جێگەی دوور دەقەومان لەبەر ئەوەی بلاوکراوە و ڕۆژنامە عیسایيیە گشتیەکان بۆ نموونە وەکو کریستیان هێراڵد ،لە ماوەی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا بە هەراوی لە ناو ئەمریکادا بلاو دەبوونەوە بەرکەبەری لەگەڵ بلاوکراوەی نامەزهەبی ،سەرنجدانە سەر کوردەکان لەم بەشەی چاپەمەنی دا یارمەتی کردە باس و خواسی لەمەڕ کوردان باش بلاوبێتەوە ،لەوەش دەرچێ ،ڕێبەرانی نەتەوەیی وەکو جان رالیگ مۆت (1865-1955) بەرەوەی خەلاتی ئاشتی نۆبێلی (1946) دەورێکی سەرەکیان گێڕا لە پەیوەندی نێوان حکومەتەکانی ڕۆژئاوای و هەولەکانی میسیۆنێرەکان ،لەوانە ئەوانەش وا لە ڕۆژهەلاتی نزیك کاریان دەکرد بۆیە لە کوردستان میشنێری دا زۆر بە چاکە باسی ئەوە دەکرا لە ڕاستیدا جان رالیگ مۆت ڕەنگە ئەو کەسە بووبێ کە ئەودەمە هەژماری تەخمینی کوردەکانی لەسەرتاسەری جیهاندا بە 3.500.000 دا نابێ .

کوردستان میشنێری لە نێو کولیجەکان،کلێساکان تاك و تەرا بلاو دەبووەوە بۆ هەلسوڕانی کاروبار و خەرجی و تێچووی خۆی پشتی بە یارمەتی ئەوانە دەبەست ئابوونەی بوون ،ژمارە مانگانەکانی لە کاتی خۆیدا دەردەچوون ، ئەگەر هاتبا دەنگوباسی کوردستان لە تەنگەی دابا ،ئیدیتۆری گۆڤارەکە ئەو کەمایەسییەی بە ووتاری لەمەڕ ئیسلام ،قورئان و هەندێك لایەنی ژیانی موسولمانان تێهەڵدەهێناوە هەروەها بە چاپکردنەوی ووتاری کە لە بلاوکراوەی دیکەی عیسای (پرۆتێستانت) دا بلاو ببوونەوە ،نەك لە ئێران یان ڕۆژهەلاتی نزیك ،بەڵکو لە ئەفریقا هیندووستان یان چین .

سەرنجدانی تایبەتی و سەرەکی لە ڕۆژهەلاتی نزیك دا بۆ سەر هەرچیەکی کە کوردی با زۆر چاوڕاکێشە ،تەنانەت دوای سالی 1916 ش ،کە ئەندامانی مێسیۆنی لوتێری کوردی نەیانتوانی بگەڕێنەوە سابلاغ ئەوان کە ڕێگەیان لێگیرابوو ناچار بوون کار بکەن بۆ بەفریاکەوتنی ڕۆژهەلاتی نزیك لە هەموو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دا لە نێو ئەرمەنیەکان لە ئێرەوان ،ئاسۆریەکان لە تەورێز یان هەمەدان و تەنانەت لە بەغدا .

کوردستانی میشنێری سەرچاوەیەکی یەکجار بە کەلکی زانیاریە سەبارەت بە ڕووداوەکان لە سابلاغ و شارۆچکەکانی دەورووبەری ،لە ماوەی شەڕی جیهانی یەکەمدا ،دەست ڕاگەیشتنی ئەوان بە مەکۆی سەرەکیان و گشت ئەو شوێنەی کە ئێستا بووە بە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا ،پێشی پێگیرا لەبەر شەڕی نێوان قازاخان و ژەندرمەری دوا بە دوای شۆڕشی مەشرووتییەتی (دەستووری) ئێران و هەلوەشانی نەزم و هێمنی ،ئەو وێنانەی بەر لە شەڕی جیهانی یەکەم لە کوردستان میشنێری دا چاپ بوون ،هەر کاتێك فۆسوم پێیکرابا سەری تەورێز بدا بۆ بەدەست خستنی زینکی زیاتری فۆتۆگرافی ، ڕەنگە لە باشترین و کۆنترین وێنەکانی سابلاغ بن ،ئەو نەخشانەش کە فۆسوم هەولی دەدا لە هەرێمە کوردیەکانی بکێشێتەوە بە کەلکن ،ئەو گۆڤارە ئەمریکاییە بەردەوام بوو لەسەر بلاوکردنەوەی هەر زانیاریەکی کە توانیان پەیدایبکا پێیداگرت"کلیسای لوتێری ئەمریکا بە گشتی خەون و ئاواتمان وەدی دەهێنێ :کوردستان بۆ عیسای مەسیح."(27)

کوردستان میشنێری ئەگەرچی هەتا بلێی سەرچاوەیەکی بە کەلکە بە تایبەتی لەبەر ئەوەی کە زۆربەی ژمارەکانی لەبەر دەست دان ،بەلام نموونەی نووسینی بە زمانی کوردی زۆر زۆر کەم تێدایە ،دەستاوێژ و کەمی ناوی کوردی تێیدا زۆر چاوڕاکێشە ،فۆسوم کامێرایەکی بە دەستەوە دەگرت و زۆری وێنەی مندالانی کورد و دەستەی پیاوانی کوردی دەکێشا ،کە زۆربەی ئەوانە لە لاپەڕەکانی کوردستان میشنێری دا

دەرکەوتوون ،پێدەچێت پەیوەندی لەگەڵ تاك و تەرای کورد جار و بار بووبێت ،کەسێکی سەرەکی کە زۆر جار و بە بەردەوامی ئاماژەی پێکراوە سمایلاغای سمکۆیە(لە ساڵی 1929دا کووژرا) {تێبینی وەرگێڕ: نووسەر هەڵەی کردووە سمکۆ لە 21ی ژووەنی 1930 دا کووژراوە} کە نزیکەی بیست ساڵ بە میلیشیای عەشیرەتی ڕۆژئاوای ئازەربایجانی کردبووە گۆڕەپانی لێدە و بڕۆی خۆی ،هێرشی دەکردە سەر کوردە هاوکوفەکانی ، تورکەکان بە تایبەتی دێیە ئاسۆریەکان و تالانی دەکردن {تێبینی وەرگێر: لێرەدا نووسەر بە پێی سۆزی ئیتنیکی داوەری کردووە وهیچ خۆی لە هۆی پێکهەڵپڕژێنەکانی سمکۆ و لایەنەکانی دیکە نادا} کوردی جۆر بە جۆری دیکەی وا لە کوردستان میشنێری دا باسیان لێوە کراوە ،پیاو ماقووڵانی ناوچە و ژنەکانیانن ،هەروەها مستەفا قازی کە خوێندەوارێکی بەشی پزیشکی بووە لە زانکۆی نەخۆشخانەی حەیدەر پاشای ئەستەمبووڵ و کوڕی پیاوماقووڵێکی ناوچەکە بووە {تێبینی وەرگێر : مستەفای شەوقی قازیزادە (دکتور مستەفای قازی دواتر) کوڕی قازی لەتیف و ئامۆزای باوکی قازی محمد بووە ،لە تورکیا خوێندنی پزیشکی تەواو کردووە بە پێی نووسراوەکانی کوردستان میشنێری پەیوەندیەکی نزیکی لەگەڵ میسیۆنێرەکان هەبووە ، دوای تەوا کردنی خوێندن چەند جارێك هاتۆتەوە سابلاغ ،بەلام دوای چۆتەوە بۆ تورکیا .
لە سالانی دوایی ژیانی تا ئێستا ئاگادارییەکی سەرەکی ئەوتۆ بە دەستەوە نییە } .


گشت کەسانی دیکەی خۆجێی کە ئاماژەیان پێکراوە ،بریتین لە جوولەکەکان ،ئەرمەنیەکان و پێرسۆنێلی دیپلۆماتێك بە شێوەیەکی سەرەکی ڕووسەکان دستەیەك کە لە کوردستان میسنێری لە سابلاغ باسیان کراوە وباش نەناسێندراون "مووسڵی" یەکانن کە پێدەچێت تاجر بووبن ،ڕەنگە کلدانی کاتۆلیك بووبن و بۆیە بەشێك نەبووبن لە دەستەی پرۆتێستانت لە کاتی پاڕانەوە دا .

بە تایبەتی بنەماڵەی میرزا شەمۆییل یارمەتیدەری لوتێرەکان بوون جوولەکەی عیسایی ! (ئارامی زمان) کە لەگەڵ میسیۆنێرەکان کەوتن کاتێك ئەوان لە سابلاغ ڕایان کرد پێکێشیان دەکرد هۆی سەرەکی چوونیان ئەوەیە لە برسان نەمرن ،نەك لە ترسی هێرش بۆ سەر کرانیان ،کاتێك میرزا شەموییل مامۆستای زمانی کوردی باوکی ڕوحانی فان ئورتزێن و وەرگێڕی فۆسوم ،تەقەی لێکرا و کوژرا (1915) میسیۆن بەلێنی دا ئاگاداری لە ژنەکەی ،جەواهیر و 4 مندالەکانی بکا (28) ڕێی تێدەچێ میرزا شەمۆییل مامۆستای کوردی فۆسوم بووبێ ،هەر وەك زانای ئاسۆری میرزا مارفی خان کەرەم (1862-1943) کە لە تەورێز مامۆستای زمانی کوردی ئەو لوتێرییانە بوو لەوێ دەگیرسانەوە و لەوێوە بەرەو سابلاغ دەچوون (29) ناو هێنان و ئاماژەی بەرتەنگ بە تاك و تەرای کورد لە کوردستان میشینێری دا بە مانای هەبوونی پێشداوەری و دەمارگرژی نی یە .

تەنانەت دوای کووژرانی باوکی روحانی ئیمانوێلدامان (1907) (30) کە کوردستانێکی بە ناوبانگ بوو،باوکی روحانی جۆرج باچیمۆن (1921) ئیدیتۆرانی کوردستان میشنێری ،دەستیان دەگێرایەوە لەوەی کوردەکان تاوانبار بکەن ،لە جیاتیان دیان پرسی "گەلۆ دەکرێ ئێمە سێ میلیۆن و نیو کورد تاوانبار بکەین بەو کوشتنە ؟"(31) ئەرگەچی ئەوان دەنووسن کە کوشتنی دووەم بۆیە قەوماوە کە ئەو قوربانی یە فرانسیە"زۆر وە ئەرمەنیەك چووە" ئەوان تەنانەت خەتای ئەو تاوانە کە بەهۆی دینی کرا دەخەنە سەر ئەستۆی تاکوتەرای کوردی کە خەڵکە ناوچەکە نەبوون وەك سمکۆی عشیرەتی شکاك (32)

# کاریگەری سەتەلایت لەسەر پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان

## تەوێڵە بەنموونە



عادل شاسواری

**بەشی دووەم**

**پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان**

**یەکەم : شوناسی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان**

پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئەو پەیوەندیەیە کە دروست دەبێت لەنێوان دوو کەس یان زیاتر یان زیاتر لەچەند کەس وەك لە نێوان کۆمەڵەیەكو تردا ,خۆی ئاشکرایە کە پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە چەند دەمەتەقێیەکی سەرەتاییەوە دەبێتە پەیوەندییەکی تۆکمەو ڕێزلێگیراو , وەکو پەیوەندییەکانی فرۆشیار بەرکیارەوە یان قوتابی لەگەڵ مامۆستاکەی..هتد) .

پابەندی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان پتر یان زیاتر لەم سێ خاڵەدایە:

1- بونی کاریگەری کۆمەڵگا کە تا چەند تاکە کەس سەرقاڵ ڕووی تێدەکات لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا.

2- بونی کۆمەڵێ ڕەمزی رەوشتی یان ووتەی وەیا زمانی کە بە بەردەوامی دەبەخشێ بەپەیوەندییەکۆمەڵایەتییەکان.

3- بونی ئامانج واتە ئامانجت لەو پەیوەندیەدا چی بێت, کە ئەگەر مرۆڤ ئامانجێك بەدی نەکات پەیوەندییەکی خۆویستانە بەدی نایەت.

کە لەم خاڵو ووتانەی سەرەوە دەگەینە ئەوەی کە بڵێین پەیوەندی کۆمەلایەتی پەیوەست بوونی کەسەبەکۆمەڵەوە یان بەتاکەوە واتە تاکەکەس بێت یان کۆمەڵ یەك بێت تا چەندهەستی هەیە بۆ پەوەندی یانخۆی لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکاندا دەنێتەوە کە زۆرجار بوونی ئامانج دەبێتە خاڵێك بەهێز بۆ ئەو پەیوەندیە وە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان کۆمەڵێ هۆکار لە پشتیانەوە هەیە وەکو ئابوری- سیاسی - کۆمەڵایەتی سەربازی- خۆی -پەروەردی, کە ئەم هۆکاران زۆرجار دەبنە چوارچێوەیەك بۆ کەسێك بۆ پەیوەندی کردن بە دەوروبەرییەوە.

پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان هۆکارێکن بۆ تاکەکەس کە توانایی وکاردانەوەی بۆ کۆمەڵگاکەی دا تێدا بخاتە ڕوو کە دوو جۆر پەیوەندیمان هەیە پەیوەندیە ئیجابیەکان ئەوە کاتە دەبن کە کۆمەڵگا ئامانجو توانایەکی توندو تۆکمەی هەبێت لەو پەوەندیەدا کە لە پاشدا دەتوانێت کاردانەوەشی هەبێت بۆ پاش خۆی.

بەلام پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان هۆکارێکن بۆ تاکەکەس کەتواناىو کاردانەوەی بۆ کۆمەڵگاکەی تێدا بخاتە ڕوو,دوو جۆر پەیوەندیمان هەیە پەیوەندیە ئیجابیەکان ئەوکاتە دەبن کە

کۆمەڵگا ئامانج وتوانیەکی توندو تۆکمەی هەبێت لەو پەیوەندیەدا کە لەپاشدا دەتوانێت کاردانەوەشی هەبێت بۆ پاش خۆی.

بەلآم پەیوەندیە سلبیەکان زۆرتر لەو پەیوەندییانەوە, پەیدا دەبێت کەلێك نەگەیشتن هۆکاری سەرەکی ئەمەیە,وەهەر ئەمەش دەبێتە هۆی نەبوونی پەیوەندییەکی ڕێز لێ گیراو.

ئەتوانین زۆر بەسادەیی بلێین دووبارەکردنەوەی نەریت و یاساکان لە کۆمەڵگای کەلتورە زاراوەکەیدا , دەبێتە هۆی دروستکردنی خێزانێکی گەورە لە هەموو ئەندامانی کۆمەلگادا, چونکە هەر ئەونەریت و یاسایانە یەکسان ساز یەك , ئاوێتە بونێك لە نێوان تاکەکاندا دەهێنێتەدی بۆیە لەو کۆمەڵگایانەدا یەکەم شێوەی خزمایەتی لە چوارچێوەی هەمان گروپی مرۆیدا درووستبووە کە هەمان یاسا و نەریت و پەیڕەو دەکەن : واتە یاساو نەریتەکان دەبنە بەردی بناغەی یەکەمین جۆری خزمایەتی خزمایەتی , بە گرۆوپ بوون , بە کۆمەڵ بوون , پەوەندی کۆمەلآیەتی .

واتە یەکیتی کۆمەڵگالە پەیوەندی خزمایەتیەکان و وەفاداری تاکەکان لە ئاست ئەو پەیوەندییەدا دروست دەبێ هەربۆیە ئەگەرتاکێك لە نەریتەکان لابدات نەك هەرمافی ئەندامێتی لێدەسەنرێتەوە بەلکو وەك هەڕەشەیەکیش لەسەر یەکێتی کۆمەڵگا تەماشا دەکرێ 1

جەماوەر لە کۆمەڵگای پیشەسازی نوێدا بۆی دەردەکەوێت کە پەیوەستی پەیوەندی کردن بە دەزگا چالاکییەکانەوە هەیە لەبەر ئەوە دەسەلآتی گشتییەکان, توانایەکە زۆر بەخت دەکەن لە گرنگیدان بەم ئامێرانە بەوە دادەنرێت کە کاریگەریەکە کارای هەیە لە بواری پێشکەتنی مرۆڤایەتیدا تاکەکان لەم کۆمەڵگا پەرەسەندووانەدا , بەشێوەیەکی گشتی گرنگیدەدەن بەو ئامێرانە.

بۆ نمونە لە فەرەنسا (5/4ی ) پێگەیشتوان ڕۆژانە تەرخاندەکەن و گرنگیپێدانە تاکەکان بە ڕوژنامە کاتێك



دەردەوێت کە خەڵکی دەستەدەکەن بە مانگرتن , بۆ نموونە هێندێك لە تاکەکانی دەگەڕێنەوە بۆ خوێندنەوەی ڕۆژنامە کۆنەکان, ڕۆزنامەکان ئەو گرنیگیەلە لەوە وەردەگرن کە گەورەترین دامەزراوەی ڕاگەیاندنی کۆمەڵییە بۆ گەیشتنی کۆمەڵەکان بە هەواڵە نوێکان 1

پەیوەندیە کۆمەلآیەتیەکان پەیوەست دەبێت لەنێوان تاکەکاندا کەدەبێتە پەیوەندیەکی سەرەتایی کەبەشداری کردنی پێویستییەکان پەیوەندیە تازەکان لەنێوان پەیوەندیەکیەوە گۆڕانی بەسەردا دێت کەئەم گۆڕانەش سلبیو ئیجابی هەیە.

وە گومانی تێدا نیە کەپێویستیەکانی پەیوەندی نابێتە پەیوەندی تا ئیجابی بێ یان سلبی بەلکو پەیوەندییەکە کەدەتوانین بلێینوسیلەیەکە، ەلآم ئەم وەسیلەیە پاشتر دەگاتە لوتکەی پەیوەندی کردن بەیەکەوە، کەتاکەکان لەیەك بگەنو لەڕێی ئەم پێویستیەوە دەبێتە حەلقەیەك بۆ پەیوەندیە باشەکان، نزیك کردنەوەی ماوە بەکمترین کات وە گواستنەوەی پەیوەندییە راستگۆیی و خۆشەویستیەکان، بەلآم لەگەڵ ئەمەشدا پەیوەندیەکان باش نابن، بەلکو ئەم پێویستە دەبێتە هۆکارێك بۆی ئەوەی کاریگەرییەکان مانای خۆیان لەدەست بدن، جگە لەتاکەکان لەناو خێزاندا، کەنابنە هۆی کزکردنی پەیوەندیە بەیەك گەشێنو بینیەکان، کاتێ دەوری زانست دەبێ لەسەر پەیوەندیەکان لەڕێگای ڕێگا جیاوازەکانەوە وەکو هاتنو

ئەنترنێتو وەتا کۆتایی وسیلەکانی تر، بەڵام نابێتە پێچەوانەی رووداوەکان، کەبەزۆری تەلەفۆن نابێتە یارمەتیەك لەچارەسەرکردنی کێشەکاندا. کەئەمەش لەسەر کەسایەتیش وەستاوە واتە لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دی جیاوازە، بەڵام ئاشکرایە رووداوەکان جۆرێ دی دەبینرێن کاتێ کە بەشێوەی گوێ گرتن بێت وەك ئەوی بەچاوگوێو مێشكو دڵ ئاگاداری رووداوەکە بیت، تەنانەت ئەو کاریگەرییەی لەسەرتی بەجێ دێڵێ جیاوازی زۆرە. وە تەلەفۆن دەوڵەمەند نییە لەدیدارە راستەوخۆیەکاندا، وە تەلەفۆن چارەسەری کێشە ناکات، بەڵام زیندوویەك دەبەخشێ دەربارەی کێشەکان، هەرچەندە تەلەفۆن هۆکارێکە بۆ پەیوەندی نێوان ژنو مێردو ئاگادارکردنەوەی یەکتر لەرووداوە تازەکاندا.

وە هەروەها دەبێتە هۆی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان باوكو دایك رۆڵەکانیان وەکو چارەسەرنەکردنی گرفتە دەرونیو کێشەکانی تر، وە پێداگری دەکاتەوە لەسەر چارەسەرکردنی پەیوەندیە خێزانیەکان لەمانەوە دەگەینە ئەوی کەبڵێین لەگەڵ ئەوەی کەتەلەفۆن ئیجابیاتی هەیە بەپێچەوانشەوە سلبیاتیشی هەیە لەژیانی کۆمەڵگادا لەنێوان دوو بەرامبەردا.

وە کێشە تەنها کێشەی تەلەفۆن نییە بەڵکو رێگای بەکارهێنانی تەلەفۆنە وەکو وەسیلەیەك بۆ پەیوەندی بەتەنها نەك بەکارهێنانی بۆ سوکایەتی کردن بەخەڵکی (2).

لەڕاستیدا بیرۆکەی بونیادی کۆمەڵایەتی بیرۆکەیەکی نوێ نییە، بەڵکو ئەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە هەروەك لەکتێبەکانی مۆنتسیکیۆدا دەردەکەوێت، کاتێك کەبیرۆکەی پێکەوەبوونی کۆمەڵایەتی لەسەر بناغەی ستایلی ژیانی کۆمەڵایەتی دروست بوو.

(رات کلیف براونت) ملی دەبینێ کەپەیوەندی کۆمەلایتی رێکخراوێکە پەیوەستە بەبونیادی پەیوەندی خۆمەوە کەئەویش لەسەر دوو پەیوەندی تر بەندە:

1 -پەیوەندی سیستم بەتاکەکانی کۆمەڵگەوە لەناو بونیادی کۆمەڵایەتی دا.

2 -پەیوەندی سیستم بەکۆی سیستمەکانی ترەوە، کەپەیوەندیدارە بەپێکەوە بونو بونیادی کۆمەلایەتیەوە.(4)

دووەم : ئەو هۆکارانەی کار لە پەیوەندیە کۆمەلاٚیەتیەکان دەکەن.

لە ماوەی ڕابردوودا تەکنەلۆزیای مۆدرێن لەڕێگەی ڕادیۆ , تەلەفزیۆن, سەتەلایت و گەشتە ئاسمانییەکانەوە تۆڕێکی بەربلاّوی پەیوەندی هیناوەتە ئاراوە کە بە هۆی ئەم تۆڕە بەشێکی جیهان دەتوانێت لەگەڵ هەموو بەشەکانی تری جیهاندا بەشێوەیەکی مەیلو بەردەوام لەپەیوەندیدا بێت.

هەرە لەم ساتەی کە تیایداین جۆرە هەستێکی گشتی سەبارەت بەرقەرارکردنی پەیوەندی هەیە کە دەتوانین بلێچین لە هەموو شوێنێك بەشێوەیەکی بەرچاو کەموکوڕی لەم بەرقەرارکردنە پەیوەندییەدا بەدی دەکرێت1

**پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەخاڵ ئەتوانین کورتیان بکەینەوە لەم چەند یەکەیەدا :**

1 - پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی یەکەم ( خود وخود )

2 - پەیوەندی کۆمەڵایەتیی لەسەر ئاستی دووەم ( خودو بەرامبەر )

3 - پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی سێەم ( خود و جەماوەر )

ئەوەی کاریگەری هەیە لەسەر تێکدانی یان کزکردنی ئەم پەیوەندیانە بە گوێرەی ئاستەکان ئەمانەن:

1 - لایەنی دەروونی و سایکی : کاریگەریەکی زۆری هەیە بۆ سەر تێکچونی نێوان خورد و خود کە ئەوانیش خۆی دەبینێتەوە لە ( خۆنامۆبوون ,خەمۆکە ارهامە غەیبوبە هتد ) .

لایەکە سایکۆسۆلۆژی وە ئەو داب و نەریتانەی کەلەناو کۆمەڵگادا پیرۆز سەیردەکرێ و لەگەڵ ئاستی کۆمنیکەیشین

له نێوان هەرکام له پەیوەندییەکانی نێوان ( تاك + خێزان) و ( تاك + دامەزراوەی خوێندنگا یاخود فەرمانگە ) و ( تاك و ئەندامانی کۆمەڵگە ).

2-لایەنی سروشتی ئەدگارو ئاکار و هەڵسوکەوتی تاك لەگەڵ بەرامبەریدا وەك تاکێك ئەخاتەژێر پرسیاری ئەبستۆلۆژیاوە لەمەوەئەم ئاستە بۆلێن دەبێت لە نێوان کۆمینکەیشنی دووکس کەلەسەر هەر سێ ئاست:

(ا) ئەمی نزم و ئەوی باڵا( من الادنی الی الاعلی)

(ب) هەماهەنگ و هاوشانی یەك (التماس)

(ج) ئەمی بەرزوو ئەوی نزم ( من الاعلی الی الادنی)

ئەو هۆکارانەی کە کاریگەی لەسەر پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان بەجێ دەهێڵێن: وەکو لە پێشەوەئاماژەمان پێدا ئاستەکانی پەیوەندی چەند بەش و لقێکی لێدەبێبوویەوە بەلام کۆی سەرجەم پەیوەندییەکان پەیوەندی راستەخۆی نییە بەبابەتەکەی ئێمەوە ئەوەی کە پەیوەندی راستەوخۆی بەناواخنی بابەتەکەمانەوە هەیە ئاستی سێیەمی کە ئەکاتە پەیوەندی نێوان خود و جەماوەر کە ئەوانیش ئەم پەیوەندیانە دەگرێتەوە:

1- پەیوەندی خوێن : وەك پەیوەندی نێوان ئەنادمانی خێزان کە بەهۆی خوێنەوە بەیەکەوە بەستراون.

2- پەیوەندی رەچەڵەك: کە بە پلەی دووەم دێ لە دوای پەیوەندی خوێنەوەهەر درێژکراوەی خوێنە کەرەچەڵەکیش دەهێنێتە بوون کە دەبنە خزم و تیرە و تایفەی یەك وەك ( مام و خاڵ و پور و ژن براو براژن و خاڵۆژن و ئامۆژن .. )

3- پەیوەندی هۆز : بەئاستی سێیەم دێت لە پلەی بەندی هاوسۆزی ونزیکایەتیدا کە دەکاتە ئەو خێزان و ئەندامانەی کەلەناو یەك هۆزدا کۆبوونەتەوەو سەرەك هۆزیان هەیە و یەك زمانی هاوبەشیان هەیە و لەسەر یەك خالیش ئەژین.

پەیوەندی هاوئاینی : هاوسۆزی ئاینی خۆی لە برایەتی ئاینی نێوان ئەو کایە کۆمەلایەتیانەدا دەبینێتەوە کە خاوەنی یەك جۆر ئاینن وە ئەم هەستەش هەڵقولاوی نێو دەقەکانی کەیەوە وە ئەو ئاینە داوای ئە پەیوەندییە کۆمەلایەتییان لێ دەکات.

سێیەم : هۆکارەکانی نەمان و کزبوونی کاریگەری پەیوەنیە کۆمەلایەتیەکان .

1- بوونە نیزاع و کێشەی زەو و زار و میرات و پارەو و سامان ...

پەیوەندی نێوان ئەندامانی خێزانێك یاخود رەچەڵەکی کاڵ دەکاتەو هەندێ جار دەگاتە ئاستی پەیوەندی دابڕان و میتا کۆمینوکەیشتن .

2- جیاوازی ئاستی زانستی و خوێندن و ژیار و بینی زیاد لە شارستانییەتێك زیاد لە نیشتمان و ولاتێك دەکاتە جیاوازی جیهانبینی نێوان تاکەکانی هۆز و تایفەیەك ئەمە کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر پەیوەندی نەگتیڤی نێوان ئەو رەچەڵەك و هۆزە ئەگەر پلەبەندی ئاستی کەسەکان لەناوتیرە و تایفەکاندا پێچەوانە نەبێت لەگەڵ ئاستی زانستی و شارەزاییان .

3- ئەو کۆمەڵە داب و نەریتە کۆنانەی کە تا ئەمرۆش تێکەڵ بەکایەی ئاینی و بزاوتی کۆمەلاتی کراون لەکاتی ساغ کردنەوەیاندا دەردەکەوێت هێندە بوونی عەیبە حەرامی ووجوودی نییە وە بە پێبێچەوانەوە .

4- ئەو خالانەی کە لەلای خەڵکی عەشایەری نێو زوترەو تایفەکێن بەرەوی هەیە هێندەی لەدوری ( تەعزیە , شەونشینی , شای , گەلکار .. ) ئەسورێتەوە وە زۆرتر بەکەسانێك ئەچن بەرێوە کاتی فەراغی زۆرو کاروکاتی پیپۆری کەم بێت هەر بۆیە زۆرجار کەسانی پێشەوە و پسپۆر تووشی پێکدادان و شۆك ئەبن لەگەڵ پەیوەندیە کۆمەلایەتیی و ئاستە کۆمەلایەتەکەدا .

لەگەڵ بەرەو پێشەوە چوونی بواری تەکنەلۆزی و ئامێرسازی

لەناو هەر شارو شارۆچکەیەکدا بە گوێرەی ئەوە ئاستی سەردان و شەونشینی و هاودەمی کردنی نێوان خێزان و بنەمالەکان ڕوو لە پاشەکشێ دەکات چونکە لەلایەن ئەوە بەستەجەوهەریی سەردانەکە بەهۆی ئامێری وەك ستەلایت کە ئەتوانێت دەوری سەدان چیرۆك و ڕاز و شیعر و گۆرانی بگرێتەوە لەلایەکی تریشەوە جیهانێکی نوێیەو پەنجەرەیەکی گەورەتر کەئەتوانێت لێوەی بڕوانێ بەسەر جیهاندا کەئەوەزیاتر جێگەی سەرنجی لەلای نەوەی نوێ لە چاو پەیوەندیی کۆمەڵایەتییەکاندا ئەمە ڕوو یەکە ڕوویەکی تریشی ئەم ئامێرە تەکنەلۆژیانە زۆربان زەمکان دوور نزیك دەکەنەوە مەبەستیش جێبەجێ دەکەن وەك داهێنانی موبایل کەتەنها بە لێدانی ژمارەیەك و ( 12 ) کردنێك پەیوەندی لەگەڵ نەك هاو هۆزو هاونیشتمان و هاو ئاین و هاو زمانی خۆتدا دەکەین بەڵکو ئەتوانیت لەگەڵ دورترین هۆز و نامۆترین نیشتمان و نەناسراوترین ئاین جیاوازترین زماندا بکەین کە ئەم خاڵەیان لەبەشی چوارەمدا بەدرێژی لەسەری دەدوێن.

**چوارەم : جۆرەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی .**

1 - پەیوەندیە کۆمەڵایەتیە یەکەمەکان:

بریتی یە لە پەیوەندی و تێکەڵبوون لەنێوان ژمارە یەکەیکەم لە ئەندامەکان یان دەکەوێتە نێوان ئەندامەکانی کۆمەڵە یەکەمیەکان وەك کۆمەڵەی سۆز یان گەپو گاڵتە وە خێزان وەك بوونی ئەو پەیوەندیە بەهێزە فراوانە پەیوەست بووە لەنێوان وەلا مدانەوەی گشتگیری تێدا ئالوگۆڕ دەکرێ وەك ئەو پلەیەی کە تاك بە دەستی دەهێنێ وە پێی ڕازیە لەپەیوەندی کۆمەلایەتیدا کە گەورەترە لەو پەیوەندیەیکە تاك بە دەستی دەهێنێ لە پەیوەندی کۆمەلایەتیە دووەمییەکاندا. وەتاك زۆر گرنگی دەدات بەم شێوەیە لە پەیوەندی چونکە ئەم پێویستیەکە خۆیەتی و کۆمەلایەتی و گیانیە, وە ئەم پەیوەندیە دەکوێتە کۆمەلەکان و دەزگاکانی کۆمەڵگە هەمووی, وە تاك هەندێ جار پەیوەندی یەکەمی هەیە لە قوتابخانەو شوێنە گشتی یەکان و کارگەدا .

کە دروست دەبێت لەنێوان هاورێ و دۆستە نزیکەکانیدا , چونکە واهەست دەکاتکە مورتاح بوو بێت لەم کردەوەییدا لە پڕ بوونی پێویستیەکانی وە ڕاست کردنەوی ئارەزووە خۆیە نزیك و دوورەکان.

2/ پەیوەندی یە کۆمەڵایەتیە دووەمیەکان:

ئەمە پەیوەندیەو تێکەڵ بوونە لە نێوان ژمارەیە کی زۆر لە خەڵکی کە دەڕواتە یان دەگوازرێتەوە بۆ کۆمەڵەکان و دەزگا گەورەگان وەك خوێندنگاکان و حزبە سیاسیەکان و کارگەو شریکە گەورەکان وە یەکە سەربازیەکان, وە ئەم پەیوەندیە کەلە تاك و کۆمەڵە تاکێك دا دەبێت لەگەل کۆمەڵەو دەزگا گەورەو گرنگە خزمەتگوزاریە دیاری کراوەکان بە بنەما ڕەسمیە زانراوەکان وە سروشتی پەیوەندی کۆمەلایەتیە دووەمیەکان ڕەسمی دەبن یان واتە سادە یان گران و گریتی دەبن,وەئەم بۆ ڕاست بوونەوەو پێکانی ئەهدافی بابەتی و کۆمەلایەتیەکانە وە ئەهدافی خۆی نیە.

بۆ تاکەکان. وەئەم پەیوەندیە گرنگە کەمترە بۆ تاکەکان لە پەیوەندی پێشو کاتێك دەچێتە دامەزراوە کۆمەڵەکانەوە.

وە تاکەکان مورتاح نین لە پەویەندیەدا لەچاو پەیوەندی کۆمەلایەتی یەکەمدا چونکە شێوازی یەکەم لە پەیوەندیەکان بۆ دیاری کردنی یاساو پێسا ڕەسمیەکانە بەلام شێوازی دووەم لە پەیوەندیەکان بۆ دیاری کردنی ئارەزووەکان و کێشەکان و پێویستیەکانی تاکە.

3/ پەیوەندیە کۆمەڵایەتیە ستونیەکان:

پەیوەندیە کۆمەلایەتیە ستونیەکان بریتی یە لە پەیوەندو تێکەڵ بوون کە دەکەوێتە نێوان دوو کەس یان زیاتر کە بۆ چارەسەرکردنی بنکە کۆمەلایەتیەکان و وەڤیفە جیاوازەکان کە ئەمەش دەگۆڕێ بەپێی شوێنەکەوە بنکەکەوە سروشتی خزمەت

کردنە کە. وەك پەیوەندی لەنێوان ئەندازیارو کرێکار یان پەیوەندی لە نێوان گەورەی کارگە یان سەرۆکی کارگە لەگەڵ بەڕێوەبەری بەشدا.

وە ئەندازیار چارەسەرکردنو وەزیفەیە کە دیاریکراوی بەرزتری لەسەرە لەچاو ئیشی کریکاردا, وە سەرۆکە کارگە لەگەڵ سەرۆك بەش.

**وەئەم پەیوەندیە دەبێتە دووبەشی سەرەکە :**

پەیوەندی ستونی فەرعی و وە پەیوەندی ستونی غیر فەرعی یەوە پەیوەندی ستونی فەرعی,دەکەوێتە نێوان دوو کەس لە دوو ناوچە جیاوازدا بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەی جیاواز لە دەوری کۆ ئەو بابەتانەی کە پەیوەندی دارن کە فەرمانو پێویستە قەومیەکان لەناو پرۆژەی پێکهاتەکانی ئەو ناوچەیەدا.

وەکو پەیوەندی نێوان ئەندازیار بە کرێکارەوە سەبارەت بە پێویستی ئیشو کارە زیادەکانو تاقەتو توانی بەرهەمهێنان لەلایەن کرێکارەکەوە.

بەلام پەیوەندی کۆمەڵایەتی ستونی نافەرعی بریتی یە لەو پەیوەندیو تێکەڵ بوونەی کە دەکەوێتە نێوان دوو کەس یان زیاتر بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەی دوو مەڵبەندو دوو ناوچەی کۆمەڵایەتی جیاواز, وە ئەو حاڵەتە پەیوەستە بە پەیوەندی ئەو ئیشۆ کاری لەگەڵ تاکەکاندا کە دروست دەبێت وەکو ئە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەی کەلەنێوان بەڕێوەبەری بەشی ئەندازیاری سەبارەت بە ڕۆیشتنو چێشتخانەیەك پش کۆتایی هاتنی کاتی دەوامی فەرعی.

4⁄ پەیوەندیی کۆمەڵایەتییە ئاسۆییەکان:

ئەم پەیوەندییە یان تێکەڵبوونە کە دەکەوێتە نێوان دوو کەس یان زیاتر بۆ چارەسەکردنی کێشە کۆمەڵاسەتسە یەکسانەکان وەك پەیوەندی یەڕێوەبەری بەرهەم هێنان یە یەڕێزەیەری لێکۆڵینەوەو دراساتی لە دەوری گرنگە هەستان بە خوێندنەوەی مەعریفی و بەرهەمهێنانەو .

و پەیوەندی کۆمەڵایەتیی ئاسۆی دەکەوێتە نێوان ئەوانە کە کاردەکەن لەناوچە یەکسانەکاندا کەیەك یەشداریان یەشی جیاواز وەك یەکە , وەك پەیوەندی ئەندازیاری ( أ ) یەئەندازیاری ( ب ) یان پەیوەندی بەڕێوەیەری بەش یان پۆل خۆیەتی بەبەڕێوەبەر بەشی فرۆشتنەکانەوە یان پەیوەندی کرێکاری (أ) بە کریکاری (ب) , بەلاّم پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئاسۆی دابەش دەبێ بۆ دوو یەشی سەرەکی کە پەیوەندی کۆمەڵایەتی ساتوونی فەرعی و نافەرعی و پەیوەندی کۆمەڵایەتی فەرعی ئەوە پەیوەندی و پێکەوە بوونە کە دەکەوێتە نێوان دوو کس یان زیاتر بۆ چارەسەکردنی ناوە کۆمەڵایەتییە یەکسانەکان لە دەوری پەیوەندی و کارویارە پێویستە ڕێکخراو کارگەییەکان وەك پەیوەندی ئەندازیار ( أ ) بە ئەندازیاری (ب) لە دەوری ئاڵوگۆڕکردنی ئالیاتە کۆنەکانەکان وەخستنە ناوەوەی ئالیاتە نوێیەکان بەلاّم پەیوەندی ئاسۆی نافەرعی بریتییە لەپەیوەندیو تێکەڵبوون کەدەکەوێتە نێوان دوو کەس یان زیاتر بۆ چارەسەرکردنی ناوچە کۆمەڵایەتیەکان بەگشتگیری.

لەدەوری پەیوەندی کاروبارە تایبەتیەکان بۆ تاك کە وەك دروستکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان لەنێوان کرێکاری (أ) بۆ کرێکاری (ب) لەچونیان بۆ سینەما دوای کۆتایی هێنان بەکاروباری بەرهەمهێنان.

5⁄پەیوەندیی کۆمەڵایەتیە فەرمی یەکان:-

بریتی یە لەوپەیوەندیەی کەبنەڕەتو تێگەیشتنە یاساییە فەرمیەکان دیاری دەکات بۆ ڕێکخراوە کارگەییەکان، وە بەزۆری ئەم یاسایە بەکاردێت لەدەزگاو ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیەکاندا.

وە هەدەفی بۆ گرنتی هەستانی دەزگاکەیە بۆ ئیش وە بەردەوام لەگەشەکردندا بێ رۆژ بەرۆژ.

و یاسافەرمی یەکان بۆ دەزگاکان بۆ دیاری کردنی دەورو ئیش

کردنی تاکەکانی وەدانانی کاریان لەکارگەکەدا.

وە پەیوەندیە کۆمەلاّیەتیە فەرمیەکان لەدەزگاکاندا کاریگەرە بەسێ بنەمای سەرەکی:-

1/سروشتی دەورە کۆمەلاّیەتیەکان بۆ تاك لەدەزگادا.

2/کەنالّە فەرمیەکان بۆ پەیوەندیە کۆمەلاّیەتیەکان لەنێوان بنکەو بەشی دەزگادا.

3/ئارەزووەکان و ئاراستەکان بەرژەوەندیەکان و کاتی ئیشکردنی سەرۆك و کارمەندەکان.

6/پەیوەندیە کۆمەلاّیەتیە نافەرمیەکان:

بریتی یە لەپەیوەندیەکان و تێکەلّ بوونەکان کەدەکەوێتە نێوان ئەندامەکانی دەزگاوە، بەبێ دیاری کردنی یاساو رێسا فەرمیەکان بەلّکو دیاریکردنی پەیوەندییەکان لەهەلّوێستو ئارەزوەکان و ئاراستەکان و بەرژەوەندیەکان تاکەکان.

وە بەزۆری کەئاشکرا دەبێ ئەم پەیوەندیە لەنێوان کرێکاران وە ئەوە دوای دروست بوونی کۆمەلّێك یان دەزگایەك لەکرێکاران بەشێوەی نافەرمی کەلایەنی کارگێریەکەی نازانن و لەپێکهاتەکەی بێ ئاگان چونکە دژن بەتێگەیشتن بەرژەوەندیەکان کەهەلّیان گرتووە.

وە پەیوەندیەکان کەنافەرمین کەگەشە دەکەن لەنێوان کرێکاراندا بەنمونە چەند تایبەتمەندیەکیان هەیە:

1/کرێکارەکان مورتاحن بە پەیوەندی نافەرمی زیاتر تا پەیوەندی فەرمی چونکە رایان دەکێشێ لەگەلّ ئارەزووەانیان وە ئاراستەکانیان وە هەلّوێستیان.

2/پەیوەند بەنافەرمیەکان ئامانجیان بۆ دارو خانی پەیوەندیە فەرمیەکانە کەلەدایك دەبێ باوکی کارو خزمەت بۆ ئامانجی ئەوان و ئارەزویان.

3/تێکشکانی مادیو دەرونی (نفسی) و کۆمەلایەتی کەدژە کرێکار بێ وە بەزۆری هەولّ دەدات بۆ دروست کردنی پەیوەندی نافەرمی. واتە بۆ ئەو پەیوەندیانەی کەهەولّ دەدات بۆ بەرزکردنەوەی مەعنەویەتی کرێکارو پالّپشتی سەربەخۆ بوونی بەرەو پیرچونی پەرگیری خواستە خودیەکان و مەبەستە دەرونیەکان.

4/پەیوەندیە نافەرمیەکان کەدرویت دەکات کرێکار لەکۆی کارو جیاوازەکاندا کارێکە لەرۆلّێکی گرنگ دا گەمەی خۆی دەکات لەنمونەی رامالّینی ستەمو سەرداری زۆرداری کەبەرامبەر دەوەستێ و پەنجە شکێنە دەکات لەگەلّ کرێکاری ئامانجو ویست دا، بەتایبەت لەکایەی ئەو یاسا فەرمیانەی کەدانەرەکەیان دەربارو پارێزەری بەرژەوەندیەکانی بەرەی رابردوو دایئەرێژن و لەخزمەت راژەی مەبەستەکانی ئەواندایە(1).

پێنجەم :پەیوەندیە کۆمەلاّیەتیە سەرکەوتووەکان

سەرەتا پەیوەندیە کۆمەلاّیەتیەکان کاریگەریەکی گرنگی هەیە لەپەیوەست بوونی کۆمەلّگا بەیەکترەوە وە دوورکەوتنەوەی ئەندامەکان، کۆمەلّگا لەیەکتر لەئەنجامی باش و خراپ بەکارهێنانی پەیوەندیەکان.

سەرەتا کاتێك تۆ گەشتی بەکەسێك پێش ئەوەی بیناسی چۆن قسەی لەگەلّدا دەکەیت؟ کامەیە ئەو پەیوەندیە کۆمەلاّیەتیە سەرکەوتووە؟.

پێویستە سەرەتا تۆ ناخی ئەو کەسە بخوێنیتەوە کەئایا ئەو کەسە کەسێکی چۆنە تورەیە یان هێمن و لەسەرخۆیە وە پاشان گفتوگۆی لەگەلّ بکەیت.

شەشەم : لیستی سەرکەوتوو لەپەیوەندی کۆمەلاّیەتیدا.

1/تەوقە کردن:

تەوقەکردن و دەست گوشینی یەکێکە لەتوندوتۆلّ کردنی پەیوەندیەکان وە نابێ زۆر بەتوندی دەستی بەرامبەر بگوشی گوایە زۆرت خۆش دەوێ بەلّکو بەهۆی چاوەکانتەوەو رووخۆشیەکەتەوە لەگەلّ تەوقەکەدا دەبێتە هۆی دروست بوونی خۆشەویستی لەنێواندا وەئەمە کارێکی زۆر بچوکە بەلاّم زۆر بەبایەخە.

2/جلوبەرگ:

جلوبەرگ کاریگەری هەیە لەپەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان چونکە کۆمەڵگە رووخساری شتەکان دەبینێت وە کاتێك کەسێك قات و بۆیناخێکی جوانی لەبەردابێ لەگەڵ قۆنەرەیەکی تازەی بۆیاخ کراو دەبێتە هۆی سەرنج راکێشانی دەوروبەری هەرچەندە ئەو کەسەش لەناوەرۆك دا هیچ نەزانێ خەڵکی وا دەزانێ کەکابرایەکی زۆر رۆشنبیرە، وەپەیوەندی لەگەڵدا دەبەستن بەڵام کەسێك پێچەوانەی ئەم بێت هەرچەندە رۆشنبیریش بێت بەڵام کۆمەڵگا پێی کاریگەر نابێ.

3/پەیوەندی چاوی (زمانی چاوەکان)

کاتێك تۆ سەیری کەسێك دەکەیت پێش ئەوەی قسەی لەگەڵ بکەی مانای ئەوەیە کەتۆ گرنگی پێ دەدەیت وەکاتێك قسەی لەگەڵ دەکەی یان ئەو کەسە قسەی بۆ دەکات دەبێ تۆ سەیری بەرامبەرەکەت بکەیت ئەوەش دەبێتە هۆی دروست بوونی خۆشەویستی لەنێوانیاندا بەڵام ئەگەر تەماشای نەکەی مانای وایە، کەتۆ کەسێکی شەرمنی یان گرنگی بەو کەسە نادەی وە ئەوە دەبێتە هۆی نەمانی رێزگرتنی نێوانتان.

4/ئەنجام دانی گفتوگۆ:

بەئەنجامدانی گفتوگۆ تۆ دەتوانین بەرامبەرەکەت راکێشی بۆ لای خۆت و بیخیەتە ژێر کاریگەری خۆتەوە وە ئەو کەسە شت بۆ تاقی دەبێتەوە کەگفتوگۆی لەگەڵ دەکەی بەڵام بەمەرجێ دەبێ بزانی چۆن گفتوگۆ دەکەی لەکوێوە دەست پێدەکەی وەچۆن دەتوانێ ئەو کەسە راکێشی بۆ لای خۆت بەچ شەیەك و رستەیەك ئەو کەسە رەد دانەوەی دەبێ یان نابیبێ. کەئەمەش لێزانینی وردی دەوێ هەروەك بنەما سەرەکیەکەی سوکرات بریتی بووە لەخوار ئەویش بەشێوەی پرسیارکردن کەتوانیویەتی بەرامبەرەکەی بۆ دەرکەوێت.

5/زەردەخەنەکردن:

کە ئەمەش لەگەڵ خاڵی چوارەمدا گرنگی زۆری هەیە وە بەم زەردەخەنەیە کاتێك دەگەیت بەکەسێك بێ ئەوەی بزانی کەسێکی گاڵتەجارە یان توورەیە دەبێتە هۆی دروست بوونی هەڵوێستێکی باش لەبەرامبەرەکەتدا بەرامبەر بەتۆ. دەبێتە هۆی نیزیك بوونەوەتان لەیەکتری وەدروست بوونی پەیوەندی لەنێوانتاندا بەشێوەیەکی توندوتۆڵ لەئەنجامی خەندەیەکدا کەخۆی لەراستی دا شتێکی زۆر بچوکە.

بەگشتی هۆکارەکانی دروست بوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی سەرکەوتوو ئاسانن وە شتێکی یان کرداری بچوکن بەڵام چۆن بەکارهێنانیان و کەی بەکارهێنانیان لێزانینی دەوێ ئەوە ئەوەش دەبێ زۆر گرنگی پێ بدرێ چونکە وەکو گیان و جەستە وان ئەو خاڵانەی سەرەوە جەستەن بەڵام چۆنەیتی بەکارهێنانیان گیانەکەیە(3).

## پەراوێزەکان:

1- مێژووی هزری کۆمەڵایەتی لە کلتورە زارەکییەکان وە بۆ یونان و رۆم / ئامادەکردنی رێبوار سیوەیلی / هەولێر 2003 ل14

2- دەروونزانی کۆمەڵایەتی / نوسینی لیژنەیەکی پسپۆر/ وەرگێرانی جەلال خەلف زالەیی/ چاپی یەکەم 2004 / 181

[2] لەئینتەرنێت (**عماتتل**)ەوە.

[4] ) (3) لەئینتەرنێت (النظرية الموجهة للبحث).

1دەوربارەی پەیوەدی / نووسینی / دەیڤت بۆ هام / وەرگێرانی بۆ فارسی محمد علی نەزاد/ کتێبی فەرهەنگ ئەندێشە /4 بەهاری 381 دەرباری دیالۆك


[1] **الاستاذ: إحسان محمد الحسن/ موسوعة علم الاجتماع/ دار العربية للموسوعات ط1/ 1999/ ص** 405-411.

(3) لەئینتەرنێت (**العلاقات الاجتماعية**).

# راگەیاندنی بەرەی کوردستانی

## لەخەباتی شاخ تا شار

ڤیان عومەر



بەشی دووەم

شایانی باسە وەفدی بەرەی کوردستانی سەردانی فەرەنسا یان کردو چەند چاوپێکەوتنێکیان لەگەڵ لێپرسراوە فەرەنسییەکان کرد.

ئەگەر تێبینی ئەم هەواڵە بکەین وەفدێکی بەرەی کوردستانی سەردانی چەند وڵاتێکی کردو لە نێویاندا بەشداری کۆنگرەی نێونەتەوەی (سۆسیال دیموکراتەکان) کردووە، ئەوەی کە هەواڵساز لێرەدا ویستویەتی بیکات، دارشتنی هەواڵەکەیە بە پێی قاڵبی کۆکردنەوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە و تێکەڵی پێوە دیارە، بۆیە دەکرا هەواڵەکە بەم شێوەیە دابرێژرێ"لە چوارچێوەی گەشتێکی دیبلۆماسیدا وەفدێکی بەرەی کوردستانی بە سەرۆکایەتی هەڤاڵی تێکۆشەر( مام جەلال) ، رۆژانی 6-7/12 بەشداری کۆبونەوەکانی کۆنگرەی پاریسی کرد.

ئەمە دەسپێك و پێشەکی هەواڵەکەیە دواتر دەتوانرێت لە ناوەرۆکدا بووترێت "گەشتی وەفدی بەرەی کوردستانی لە چوارچێوەی بانگێشتی ئەندامانی نێو نەتەوەی سۆسیال دیموکراتەکان دێت و یەکێ لە بریاری کۆبونەوەکانی کۆنگرەکە رەچاوکردنی بوون و پاراستنی ،گەلی کوردو مافەکانیەتی بە پێی یاسای نێو دەوڵەتانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان"

دەتوانرێت دوابەدوای ئەوە بەشێوی کۆکردنەوە ئەو برگانەی تریش بخرێتە سەروو بووترێت"هەرلەچوارچێوەی گەشتەکەی



وەفدی بەرەی کوردستانیدا سەردانی وڵاتی سوید -یان کردو چاویان بە ژمارەیەك لێپرسراوی رێکخراوەکانی سویدو پەرلەمانتاری ئەوروپا کەوت لە میانی چاوپێکەوتنەکاندا باسی رەفتاری رژێمی بەعسیان کرد هەر لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی تا سرینەوەی شوێنەواری کورد ، دواتر وەفدی ناوبراو سەردانی فەرەنسایان کردو لەگەڵ ژمارەیەك لێپرسراوی فەرەنسیدا کۆبونەوە .

شایانی باسە لە میانی سەردانەکاندا ، رۆژنامەی (واگس بنتر)و تەلەفزیۆن و ئاژانسی هەواڵەکانی سوید چەند چاوپێکەوتنێکیان لەگەڵ هەڤاڵ (مام جەلال) ساز کرد."

بە هەمان شێوە ئەگەر سەرنجی ژمارە (6) ساڵی یەکەمی ئازاری 1989 بدەین لە لاپەڕە (12) دا هەواڵێك بلاوكراوەتەوە لەژێر سەردێڕی "كۆبوونەوەیەكی لاوان و خوێندكاران " كەتێدا هاتووە و دەڵێت" ڕۆژانی 9 -10 ⁄ 3 لیژنەی بالاّی هاوكاری نێوان ڕێكخراوە دیموكراتییەكانی قوتابیان و لاوانی كوردستان و سەرانسەری عیراق كۆبوونەوەیەكی بەست"

ئەگەر وورد لە پێشەكی ئەم هەواڵە بڕوانین شوێن دیارینەكراوە، تا بزانرێت كۆبوونەوەكە (لەكوێ) بووە، هەرلەژمارە (10) ی ساڵی یەكەمی تەمووزی 1989 لەژێر سەردێڕی"بەشداربوونی بەرە لەكۆنگرەی سۆسیالستی نێودەوڵەتی" بلاوكراوەتەوە، كەتێیدا هاتووە"ڕۆژانی 20-22⁄ 6 لە پایتەختی سوید، ستۆكهۆڵم هەژدەمین كۆنگرەی سۆسیالستی دەولی بەسترا, وەفدێكی بەرەی كوردستانی عیراق بەسەرۆكایەتی هەڤاڵ( مسعود بارزانی) و كا ك دكتۆر(ڕۆژ نوری شاوەیس)وكاك دكتۆر مەجید جەعفەر، نوێنەری بەرە لەولاّتانی ئەسكەندەنافیا و كا ك هۆشیار زێباری نوێنەری بەرە لە ئەوروپای ڕۆژئاوا لەم كۆنگرەیەكدا بەشداریان كرد .شایەنی باسە وەفدەكە نوێنەری124 حزبە سۆسیالست و دیموكراتیەكانی ولاّتی ئەوروپاوئاسیاو ئەفەریقاو ئەمەریكای لاتین و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازەكان بەشداریان تێداكرد .هەروەها چەند وەفدێك لە وولاّتانی سۆسیالستی وەك چاودێری ئامادەبوون ، وەفدەكەی بەرە چەندین چاوپێكەوتنی لەگەڵ بەشداربوان لەوانە ( فیلی برانت ) سەرۆكی سۆسیالست دەولی و (بنكین خاند) سكرتێریی گشتیی سۆسیالست دیموكرات و (ئەكفار كالیسۆن) سەرۆكی حزبی سۆسیالستی سویدو سەرۆك وەزیرانی سوید ( مێشل رۆكار) نوێنەری حزبی سۆسیالستی فەڕەنساو سەرۆك وەزیرانی فەڕەنسا و ( فرانس رامسكی ) نوێنەری حزبی سۆسیالست نەمساو سەرۆك وەزیرانی نەمسا ،( هانس بوكل) سەرۆكی حزبی سۆسیالست ئەڵمانی فیدراڵ (نیل كینوك) لەبەرەی حزبی كرێكارانی بەریتانیاو (بین كوك) رابەری حزبی سۆسیالستی ئیتالیا (ئەردڵ نینۆنو ) سكرتێری حزبی دیموكراتی كۆمەلاّیەتی لەتوركیا ، ( كارن بروتنسی) نوێنەری وەفدی سۆفیەت و (یولیفر تاینی) سەرۆكی ڕێكخراوی كۆنگرەی نیشتمانی ئەفەریقا (یاسر عبدربە) نوێنەری ڕێكخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین، وەفدی بەرە چەند ڕێگەچارەیەكی دەربارەی مەینەتی گەلی كوردو پێشێلكردنی مافی مرۆڤ لەكوردستان و بەكارهێنانی چەكی كیمیایی كرد ،لەلایەن ( پیتر پانكو فیچ) سكرتێری پەیوەندیەكانی دەوڵەتی حزبی سۆسیالستی نەمسا نوێنەرایەوە باسی چەوسانەوەی گەلی كوردی كرد هەروەها (پیتر مروا ) نوێنەری حزبی سۆسیالستی فەرەنسا باسی بەكارهێنانی چەكی كیمیای دژی گەلی كوردی كرد و كێشەی گەلەكەمانی بەتێروتەسەلی لەوتارەكەی (ولید جنبلاد ) سكرتێری حزبی سۆسیالستی لوبنان خرایەڕوو و باسی شەڕی لەناوبردن و گۆڕانی وجودی نەتەوایەتی كوردستان و بەكارهێنانی چەكی كیمیایی و ڕاگواستنی بەكۆمەڵ و بەعەرەبكردن و پێشێلكردنی مافی مرۆڤ لەكوردستاندا لەلایەن ڕژێمی عیراقەوە كرد ،بڕیاری كۆتایی كۆنگرە لە بواری كێشەی هەرێمایەتی باسی چەوسانەوەی كوردی وەك راستییەكی دەردناك كرد ، بەشداربوونی بەرەی كوردستانی لەم مینبەرە جیهانییەدا دەسكەوتنێكی مەزن بوو بۆگەیاندنی مەینەتی گەلەكمان بەجیهان.

پێش هەموو شتێك هەواڵەكە بەتێكەڵ و پێكەڵی دارێژراوە، دەتوانرا بەشێوازێكی تر هەواڵەكە دارێژرایە، بەم شێوەیەی خوارەوە "ڕۆژانی 20 تا 22 ⁄ 6 وەفدێكی بەرەی كوردستانی عیراق بەسەرۆكایەتی هەڤاڵ مەسعود بارزانی و كاك دكتۆر ڕۆژنوری شاوەیس و كاك دكتۆر مەجید جەعفەر نوێنەری بەرە لە ولاّتان ئەسكەندەنافیا و كاك وشیار زێباری نوێنەری بەرە لە ئەوروپای ڕۆژئاوا بەشداری هەژدەمین كۆنگرەی سۆسیالست دەولی كرد ، كە لە پایتەختی سوید بەسترا.

لەو كۆنگرەیەدا نوێنەری 142 حزبی سۆسیالست دیموكراتەكانی ولاّتانی ئەوروپا و ئاسیاو ئەمریكا و ئەمریكای لاتین و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازەكان بەشداریان تێداكرد ،هەروەها

چەند وەفدێك وەك چاودێری لە وڵاتانی سۆسیالستەوە بەشداربوون .

لە میانی بەشداربونی وەفدەکەی بەرەدا چەند چاوپێکەوتنێك لەگەڵ بەشداربوانی کۆنگرەکە ئەنجامدرا، وێڕای نیشاندانی چەندین بەڵگنامەی پێشێلکاری دژی مافەکانی مرۆڤ.

لەگەڵ ئەمەدا دەتوانرێت پێشەکە هەواڵەکەلە لاپەرەیەکدا ئاماژەی پێکرایەو ڕاپۆرتێکی درێژی لە ناوەوە لەسەر بوایە .

سەرەڕای ئەم هەموو کەموکوریانەش، بەلام چەندین هەوڵێشی تێدایە کە پابەندە بە ڕێسای ڕۆژنامەگەرییەوە بۆ نموونە لە ژمارە ( 18 ) ی ساڵی دووەمی مارت 1990 لە ژێر سەردێری " پانۆرامای ساڵرۆژی کارەساتی هەڵەبجە" لەیەکێك لە هەواڵەکاندا هاتووەو دەڵێت" ڕۆژی 17/3 هەزاران پەنابەر لەشاری ورمێی ئێران خۆپیشاندانێکیان بەبۆنەی ساڵرۆژی هەڵەبجەوە، سازدا "

ئەوە پێشەکی هەواڵەکەیەکە لە (13) وشە پێکهاتووە، ڕستەیەکی تا ڕادەیەك ئاسانە بۆ خوێندنەوە و وەڵامی هەر پێنج پرسیارەکەشی داوەتەوە .

لێرەدا نامانەوێت لەوە زیاتر هەواڵەکانی نێو ڕۆژنامەکە شیبکەینەوە ،لەگەڵ ئەو کەمکوریانەشدا دەبێت ئەوە ڕەچاو بکەین کە ئەوانەی کاریان کردوە هەم پێشمەرگە بوون و هەم ڕۆژنامەنووس بوون .

لە هەواڵدا ئەوەی کەخوێنەر چێژی لێوەردەگرێت یاخود پشتی پێدەبەستێت تێبینی ڕاستەوخۆی پەیامنێرە یاخود کەسی دووەم و سێیەمە کە زانیارییەکانی لێوەردەگرێت هەروەها (تێبینیکردن و چاودێریکرن تاکە ڕێگایە پەیامنێر بەکاریدەهێنێت بۆ دڵنیا بوون لە ڕاستی و دروستی زانیاری و گریمانەکان و ئەوانەی وەك حەقیقەت دەرکەوێت ) 1

بۆیە ڕێگاکانی گەیاندنی هەواڵ بنەمایەکە بۆ ئەوەی تا چەند ڕاست و دروستی یاخود پرشنگداری لە هەواڵدا دەردەکەوێت .

*گێڕانەوەی ڕاستەو خۆ : پشت بە ئامادەبوونی پەیامنێر و چاودێریکردنی ڕوداوەکە دەبەستێت ، واتا ئامادە بونی پەیامنێر لە ڕوداوەکەدا .

* گێڕانەوەی ناڕاستەو خۆ: لەم کاتەدا هەواڵەکە پشت دەبەستێت بە گێڕانەوەی شایەتحاڵێك یان کەسێك لە ڕوداوەکەدا بەشداربووبێت . ئەوراپۆرتە لە سەرچاوەی کەمەوە دەگێڕێتەوە، لێی هەڵاوێر دەکرێت هەندێجار مادەی دیاری کراوی لێهەڵدەبژێردرێت، لەلایەکی دیکەوە هەندێکجار وردەکاری و ڕووداو فەرامۆش دەکات .

( لەگەڵ ئەوەشدا جەختکردن و متمانە لە زمانی هەواڵدا هەیە ،ئەودیمەنەی بەسەردا زاڵە ،بەلام خوێندنەوەی ووردی هەواڵەکە دەریدەخات کەتاچەند پشتی بەتێبینی ڕاستەوخۆی پەیامنێر بەستووە یان نا چونکە دەگمەنە کە دزێك ماڵێك تالان بکات، هەواڵدەر بتوانێت زانیاری لسەر دەسکەوتێك ئەگەر لە سەرچاوەی بەرپرس و ڕێگە پێدراوە دەبێت چونکە خۆی لە ڕووداوەکەدا نەبووە )2

* گێڕانەوەی دووقۆناغ یان زیاتر : زۆرجار لە ڕێگەی دووقۆناغەوە هەواڵ دەگوێزرێتەوە، لەسەرچاوەی سەرەکی ڕووداوەکەوە بۆ کەسی یەکەم و لەو کەسەشەوە بۆ کەسی دووەم ، لەوێشەوەبۆ هەواڵدەر.

لەبەر ئەوەی ڕۆژنامەگەریی نهێنی شاخ نەیتوانیوە پەیامنێری تایبەتی هەبێت و زیاترئەوانەیکە هەواڵدەری بوون یان پێشمەرگەی خۆیان بوون لە ڕووداوەکاندا یان سەرکردە بوون یان خەڵکی نێو شارەکان بوون هەواڵیان لەڕێگەی ڕێکخستنەوە گەیاندۆتە ڕۆژنامەکە کەواتە گێڕانەوەی ڕاستەوخۆ دەگمەن بووە بێت ،زۆربەی هەواڵ و چالاکی پێشمەرگە ، بەڕێگەی بێ سیمەکانەوە گەیەندراونەتە ئێزگەکانی ڕاگەیاندن یان پێشمەرگە لەدوای چالاکییەك کە گەڕاوەتەوە، دوای پشوودانێك، فەرماندەی مەفرەزەیان فەرماندەی کەرت سەرەقەڵەمی هەواڵەکەی داوەتە کەناڵەکان و هاتووە ئیتر بە پێی ڕاو توانی خۆی ڕۆژنامەنوسەکەهەڵاوێرو هەواڵدێری و سەروبنی هەواڵەکەی

کردووە .

لە ڕۆژنامەی بەرەی کوردستانی دا چەند نمونەیەك وەردەگرین بۆمان دەردەکەوێت کە تیایدا ڕاستەو خۆ یان ناڕاستەوخۆ یان چەند کەسێکی کردووەئەوسا گەیشتۆتە شوێنی مەبەست، ئەوکاتە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەگەر پەیامنێر لە شوێنی ڕووداوەکە بوایە چەند کاریگەری لەسەر پرشنگداری هەواڵەکە دەبوو.

* لە ژمارە (5)ی ساڵی (1)ی شوباتی 1989 لە گۆشەی چالاکیەکانی پێشمەرگە بلاو کراوەتەوە، تێیدا هاتووە "سەعات 11ی شەوی 30/31/1 دەستەیەك لە پێشمەرگە قارەمانەکانی بەرەی کوردستان سەربەتیپی 86 هەولێری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەسەعات (9) ی شەودا ڕەبیەی گوندی (بەلەپان) یان لەبەستی شەرقەی دێدەوان دایە بەر بەزەبری هەقی پێشمەرگە توانرا ڕەبیەکە بەسەر جاشە خۆفرۆشەکاندا وێران بکرێت ،لەبەر زۆری ڕەبیەی دەوروبەرو تۆپبارانی ناوچەکە و پاراستنی گیانی پێشمەرگە نەتوانرا دەست بەسەر دەسکەوتەکاندا بگیرێت ، لەزیانی دوژمن کوژرانی 3 جاش و بریندار بونی (2) ی تربوو . پێشمەرگەکان و بێزەیان بوون .لەکاتێکدا دەتوانرا هەواڵە بکەم بەشێوەی قالبی هەرەمی هەڵگەڕاوە دابڕێژرایە، بەمشێوەیە" کوژرانی (3) جاش و برینداربوونی (2)ی تر ئاکامی هێرشی پێشمەرگەکانی بەرەی کوردستانی سەرتیپی (86) ی هەولێری یەکێتیی نیشتمانیی کودرستانە کە سەعات(9)ی شەوی 30/31/1 کردیانە سەر ڕەبیەکانی گوندی (بەلەبانی )بەستی شەرغەی دیدەوان .

لەم هەڵمەتەدا لەبەر پاراستنی گیانی پێشمەرگە و تۆپبارانی خەستی دەوروبەری نەتوانرا دەست بەسەر دەستکەوتەکاندا بگیرێت، هەربۆیەش لەئاکامدا پێشمەرگەکان بێ زیانی گیانی گەڕانەوە شوێنەکانی خۆیان"

بەلاّم ئەم هەواڵە ناڕاستەوخۆ دراوەتە پەیامنێر یان هەواڵدەر یان هەواڵساز، لەوێدا هەواڵدەر پێشمەرگە یاخود فەرماندەی تیپەکە بووە کە ناڕاستەوخۆ هەواڵسازەکە، هەواڵەکەی داڕشتۆتەوە بۆیە گەر هەواڵساز یان پەیامنێر لە ناو ڕووداوەکەدا بوایە کە ڕووداوێکی پێشبینی کراوە ،ئەوا دەیتوانی کاتی شەڕەکەی بزانیایە و ژمارەی پێشمەرگەی بزانیایەو شوێنی دەرچون و گەڕانەوەش دستنیشان کردایە، کە ئەمیان لەوانەیە لەبەرباری ئەمنی، ئەم کەمێك قورس بێت لەو کاتەدا ، بەلاّم خۆ دەتوانی ناو و تەمەنی ئەو جاشانەی لە هەواڵەکەدا بنوسیایە یاخود خۆ دەیتوانی لە کوێ چەند ڕەبیەکە دەڵێت ( بەهۆی تۆپبارانی سەختی ڕەبیەکانی چواردەوری )دەسنیشانکردایە.

بۆیە کاریگەری ڕاستەوخۆ پەیامنێر لە ڕووداوەکان زۆرەو دەتوانێت هەواڵەکە جوانتر بکات .

* لە دوا لاپەڕی ژمارە (16) ی ساڵی (2)ی کانونی دووەمی 1990 دا لەژێر سەردێڕی تاوانێکی تر دەرهەق بەگەلەکەمان، هەواڵێك بلاو کراوەتەوە هەواڵەکە تێیدا هاتووە " لەکۆتای ئەم مانگەدا ڕژێمی دیکتاتۆری بەغدا تاوانێکی تری دەرهەق بە گەلەکەمان، ئنجامدا ، کۆپتەرەکانی ڕژێم (60) ماسیگری تریان لە گۆمی (دوکان) ی سەربە پارێزگای سلێمانی شەهید کردووە .

شایەنی باسە ئەم ماسی گرانە لە لایەن ڕژێمەوە ڕێگەیان پێدرا بوو لە گۆمی دوکان ڕاوی ماسی بکەن "

وێڕای‌ئەوەی دەیتوانی هەواڵەکە بەم شێوەیە داڕژێت، چونکە ناوەڕۆك لە هەواڵدا وەنەو تەنها سەرەتا و کۆتایی هەیە، بۆیە دەکرا بڵێین لەگەڵ ئەوەی 60 ماسی گر لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە مۆڵەتی ڕاوی ماسیان لە گۆمی (دوکان)ی سەروبە پارێزگای سلێمانی پێدرابوو ، بەلاّم لە کۆتای ئەم مانگەدا هلیکۆپتەرەکانی ڕژێم هەر (60) یانی شەهید کرد .

بە شەهید کردنی ئەم (60)ماسی گرە ڕژێمی بەعس تاوانێکی دیکەی خەستە سەر خەرمانی تاوانەکان و تاوانێکی تری ئنجامدا ."ئەم هەواڵە لە هەرقالبێکدا دا بڕێژری لەبەرئەوەی ڕەگەزی هەواڵی کەم تێدایە، سەرکەوتوو نابێت ، یەکەمیان کۆتای مانگەکەیە (27 یان 28 یان 29) ، دوومیان ئایاهەرئەو (60) ماسی گرە ڕێگەی پێدراوە یان ماسی گری تر هەن، ئایا

له دوای ئەو ڕووداوە ماسی گری تر دەچنە ڕاو یان ڕاگیراوە؟ ، هلیکۆپتەر ئەو کارەیان کردووە ، لە چ شوێنێکی دووکان دوکانی سەرو یان خوار ، ئەمانە هەمووی پرسیارن لە لایەن خوێنەر ، بەڵام لەبەر ئەوەی ، کە هەواڵەکەی ناردووە لە وانەیە خۆشی لە ڕووداوەکەدانەبووبێ ، بگرلەوانەیە ڕێگەی گێڕانەوەی زارەکی وەریگرتبێت و ناردبێتی بۆ ڕۆژنامەکە یاخود لەڕێگەی واتەواتەوە گەیشتۆت هەواڵدەر ،ئەویش هەواڵەکەی داڕشتووە . بۆیە پێدەچێت چەند کەسێکی کردبێت ئەو کاتە گیشتووە بەبڵاوکردنەوە .

* ڕۆژی 4-9/10 لە هۆڵی ساشکای وەرزشی پیرۆزی سەقزپێشانگایەکی شیعری بۆ هونەرمەند ڕێبوار سەعید کرایەوە ، پێشانگاکە 31 تابلۆ و 31 پارچە شعری لە خۆ گرتبوو ، کە تابلۆکان بە ڕەنگی بووبوونە نە زمانی شیعرەکانی شیعرەکانیشی بەوشە بووبونە ڕەنگ و هێڵ بەهەردووکیان لە چوارچێوەیەکی سەربەخۆدا تابلۆ شعرییەکانیان پێکهێنابوو .

نوسینی شعر و تابلۆکان بە شێوازی نوسینی خەتی ئازاد نوسران بوو کە لەگەڵ شێوازی کارە تەشکیلییەکاندا بگونجێ کە کارە هونەریەکانیش سەربە ئیکسر لبونیزم (تەعبیری ) بوون ، کارە هونەرییەکان بە بۆیەی ئاوی و ڕۆترینگ ئەنجامدرابوون ، شیعری شاعیرەکانیش هەڵبژاردەی شاعیرە کلاسیکیەکان ،تا شاعیرە هاو چەرخەکانی ئەمڕۆی کوردبوون پێشانگاکە لە لایەن شاعیری گەورەی کورد مامۆستا هەردی کرایەوە ، جەماوەرێکی زۆر سەردانی پێشانگاکەیان کردتوانی هەواڵەکبەزانیاری تەواوەوە بگەیەنێتە ڕۆژنامەکە سەرەڕای تێکەڵ کردن لە هەواڵەکەدابەڵام لەبەر ئەوەی هەواڵنێر ڕاستەوخۆ لەشوێنی ڕوداوکەدابووە.

قاڵبەکانی هەواڵ

بۆئەوەی کەمێك لەسەر ئەوەش بدوێین کە ئایا ڕۆژنامەی بەرەی کودرستانی زیاتر پشتی بەچ قاڵبێك بەستووە، دەبێت کەمێك هەڵوستە لەسەر قاڵبەکانی هەواڵ بکەین .

(* قاڵبی بەدوا یەك : کۆنترین شێواز ، ڕستەکانی ناوی شێوازی گێڕانەوەی هەیە ، خۆی لە ڕاپۆرتدا دەبینێتەوە ، پەیامنێری بە توانا دەتوانێت لە شێوەی چیرۆکدا هەواڵێکی لێدروست بکات ، بەسەرەتایەکی کورت دواتر گواستنەوەی زانیارییەکان لە لایەن پەیامنێرو هەندێك زانیاری دیکە هەواڵەکە بەرجەستە دەبێت ) 1

ئەگەر سەرنجی ژمارە (11 ) ی ساڵی یەکەمی ئابی 1989 بدەین لە ژێر سەردێڕی "زەنگ و باس" یاخود گۆشەی دەنگ و باس ، هەواڵێك بلاوکراوەتەوەو تیایدا هاتوو" شەوی 14/15/7 مەفرەزەیەك چەکداری عەسکەری لە گەراجی (النهچە) دابەزیون و وویستویانەمونشەئات بەرن بەڵام ئوتۆمبیلێکی ئەمن دێتە ناو گەراجەکە و لەگەڵ سەربازەکان شەڕ دەست پێدەکات و هەموو ئەمنەکان دەکوژرێن و ئۆتۆمبێلەکانیشیان ئاگری تێبەردەبێ .

پاشان سەیارەیەکی عەسکەری ئینزبات دێت بەهەمان شێوە لەوانیش دەدەن و زۆریان لێدەکوژن . دواتر ئەم چەکدارانە پەلاماری مەرکەزی پۆلیسی (النهچە) دەدەن و بۆ ماوەی چارەکە سەعاتێك لە گەڵ پۆلیسەکانیش بەشەڕدێن و پاشان دەرباز دەبن .

شایەنی باسە دوای ئەم ڕووداوە هێزێکی ئەمن و ئیستخبارات دێن بۆ گەراجەکە و دەستدەکەن بە گرتن و بە کوشتنی خەڵکی زۆریان بێتاوان و ئۆتۆمبێلی زۆریش دەسوتێن"

*( قاڵبی هەرەمی پێچەوانە: بلاوترین قاڵبە بۆ داڕشتنی هەواڵ بەتایبەتی لە ئاژانسەکانی دەنگ و باسدا ، لە پێشەکی هەواڵەکەدا گرنترین ڕووداو دەخرێتە ڕوو ، دواتر بەشەکانی تری هەواڵەکە هەرئەمەش وادەکات خوێنەر خێرا لە خوێندنەوەی هەواڵەکە بگات و مەهامی هەواڵەکە بۆ ڕوونبێتەوە) 1

لە دوا لاپەڕەی ژمارە (20)ی ساڵی سێیەمی ئەیلولی 1990 دا لەژێر سەردێڕی "عیراق لە یاریەکانی ئاسیا بێبەشکرا" بلاو کراوەتەوە، تیایدا هاتووە" تیپە وەرزشیەکانی عیراق لە یانزەهەمین خولی یاریەکانی ئاسیا بێبەشکران کە لە

یەکین دەستی پێکرد ، کۆمیتەی ئۆلۆمپی ئاسیا لە بیستی ئەم مانگەدا بەزۆری (27) دەنگ دژی سێ دەنگ و بێ دەنگی (5) ولآت، بڕیاریدا وەرزشکارانی عیراق بە هۆی گرتنی کویت و تالآنکردنی بارەگای ئۆلۆمپی کویت لە یانزەهەمین خولی ئاسیا دەرکات .

یەکێك لە ئاکامەکانی پەلامارادانی کویت، کوژرانی شیخ الاحمد بوو کە سەرۆکی کۆمیتەی ئۆلۆمپی ئاسیاو سەرۆکی یەکێتیی تۆپی پێی ئاسیا بوو کە عودەی کوڕی سەدام ماوەیەك بوو هەوڵی دەدا شوێنەکەی بگرێتەوەو خۆی بێتە سەرۆکی یەکێتیی تۆپی پێی ئاسیا . شایەنی باسە دەوڵەتی کویت بە 51 وەرزشکار لە 22ی ئەم مانگە لە یاریەکاندا بەشدار یکرد .

*( قاڵبی ڕازاندنەوە : پێچوانەی هەرەمی هەڵگێراوەیە لە کۆتای مەهام و و گرنگی هەواڵەکە دەردەخرێت )2

*( قاڵبی کۆکردنەوە : ئەم قاڵبە کۆکردنەوەی ڕووداوەکان لە دوو تویی هەواڵێکدا دەردەخات ، هەواڵەکە لەچەند پەرەگرافێك پێکهاتووە زیاتر خۆی لە ڕاپۆرت دەدا ، زیاتر ئەم قاڵبە بۆ ئەو هەواڵانەیە کە ڕووداوی پێشبینی کراوی تێدایە )3

*(قاڵبی گێرانەوەی ڕاستە وخۆ : لەسەر زاری وتە بێژەرێکی ڕەسمی هەواڵەکە دەردەبڕێت، بەڵام ئەوەی تاکو ئێستا لەم قاڵبەدا کێشەی بۆ پەیامێر دروستکردووە ئەوەیە نازانێت چۆن دەست پێبکات، ئەم حاڵەتە زیاتر لە کۆنگرە ڕۆژنامە نوسییەکاندا ، پەیامنێر ئامادە بێت، بەکاردێن )4

کەمتر شێوازی ئەم قاڵبە لە هەواڵەکانی ڕۆژنامەی بەرەی کوردستانیدا بەرچاو دەکەوێت، چونکە کەمتر هەواڵدەری ڕۆژنامەکە خۆی لە ڕووداوەکاندا بووە پشتی بەستووە بە کەسی دووەم و سێیەم بۆ گواستنەوەی هەواڵ.

*( قاڵبی هێلکەی قاز : سەرەتای ڕووداوەکە دەخاتە بەر چاو دواتر وردە وردە ئاماژەو دیاردەکان دەخاتەڕوو سەرەتاکە ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆکەکەیەتی لە کۆتای هەواڵەکەدا بەرچاو دەکەوێت )1

6/3 ڕیپۆرتاژ لە بەرەی کوردستانیدا

( وەڵامدانەوەی (کێ؟، لە کوێ؟، کەی؟، بۆچی؟، چۆن؟) بنەمای گشتی هەموو دارشتنێکی ڕیپۆرتاژن ، مەرجیش نییە هەموو کاتێك وەڵامی ئەو شەش شەیەت دەستبکەوێت، بەڵام ڕیپۆرتاژنووس پێویستە بەردەوام بگەرێت بە شوێن وردەکاریەکان و ناوەرۆکی ئەو ڕیپۆرتاژەی کە مەبەستیەتی )2

دکتۆر محەمەد ئەلدروبی لە کتێبی (الصحافە والصحفی المعاصر) دا دەڵێت " ڕیپۆرتاژ شێوەیەکی تایبەتلە شێوەکانی گوزارشتی ڕۆژنامە نووسی ڕاو گۆشە نیگای جیاواز ی لە زانستی ڕاگەیاندندا هەیە، هەندێ ڕاپێیان وایەشێوەیەکی شیکارییە، هەندێك بە شێوەی هەواڵی دایدەنێن ، یاخود هەندێکی دیکە بە شێوەی گوزارشتی ئەدەبی لە قەڵەمی دەدەن، بۆیە ڕیپۆرتاژنووسی سەرکەوتوو ئەوەیە هەواڵارێژەرێکی باش ولە هەمانکاتدا نووسەر بێت ، لەمەوە دەردەکەوێت کە ڕیپۆرتاژ پێکهاتەیەکە لە هەمووی، چونکە ڕیپۆرتاژ پشت بە بوعدێکی شیکاری دەبەستێت وخۆشی بوعدێکی هەواڵی تێدایە و بە شێوازی ئەدەبی دەرهێنەرانە دەنوسرێت "

دەتوانرێت بوترێت نزیکییەك لە هەر سێ خاسیەتەکانی ڕیپۆرتاژ ، هەواڵ ، چاوپێکەوتنەکاندا هەیە، بەڵام ئەبێت ڕۆژنامەنووس ووردبێت لە جیاکردنەوەی هەرسێکیاندا ، هەر ڕوداوێك کە شێوازی گێرانەوەی تێدا بێت ئەو ا هەواڵە (هەرکاتێك کۆمەڵێك ڕوداوی وەك نمایشی سەربازی ، ڕێپێوانی سیاسی ، فیستیڤاڵی وەرزشی ، کردنەوەی کارگەیەك ڕوو بدەن، ڕۆژنامەنووس وەك شایەتحاڵێك لە جیاتی ئەوانەی کە توانای ئامادە بونیان نییە ، ئامادەبێت و بەسەرهاتەکانی بنوسێتەوە ئەوە بە (ڕیپۆرتاژ)لە قەڵەم دەدرێت "3

ڕۆژنامەنووس بەرلەوەی دەستبکات بە ڕیپۆرتاژێك پێویستە بیر لە چەند لایەنێك بکاتەوە، ئەویش یەکەمیان: بەرنامەیەکی تەواوی هەبێت بۆ ڕیپۆرتاژەکەی ، دووەمیان: خاڵی دەستپێکردن و کۆتلی خۆی بزانێت، سێیەمیان: دەبێت ئاگاداری ئەوە بێت شیکار بۆ ڕوداوەکانی ناو ڕیپۆرتاژەکەی بکات، واتا هەر قسەی

خەڵکەکە نەگوازێتەوە خۆی تەنها ئەرکی گواستنەوەی لەئەستۆ بێت، بەڵکو دەبێت خۆشی بینەر بێت .

بەپێی ئەم وردکردنەوەیەی سەرەوەمان ئەوە بەدیدەکرێت تاکو ئێستا لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا بە گشتیی ڕیپۆرتاژنووسی سەرکەوتوو بە پەنجەی دەست دەژمێردرێت ، پێ بە پێ ئەمەش ئەگەر بەراودێك بکەین لە گەڵ ڕۆژنامەگەریی شاخدا ئەوا ڕۆژنامەنووسی شاخ نەیتوانیوە بپەرژێتە سەر نوسینی ڕیپۆرتاژ، خۆ ئەگەر دیقەتێکیش لە ڕۆژنامەکانی شاخ بدەین کەمتر ئەو هونەرەی تیا بەر چاو دەکەوێت ، زیاتر دوو هونەری ڕۆژنامەنووسی تێیدا زاڵە، ئەوانیش (هەواڵ و وتار) ،بەپلەی یەکەم هەواڵ زاڵە، بە پلەی دووەم ووتار، خۆئەگەر سەیری ڕۆژنامەی بەرەی کوردستانی بکەین لە ژمارە (4) ی ساڵی یەکەمی کانونی دووەمی 1989 دا ، یەکەمین ڕیپۆرتاژ لە ژێر سەردێڕی"پەنابەرانی کورد لە تورکیا .... سختی و مەینەتی" بەرچاو دەکەوێت ناوەڕۆکی ئەم ڕیپۆرتاژە باس لە پەنابەرانی کورد لە تورکیا دەکات لە سێ ئۆردوگا (دیاربەکر کە (31) هەزار کەس تێدا نیشتەجێیە، ئۆردوگای مێردین کە (75) هەزار کەس تێیدا دەژین، ئۆردوگای مووش کە (8) هەزار کەسی تیا دەژی . ڕێپۆرتەری ئەم ڕیپۆرتاژە تەنها وەك بینەرێك ڕوداوەکان ئەگێڕێتەوە ئەوەی پشتی پێبەستووە لێکدانەوەی خۆیەتی و بینینی ڕوداوەکان و شیکاری خۆی سەبارەت بەو ئۆردوگایانەو چاوپێکەوتنی چەند کەسێك.

لە بەشێکی ڕێپۆرتاژەکە ڕێپۆرتێرەکە دەڵێت" دوا بە دوای شالاوی هێزەکانی ڕژێم بۆسەر ناوچەی بادینان ، پتر لە (60) هەزار ئافرەت و منداڵ و پیر و پەککەوتەی کورد دوای ئەوەی گوند و ماڵ و موڵك و ڕەز و باخ و بێستانەکانیان بە چەکی کیمیای وهێشوویی وناپاڵمی عەفلەقییەکان تەخت و کاول کران، ناچاربوون لە گەمارۆی هێزەکانی ڕژێم، سنوور ببەزێنن و ڕووبکەنە تورکیا . هەواڵەکان وایڕادەگەیەنن پەنابەران لەم وڵاتەدا ژیانێکی پڕ مەینەتی و کوێرەوەری بەسەردەبەن لە بارودۆخێکی یەکجار دژوار و نالەباردا دەژین ،

لەم بوارەدا چاومان بەسێ برای پەنابەری ئۆردوگای دیار بەکری تورکیا کەوت کە لەم دواییەدا خۆیان لە ئۆردوگای ناوبراودان، ئەم سێ برا پەنابەرە بەم شێوەیە خوارەوە بارودۆخی ئۆردوگاکانیان بۆ باسکردین:

ئێستا پەنابەرانی کورد لەو وڵاتە لە سێ ئۆردوگای پەنابەراندا کۆکراونەتەوە کە بریتین لە(ئۆردوگای دیاربەکر و مێردین و مووش ) ، پەنابەرانی ئۆردوگای دیاربەکر لە نێو ساختمانێکی 3 نهۆمیدا نیشتەجێکراون . هەر نهۆمێك لە دوو ئاپارتمان و هەر ئاپارتمانێك لە دوو ژور و هۆڵێك پێکهاتووە ، لەهەر ژورێکی ئاپارتمانەکەدا نزیکەی 10 نەفەر، لە هۆڵێکیشدا نزیکەی 15 نەفەر دەژین . بەم پێیە لە ناو هەر نهۆمێکی ساختمانەکەدا نزیکەی 75 نەفەر دەژین، زۆر جار 3 خێزانی تەواو لە تاکە ژورێکی تەسکداپێکەوە دەژین .

لە بەشێکی تری ڕێپۆرتاژەکەدا دەڵێت" دانشتوانی ئۆردوگای مێردین سەرباری سەرما و بەستەڵەکی زستان هێشتا لە ژێر چادردا دەژین ماوەیەکی کەمبەر لە ئێستا چەند جارێك لە ژێر قورسای بەفر و زریاندا ژیاون، ئەمە وەزعی ڕۆڵەکانی گەلی کوردمانە لە نێو ئۆردوگاکانی پەنابەراندا لە تورکیا . ئاشکرایە بە تەنها لە ڕێگەی ڕوخاندنی ڕژێمی سەدام و هێنانە سەر کاری حکومەتێکی دیموکراتییەوە کە مافی چارەنووسی گەلی کورد دابینبکات ئەوساش دەتوانرێ کێشەی پەنابەران بنبڕبکرێت و ئەو خەڵکە بگەڕێنەوە بۆ سەر خاك و ئاو و ماڵ و موڵکی خۆیان، تا ئەو کاتەش گەرەکە بایەخی زیاتر بە کێشەی پەنابەران بدرێت ،پێداویستیەکانی ژیانیان بۆ مسۆگەر بکرێت ، هەموو لایەك دەبێت بە هانای پەنابەرانمانەوە بێن و هەوڵبدەن بەهەموو شێوەیەکی گونجاو باری قورسی سەرشانیان سوکتربکەن و لەم مەینەتی و دەردەسەرییە ڕزگاریان بکەن .

لە ژمارە(11)ی ساڵی یەکەمی تەمووزی 1989 دا ڕیپۆرتاژێکی دیکە لەژێر سەردێڕی" پەنابەرانی ئۆردوگای مێردین چۆن و بۆچی ژەهرخواردووکران"بلاوکراوەتەوە, ئەم ڕیپۆرتاژە هەرلەسەر هەمان پەنابەرانی کوردە لە ئۆردوگاکانی

تورکیا که چۆن ژیان بەسەر دەبەن, کلیلی ڕیپۆرتاژەکە هەواڵێکە که لەئاژانسی (ئەسیۆشێدپرێس) دەرچووەو لە چەند ئێزگەیەکی دنیاوە ژەهرخواردووکردنی ژمارەیەکی زۆرپەنابەرە کوردەکانی عیراق لە ئۆردوگای مێردین لە تورکیا بلاوکراوەتەوە, لە ڕێپۆرتاژەکەدا هاتووە کە ژمارەیەکی زۆرلەو پەنابەرانە ناچاربوون ئۆردوگاکە بەجێبهێڵن و ڕوبکەنە ئێران، هەمووشیان ئەو کارەساتەیان بەچاوی خۆیان بینیوە .

لە ڕیپورتاژەکەدا بۆئەوەی ڕاستی ئەوتاوانە دڕندانە بخرێنەڕوو ڕای چەند کەسێك وەر گیراوە کەلە ئۆردوگاکەدا بوون، ئەوەتا لەبەشێکیدا ، دەڵێت "لەوەلاّمی پرسیارێکماندا سەبارەت بە جۆری ژیانی پەنابەرانی ئۆردوگای مێردین ، کاك سلێمان ئیسماعیل ، وتی: ئۆردوگاکە بەدوری 12کم دەکەوێتە خواروی شاری مێردین و پانیەکەی 1کم و بەسەر72 گونددا دابەشکراوەو نزیکەی 16 هەزار کەسی لێیە، هەر گوندێك موختارێك و لیژنەی سەرپەرشتی خۆی هەیە، کەلە چوار یان پێنج کەس پێکهاتووە، بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی خەڵکەکەو پەیوەندیکردن لەگەڵ کار بە دەستانی حکومەتدا بۆ هێنان و دابەشکردنی ئازوقە ...و هەر بیست ڕۆژ جارێك ئازوقەدەدەن،هەر نەفەرێکی بچووك یان گەورە ،1کیلۆ برنج، 1 کیلۆ ساوەر،900غرام شەکر، 750غرام ڕۆن، 2قالّب سابون و 45غرام دۆشاوی تەماتەو ڕۆژانە 2-3سەمونیان بەر دەکەوێ.... سەرەڕای ئەوەی ئۆردوگاکە بەتەلی دڕکاوی تەلبەندکراوە، بەسەربازوجەندرمەش گەمارۆ دراوەو ئەمریان پێکراوە هەرکەسێ لە دوری 10م لە دەرەوەی ئۆردوگا ببینن دستڕێژی لێبکەن، تەنها ئەو ڕۆژەی خانمەکەی سەرۆك کۆماری فەرەنسا سەردانی ئۆردوگاکەی کردبوو، سەربازەکانیان لە دەوروبەری ئۆردوگاکە پاشەکشە پێکردبوو.

لەلایەکی تر دەڵێت "ئینجا دەربارەی ژەهرخواردووکردنی خەڵکی ناو ئۆردوگاکەمان پرسی، لەوەلاّمدا کاك عوسمان عەبدوللاّ گووتی:

پێشەکی دەبێ پەنجە بۆئەوە ڕابکێشم کە ئەو ژەهرخواردووکردنەی دەنگیدایەوە و ئێزگەکانی دونیا باسیان کرد ، ئەوە یەکەمجار نەبوو ئا لەم کارە چەپەڵیان ئەنجام دابێ، بەڵکو پێشوتریش کردبوویان، بەلاّم لەبەرئەوەی کەمتربوو هەستمان پێنەدەکرد ، چونکە جۆرە کێشەیەك لەناو خەڵکدا بلاّودەبوو کەس نەیدەزانی هۆکەی چییە؟، پاشان دکتۆرەکان ئاشکرایان کرد کە ئەویش لە ئەنجامی ژەهر تێکەڵکردن لەگەڵ ناندا بوو، بەلاّم ئەوەی دەنگیدایەوە ڕۆژی هەینی 1989/6/9 بوو.

ئێوارە بوو وەك هەموو ڕۆژان نانیان هێناو بەسەر ئۆردوگاکە دابەشیان کرد ئەو نانە بۆ جەمی ئێوارەو بەیانیەکەی ڕۆژی پاشتربوو، پاش شێو خواردن بەسەعاتێك نیشانەکانی ژەهرخواردن لە خەڵکەکە بەدیارکەوتن ، هەر لەیەکەم سعات دا هەزار کەس زیاتر دەبوو، تاکو بەیانی ژمارەی توشبووەکانی خۆی لە نزیکەی چوارهەزارکەسدا ، زۆربەی زۆریان ژن و منداڵ بوون .

لە ژمارە (10 و 11 و 12 و 13 و 14 )ڕێپۆرتاژێکی پێنج ئەڵقەی لە ژێر سەردێڕی" هەڵەبجە برندارەکانی کیمیاباران دەدوێن " بلاّو کراوەتەوە .

هەر (5)ئەڵقەکە یەك پێشەکی، تێدا هاتووەو دەڵێت " بۆئەوەی تاوانی بۆردومانکردنی شاری هەڵەبجە بەچەکی کیمیایی لەلایەن ڕژێمی فاشی بەغداوە وەکو ڕاستیەك لە مێژووی مرۆڤایەتی چەرخی بیستەمدا بەرجەستە بکرێت، پەیامنێری ڕۆژنامەکەمان چەند چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ژمارەیەك لە برینداره کیمیاییەکان کرد ، تا خۆیان چۆنێتی سەرگوزەشتەی ئەو ڕۆژە، ڕۆژی قەتلّ و عامی شارێك لە لاپەڕەکانی مێژوو یاداشت بکەن"

ناوەڕۆکی ڕێپۆرتاژەکە دەرخستنی باروگوزەرانی ئەو خەڵکەیە کە بەچەند رەزالەت و حالەت گەیشتوونەتە نەخۆشخانەکان و لە هەمانکاتدا ڕزگار بونیان لەناو شاری هەڵەبجە لە کاتی بۆردومانەکەدا. کاتێك ڕیپۆرتاژەکە دەخوێنیتەوە بۆت دەردەکەوێ کە ڕیپۆرتێرەکە توانیویەتی

بنەماکانی ڕێپۆرتاژ جێبەجێبکات.

لــە بەشــێکی ڕێپۆرتاژەکــە هــاتووە" بــەیانی ڕۆژی 1988/3/16 کاتێـك خەبـەرمان بـووەوە، وتیـان: دەڵەمـەڕ سوپای عیراقی لێبـو گیراوە. بەچاوی خـۆم بینـیم سـەربازەکان ئۆتۆمبێلەکانیان بەجێدەهێشت و بـە پیـادەو شـڵەژاوییەوە بـەرەو ناوشار دەهاتنەوە، لەکۆلان و شەقام و ماڵـەکان دابەشبوون بـۆ نـان خـواردن و ئـاو خواردنـەوە. هێنـدەی پێنەچـوو، وتیـان: لـە خوارەوە دەستکراوە بەتەقـە، کـە گوێمـان هەڵخسـت، دەنگـی تەقەی تفەنگ نەهات، پاش ماوەیەکی تر وتیان: کە چەمی زەڵم گـیرا، ئـیتر سـوپای عـیراق وخەڵکەکـە ئابلوقـە درا و ڕێگـای دەرچونیان نەماوە، خەڵکەکە لە شار مانـەوە تـا سـەعات 11ی بەیانی ڕۆژی دواتر دنیـا کشـومات بـوو، شـارەکە ئـازاد کـراو پێشمەرگە هاتنە ناو شار، ئیتر هیچ دەستەلاتێکی ڕژێمـی تیـا نەما، سـەعات 11ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی 3/17 فیشـکەیەك هات وبە ناپاڵم لە(مەرکەزی سـەرای) دا, خەڵکەکـە لەترسـاندا بەرەوخواریان کرد, ئێمـە ماڵمـان لـەکاتی قوڵکـە بـوو, کـاتێ خەڵکەکە بەرەو لای ئێمـە هـاتن، وتیـان: خـەڵکێکی زۆرشـەهید بـووە، وتمـان: هـیچ نییـە، داخـوا 3-4 یـك کـوژراون, دوای 10 دەقیقەی تر(6)فرۆکە هاتن تا ئەمانە دەهاتنەوە و بۆردومانیان دەکـردو دەڕۆیشـتن, شـەش فڕۆکـەی تـر بەدوایانـدا دەهـات, فرۆکەکان بەغازی کیمیایی سەرا و گەڕەکی شەهیدان وپیرمحەمەد وتـەلقیح و ناوبـازار یـان بۆردومـان کـرد, ئێمـە لـە سـەرەتادا نەمانـدەزانی کیمیـایی چـییە؟ هـەرناومان بیسـتوە، کـاتێ فرۆکەکان هاتن ودەستیان بەبۆردومان کـرد، منالـەکانی خـۆم ومنـاڵەکانی خوشکەکەم بردە ژێرخانێك, بەلام کاتێ ئەوناپاڵمانە دەکەوتنە سەرزەوی ئەوژێرخانەی دەهەژاند منداڵـەکان لەترسـانا دەستیان کرد بەگریان، دوای چارەکە سەعاتێك گوێمان لێبـوو خەڵکەکە دەیانوت: غاز، غاز خێزانەکەم، وتی: نەهرۆ کێ غـاز دەکڕێ وکێ غاز دەفرۆشێت,کەهاتمە دەرەوە سـەیرم کـرد, چـی هەرخەڵکەو ڕادەکا بەلادادێ و دەکـەوێت، وتم: ئەوەچـیە؟ وتیـان: غـازە وخەڵك دەکـوژێ، وتم: ئـەی چـارە؟ وتیـان: پـەڕۆی تەڕبـدەن بەلوتاندا، منیش بە پەشۆکاوی گەڕام و هەندێ پـەڕۆم دۆزییـەوەو تەڕم کردوبەسەرمنداڵەکانمدا دابەشکرد. هەرچۆنێ بوو تاسەعات 6ی ئێوارە لە ژێرخانەکە خۆمانگرت, دواتـر دەسـتم بجـەرگی خۆمانـاو، وتم: بـا بـۆ دەرەوەی شـار ڕاکـەین, کـاتێ گەیشـتینە گـەڕەکی شـەهیدان, فڕۆکـەکان هاتنـەوە و ناوشـارە کـەیان بۆردوومـان کـرد، خـەڵکێکی زۆر بەهەرچـواردەوری شـار بلاوبوونەوەو ڕایاندەکرد، ویسـتم بـەرەو عەنـەب بـڕۆین، وتیـان: بەرەو ئەوێ مەڕۆن، چونکە خەڵکێکی زۆر لەوێ شەهید بوون ".

## پەراوێزەکان:

[1]تحريـر الاخبـار فـي الصـحافة والأذاعـة و والتلفزيـون، ملفـين مينتشـر، تعريـب. د. اديـب حضور ط(1)- ديمشق 1992'

[2] فـن كتابـة الخبـار – د. عبـد السـتار جـواد، اردن -1999 ط

(فن كتابة الأخبار د. عبد الستار جواد ،ص 1 1 ،الأردن -1999)

[1] فن كتابة الأخبار د. عبد الستار جواد، الأردن -1999 -

2 هەمان سەرچاوەی 1

3هەمان سەرچاوەی 1


[4]هەمان سەرچاوەی 1

1 فن كتابة الأخبار د. عبد الستار جواد، الأردن -1999-

\2 تقنيـة الصـحافة، ، فبيليـب غيار ،تعريـب فـانى الحسينى، بيروت – لبنان 1973

3هونەرەکانی ئەدەب لە ڕۆژنامەگەری نهێنی کوردیدا، نەوزاد عەلی سلێمانی 2005

# ئینتەرنێت وەك سەرچاوەی زانیاری رۆژنامەوانی کوردی



توێژینەوەی : کامیل عومەر

لەم توێژینەوە دا بە گشتی باس لە ئینتەرنێت کراوە وەکو رەهەندی مێژوویی خزمەتگوزاریەکانی، بایەخ و گرنگیەکانی لە بواری ماسمێدیا دا . هەروەها باس لە سەرچاوەکانی زانیاری گشتی ،سەرچاوەی هەواڵ و زانیاری کەناڵەکانی مێدیا کراوە هەروەها ئامرازێکی نوێی پەیوەندی و راگەیاندن کە سەرجەم سەرچاوەکانی تریش لە خۆی دا کۆ دەکاتەوە.

بۆ زیاتر روون کردنەوەی ئامانجی باساکە ، رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ئۆرگانی (ی.ن.ك) کراوەتە نموونەی سوود وەرگرتنی رۆژنامەوانی کوردی لەو ئامرازە تەکنەلۆژییە کە بۆتە سەرچاوەیەکی زانیاری سەردەم.

ئامانج لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە لە پێناو زیاتر دەرخستنی بایەخ و بەهای ئینتەرنێت وەك سەرچاوەی زانیاری و هاندانیش بۆ هەرچی زیاتر کەڵك لێوەرگرتنی لەلایەن رۆژنامە کوردیەکانمان بە ئاراستەیەکی زانستی تر و بەرەچاوکردنی بنەماکانی رەخنەی سەرچاوە.

بایەخ و گرنگی توێژینەوەکەش بۆ هەڵسەنگاندنی رادە و چۆنێتی سوود وەرگرتنی رۆژنامە کوردیەکان لەو سەرچاوە گرنگەی زانیاری لەلایەك و دەرخستنی کەم و کوری لە چۆنیەتی بەکارهێنان و زانیارییەکان و رێنمای کردن بۆ چارەسەرکردنیان لەلایەکی تر.

ئەو میتۆدەش کەلەم توێژینەوەدا بەکارهاتووە زیاتر (مێژووی وەسفیە) چونکە بەگشتی باسم لە مێژووی ئینتەرنێت و سەرچاوەکانی زانیاری و بایەخیان و کەم و کوریان کردووە.

جۆری ئەو سەرچاوانەش کە بەکارهێنراوان زیاتر بریتین لە سەرچاوەی نوسراو وەکو کتێب و گۆڤاری عەرەبی و کوردی و فارسی کە تارادەیەکی باش سوودیان لێوەرگیراوە بەڵام کەم و کوریەکەیان لەوەدایە کە بەشێوەیەکی شیکاریانەو بەراود کاری نەنوسران و زۆر لە سەرچاوەکان بە شێوەیەکی زۆر سادە و بەکورتی باسیان کردووە.

هەروەها سەرچاوەیەکی تر کە سوودی لێوەرگیراوە چاوپێکەوتنەو بایەخەکشی لەوەدایە ئەو کەسانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە خۆیان رۆژنامەنووسن و لەو بوارەدا ئەزموونیان هەیە ،لە هەردوو سەرچاوەکەی تر گرنگترە

کەبەکارهێنراوە ئینتەرنێتە بەوپێیەی کە زانیاریەکانی نوێیەو کۆڵەکەی توێژینەوەکەش هەر ئینتەرنێت خۆیەتی.

پێکهاتەی توێژینەوەکەش دابەشکراوە بۆ سێ بەشی سەرەکی:

بەشی یەکەمیان : کە بریتیە لە ئینتەرنێت و ڕەهەندە مێژوویەکەی بە شێوەیەکی وورد و دیاریکراو باس لە زۆربەی لایەنەکانی ئینتەرنێت کراوە و پێکهاتووە لە دوو پاری سەرەکی.

پاری یەکەم : ئینتەرنێت چی دەگەیەنێت (مانا و چەمکی ،پێناسەکانی خزمەتگوزاریەکانی. )

پاری دووەم : مێژووی داهێنانی ئینتەنێت و قۆناغەکانی گەشسەندنی (بەگشتی لە هەموو بوارەکان دا بەتایبەتی لە بواری ماسمیدیادا. )

بەشی دووەم : بریتیە لە سەرچاوەزە زانیاریەکان و دابەشکراوەتە سەر چەند پارێك.

پاری یەکەم : جۆر و کایەی سەرچاوەکانی زانیاری.

پاری دووەم : سەرچاوەی هەواڵ و زانیاری کەناڵەکانی ماس میدیا.

پاری سێیەم : ئینتەرنێت وەکو سەرچاوەی گرنگی زانیاریەکان

.

بەشی سێیەمیش : کارێکی مەیدانیە لەسەر کوردستانی نوێ وەك نموونەی ڕۆژنامەوانی کوردی و پێکهاتووە لە دووپار.

پاری یەکەم : ئینتەرنێت وەك ئامرازێکی نوێی ڕاگیاندن و سەرچاوەی گرنگی زانیاری ڕۆژنامە کوردییەکان.

پاری دووەم : ئینتەرنێت وەکو سەرچاوەیەکی گرنگی زانیاری (کوردستانی نوێ).

بەشی یەکەم

## ئینتەرنێت و ڕەهەندە مێژوویی یەکەی

هەرچەندە ئینتەرنێت داهێنراوێکی ئەم سەردەمەیە بەلاَم بەرهەمی گوڵە هزرێکی هەرزان ساڵی تەمەنی مرۆڤە، تەنانەت هەندێك لە ڕەهەندەکانی بواری بەکارهێنانی



ئینتەرنێت دەگەڕێتەوە بۆ چاخی بەردین ،ئەو دەمەی کە مرۆڤ هێمای بەکاردەهێنا بۆ ناسینەوە و دەستنیشانکردنی (مەدلول) ە بەرجەستەکانی دەوروبەری لەسێ کۆچکەی (دەریا ، ئاسمان ، زەوی) دا ،حەزکردن لە جیهانگەری و شارەزای ژینگە و دۆزینەوەی نادیارەکان ڕیشەیەکی کۆنی هەیە لە پێکهاتەی هزری و دەروونی مرۆڤدا .[١]

دیارە داهێنانی تر دێنێتە گۆڕێ ،وەکو مرۆڤ لە پیادەیی بوو بە سواری و یەکەم جار وولاَخ و پاشان گالیسکە و پاسکیل و ماتۆرسکیل و ئۆتۆمبێل و شەمەندەفەر و فڕۆکە ..... پێش تەلەفزیۆنیش ڕادیۆ هەبوو ،بەر لە ئینتەرنێتیش کۆمپیوتەر و تۆڕی محەلی و ....... کە هەمووی یەك بە دوای یەك ئەوی تری داهێنا.

لێرەدا دەتوانین لە چوارچێوەی ئەو داهێنانە دەگمەن و کەم وێنانە ئەژمار بکەین ،کە گەورەترین شۆڕشی لە دونیای زانیاریەکاندا بەرپا کرد .

پەراوێز:

1.گۆڤاری زانستی سەردەم ژمارە (١) – بەرکوتێکی ئینتەرنێت و ژیانی سەردەم – عەزیز ئالانی – دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ١٩٩٩ – ل١٥٤

## پاری یەکەم

## ئینتەرنێت چی دەگەیەنێت ؟

### 1 -ماناو چەمکی ئینتەرنێت

ناوی (ئینتەرنێت) لە ووشەی ئینگلیزی (Net) ەوە وەرگیراوە کە بە مانای ((تۆڕ)) دێت ،ئەم ووشەیە ئێستا مانایەکی تایبەتی دەبەخشێت پاش ئەو پەیوەندی یەی کە لەگەڵ تەکنەلۆجیای زانیاری دا گرێدراوە ،بەو مانایەی بووە بە ((تۆری زانیاری)) یا ((تۆڕی ناردنی تەلەفزیۆنی و ڕادیۆیی)) ١

زاراوی ئینتەرنێت کوتکراوەی هەردوو ووشەی ئینتەرکۆنێکد ((ENTER CONNECTED))و نێت ۆرکس ((NETWORKS))ە ،واتە تۆڕە بەیەکەوە بەستراوەکان.

لە هەمان کاتدا هەندێ سەرچاوە دەڵێن ئینتەرنێت کورتکراوەی دوو ووشەی ئینگلیزی ((INTERNATIONAL & NETWORKS)) واتە تۆڕی نیو دەوڵەتی . ٢

هەر لەبەر ئەوەیە کە دەتوانین بڵێین ئینتەنێت ئاماژەیە بۆ تۆڕێکی قەبەی زانیاری هەموو کۆمپیوتەرە پەیوەستەکان بەو تۆڕەوە بەیەکترەوە دەبەستێتەوە.

کەواتە

ئینتەرنێت ناوێکە بۆ سیستمێکی بەرفراوانی گەورە کە لەسەر تاسەری دنیادا بلاوبۆتەوە و لە خەڵك و زانیاری یەکان و ئامێرەکانی کۆمپیوتەر پێك دێت ،بەشێوەیەك ئاڵۆزە کە ئاسان نەبێت مرۆڤی ئاسای لێی تێبگات .٣ تا ئەمڕۆش بە ڕوونی ناتوانرێت لە ئینتەرنێت بگەین بە شێوەیەکی تەواو تا ئەو ڕادەیەی کەسێکیش نی یە بتوانێت تەنانەت لە بەشێکی ناو ئینتەرنێت بگات ب شێوەیەکی ڕها و تەواو.

زۆر جار ئەم ئاڵۆزی یەی سیستەمەکە دەگێردرێتەوە بۆ ئەوەی کە ملیۆنان کۆمپیوتەر بە زانیاری (داتا) پرۆگرام و ئامێری هەڵسوڕاندن و ناردن و وەرگرتنەوە لە پێکهاتەکەیدایەو زۆر بە لابەلای یەوە کار دەکات بەلاّم ئەوەی کە گرنگە بەبێ هیچ سەنتەرێکی بەرێوە بردن ئەرکی داواکراو جێبەجێ دەکات و تاقە لایەنێکیش نی یە هەڵی سورێنێت.

ئینتەرنێت ڕایەڵێکی (تۆڕ) بەر بلاّوی چەندین کۆمپیوتەری پێکەوە بەستراوە ،لەو ڕێیەوە بە خێرای لە بوارەکانی زیندەگی زانستی و نۆژداری و ڕووناکبیری و کۆمەلاّیەتی و ئابووری و میدیا دا زانیاری ئالوگۆڕی پێدەکرێ ،ڕایەڵەی ئینتەرنێت هۆکارێکی بەستنەوەی گشت لایەکی جیهانە و جۆرێ دنیای بچووك کردۆتەوە و کردوویەتی بە گوندێکی بچووك بە هۆی ئینتەرنێتەوە شارەزای شارستانێتی و داب و نەریت و زانستی دنیا دەبین . ١

ئەم ڕایەڵەیە لە گشت لایەکی دنیادا بلاّوە و بە (web) ئاماژەی بۆ دەکرێ و لە ڕێگەی ملیۆنان لاپەڕەی پەرش و بلاّوی ناو ئینتەرنێتەوە شێوازێکی ئاسان دەخاتە بەر دست و لەو ڕووبەرانەدا دەقی نووسراو و وێنەیان تێدایە و دەکرێ سەیر بکرێن و چاپیش بکرێن.

دەتوانین بڵێین بونیادی تۆڕی وینتەرنێت لە چوار ئاست پێك دێت : ٢

---

1. ئینتەنێت تۆڕی زانیاری جیهانی –ناتیق خەلوسی – وەرگێڕانی ئەکرەم قەرەداغی – دەزگای چاپ و پەخشی
2. سەردەم –سلێمانی –٢٠٠٣ ل٧
3. گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی ژمارە (٢) – ڕۆڵی کۆمپیوتەر و ئینتەنێت لە ڕۆژنامەگەری کوردی – لوقمان قادر ڕەولدزی – سەندیکای ڕۆژنامە نووسانی کوردستان –هەولێر –٢٠٠٠ –ل١٢٧
4. المرجع الكامل للخدمات الانترنت –ترجمه و اعداد المهندس ايمن سيد درويش ،شعاع للنشر و العلوم ، سوريه – حلب ط1 ،١٩٩٨ ،ص٩

**یەکەم / بەکارهێنەرانی تۆڕی ئینتەرنێت**

ئەوانەی لە ئاستی یەکەمی بونیادەکەدان و پەنادەبەنە بەر تۆڕەکە لە ڕێگەی یەکێك لە ئامادەکاری خزمەتگوزاری یەکانەوە (INTERNET SERVEIS PROVIDERS-ISP)ئەوش بە مەبەستی دەستخستن یاخود پەخشکردن و ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری یەکانە لە ڕێگەی کۆمپیوتەری تایبەتەوە (personal computer –pc) .

**دووەم / ئامادەکارانی خزمەتگوزاری یەکان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت(ISP)**

مەبەست لەمان چەند دامەزراوەیەکە لەسەر تۆڕەکە ،هێڵەکانی پەیوەندی کردن بە ئینتەرنێت بەکرێ دەدەنە بەکارهێنەران ئەوان خۆشیان پەیوەندی دەکەن بە وێستگە سەرەکی یەکانەوە جا ئەگەر چی نیشتمانی ،یا کشوەری ،یا جیهانی بن ،جگە لەوش ئامادەکاری خزمەتگوزاری یەکان کۆمەڵێك لە یارمەتی بەبەهاو ئامۆژگاری و پشتگیری تەکنیکی پێشکەش دەکەن.

**سێیەم / ڕێکخراوەکانی تۆڕە ناوچەیی و نیشتمانی یەکان**

ئامادەکارانی خزمەتگوزاری یەکان لە تۆڕە ناوچەی یەکان یان نیشتمانی یەکان دا پەیوەندی بەیەکەوە دەکەن ، لەسەر ئاستی ئەوروپا دوو ڕێکخراوی سەرەکی هەیە و یەکێکیان پێی دەوترێت ئیبۆن (Ebon) ،ئەوەی تریش ناسراوە بە ئۆرپانێت (Europa net) .

چوارەم / ڕێکخراوە جیهانی یەکانی تۆڕەکە

زۆربەی تۆڕە جیهانی یەکان پەیوەندی بەیەکەوە دەکەن جا ڕاستەوخۆ بێت یان لە ڕێگەی یەکێك لە ڕێکخراوەکانی (GLOBAL INTERNET EXCHING)یێت.

**2.پێناسەی ئینتەرنێت**

ئینتەرنێت وەك داهێنراوێکی ناوازەی سەردەم سەدان پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە و تەنها پێناسەیەکی دانپیانراو و دیاری کراو بۆ ئینتەرنێت لە ئارادا نی یە ،ئەو پێناساناەش وەك:

ئینتەرنێت تۆڕێکە لە تۆڕەکان (Network of Network)بەڵکو تۆڕی دایکە واتە دایکی هەموو تۆڕەکانە کەلە هەناوی دا ملیۆنان سیستمی کۆمپیوتەری و تۆڕەکانیان لە وڵاتانی دنیادا هەیە.

ئینتەرنێت ئەو تۆڕەیە کە سەرجەمی جیهان دادەپۆشێت 3.

لە کتێبی (The internet compass) دا ئاوەها پێناسی ئینتەرنێت کراوە:

)پەیانێکی هاوکارانەیە بۆ بەرەو پێشبردنی سیستەمی پەیوەستکردنی کۆمپیوتەرەکانی جیهان بەیەکەوە ، بەکارهێنەری ئینتەرنێت دەتوانێت بگۆڕێتەوە و بەشداری لە کۆمەڵێ هەواڵەکان دا بکات و دۆسیەکانی بۆ خەڵکان ڕەوانە بکات 4.

) جولیا ریچارسۆن) ی بەڕێوەبەری کۆمپانیای (copity

---

1-گۆڤاری ڕۆژنامەنووسان ژمارە (١) – ئینتەرنێت و میدیای ئەلکترۆنی – وەرگێڕانی هیوا ساڵح – یەکێتی ڕۆژنامەنووسان – سلێمانی ٢٠٠٢ ل٥٥

2.مسئولية الصحفى المدينة عن اخطائة المهنية – سامان فقوزى – من منشورات الاتحاد صحفي كردستان – سليمانية ٢٠٠٣ ص١٨٧

3-مسئوليةالصحفى المدنية عن اخطائة المهنية – سامان فەوزى – من منشورات التحاد صحفى كردستان – سليمانيه ٢٠٠٣ ص١٨٦

4-فێربوونی ئینتەر نێت – سەرکەوت پێنجونی – زنجیرە کتێبی گۆڤاری وێب – سلێمانی ٢٠٠٢ ل٧

ئینتەرنێت بەم جۆرە پێناس دەكات (ئینتـەرنێت comdex) ڕێبەرێكی مەزنی كات بسەربردنە) ١

ئینتـەرنێت واتـە بەسـتنی هـەموو كۆمپیوتـەرەكانی جیهـان بەیەكەوە كەهـەر كۆمپیوتـەرێك بتوانێـت پەیوەنـدی بكـات بـە كۆمپیوتـەرێكی تـرەوە جـا ئەگـەر ئـەو كۆمپیوتـەرەی تـر هاوڕێیەكمان بێت كە پەیوەندی پێوە بكـەین یـان دامـەزراوێكی گشتی بێت كە ئەو كارانەی پەخشی دەكات ئێمـە وەری بگـری ، هـەموو ئـەم كارانـەش بـەزانینی ناونیشـانی ئـەو لاپـەڕە كۆمپیوتەریە دەبێت كە دەمانەوێت پەیوەندی پێوە بكەین .٢

ئینتـەرنێت تـۆڕێكی زۆر گەورەیـە ،كۆبوونەوەیـەكی گـەورە لـە دەیـەها هـەزار لـەو تۆڕانـە پێـك دهێنێـت كـە دەتوانرێـت لـە ڕێگـای هـەزارەها كـەناڵی فەزاییـەوە پەیوەنـدیان پێـوە بكرێـت ملیۆنەها ئامێری كۆمپیوتەر بەم تۆڕەوە بەستراوە كـە دەرفـەتی پەیوەنـدی لـە بـەردەم حكومـەت و دامـەزراوە سـەربازی و ڕۆشنبیری و بازرگانیەكان دا دەڕەخسێت بۆ سوود وەرگـرتن لـەو ڕاژانەی كۆمپیوتەر و زانیاری و ئـەو بابەتـە جـۆراو جۆرانـەی كـە مەعریفە پێشكەش دەكەن .٣

خاتوو ئیستر دایسۆن سەرۆكی دەزگـای ئـەلكترۆنی پێشكەوتوو لە سانفرانسیسكۆ دەڵێت (ئینتەرنێت وك هەوا وایە)٤

ئەم پێناسەیە گەلێك مانا دەبەخشێت كە یـان مەبەسـتی ئەوەیـە لە شێوەی فراوانـی و خێـرا بـڵاو بوونـەوەی لـە هـەوا دەچێت یـا مەبەستی لەوەیە كـە لـە هـەموو كـون و قوژبنێكـدا هەیـە و زۆر بە گران كـۆنترۆڵ دەكرێـت یـان لەبـەر ئەوەیـە زۆر پێویسـتە وەك پێویستی هەوا بۆ ژیان یان مەبەسـتی ئەوەیـە چۆن هـەوای پـاك و هـەوای پـیس هەیـە ئاواهـا لـە ئینتـەرنێتیش دا شـتی زۆر بـە كەڵك و شتی زیان بەخش هەیە.

هـیچ كەسـێك خـاوەن و بەرپرسـی ئینتـەرنێت نـی یـە ،ڕێكخراوەكان لایەنـە تـەكنیكی یـەكانی تۆڕەكـە بـەرە و پـێش دەبەن و پێوەرەكان بۆ پراكتیزە كردنیان دادەنێن.

بڕبڕەی تۆڕی ئینتەرنێت كۆمپانیاكان یان تاكـەكانن ،١ وەكـو مایكرۆسـۆفت كـە خاوەنەكـەی ملیـاردێری ئـەمریكای بیـل گەیتسە ،هەروەك ئینتـەرنێت لەلایـەن پێكهاتەیـەك لـە هـەواران تـۆڕی كۆمپیوتـەری كۆمپانیـا و تاكەكانـەوە دەبرێـت بـەڕێوە ،كەهەریەكـەیان بەشـێكی بـەڕێوە دەبـات و خـەرجی دەكێشـێت ،ئەم تۆڕانەش هاوكاری یەكتر دەكـەن بـۆ ئـەوەی زانیـاری یـەكان گوزەر بكەن و بگاتە دەست هەموان.

### 3-جۆرەكانی تۆڕ(net)

سـێ ڕێگـە هەیـە بـۆ بەسـتنەوەی كۆمپیوتـەر بەیەكـەوە كـە ئەوانیش:

### 1-نێت وۆرك Network

بریتیە لە كۆمەڵێك كۆمپیوتەر كە دەتوانێت زانیاری لـە نێـوان یـەكتردا بگۆڕنـەوە و ئـەم كۆمپیوتەرانـە یـان بـەهۆی هێڵـی تەلەفونەوە بەیەكتریەوە بەستراونەتەوە ،كە ئەمەش دوو جۆرە:

*LAN-واتە بەستنەوەی چەند كۆمپیوتـەرێك لـە ڕووبـەرێكی Local Area Network CD نزیكـدا بەیەكـەوە بەسـتراون و هـەموویان بەشـداری دەكـەن لەیـەك پرنتـەردا یـا سكانەر یان كۆپیكەردا بۆ نموونـە دائیرەیـەكی حكـومی هـەموو كۆمپیوتـەرەكانی بەیەكـەوە دەبەسـتێتەوە فایلـەكانیان بدەن بـە

1-فێربوونی ئینتەرنێت – سەركەوت پێنجونی –زنجیرە كتێبی وێب – سلێمانی٢٠٠٢ ل٧

http://www.rebwar.rm.m4

ئینتەرنێت تۆڕی زانیاری جیهانی – ناتیق خەلەسی – وەرگێرانی ئەكرەم قەرەداغی – دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم – سلێمانی ٢٠٠٣ ل٧

هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٣

یەكتری دەتوانن بە هۆی ئەو Flopy Disk لە بری ئەوەی بە دیسكی بچووك تۆڕە فایلەكانیان ئاڵوگۆڕ بكەن یان لە جیاتی هەر كۆمپیوتەرێك پرێنتەرێكی لێ ببەسترێت دەتوانرێ بە هەموویان یان هەر چەند كۆمپیوتەرێكیان یەك پرنتەر بەكاربهێنن.

واتە بەستنەوەی چەند كۆمپیوتەرێك لە رووبەرێكی -WAN زۆر دووردا كە چەند Wide Area Network* كۆمپیوتەرێك كە زۆر دوورن لە یەكترەوە بەیەكەوە دەبەسترێنەوە بە هۆی شەپۆلی ئاسمانیەوە یان مانگە دەستكردەكانەوە .٢

2.**ئینتەرنێت**- Internet

بریتیە لە بەستنەوەی كۆمپیوتەرەكانی جیهان بە یەكەوە ،ئەو تۆرانە كۆمپانیای زۆر گەورە بەرێوەیان دەبات زۆربەیان كۆمپانیای گەورەن كە رێگای پەیوەندیكردنی زۆر دووریان لە نێوان یەكتردابێن كردووە وەك كۆمپانیاكانی Atxt,Sprint,MCI كە لە رێگەیەوە هەموو كۆمپیوتەرەكانی دامەزراو و دەزگا حكومیەكان و كۆمپیوتەرە شەخسیەكان بەیەكەوە دەبەسترێتەوە.

http://www.internettutorils.com

2. http://www.rebwar.rm.m4

3-**ئینترانێت**-Intranet

بریتیە لە بەیەكەوە بەستنەوەی كۆمپیوتەرەكانی دەزگایەك یان كۆمپانیایەك بەپێی رێساو پرۆتۆكۆلەكانی ئینتەرنێت لە رێیەوە كارمەندان و ئەندامانی دەزگاكە دەتوانن پەیوەندی بەیەكەوە بكەن و بگەنە ئەو زانیاریانەی لەناو كۆمپیوتەرەكان دا دانراون ،ئینترانێت كۆپیەكی بچووك كراوی ئینتەرنێتە كە لەناو دەزگایەك دا كاردەكات هەر ئەو زانیاریانەی تێدایە كە بەرێوەبەرانی تۆڕەكە دیاریان كردووە،دەتوانرێت لە رێگەیەوە پەیوەندی بكرێت بە ئینتەرنێتەوە چەند جیاوازیەك لە نێوان ئینتەرنێت و ئینترانێت دا هەیە وەكو :

ئینتەرنێت مولكی كەس نی یە و خاوەنی نی یە هەموو كەسێك دەستی پێدەگات ،برێكی زۆر زانیاری و لاپەرەی تێدایە ،بەلام ئینترانێت مولكی دەزگا یان كۆمپانیایەكە كە دروستی كردووە ،هەموو كەسێك ناتوانێت دەستی پێبگات ئەگەر رێگەی پێنەدرێت ئەو زانیاری و بابەتانەی تێدایە كە بەلای كۆمپانیاكەوە جێی بایەخن.

هەروەها چەند لایەنێكی لێكچوو هەیە لە نێوانیان دا وەكو لاپەرەكانی هەردووكیان بە زمانی دەنووسرێت ، بەرنامەكانی براوسەر بەكاردەهێن هەمان رێساو پێوەر و HTML پرۆتۆكۆلەكان بەكاردەهێنن لە وەرگرتن و ناردنی زانیاریەكان دا لە رێگەی هێلی تەلەفونەوە یان كێبل و مانگە دەستكردەكانەوە .١

4- **خزمەتگوزاریەكانی ئینتەرنێت**

لەگەڵ بەردەوامی گەشەسەندن و پێشكەوتنی ئینتەرنێت ،خزمەتگوزاری نوێتر و بەكەڵكتر لەگەڵ خۆی دەهێنێ بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی بۆیە بە پێویستی دەزانم لێرەدا هەندێ خزمەتگوزاریە گرنگەكانی ئەم دەمی ئینتەرنێت بخەمەروو كە تەواوكەری پێناسەو ماناكانی ئینتەرنێتن و بەكارهێنەر بە شێوەیەكی ئاسان سوودیان لێ وەردەگرێت.

(1) http://www.arabcomputing.com

1- **پۆستی ئەلكترۆنی** (E-mail)

زۆرترین بواری بەكارهێنەرانی ئینتەرنێت و بلاوترینیان بریتی یە لە پەیوەندی كردن بەبەكارهێنانی تۆڕەكە و لەرێگای پۆستی ئەلكترۆنی یەوە ك بەدیلێك بۆ پۆستی تەقلیدی لە گواستنەوەی نامەدا بە شێوەیەكی خێراتر و تێچونێكی كەمتر ،وێرای روونی و توانای هەلگرتنی دۆكیومێنتی گەورە بەوەش پۆستی ئەلكترۆنی كاردەكات لە گۆرینی پێكهاتەی سیستەمەكانی پەیوەندی كەسی و بازرگانی لە رێی سنوری نێودەوڵەتی وولاتانەوە لە بنەرەتدا پۆستی ئەلكترۆنی بەندە بەو خزمەتگوزاریانەی لەلایەن ئامادەكاری خزمەتگوزاریەكانی (ISP)دەخرێتە سەر تۆرەكانی پەیوەندی كەسەكان لە



میانەی پێگەکانیانەوە ئەگەر چی ئەوان لەهەمان پێگەی جوگرافیدا بن لەسەر تۆڕەکە یاخود لە پێگەیەکی دیکەبن کە هەزاران میل دوور بێت ،هەروها پۆستی ئەلکترۆنی وەك سندوقی پۆستی کەسی (Post Box) بەکاردێت بۆ وەرگرتنی نامە و زانیاری یە ئەلکترۆنیەکان و ئەمبار کردنیان بە شێوەیەکی ئامێری هەروەك دەکرێت بەکارهێنەر چاودێری پۆستە ئەلکترۆنیەکەی بکات و بیشیخوێنێتەوە لەهەر جێگەیەکی جیهان دا بێت ،دوای ئەوەی دەچێتە ناو سندوقی پۆستەکەی لە ڕێگەی ووشەی نهێنیەوە (Password) کە پارێزگاری لە نهێنی نامەکانی دەکات چونکە بۆ هەموو بەکارهێنەرێك ووشەیەکی نهێنی هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پۆستە ئەلکترۆنی یەکەی بە جۆرێك سیستەمی پۆستەکە کار ناکات تاوەکو ئەو ووشەی نهێنی یەی تێنەخرێت .١

1. مسئولیة الصحفی المدینة عن اخطائة المهنیة –سامان فوزی – من منشورات التحاد صحفی کرستان –سلیمانیة 2003ص191

دوو جۆر پۆستی ئەلکترۆنی هەیە:

جۆری یەکەم: لە ڕێگەی بەکارهێنانی بەرنامەیەکی تایبەتەوە پرۆسەی ناردن و وەرگرتنی پۆستە ئەلکترۆنیەکان بەڕێوە دەچن ،کە ئەویش بەرنامەی (Microsoft outlook) ەوە پێویستە ئەو بەرنامەیە لە کۆمپیوتەری بەکارهێنەردا هەبێت و دابەزێندرابێت.

جۆری دووەم: بە پۆستەی وێب یان خۆڕای ناوزەند دەکرێت بەبێ بەکارهێنانی (outlook) ئەمەش هۆی بڵاوبوونەوەی ئەم جۆرەیە دوای کردنەوەی ئیمەیلەکە لە ڕێگەی Composeدەکرێت جگە لە ناوەڕۆکی نامەکە وێنە و فایلی دەنگ و ڕەنگ لە گەڵیدا ڕەوانە بکرێت .١

لە خسڵەتە هەرە گرنگەکان پۆستی ئەلکترۆنی خێرای گەیاندنی نامەکان و وەڵامدانەوەیان لە ماوەی چەند چرکەیەکدا لەیەك کاتدا نامە ئاراستەکردن بۆ چەند ناونیشانێك ،ڕەوانەکردنی فایلی دەنگ و ڕەنگ لەگەڵیدا جگە لە دروستکردنی ناسیاوی و تێکەڵاوی لە نێوان گەلان دا .٢

بە پێی دەستە زانیارییە نێودەوڵەتیەکان International Data corporation-IDCلە ساڵی 2000 دا ڕۆژانە تێکڕای 5,1 ملیار نامەی ئەلکترۆنی لە ئەمریکا و 8,1 ملیار لە سەرانسەری جیهان دا ئاڵوگۆڕ کراوە ،هەروەها پێشبینی دەکات لە ساڵی 2005 دا ڕۆژانە 11,5 ملیار نامەی ئەلکترۆنی لە ئەمریکا و 26,1 ملیار لە جیهان دا ئاڵوگۆڕ بکرێن لە نێوان کسەکان و کۆمپانیا و دامەزراوەکان ٣.

http://www.fares.net.1

http://www.internettutorails.com .2

http://www.internet101.com .3

2-چات (Chat)

واتە ئەنجامدانی کاری گفتوگۆ لە ئینتەرنێت دا جا چ بەنووسین بێت یان بە شێوەی دەنگ ئەم کارە لەڕێی بەرنامەی تایبەتەوە ئەنجام دەدرێت کە پێویستە لەسەر کۆمپیوتەرەکەت دایبەزێنیت لە ڕێگەی بۆردی کلیکەکانەوە دەچێتە ناوی و لەگەڵ کەسانی دیکە دا بدوێین ئەوانەشی کەلەگەڵیاندا دەدوێین

تێبینیـــی یـــەکانی تـــۆ دەبیـــنن هـــەروەها ئـــەوەی کەلەگەڵیـــدا دەدوێیت دەتوانیت هەر بە نووسین لـە مـاوەی چـەند چرکەیەکدا وەڵامی قسەکانت بداتەوە .١

ناسراوترین بەرنامەی چاتیش بریتین لە:

yahoo , paltak, messenger MSN messenger ........

3.Discussing group

دەروازەیەکـە بـۆ گفتوگـۆ و مشـتومڕ و گۆڕینـەوەی بیـروڕا لـە بارەی باس و خوازی جۆرا و جۆرەوە کە لـە ڕێگەیـەوە دەتوانرێـت کـۆنگرەش گرێبـدرێت بـۆ تـاوتوێکردنی بابەتـە جیـاواز و هەمەچەشـنەکان بـەجۆرێك کـە دەبێتـە بنکەیـەك بـۆ ووتوێـژی زیند و هەروەها هەلێکیشـە بـۆ کۆبوونـەوەی کەسـە جیاوازەکـان کە ئـارەزووی هاوبەشـیان هەیـە زۆرجـار ئـەم وتووێـژە و بـیر و ڕا گۆڕینـەوە و کۆنگرەیـە بـە دروسـتکردنی (Forum) واتـە ئەنجوومـەنی ئینتەرنێتی ناو دەبرێت .٢

یەکێك لە شێوازەکانی خزمەت بـە شارسـتانیەت و مرۆڤایـەتی گەیاندن بـە ئینتـەرنێت بـوونی گروپـە هەواڵیـەکان (News group) کە دەروازەیەکە بۆ ئاشنابوون بـە هـەواڵ و زانیـاری و دەنگوباسی نێوان ئەو ناونیشانانەی کەلەسـەر تۆڕەکـە هـەن و هەروها دەروازەیەکیشـە بۆ گفتوگۆ و مشـتومڕ و گۆڕینـەوەی بیروڕا لـە بـارەی بـاس و خـوازی جـۆرا و جـۆرەوە ،یـەکێك لـە تۆڕەکـانی هەواڵەکانیشـە کـە بـە (Usenet) ناسـراوە و بەکارهێنەر و جەماوەرێکی فراوانی هەیە بـۆ ئـەوەی بـە ئاسـانی بگەیتە گروپـە هەواڵیـەکان دەبـێ بـە (News seyver) دا تێپـەڕیت بـۆ ئـەوەی کارەکـەت بـۆ ئاسـان بکـات و بـەخێرای وەڵامت بدرێتەوە بۆ ئەنجام گەیاندنی ئەم کارەش پرۆژەیـەك ئـەم ئەرکـە جێبـەجێ دەکـات کـە پێـی دەگوترێـت (News Beaders)کە ئەوانیش لە (120 بابـەت پێـك دێت و هـەر بابەتێکیش لە چەندین بابەتی ناوەکی تـر پێك دێت و سـەرجەم هەواڵ و ڕاپۆرت و ڕیپۆرتـاژ ئەگرێتـەوە کـە سەرچـاوەی گرنگـی زانیارین .3

1.مسئولیه الصحفی المدینه عن اخگائه المهنیه — سامان فوزی— من منشورات التحاد صحفی کردستان — سلیمانیه 2003 ص193

2.گۆڤاری ڕایەن ژمارە 11 — ئەنجوومەنی ئینتەرنێت — فازل ئیبراهیم —سلیمانی 2004 ل53

3.گۆڤاری وێب ژمارە (1) ناسینی کۆمەڵەی هەواڵەکان — کامەران سلێمان —— سلێمانی 2002 ل39،38

WEB CAM- 5

یەکێك لەخزمەتگوزاریەکانی ئینتەرنێت کە ئـەرکی پیشـاندانی فیلمی ڤیدیۆی بە شـێوەیەکی زینـد و هەروەهاپیشـاندانی بـازاڕ و شـوێنە گشـتیەکان ،جگـە لـەوەی خـەڵکی دەتـوانن لـە کـاتی چـوونە ژوورەکـانی چـاتدا بـە هـۆی کامێرایـەکی بچـووکەوە کەلەسر شاشەی کۆمپیوتـەر دائـەنرێت یـەکتربیینن و گفتوگـۆ بکەن.

## 6- **پەڕەکانی وێب** Web

ئینتـــەرنێت بەهـــەزاران یگـــەی جـــۆرا و جـــۆری تێدایـــە و هەریەکێکیشیان دەکەوێتـە ئـەو پەڕانـە دێنـە بەردەمـت کـە بـە پەڕەکانی Web دەناسرێن بۆ نموونە لاپەڕەکانی ڕۆژنامـە یـان کۆمپانیا یان سایتەکان .1

بـــەهۆی ئاســـانی بەکارهێنانـــەوە زۆربـــەی هـــەرە زۆری بەکارهێنـــەرانی ئینتـــەرنێت پـــەڕە (دەق ئـــامێز و وێنـــەدار و دەنگی و ڤیدیۆی و ......هتد) ە دەکەونەوە و سـەیر دەکـەن و هەڵدەدەنەوە .

تایبەتمەندی فیلـە ئەلکترۆنیـەکانی وێـب واخراونەتـە ڕوو زۆر بـە سـانای دەتوانێت لەمیانـەوە بچێـت بـۆ سـەر ئـەویان بـەجۆرێ تـەنها لـە مـاوەی تـەنها چـرکەیەکدا ئـەوی داوات کـردووە لەبەردەمتـدا قـووت دەبێتـەوە و دەتوانێـت بـە ئاسـانی سـەیڤی بکەیت.

چوونە ناو لاپەڕەکانی وێب بە چەند جۆرێکە:

1. زانینی ئەدرێسی لاپەڕەیەك یان پێگەیەك و لە ڕێگەیەوە چوونە ناو ئەو لاپەڕەیە یان پێگەیە.
2. هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی وێب و کلیك کردن لەسەر لینکەکان بۆ ئەوەی لە لاپەڕەیەکەوە بچینە لاپەڕەیەکی تر.
3. گەڕان لەناو دایرێکتەری بابەتەکان کە بەهۆی لینکەکانەوە کۆکراونەتەوە و ڕێکخراون.
4. لەڕێگەی گەڕان بەناو ئینتەرنێتدا SEARCH.

هەروەها خزمەتگوزاریەکانی تری وەك دەستخستنی زانیاری و کاروباری بازرگانی و کاری بانکی و ڕیکلام و پروپاگەندەی سیاسی و ئاست و ئایدۆلۆژی و فەلسەفەییەکان.

هەروەها شوکردن و یەکترناسین و چەندین خزمەتگوزاری تر لە ئینتەرنێت دا هەیە هەموو ئەو خزمەتگوزاریانەی ئاماژەمان پێدا لە ڕێگەی پرۆگرامەکانی www و FTP و GOFER،و WALS و چەندینی تر دەستەبەر دەکرێن.

1. فێربوونی ئینتەرنێت – سەرکەوت پێنجونی – زنجیرە کتێبی گۆڤاری وێب – سلێمانی٢٠٠٢ ل١٩

## پاری دووەم/ مێژووی داهێنانی ئینتەرنێت و قۆناغەکانی گەشەسەندنی

لەسەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو بەهۆی قەیرانی دانانی موشەکەکانی یەکێتی سۆڤیەتی جاران لە نزیك سنورەکانی وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کەبە قەیرانی دورگەی کوبا ناسراوە لە پەیوەندیە نێو دەوڵتی یەکاندا ،پێشتریش بەهۆی بالا دەستی ڕووسەکان لە ئەنجامی هەڵدانی یەکەم مانگی دەستکردی فەزای بە ناوی sputnik بۆ بۆشای ئاسمان لە ساڵی 1915 .1

وەزارەتی بەرگری ئەمریکا گریمانەی ڕوودانی کارەساتێکی ئەتۆمی دانا و کاریگەریە ترسناکەکانی لەسەر چالاکی یە جۆراوجۆرەکانی سوپا لەبەر چاو گرت بە تایبەتی بوارەکانی پەیوەندی کردن کە خاڵی هاوبەشی و بنەڕەتی ئاراستە کردن و بزواندنی هەموو کارەکانە بۆیە گروپێکی لە توێژەران ڕسپارد بۆ توێژینەوەی ئەرکی دۆزینەوەی تۆری پەیوەندی کە بتوانێت بەردەوام بێت تەنانەت لە هەلوومەرجی هێرشێکی ئەتۆمیشدا و بۆ دڵنیابوون لەوەی کە پەیوەندیەکان لەکاتی ڕوودانی هەر جەنگێکدا بەردەوام دەبن.

بەم جۆرە بیرۆکەکە لەدایك بووە بەوەی تۆڕێکی پەیوەندی کردن Networkدروست بکرێت کە ناوەندێکی کۆنترۆڵکردنی سەرەکی تر بێت بەڵکو چەند ناوەندێك هەیێت لە کاتێکدا ناوەندێك خاپوور دەکرێت سیستەمەکە لەسەر کارەکەی خۆی بەردەوام دەبێت.

لە بنەڕەتدا پرۆژەکە کە بۆ بەکارهێنانی سەربازی و جەنگی بنیات نرا لەو سەردەمەدا توێژەرەوەکان تۆڕێکیان دروست کرد و ناویان لێنا تۆری ئاژانسی پرۆژەی لێکۆڵینەوە پێشکەوتووەکان

(ARPAnet) Advanced research project agency Networkوەکو پرۆژەیەکی تایبەت بە وەزارەتی بەرگری ئەمریکا ئەم پرۆژەیە کە ساڵی 1968 دەستکرا بە جێبەجێکردنی سەرەتای و سادە بووە و لە چوار کۆمپیوتەر پێکهاتبوو.

کە بەهۆی هێڵی تەلەفونەوە بەیەکەوە بەسترابوونەوە و لە ناوەندەکانی توێژینەوەی زانکۆکانی ئەمریکا دانرابوون لە شارەکانی لۆس ئەنجلۆس مینلوپارك سانتا باربارا ویوتا.

قۆناغەکانی بەرە و پێشچوونی ئەم پرۆژە مەزنەی مرۆڤایەتی و داینەمۆی شۆڕشەکانی زانیاری دواتر بەم شێوەیە بوو ١٠

* مسئولية الصحفي المدينة عن اخطائة المهنية – سامان فوزي- من منشورات اتحاد صحفي كردستان – سليمانية 2003 ص188

یەکەم گروپی کاری تۆڕی Arpanet لە پەیمانگای توێژینەوەی ستانفۆرد (SRI) لە ڕۆژانی 26 و 25 ی ئۆکتۆبەری 1968 کۆبوونەوە.

له تۆڕی Arpanet بۆ پەیوەندی کردن کۆمپیوتەری تایبەتی جۆری IMP بەکارهێنرا کە کورتکراوی Interface message processorبەڕێوە بردنی ئاراستە کردنی پەیامەکان کە مەبەست لێی زامنکردنی ئاراستەکردنی پەیامەکان بوو لە نێوان کۆمپیوتەرێکی ئاسای تۆڕی Arpanetلەیەکی سێپتەمبەری 1969 یەکەم کۆمپیوتەری IMPگەیەنرا بە تاقیگەیەك لە شاری لۆس ئەنجلۆس.

لە ڕۆژی 21ی نۆڤەمبەری 1969 بۆیەکەم جار دوو کۆمپیوتەری IMP بەیەکەوە بەسترانەوە کۆمپیوتەری یەکەم لە شاری لۆس ئەنجلۆس و ئەوی تریان لە پەیمانگای توێژینەوەی ستانفۆرد لە شاری منیلوپارك لە ویلایەتی کالیفۆرنیا بوو.

دواجار لە ڕۆژی 5ی دیسەمبەری 1969 و دوای بەیەکەوە بەستنەوەی چوار کۆمپیوتەری جۆری IMP لە شارەکانی لۆس ئەنجلۆس و منیلوپارك و سانتا باربااویوتا تۆڕی Arpanetبە شێوەیەکی ڕەسمی دامەزرێنرا.

ئەم پڕۆژەیە کە ناوکی دروستکردن و پەیدا بوونی ئینتەرنێت بوو بە شێوەیەکی خێرا گەشەی کرد بوو وە گەورەترین تۆڕی پەیوەندی لە سەرانسەری جیهان دا ،لەساڵەکانی دواتردا گۆڕانکاری گەورەی بەخۆیەوە بینی لە سەرەتا دا پڕۆژەکە پەیوەست بوو بە سوپا و زانکۆکان و توێژەرەوەکانی ئەمریکا وە ئەم پڕۆژەیە لە ساڵی 1980 نەناسراو بوو لەو ساڵەدا ئاشکرا کراو لەو ساتەوە بەرە و پێشچوونی گەورە بەخۆیەوە دەبینێتوو ڕۆژ بە ڕۆژ لە فراوان بووندایە لە نێوان ساڵانی 1982 – 1985 ئینتەرنێت لەدایك بوو کاتێك Arpanet لە ساڵی 1983 بوو بە دووبەشەوە: Arpanet و Milnet کە یەکەمیان بەکاردەهێنرا بۆ توێژینەوە مەدەنیەکان (milnet) یش بۆ کاری سەربازی. (military net).

المرجع الكامل للخدمات الانترنت – ترجمه و اعداد المهندس لين سيد درويش ،شعاع للنشر و العلوم سوريه – حلب ،ص1 ،1998،ص10

لە ساڵی 1986 دەزگای زانیاریە نیشتمانیەکانی ئەمریکا science national Network foundation تۆڕێکی دروست کرد بە ناوی NAFNET کە هەموو توێژەرەوەکانی بەیەکەوە پەیوەست کرد و لە پێنج کۆمپیوتەری زەبەلاح پێکهاتبوو بریتی بوو لە ناوەندەکانی هێڵەکانی ناردن کە لە ڕیشاڵە تیشك و تەلی ئاسایی بۆ ئەوەی بتوانرێت زانیاری زۆر و بەخێرایەکی زۆر بۆ ماوەیەکی دوور بگوازرێتەوە دروست کرا بوو سود لە مانگی دەستکرد وەرگیرا ،ئەم تۆڕە بووە بڕبڕەی پشتی ژێرخانی لە هەزار کۆمئینتەرنێت 1.


لە ساڵی 1982ژمارەی ئەو کۆمپیوتەرانەی لە تۆڕی ئینتەرنێت دا بەشدار بوون لە هەزار کۆمپیوتەر تێپەڕی نەکرد ساڵی 1991 ژمارەی تۆڕەکان گەیشتە 5000 تۆڕ و بەسەر 36 وولات دا دابەشبوو و زیاتر لە 700 هەزار ئامێی مکۆمپیوتەری پێوەبەسترابوو نزیکەی 4 ملیۆن کەس سوودی لێدەبینن.

ئینتەرنێت بەردەوام بەخێرای بلاودەبێتەوە لە کاتێکدا ساڵی 1991 تەنیا دەرچووە 73 دەوڵەتی ئەندامی نەتەوەیەگرتووەکان کە ژمارەیان ئەو کاتە 159 دەوڵەت بوو واتە(46% ی کۆی دەوڵەتان.

لە ساڵی 1995 دا گەیشتە 148 دەوڵەت لە کۆی دەوڵەتانی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان کە ژمارەیان 185 دەوڵەت بوو واتە (86% ی کۆی دەوڵەتەکان) و بڕێژەی زیادەی 100% لە ماوەی چوار ساڵدا 2.

لەساڵی 1985 خزمەتگوزاریەکانی ئینتەرنێت بە شێوەیەکی دروست پێشکەش بە خەڵك کراو بەشداربوانیشی ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبووندان ،ئێستا ئینتەرنێت گەورەترین تۆڕی پەیوەندی یە لە مێژووی مرۆڤایەتی دا 3.

بە هەزاران کەس بەشداری لەم تۆڕەدا دەکەن و کاری تێدا دەکەن ئەوانەش (تاکەکان یان ڕێکخراوەکان و کۆمپانیاکان) و زۆر جار جێگیرنین هەمیشە لە گۆڕاندان بەڵام هەموو ساڵێك




له زیادبوونـدان بـەردەوام پێگـە لـە تۆڕەکـەدا دروست دەکرێت ،هەشن ناونیشانەکانیان دەگۆڕێن یان نامێنن و دادەخرێن .

*

1.http:\\www.arabcomoputing.com

2.ئینتـەرنێت تـۆڕی زانیـاری جیهـانی – نـاتیق خەلوسـی – وەرگێڕانـی ئـەکرەم قـەرەداغی – دەزگـای چـاپ و پەخشـی سەردەم – سلیمانی – 2003 ل12

3.http:\\www.arabcomoputing.com

سیستـەمی کۆمپیوتـەر یـان پرۆتۆکـۆڵی ئینتـەرنێت بـە موڵکێکی گشتی دادەنرێت و لەلایـەن ئـەو کۆمپانیانـەی کـە ئامێرەکانی دروست دەکەن پاڵپشتی دەکرێن ئـەو پاڵپشتـەش بووەتە هۆی گەورە بوونی ئەو کۆمپانیانە

لـە گـرنگترین تایبەتمەندیـەکانی ئینتـەرنێت ئەوەیـە کـە سیستەمێکی کراوەیە هەموو جۆرە کۆمپیوتەرێك دەتوانێت لـە تۆڕەکـەدا ئـیش بکـات وەکـو ئـەپڵ مـاکنتۆش (Apple macnitosh) ئـەمیگـە Amiga) IBM کۆمپیوتـەری بزێو یان جوڵەکـەر (نقـال) laptop کاتێـك دەبەسترێتەوە بـە تەلەفوونی جوڵەکەر mobile phone هـەروەك ئێستـا کـار بـۆ ئـەوە دەکرێـت ئینتـەرنێت لـە ڕێگـەی تەلەفیزیۆنـەوە وەربگیرێـت بەبـەکارهێنانی ئـامێری Decoder کەلـە تەلەفیزیۆنەکانەوە دەبەسترێت 1.

ئینتەرنێت لەساڵی 1994 وە چووە بـواری بازرگـانی یـەوە لـە نێو خەڵکیدا بلاوبـووەوە لـەو کاتەشـەوە تـا ئێستـا ئینتـەرنێت بەشـێوەیەکی خێـرا لـە زۆربـەی وڵاتـانی دونیـادا کەوتۆتـە گەشەکردن و بلاوبوونەوە.

تەنها وڵاتە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا ژمـارەی بـەکارهێنانی ئینتەرنێت لە 65 ملیۆن بەکارهێنـەرەوە لـە ساڵی 1998 وە زیادی کردووە بۆ 100 ملیۆن بەکارهێنـەر لـە ساڵی 1999 دا چـاوەڕوانی ئـەوەش دەکرێـت ژمـارەی بەکارهێنـەرانی لـە وڵایەتـە یـەکگرتووەکان زیـاد ببێـت بـۆ (117) ملیـۆن



بەكارهێنەر لە ساڵی 2003 دا لەسەر ئاستی جیهانیش ژمارەكە بكاتە 502 ملیۆن بەكارهێنەر لە 2003 دا.
هەروەك بە پێی ئەو گەشەكردنە بەرچاوە چاوەڕوان دەكرێت كە ڕێژەی بەشداربووانی ئینتەرنێت لە هەموو جیهان دا لە ساڵی 2004 دا لەسەرووی یەك ملیار كەسەوە بێت . 2

1 .ئینتەرنێت تۆڕیزانیاری جیهانی –ناتیق خەلوسی- وەرگێڕانی ئەكرەم قەرەداغی –دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم –سلیمانی 2003 ل12

http:\\www.alskilbieh.com.2

سەبارەت بە مێژووی ئینتەرنێت لە بواری ماسمیدیادا هیچ سەرچاوەیەك بە ڕوونی ئاماژەی بۆ نەكردووە كە چ كاتێك كەناڵەكانی ڕاگەیاندن سوودیان لە ئینتەرنێت وەرگرتووە وەك سەرچاوەیەكی زانیاری.
بەڵام كاتێك زانا (ستیف بیلوفین) دەرچووی زانكۆی (نۆرپ كارۆلاینا) توانی پڕۆگرامێك دابهێنێت بۆ پێكەنین بەستراني تۆڕەكان و بەكارهێنانی ئەو تۆڕانە بۆ بواری گواستنەوەی هەواڵ و دەنگوباس و ناوی لێنرا (Usenet) دەتوانین ئەو كاتە بە مێژووی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت لە بواری ماسیدیادا دابنێین كە دواتر لەلایەن كۆمپانیای (IBM)پەرەی پێدرا كە زیاتر لایەنی ڕاپۆرتە هەواڵ و دەنگوباسی جیهانی دەگرتەوە 1.
سەرەڕای ئەوەش هەندێ لە سەرچاوەكان ئاماژە بەوە دەكەن كەلە ساڵی 1985 ەوە ئینتەرنێت بەتەواوی دەستی كردووە بە پێشكەشكردنی ڕاژەكانی لەگەڵ ئەوەدا لە ساڵی 1991 وە لەلایەن پسپۆڕانی زانكۆی (مینۆسۆتا) ژمارەیەك ئەلقەی زیاد لادران لەسەر تۆڕەكانی ئینتەرنێت و ئاسانكاری زۆری تێدا كراو بۆ یەكەم جار (GHOFER) كە تایبەتە بۆ گەیشتن بە زانیاریەكان بە شێوەی لیستی ئامادەكراو داهێنرا ،ئەم مێژووەش ئەو ڕاستی یە دووبارە دەكاتەوە كە گەیشتن بە زانیاریەكان بە تایبەت بواری ڕاگەیاندن لە سەرەتای نەوەدەكان و لە دوای پەرەپێدانی تۆڕی جاڵجاڵۆكەی جیهانیەوە سەرچاوەی گرتووە كە ئەمەش ڕاماندەكێشێت بۆ ئەوەی بڵێین ڕاگەیاندنیش یەكێك بووە لەو ڕاژانە كە ئینتەرنێت پێشكەشی كردوون كەچی سەرچاوەیەكی تر پێچەوانەی ئەم ڕایە دەڵێت :ئینتەرنێت لە ناوەڕاستی هەشتاكاندا لە وڵاتانی ئەوروپادا بڵاوبووەوە بەڵام بەكارهێنانی تەنها بۆ مەبەستی زانستی لە سنووری زانكۆی دابوو تا ئەوكاتەی توێژەر-Tim) berners-lee)هاتە مەیدان كە مەڵبەندی ئەورووپی بۆ توێژینەوەكانی وزەی ئەتۆمی لە جنێف كاری دەكرد لە ساڵی 1989 دا هەستا بە پەرەپێدانی پڕۆگرامی ناوداری (www)كە مانای (world wide web) تۆڕی جاڵجالۆكەی حیهانی دەگەیەنێت بەو هۆیەشەوە كارئاسانی بۆ كرا بۆ بەكارهێنانی ،تا بەهۆی ئەو پڕۆگرامەوە زانیاریە نوسراو وبیستراوەكانی دستبكەوێت و هەروەها بەنێو ئەو سەرچاوانەدا بێت و بچێت كە بە درێژای تۆڕی ئینتەرنێت و بەپێی پڕۆتۆكۆلی (Htpertext Transfer protocol http) –دابەشبوون 2.

.گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی ژمارە (2) –ڕۆڵی كۆمپیوتەرو ئینتەرنێت لە ڕۆژنامەگەری كوردی –لوقمان قادر ڕەواندزی –سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستان –هەولێر –2000 –ل127

2.مسئولية الصحفى المدينة عن لخطائة المهنية –سامان فەوزى –من منشورات لتحاد صحفى كرستان –سليمانية 2003 ص189




# بەدواداچوونی ڕۆژنامەنووسیی

وەرگێرانی: محەممەد جەمال - **دیلۆم لە ڕۆژنامەنووسییدا**

ڕاپۆرتێکی فراوانە لەسەر بابەتێك یان کێشەیەکی گرنگ یان بیرۆکەیەك، کە پێویستی بە لێکۆڵینەوە قسە لەسەرکردنە، تێیدا ڕۆژنامەنووس هەموو ڕاستییەکانی پەیوەست بە بابەتەکە کۆدەکاتەوە و لە هەموو لایەنەکانی دەکۆڵێتەوە، گفتوگۆش لەگەڵ ئەو کەسانە دەکات کە پەیوەستن بە بابەتەکەوە و پەیوەندییەك لە نێوان هۆکار و دەرئەنجام و ڕێگاکانی چارەسەری دەکات.

بەدواداچوونی ڕۆژنامەنووسیی لە چەند ڕوویەکەوە وەك توێژینەوەی زانستیی وایە، تێیدا داوا لە ئەنجامدەرەکەی دەکرێت کە بەشێك لە توانا و سیفەتەکانی لێکۆڵەری زانستیی پەیڕەو بکات.

بەدواداچوون ئاماژەیە بۆ هونەری سەرەتاکانی داڕشتن کە داوا دەکات زانیاری و شارەزایی و توانای شیکردنەوەی هەبێت.

بەدواداچوون لە بنەمادا وەڵامدانەوەی قووڵ و گشتگیری پرسیاری (بۆچی؟) یە، هەندێ جاریش وەڵامی (چۆن؟)ە، ئەمەش چارەسەری دۆسییەکە دەکات و دەیبەستێتەوە بە واقیع



و کێشەو دیاردەکانی ترەوە و هەوڵ دەدات بگات بە گشتاندنی پێناسە دیارەکان، لەبەر ئەوە بە قووڵی دەگەڕێت بە دوای هۆکار و دەرئەنجامەکانیدا و پشت بە ڕا و بۆچوونی ئەو کەسە دیارانە دەبەستێت کە بابەتەکە دەیانگرێتەوە، هەروەها بەدواداچوونی ڕۆژنامەنووسیی چارەسەری ئاشکرای سنوورداری کێشەکانە، کە هەواڵیش بنەمایەکە بۆ پێشکەشکردنی ڕاستییەکان.

بەدواداچوونی ڕۆژنامەنووسیی لە بنەمادا لێکۆڵینەوەی ڕووداو و دیاردەکان و شیکردنەوەیانە، هەروەها گەیشتنە بە ئامانجە گشتییە سنووردارەکان و پێشنیاز و چارەسەری گونجاوی لەسەر

دەخاتە روو، بەدواداچوونی رۆژنامەنووسیی ئاماژەیە بۆ گۆشەنیگا و چارەسەری فراوان و گشتگیرو قوڵی دیاردە و رووداو و کێشەکان.

بەدواداچوونی رۆژنامەنووسیی تەعلیقی تێدایە، بەلاّم جۆرێکی رۆژنامەنووسیی سەربەخۆیە، بابەتیبوون و شیکردنەوەی دۆسیە و کێشە و دیاردەکان و گەشەسەندنیان خەسلّەتی بنەڕەتین بۆ بەدواداچوونی رۆژنامەنووسیی.

سەرچاوەکانی بەدواداچوونی رۆژنامەنووسیی

- نەخشەی درێژخایەن و مامناوەند و کورتخایەن، کە رۆژنامەکە بۆ خۆی دادەنێ.

- تێبینی و ئەزموونی کەسێتیی رۆژنامەنووس، لەسەربنەمای پەیوەندییەکانی و خوێندنەوەکانی.

- ئاراستەکردن و رێنمایی کردن و زانیارییەکانی ئیدارەی رۆژنامەنوسیی.

- بلاوکراوە و راپۆرت و بڕیار و رێوڕەسمە رەسمییە راگەیەنراوەکان.

- بۆنە گرنگە (کۆمەلاّیەتی، سیاسیی، رۆشنبیری، وەرزشی ... هتد)یە خولییەکان.

- نامەی خوێنەران، ئەو نامانەن کە چەندین بابەت و پرسیار و کێشەی تێدا نێردراوە بۆ رۆژنامەکە.

- ئەو رووداوانەی خۆیان دەسەپێنن.

لێکۆلّەرانی بەدواداچوونی رۆژنامەنووسیی لە رۆژنامەنووسیی نوێدا هەست بەوە دەکەن کە بۆ لێکۆلّینەوەی رۆژنامەنووسیی هەمان ئەو رێگە کلاسیکییە کە خۆی ئیجتیهادی رۆژنامەنووسان دەبینێتەوە پەیڕەو ناکرێت، بەلّکو کارێکە لەسەر چەند هەنگاوێکی کارپێکراو کە لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی پێدانی بەدواداچوونێکی رۆژنامەنووسیی وا کە جێگەی گرنگیی چینێکی زۆری خوێنەران دەبێت، بۆیە رۆژنامەکان گرنگییەکی زۆر دەدەن بە پەیڕەو کردنی جۆر و هەلّبژاردنی بابەتەکان و دارشتنەوەکانی بەدواداچوونی رۆژنامەنووسیی پێشنیازکراو و خستنە رووی کە بگونجێ لەگەلّ پێشکەوتنە نوێکان، وّ گۆڕانکاریی پەیوەندییە جۆراوجۆرە بەدەستهاتووەکان لە بەردەم خوێنەرانی ئێستادا، کە لە توانایدایە زۆرترین هۆشیاریی بدات و بتوانێت ئەو بابەت و دەزگا راگەیاندنانەی کە پێویستییە دەروونی و کۆمەلاّیەتییەکان پڕدەکاتەوە هەلّبژێرێت.

بەدواداچوونی رۆژنامەنووسیی لە زمانەوانییدا گەیشتنە بە ڕاستییەکان و دلّنیایی تێیدا، بە واتای توێژینەوەی کێشە و دۆسییە خراوەڕووەکان و دواتر گەیشتن بە چارەسەریان.

لە رووی زاراوەشەوە بەدواداچوونی رۆژنامەنووسیی یەکێکە لە شێوەکانی رۆژنامەوانی کە گەیشتنە بە بابەتێك کە جێی بایەخی ژمارەیەکی زۆری هاوولاّتیانە و دەگات بە توێژینەوە و گەڕان و وەرگرتن و شیکردنەوەی راستییەکانی کێشە و دۆسییەکە بۆ زانینی هۆکار و پالّنەرەکانی بە ئامانجی پێشکەشکردنی چارەسەر بۆی و خستنە رووی تێڕوانینەکان بۆی کە پالّپشتیی راستی و بەلّگەکان دەکات و رۆشناییان دەخاتە سەر.

گرنگیی بەدواداچوونی رۆژنامەنووسیی خۆی لە توانای رۆژنامەنووسدا دەبینێتەوە لە کاتی خستنە روو و گفتوگۆکردنی بابەتە جۆراوجۆرەکان و ئەو کێشانەی کە لای زۆربەی تاکەکانی کۆمەلّگە گرنگە، ئەو گرنگییانەش لە چوارچێوەی پرسیارەکاندایە، جا بابەتەکە (سیاسی، ئابوری، کۆمەلاّیەتی، هونەری، وەرزشی و سەربازیی)یەکان بن، بەدواداچوونی رۆژنامەنووسیی سیفەتێکی جیاکردنەوەی دەداتێ و جێگەی بەرز دەکاتەوە لە چوارچێوەی پشتیوانیی بە راستی و بەلّگە و ئامارەکان، هەروەها کار دەکات لەسەر خۆپاراستنی کۆمەلّگە لە لادان و هاوکارییەکە بۆ کارلێکی نێوان رۆژنامە و خوێنەران، هاوکاریی رۆشنبیرکردن و ئاراستەکردن و بلاوکردنەوەی راستی و زانیاری و راکان لەگەلّ پێشنیازکردنی چارەسەری سەرکەوتوو بۆ ئەو کێشانەی

رووبەڕووی کۆمەڵگە دەبنەوە لەگەڵ پێشکەشکردنی تێڕوانینە جۆراوجۆرەکان، یەکێکی تر لە ئامانجەکانی بەدواداچوونی ڕۆژنامەنووسیی هوشیارکردنەوە و خستنە ڕووی داواکارییە بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێن و پارێزگاریی هەڵوێستەکان، لەگەڵ ڕاپەڕینێکی ڕۆشنبیری و خۆشگوزەرانی.

جۆرەکانی بەد واداچوونی ڕۆژنامەنووسیی

پێك دێت لە سێ شێوە (بەدواداچوونی ڕۆژنامەنووسیی داڕێژراو، بەدواداچوونی ڕۆژنامەنووسیی وێنەیی، بەدواداچوونی ڕۆژنامەنووسیی کاریکاتێریی)

بەدواداچوونی ڕۆژنامەنووسیی دابەش دەبێت بۆ چەند جۆرێك لەسەر بنەمای ناوەڕۆك و بابەت لەوانەش بەدواداچوونی (سیاسیی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، ئایینی، ئاسایشی و وەرزشی)، بەڵام لەسەر بنەمای ئامانج پۆلێن دەکرێت بۆ بەدواداچوونی (ڕاگەیاندن، شیکاریی، ئاڕاستەکەر و ڕێنماییکەر، ڕەونەقدار، فێرکاریی و زانستی، ڕیکلامی)، لە جۆرەکانی تریش بەدواداچوونی (ڕۆژنامەنووسیی تایبەتمەند و گشتی)، دەشتوانین گرنگترین سیفەتەکانی بەدواداچوونی ڕۆژنامەنووسیی دیاریی بکەین بە (واقعی و ڕوونی و هاوسەنگی و وردی و سەربەخۆیی)، گرنگترین مەرجەکانیش پێك دێت لە (شارەزایی و توانا لەسەر تێبینی و ڕۆشنبیریی و لێهاتوویی ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکان و باش ڕێکخستن و ئامادەیی و ئارەزوو و بابەتیبوون و زیرەکی و ڕاستگۆیی).

شێوەکانی دەرهێنانی بەدواداچوونی ڕۆژنامەنووسیی

بەدواداچوونی ڕۆژنامەنووسیی پێویستی بە بەدواداچوونی وێنەو نەخشە و کاریکاتێری واتادار و دیاریکردنی ناونیشان و ڕەنگەکانە، لە گرنگترین ئاڕاستە نوێکانیش دەبێت یەکەم شت شێوازی زانستیانە پەیڕەو بکەیت لە ئامادەکردنی بەدواداچووندا و پەیڕەو کردنی ڕێگا مەنهەجی و نموونەییەکان و توێژینەوە نووسینگەیی و مەیدانییەکان و شیکردنەوەی ئەنجامەکانی، دووەمیش بەکارهێنانی شێواز و ڕێگاچارە نوێکان بۆ داڕشتنەوەی بەدواداچوون، سێیەم پاڵپشتی کردنی بەدواداچوونەکە بە ڕەگەزەکانی چاپەمەنی بینراو کە خۆی لە شێوەی وێنە و ڕەنگەکان دەبینێتەوە.

قۆناغەکانی ئامادەکردنی بەدواداچوونی ڕۆژنامەنووسیی

- دیاریکردنی ئامانج: دەبێت پێش هەموو شتێك ئامانجێکی گشتیی دیاریی بکەیت کە دەتەوێت بەدەستی بهێنی لە میانەی خستنە ڕووی چارەسەری هەر دیاردەو کێشەیەکدا لە هەر بەشێکی ژیاندا بێت، دیاریکردنی ئامانجیش پێویستی بە وردبوونەوە و ڕوونکردنەوە هەیە، دەبێت واقعبینانەش بێت، پاشان بەدەستهێنان و بەدواداچوون بێت و لای خوێنەر وەرگیراو بێت، لە چوارچێوەی پلانی گشتیی ڕۆژنامەکەدا بێت، لەگەڵ سیاسەتی ڕۆژنامەکە یەك بگرێتەوە.

ـ دیاریکردنی بابەت: ئەمەش لەژێر ڕۆشنایی ئامانجە گشتییەکە دەردەکەوێ، کە گرنگ و کاتییە و وەڵامدانەوەی پێویست و جێی گرنگیی خوێنەرە لە ڕووی ماددی و فکرییەوە گونجاو بێت لەگەڵ سیاسەتی ڕۆژنامەکە و کەسایەتییەکەیدا.

- دانانی پلانی گشتیی: کە بگونجێت لەگەڵ بابەتەکە، چەند ڕوویەکی جیاوازیش دەگرێتەوە.

ـ توێژینەوە و لێکۆڵینەوە: کۆکردنەوەی زانیاری و بیرو بۆچوونەکان لە سەری لە ئەرشیف و سەرچاوە دیاریکراوەکان و ئەوانەی پەیوەستن بە کێشەکەوە، یان بۆ وەرگرتنی لێدوان لە بەرپرسان و پسپۆڕو شارەزایانی بوارەکە، هەموو ئەمانەش لەژێر ڕۆشنایی ئەو پلانەی پێشتر دانراوە دادەنرێت.

داڕشتنەوەی بەدواداچوون

داڕشتنەوەی بەدواداچوون بلەتێکی زۆر گرنگە کە دەبێتە هۆی سەرکەوتن یان شکستی کارەکە، لەبەر ئەوە داڕشتنەوە بابەتی ڕووکەش و زمانەوانی و شێوە نییە بە تەنها، بەڵکو بناغەی کارێکی گشتگیرە، زمان لەخۆ دەگرێت و خوێنەر شارەزا دەکات بە گرفتەکان، ڕیزبەندییەکی ژیربێژی و تێر و پڕ پێشکەش دەکات بۆ تێڕوانینەکان و ڕا جیاوازەکان،

دیـاریکردنی ڕێکخستنی مەنتقی بۆ بەڵگە و چۆنییەتی خستنە ڕوو و پێشکەشکردنی بە شێوەیەکی باوەڕپێکەر، هەروەها ئەم کردارە دیاریکردنی کەی و لە کوێ و بە چ ڕێگایەك چارەسەر و دەرئەنجامەکان بخەینە ڕوو لە خۆی دەگرێت، هەروەها چۆن کۆتایی بە بەدواداچوونەکە دێت، کە پێویستە هەموو ئەمانە لەژێر ڕۆشنایی سیاسەتی ڕۆژنامەکەو ئامانجەکەی بەدەست دێت لە بەدواداچوونەکە.

ڕۆژنامەنووسان پێداگری دەکەن لەسەر نووسینەوەی بەدواداچوون لە چوارچێوەی پێکهاتەی (پێشەکی، خستنەڕوو و شیکردنەوە، دەرئەنجامەکان، چارەسەر، ئاسۆکان)

شێوازی نووسینەوەی بەدواداچوون

ڕێگایەکی جێگیر بۆ نووسینەوەی بەدواداچوون نییە، ئەمەش بەس نییە کە بڵێین نووسینەوەی بەدواداچوون پشت بە شێوازی هەرەمی ئاسایی دەبەستێت، بە پێچەوانەوە لەسەر شێوازی نووسینەوەی هەواڵی پشت بە شێوازی هەرەمی هەڵگەڕاوە دەبەستێت، بەڵکو دەتوانین بڵێین بەدواداچوون پێك دێت لە:

پێشەکی: کە کاری ڕاکێشانی خوێنەرە بۆ بابەتی بەدواداچوونەکە و گرنگی بە لای خوێنەرەوە و پێویستی وەرگرتنی.

لاشە - خستنە ڕوو و شیکردنەوە: کاری خستنە ڕووی ڕاستییەکانی بابەتەکەیە بە هۆکارە نزیك و دوورەکانییەوە و ڕای ئەوانەی پەیوەستن بە بابەتەکەوە لە دوور و نزیکەوە.

بەدەستهاتووەکان - چارەسەرەکان: پێویستە بەدواداچوون بیرۆکەیەك لە خۆ بگرێت بۆ چارەسەری کێشەکە و دەرئەنجامەکانی ئەو بابەتەی باس کراوە، هەروەها دیاریکردنی ئاسۆکانی داهاتووی دیاردەکە و گەشەسەندنی بابەتی بەدواداچوونەکە.

کۆتایی: کۆتایی کار لەسەر ئەوە دەکات (ئەگەر هەبوو) تا ئامانجی سەرەکیی بەدواداچوونەکە یان فکرە بنەڕەتییەکە لە نەستی خوێنەردا جێگیر ببێت کە بەدواداچوونەکە دەیەوێت بایەخی پێ بدات و بیگەیەنێتە نەستی خوێنەر، بۆیە پێویستە کۆتایی بە شێوەیەکی جوان و کورت و پوخت بخرێتە ڕوو، تاوەکو بەهێز و کاریگەر بێت.

لە هەموو ئەمانەی لە پێشدا باسمان کرد گرنگتر دیاریکردنی ناونیشانێکی گونجاوە بۆ بەدواداچوونەکە، کە بیرۆکەیەك لەسەر بابەتەکە بداتە خوێنەر، ئەویش گرنگترین خاڵی ناو بەدواداچوونەکەیە و خوێنەر ڕادەکێشێ.

ناونیشانی بەدواداچوونی ڕۆژنامەنووسییش چەندین جۆری هەیە، لەوانە:

- ناونیشانی ڕێنوێنیکەر (ألدال): کە شێوەیەکی هەواڵیی هەیە.
- ناونیشانی (ألإنتقائی): کە لەسەر بنەمای هەڵبژاردن و دیاریکردنی لایەنێك یان بۆچوونێك یان هەڵوێستێکی دیاریکراو کە ڕۆژنامەنووسەکە خۆی مەبەستییەتی و لایەنێکە لە لایەنەکانی ناو بەدواداچوونەکە.
- ناونیشانی ڕوون و ئاشکرا (**ألإیضاحي**): کە ناونیشانێکی ڕاشکاوە و ڕووماڵی زۆربەی لایەنەکانی بەدواداچوونەکە دەکات بە شێوەیەکی گشتی و ڕوون و ئاشکرا.
- ناونیشانی شیکاریی (**ألوصفي**): کە وێنەیەکت دەداتێ بۆ بەرجەستەکردنی فیکرە و ڕووداو و دیاردەکە.
- ناونیشانی وەرگیراو (ألإقتباسی): ئەو ناونیشانەیە کە ئاماژەیە بۆ دەقێکی وەرگیراو یان دەقێکی گرنگ و واتادار و کاریگەر، بە مەرجێك لە لێدوان یان قسەی کەسێکی بەشداری بەدواداچوونەکە وەرگیرابێت.
- ناونیشانی پرسیاریی (**ألإستفهامي**): ئەو ناونیشانەیە کە لە شێوەی پرسیارێکدا دادەنرێت و کاریگەریی لەسەر خوێنەر دروست دەکا و گرنگە بە لایەوە، لە هەمان کاتدا کێشەکە دەخاتە ڕوو.

**سەرچاوە: ألصحافە مهنە - علی محمود - چاپی دووەم - 2007**

# ئاژانسی دەنگوباس وهەواڵی (فرانس پرێس)



تەلاری ئاژانسی فرانس پرێس

ئامادەکردنی بە دەستکاریەوە: محەمەد مێرگەسۆری

**دورشمی درەوشاوەی فرانس پرێس" زامنی لە جۆرایەتی هەواڵ و رووداو"**

وولاتانی ئەوروپا بەگشتی وفەرەنسا بە تایبەت وە چۆن لە رووی روونا کبیری وفەلسەفی و رۆشنگەرییەکاندا ،لە پێشەوەی کاروانی رەوسەندوگەشە سەکردندا بوون. لەسەدەکانی ناوەراست و هەردوو سەدەی هەژدەهەم ونۆزدەهەم.ئەوانەش لە بواری گەیاندن و دورستکردنی ئاژانسی مەزن و گرنگی دەنگ وباس و هەوالیش گرەوییان لە هەموو کیشوەرەکانی تر بردۆتەوە وتوانیان لەو بوارەشدا خۆیان پێشخەن وبگەیێنە ئاستێك ،کە هەتا ئەمرۆش زۆربەی دام ودەزگاییەکانی میدیا و رۆژنامەوانی و هەواڵەکان و کەنالە جیاجیاکان پشتیان پێ ببەستن و ناچارین بۆ دەسکەوتنی گەرمترین هەوال وزانیاری ،پەنا بۆ ئەو ئاژانس وناوەندە هەوالنێرە گرنگانە ببەن.

لەپاڵ ئەو چەند ئاژانس و هەوالنێرە بەناوبانگانەی ئەمرۆ گۆرەپانی گەیاندن ومیدیا و رۆژنامەوانی جیهانیان داگیرکردووە وەك"رۆیتەر ،ئەسۆشتدت پرێس ، یۆنایتد پرێس ،...هتد" ئاژانس و ناوەندی هەوالی"فرانس پرێس"پانتاییێکی گرنگ وفراوانی لە بواری کاری ئاژانسکاری و کۆکردنەوەی وورترین هەوال وزانیاری داگیرکردووە.ئەمرۆ بۆتە یەکێك لە ناوەندە پر بایەخەکانی کاری رۆژنامەوانی وسەرچاوەیەکی گرنگ وبەرچاوی زۆر لە کەنالەکانی گەیاندن .لەبەر ئەوەی تۆرێك پەیامنێر و هەوالنێرێکی چالاکی لەزۆربەی ناوچە وهەرێمە جیاجیاکانی دنیادا بلاوکردۆتەوە بەرادەیەك کە لە زۆربەی کشوەرەکاندا نوسینگەی فراوان وکارای دورست کردوون.ئامادەییکی کارامەیی وخۆسازدانی هەیە بۆ هەموو ئەو رووداو پیشهاتانەی روودەدەن یاخود دەکرێ رووبدەن. ئەو کارشیان وای لێ کردوون ، کە



زۆربەی دام ودەزگایەکانی گەیاندن پشت بەو ئاژانسە ببەستن.بێجگە لەوەش ئەو ئاژانسە بودجەیەکی بەرچاوی لەلایەن کۆمپانیای تایبەتی وهەندێ جار لەلای حکومەتەوە بۆ دابین دەکرێ.هەروەها لە بواری کاری رۆژنامەوانی وگەیاندنیش خاوەن ئەزمونێکی سەرکەوتو ودیارە.

دامەزراندن ولەدایك بوونی فرانس پرێس.

ئاژانسی ناوبراو لە ساڵی 1835 لە شاری "پاریس"ی،پایتەختی فەرەنسا دورستکراوەو دامەزراوە.هەتا ئەمرۆش نووسینگەی سەرەکی وبارەگاکەی هەر لەوشارەیە.هەروەها ئێستاش بەردەوامە لە کۆکردنەوە وگەیاندنی زانیاری وهەواڵ و رووداوە جیاجیاکان لە هەموو جیهان بۆفەرەنسا ،وبە پێچەوانەشەوە لە ناوەندی ئاژانسەوە هەموو هەواڵ ورزانیاری ورووداوێك بۆ هەموو ئەو کەناڵ وناوەندانە دەنێرێ.کە گرێبەستی گەیاندن وبلاوکرنەوەیان لەگەڵ ئەو ئاژانسە مۆر کردووە.

هەندێ جاریش ئەو ئاژانسە هەواڵ وزانیاری و رێپۆرتاژ وبەدواداچوون لە کەنال وناوەندی تری رۆژنامەوانی و گەیاندن یاخود کەسی رۆژنامەنووس و وێنەگر دەکرێت و وەردەگرێت.

ئەو خزمەتەی ئەم ئاژانسە پێشکەشیان دەکات.

هەموو جۆرە هەواڵ و رووداوێك بلاودەکاتەوە.هەر لە هەواڵ و رووداوی" سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی تا دەگاتە وەرزش و ئەوانەی‌پەیوەندیان بە کسانی بەناوبانگ وناسراو هونەرەوە هەیە.

لەلایەکی تر ئەو هەوالانەش بلاودەکاتەوە ،کە پەیوەندییان بە بابەتێکی تابەتەوە هەیە.یاخود جێگەی لێدوان و باسکردنن.لەگەڵ هەموو ئەوانەش بەشێکی تایبەت لەو ئاژانسە لەکاردایە بۆ لێکۆلینەوە و شرۆڤەکردنی هەموو ئەو هەوال و رووداوانەی پێیان دەگات هەر هەواڵ و رووداوێکیش کە دەگاتە ئەو ئاژانسە بە پەلە و بێ دواکەوتن ئامادەدەکرێ ودادەرێشرێتەوە بەپێی ناوەرۆکەکەی و ئەو کاردانەوانەی کە بەسەر جەماوەر وئاژانسەوە هەیەتی.پاشان وەردەگێردێتە سەرچەندین زمان.بە تایبەت ئەو زمانە زیندوانەی کە ژمارەیەکی زۆری خەلکی لە کیشوە جیاجیاکانی جیهان قسەی پێشکەش دەکات:-

1 - بلاوکردنەوە وگەیاندنی هەواڵ و روداوە سیاسی وکۆمەلایەتیەکان لە رێگەی چەند دام ودەزگاو ناوەندێکی زەبەلاحی هەواڵ و کۆکردنەوەی زانیاری بۆ ناوەندو دام ودەزگا جیاجیاکان لە هەموو جیهان.

2 -گەیاندنی هەواڵ ورووداوە هەمەچەشنەکان بۆ بەشداربوانی ئەو ئاژانسە ،لە رێگەی نامەی ئەلکترۆنی" E_mail ".

3 --بلاوکردنەوە ونەخشادنی هەوال وئەو رووداوانەی کە ئەم ئاژانسە لە کاتە جیاجیاکاندا دەستی دەکەوێ ،لەرێی تۆری جالجالۆکەیی خۆی (وێب سایتی ئاژانس) لەسەر ئەنتەرنێت.

4 -ئامادەکردنی خانەیەکی ئەرشیفی زەنگین و دەوڵەمەند لەسەر"وێب سایتەکەیان" کە کۆمەلێکی زۆر لە هەواڵ و زانیارییەکانی تێدا پارێزراوە و یاخود کۆکراونەتەوە.ئەو کەسانەی بەشدارن لەو سایتەدا ،دەتوانن بە نێو ئەو ئەرشیفەدا بگەرێن و سەرچاوەی پێویست و ووردیان چنگ بکەوێ بۆ سوود وەرگرتن لێیان.

5 -دابەزاندنی و دانانی ئەلبومێکلسەر وێب سایتی خۆیان،

لە وێنەی ئەو وێنەگرو فۆتۆگرافە گەڕۆکانەی کە لەگەڵ ئاژانسی ناوبراو کاردەکەن بەمەبەستی وەرگرتنیان وەك وێنەهەواڵ وسەرچاوە بۆ هەوال وڕووداوی تر.

6-ناردن وگەیاندنی ئەو هەوال و ڕووداوانە بۆ هەموو ئەو کەسانەی،کە لەڕێگەی خزمەتگوزاری مۆبایلەوە بەشدارن و حساباتی تایبەتیان کردۆتەوە بۆ وەرگرتنی ئەو هەوال و ڕووداوانە لە ئاژانسی ناوبراو.

7-پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری جیاجیا بە چەند شێوە زمانێکی جیهانی و دابەزاندنی ئەو شێوازە زمانانە لەسەر وێب سایتی ئاژانس بەمەبەستی سوود وەرگرتن و حالی بوونی زرترین خەلکی لە شوێنە جوداجودایەکانی سەر گۆی زەوی ،لەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەشیان دەکات.

**خزمەتگوزاری وێنەیی یاخود وێنەدار.**

لەسەر وێب سایتی ئاژانسی ناوبراو ،زیاتر لە (24)بیست وچوار"Image file" هەیە.کە هەر یەکەیان بانکێك وێنەو دیمەنی تایبەت بە ئاژانسی لەخۆ گرتووە.کە هەر لەو ڕێگەیەشەوە دەیانگەیێنێتە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی بەشداربوو ،لە ئاژانس وئەوانی تر.لە توانایی دایە ڕۆژانە لە اوەی بیست وچوار کاتژمێردا ،500 پێنج سەد وێنەی تازە وەرگرێ و کۆبکاتەوە لەو بانکانە بیانپارێزێ.جۆری ئەو وێنەو دیمەنانە هەمەچەشنن.هەر لە وێنەی بەیانی تا دەگاتە وێنەی جولاو ،هی تری لەخۆگرتووە.

**ئەو زمانانەی فرنس پرێس هەولەکانی پێ بلاودەکاتەوە.**

فرانس پرێس بە حەوت زمانی ڕەسمی هەوال وڕووداوەکانی بلاودەکاتەوە.ئەوانیش (فەرەنسی ،ئینگلیزی،ئیتالی ، عەرەبی ،ئیسپانی ،ئەلمانی ،) .لەسالّی (1993 ) وە ، زمانی عەرەبی چۆتە نێو ڕیزبەندی ئەو زمانانەی ،کە ئاژانسی ناوبراو خزمەتگوزارییەکانی پێ بلاودەکاتوە.لەلایەکی تریش زۆرجار زۆربەی هەوالەکان و خزمەتگوزارییەکانی فرانس پرێس وەردەگێردرێنە سەر زمانی تر ،وەك "چینی ،ژاپۆنی ،هندی" .

**زمانی عەرەبی وفرانس پرێس.**

لەبەر ئەوەی پێ دوانانی زمانی عەرەبی ڕووبەروو و پانتاییێکی زۆریان لە کیشوەری ئەفریقیا وئاسیا و جیهان داگیر کردووە.وەك باسمان کرد لە سالی 1993 وە فرانس پرێس هەوال و خزمەتگوزارییەکانی بە زمانی عەرەبی بلاودەکاتەوە.بۆیە ئەمڕۆ ڕۆژانە لە ماوەی 24 کاتژمێردا ،زیاتر لە(40) چل هەزار ووشە.لە خزمەتگوزاری پوختەی هەوالەکان و ڕووداوەکان بلاودەکاتەوە،لەگەڵ هەموو ئەو چالاکیە وەرزشی وهونەرییانەی لە دەوڵەتە عەرەبیەکان ئەنجام دەدرێن.لە ڕێگەی چەندین پەیامنێ و هەوالنێری خۆی.هەروەها هەموو ئو خزمەتگوزارییانەی بە زمانەکانی تر پێشکەشی بەشداربوا ووەکیلەکانیان دەکات.بەهەمان شێوەش پێشکەشی ناوەندەکانی تر و دواندەی زمانی عەرەبیان دەکات و وەریاندەگێرێتە سەر زمانی عەرەبی.

**تۆری پەیامنێر ونووسینگەکانی**

فرانس پرێس تۆرێك هەوالنێر وپەیامنێری بە دەورەی زۆربەی هەرێم و ناوچە گەرمەکان بلاوکردۆتەوە و ناردۆتە زۆربەی وولاتانی تری جیهان.بەمەبەستی گەران وبەدواگەران وبەدواداچونی هەواڵ و ڕووداوەکان و ئامادەکردنی ڕاپۆرت لەبارەیانەوە.ئێستا ئەو ئاژانسە لە (165 ) وولاتدا ،پەیامنێر وهەوالنێری خۆی هەیە.کە زۆر بەووردی کاری بۆ دەکەن و پەیام وهەوالەکانیان دەنێرن.

هەروەها زیاتر لە (110 ) نووسینگەی سەرەکی و مەزنی لە سەرتاپای جیهان بلاوە پێ کردووە.بە ڕاەیەك کە کەم بابەت و هەوالی ئاساییان لە بەردەست دەروات و ون دەبێت چونکە چالاکانە وزۆر بە شارەزایی کارەکانیان بەرێوەدەبەن.

**دابەشبوونی نووسینگەکانی.**

نووسینگەکانی بەم شێوەیە دابەش بوون:-

ئەمریکای باکوور.

بارەگای سەرەکی:واشنتۆنی پایتەخت.وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا.

ژمارەی نووسینگەکانی(9) نۆ

ئەمریکای لاتین

بارەگای سەرەکی: مۆنتیڤیدیۆ

ژمارەی نوسینگەکانی:( 15) پانزە

ئاسیا_ئۆقیانوسی ئارام

بارەگای سەرەکی:هۆنگ کۆنکی پایتەخت ،لە ووتی "هۆنك كۆنگ"

ژمارەی نووسینگەکانی:(25) بیست وپێنج

ئەوروپا

بارەگای سەرەکی:پاریسی پایتەخت"ووتی نەمسا"

ژمارەی نووسینگەکانی:(36) سی وشەش.دابەش بوون بەسەر ئەم شارانە"لیۆن ،مارسیلیا ،راین ، تۆلۆز بۆردن ،لێل ،ستراسبۆرگ"

ئەفریقیا

بارەگای سەرەکی:دیاری نەکراوە

ژمارەی نووسینگەکانی:(16)شانزە

رۆژهەلاتی ناوەڕاست

بارەگای سەرەکی: نیقۆسیا،پایتەختی وولاتی "قوبرس"

ژمارەی نوسینگەکانی:(7) حەوت.دابەش بوون بۆ ئەو شارانە،کە هەریەکەیان پایتەختی وولاتێکن."تاران ،قاهیرە ،دۆحە ،بەیروت ،تەل



ئەبیب ،عەممان ،بەغدا"

**خاوەنکارانی ئاژانس**

ئەمرۆ زیاتر لە (2000)دووهەزار کەس لە بەشە جوداجوداییەکانی ئاژانسی فرانس پرێس کاردەکەن.کە زۆربەی خاوەن کارو کارمەند و فەرمانبەرەکانی لە ئاستێکی هوشیاری و رووناکبیری وپسپۆری کار و ئیشەکەیاندان بەشێکی زۆریش لەوانە(پرۆفیشنال"ن.واتە ئەزمونێکی سەرکەوتووی کاری رۆژنامەوانی و میدیا وراگەیاندنن.

(900) نۆسەد کەس لەوانە،لەدەرەوەی فەرەنسا لە کاردان و کارەکانیان بەرێوەدەبەن.

بەشێوەیەکی گشتی بەم شێوەیە دابەش بوون:-

1250 هەزارو دووسەد و پەنجا کەسیان(رۆژنامەنووس و وێنەگر"ن.

300 سێ سەد کەسیان(تەکنیکاروهونەرکار)ن.

100 سەد کەسیان (ئیداری)ن.

350 سێ سەد وپەنجا کەسیان(کارمەندی رۆژنامەوانی)ن.

**سەرچاوە : سایتی فرانس پرێس.**